مەسەلەی توتنەکە

## ٥-و کۆتایی

# ناوی قۆناغەکە بنێین




## ستران عەبدوڵڵا

مەسەلەی توتنەکە ٥

ناوی قۆناغەکە بنێین

ستران عەبدوڵڵا

٢٠١٩






دیدارێکی سەرنجراکێش لە وڵاتی تونس روویداوە کە ئێمە کەمترین زانیاریمان لەسەری هەیە، بەڵام دیدارەکە مژدەیەکی خۆشە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦و گەڵاڵەکەی دەکەوێتە ساڵی تازەوە.
دیدار هی چوار نەتەوەی کوردو عەرەبو تورکو فارسە. پەیمانگەی عەرەبی بۆ دیموکراسیی رێکیخستووە، ژمارەیەك خوێندەوارو رووناکبیری هەر چوار نەتەوەکە بەشدارییان تێدا کردووەو بەلاغێکی نەرمی چەند خاڵییان دەرکردووە.

مەسەلەی توتنەکە
٥-و کۆتایی

## ناوی قۆناغەکە بنێین

مەسەلەی تونتەکە

ە-و کۆتایی

# ناوی قۆناغەکە بنێین

ستران عەبدوڵڵا

سلێمانی - ٢٠١٩

کتێب: **مەسەلەی توتنەکەو (٥)کۆتایی.... ناوی قۆناغەکە بنێن**
نووسەر: **ستران عەبدوڵلا**
کاری هونەری: **شۆڕش ئەحمەد**
تیراژ: **(٥٠٠) دانە**
چاپخانە: **کارۆ**
وێنەکانی بەرگ: **فۆتۆگرافەر حەمە عومەر**
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە

بەهاوڕێم، موعتەسەم نەجمەدین، پێشکەشە
لەڕێی ئەویشەوە پێشکەشە:
-بەهاوڕێیانی لاوێتی لە بەرنگاربوونەوەی نەرمی سیاسەتی تەعریبدا
-بەگفتوگۆ و پیاسەکانی جارانی کەرکوک کە تامی سەد سیمنار و کۆڕی فیکری و روناکبیری ئەمڕۆی هەبوو.

سوپاس بۆ هەڤاڵ و خوشکی بەرێزم پەروین بابەکر،
کە سپۆنسەری چاپکردنی ئەم کتێبەی کرد

# ناساندنی توتنی پێنجەم

دوای ناساندنی بەشی چوارەمی کتێبی مەسەلەی توتنەکە، لە مەراسیمی ئیمزاکردندا، بە هاوڕێ و دۆستانم ڕاگەیاند پێنجەمە و تەواو. ئەمە پێنجەمەکەیە و ئیتر ئەم تایتڵە بەشی خۆی لە گوزارشت و ناساندن وەرگرت.

لە پێشەکی هەر چوار بەشدا قسەم لەسەر چییەتی ئەم (مەسەلەی توتنەکە) کردووە، بۆیە دووبارەی ناکەمەوە. بەڵکو دەمەوێ بڵێم، دوای ئەم پێنجە چی تر؟

بە دیتنی من (چی تری) مەسەلەی کوردایەتی تەنیا قودرەتمەندان دەیزانن، چونکە مەسەلەی کورد بە دەست ئێمە نییە، بە دەست ئەوانەیە کە دەستیان دەڕوا و بڕیاری لەسەر دەدەن. ئەوە جاران بوو کە ئەهلی سەیف و قەڵەم پێکەوە بڕیاریان لەسەر دواڕۆژی مەسەلەی کوردایەتی دەدا. ئێستا زەمانێکە کە حاجی قادر بە تەوس و ڕەخنەوە پێیدەوت:

(بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە — ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە).

پێش ئەویش، لە زەمانێکی دوورتر، ئەحمەدی خانی پەرێزی ئەهلی قەڵەم و میللەتی داماوی پاک کردەوە. لە سیپارەی مەم و زیندا دەیوت (خەتای ئومەرایە و خەتای شوعەرا و فوقەرا نییە).

میرەکان کێن؟ میرەکان ئەوانەن پاوەر و پارە و پێگەیان بەدەستە کە دەتوانن بڕیار لەسەر ئاییندەی کوردستان بدەن، یان لەگەڵ (ئەوانی) تری پایتەختەکان کە کوردستانیان لایە، لەسەر دواڕۆژی کوردستان و نەتەوەی، کورد ململانێ بکەن.

فەقیرەکان کێن؟ فەقیرەکان، هەژارەکان و گشت میللەتن کە لە سەرکەوتندا هەر ئارامی و ئەمنییەتیان بەردەکەوێت و لە کەوتندا فەلاکەتی یەکەم بۆ ئەوانە.

شاعیرەکان کێن؟ تەبعەن بە وەسفی خانی، شاعیرەکان هەر ئەوانە نین کە وەک خانی خۆی وەزن و قافیە دەزانن، بەڵکو هەموو ئەهلی قەڵەم و ئەندێشەن. کە حاجی قادر باشتر شەرحی کردوون: خاوەنی خامەن و بەدوای شیر دەگەڕێن چونکە شیر بەجیا وەک قەڵەم بەجیا وایە، تەنیاباڵ دەبن، ئەگەر هاو زەمان و هاوچەرخ نەبن.

زەمانێک هاتەپێش کە نموونەیی بوو، زەمانی (چەک، قەڵەم دووانەی خەباتی هاوژینم). ئەوە زەمانی کوردایەتی پێشکەوتووخواز بوو کە خەباتی هەمەلایەنە هەم برەوی هەبوو، هەم حورمەت و هەمیش قەڵەم و چەک حورمەتی یەکتری و رۆڵی یەکترییان دەگرت و دەزانی.

ئێستا لە قۆناغێکداین ناتوانین پێشبینی ئاییندەی مەسەلەی کوردایەتی بکەین، چونکە میرەکان پێویستیان بە شاعیرەکان و فەقیرەکان نەماوە. جا بۆ دڵدانەوەی خۆم لەسەر ریتمی خوێندنگەکەی ئەحمەدی خانی دەڵێم: چارەسەر (کوردایەتی هەژارانە)یە و ئەمەش چەمکێکە کار و کات و لێکدانەوەی زیاتری دەوێت. گەرەکمە خوا یار بێت لە دەورانێکی تردا پەرەی پێبدەم و بتوانم شەرحی بکەم.

چیتر؟ (چی تری) مەسەلەی توتنەکە، کە نووسینەوەی مەسەلەی کوردە، وەک بیرۆکە و نووسین و ئەندێشە کە لە پێنج کتێبدا رووماڵی ئەدەبیاتی نزیکەی بیست و پێنج ساڵەیم کردووە، لە دەست خۆمە. هەوڵدەدەم لە ئاییندەدا بە چاوێکی رەخنەگرانەوە و بە سەلیقەی رۆژنامەوانیی، وەک ئەندێشەی ئەدەبیاتی کوردایەتیش لەسەری بڕۆم و بۆ قۆناغێکی نوێ بەشی خۆمی لێ ئامادە بکەم و بەشی خۆشم لێی ئامادەبم.

بۆیە قوفڵی (مەسەلەی توتنەکە) لەم پێنج بەشەدا تەرخانی فەزای پێش ریفراندۆم و دوای ریفراندۆمی کوردستانە لە ساڵەکانی ٢٠١٧-٢٠١٨، بە گەڕانەوەش بۆ هەندێک وێستگەی ساڵی ٢٠١٦. دوای ئەوە هەرچی تر بڵێم، ناونیشانەو ناوەڕۆکی کتێبـی تر دەبن، چونکە باوەڕم وایە (مەسەلەی توتنەکە) وەک کتێب ئەرکی خۆی تەواو کرد و ناگەڕێمەوە سەری. قۆتاغی تر ناونیشانی تری دەوێ کە گەرەکە پێنجەم بەش بانگەوازی بۆ بکات. بۆیە تایتڵی "ناوی قۆناغەکە بنێین"ی هەڵگرتووە. واتا قۆناغی نوێی کوردستان و بزوتنەوە رزگاریخوازییەکەی چۆن دەبێت؟

مەسەلەی توتنەکە کە گێڕانەوەی مەسەلەی کوردە، تەواو بوو، بەڵام مەسەلەی کورد خۆی ماوە بە ناوی تر و قۆناغێکی ترەوە، تێهەڵدەچێتەوە. تا لە شوێنی هەقی خۆی دەگیرسێتەوە.

لەکۆتاییدا

لەقفڵدانی هەر پێنج بەشەکەی مەسەلەی توتنەکە واجبێکی دۆستایەتی و ئەمەکدارییە کە سوپاسی هاورێکانی خۆم بکەم:

- لە نووسینەگەکەم لە سەروپانەوە کاک شۆرش ئەحمەدی بەرێوەبەری هەمەکارەی نووسینگە، برای بەوەفای نزیکەی دوو دەیەم و نەخشەساز و دیزاینەری دەستڕەنگین کە زۆربەی هەرە زۆری کتێبەکانم ئەو رێکیان دەخا و دیزانی جوانیان بۆ دەنەخشێنێ. ئینجا دوای ئەویش کاک جوامێری حەسەن حەمبۆری جەباری، یاریدەدەری بە تەحەمولم، کە رۆژانە جگە لەکاری سکرتاریەت، بۆ فایلی کتێبەکانیش دایمە لەسەر خەتە، ئینجا برازام میدیاخان کچی مامۆستام عەباس بەدری و هەموو خوشک و برایان لە ئەرشیف و دیزان و کتێبخانەی کوردستانی نوێ کە هەموویان هاوکاری دڵسۆزی کارەکانن.

- سوپاسی زۆرم بۆ پێداچوونەوەی زمانەوانیی و هونەری هاورێی رووناکبیرم کاک هەڵکەوت عەبدوڵڵا کە جگە لەبەرگی چواری مەسەلەی توتنەکە لە چەند کتێبێکی تریشدا هەمان هیمەتی برایانەی لەگەڵ کردم.

خوا لە برایەتیان کەم نەکا و بمێنن بۆ خزمەتی خۆبەخشانەی روناکبیری و رۆژنامەنووسی کوردی و بۆ برای بچوکیان.

بمێنن بەخێر

**ستران عەبدوڵڵا**

٢٠١٨/١٢/١٢

# دۆسێی یەکەم

# قەڵەمی بێ شیر

بەشیرو خامە دەوڵەت پایەدارە
ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە
**حاجی قادری کۆیی**

## فەسڵی یەکەم

# پێپەرەکانی دەورانی ریفراندۆم

دەمەقاڵێ، لە جێی دیالۆگ
گەمەی ریفراندۆم، لە جێی ڕاستی سەربەخۆیی

# چوار نەتەوەکە لە تونس..

دیدارێکی سەرنجڕاکێش لە وڵاتی تونس روویداوە کە ئێمە کەمترین زانیاریمان لەسەری هەیە، بەڵام دیدارەکە مژدەیەکی خۆشە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦و گەڵاڵەکەی دەکەوێتە ساڵی تازەوە.

دیدار هی چوار نەتەوەی کوردو عەرەبو تورکو فارسە. پەیمانگەی عەرەبی بۆ دیموکراسیی رێکیخستووە، ژمارەیەك خوێندەوارو رووناکبیری هەر چوار نەتەوەکە بەشدارییان تێدا کردووەو بەلاغێکی نەرمی چەند خاڵییان دەرکردووە.

هەرچی لەسەر دیدارەکەی نوسیووە، لە رووناکبیرانی کوردو عەرەب، بە چاکە وەسفی دەکەن. نازانین برا تورکو فارسەکان بە زمانی شیرینی خۆیان چییان لەسەر وتووە؟ بەڵام بە نەقڵی قەولی ئاژانسەکان بێت بەشکو خێری بەدواوەیە.

هەر ئەوە کە سێ نەتەوەی سەردەستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قبوڵیانە نەتەوەی دیکەش لەم ناوچەیە هەیە، نوزەیەکی باشە لەم سەدەی بیستویەکەدا. باشترە هەم کوردو هەم (کوردستان)یان پەسەند بێت، بەڵام لەم ژینگە شۆڤێنیو تایفەگەرییەدا کە ترشو خوێی مەیلی تیرۆریستی زامەکان بەسوێتر دەکات، چاکە کورد لە چوارەکەیە. بە مەرجێ بە چوارەمی حسێب نەکەن کە ئەو پلەدارییەش خۆی هێشتا نیشانەی نایەکسانییە. بێگومان کورد بەشێکی رەسەنی وێنە ئەسڵییەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو بۆ ئەم راستییە تاپۆو قەواڵەمان نەگەرەکە. بۆ ئەوەی وەکو سیانەکەی تریش هەڵە دووبارە نەکەینەوە دەبێ بڵێین لە دیمەنەکەدا نەتەوەو ئەتنیکی تریش هەن کە ئەوانیش رەسەننو دیاری خوان بۆ مرۆڤایەتییەکی هەمەڕەنگو فرە ناسنامە.

لەوەش زیاتر هەمووومان دەزانین مەسەلەی نەتەوایەتی، بەتایبەتی مەسەلەی کورد، بە میتینگو کۆنفرانسی یەکترناسین چارەسەر نابێت، بەڵام هەمیشە رووناکبیرەکانو یەکتری ناسینیان مژدەیە بۆ لێکگەیشتنو... پێکەوەییان تیشکێکی باریکە لە رووناکیو گەرمایی لە رێی سەختی تێکۆشاندا. رووناکبیرەکان دەتوانن بە شێنەیی بیسەلمێنن لێکجیاوازی هەموو جارێك مانای لێکهەڵشاخان ناگەیەنێت. راستێکەی ئەوی نەیناسی نەیارەو ئەوی بیناسی

دەتوانێت خاڵی هاوبەشی دۆستایەتی لەگەڵدا بدۆزێتەوە.

چاکە نەتەوەکان یەکتری بناسن، سا بەڵکو دواجار نیشتمانەکانیشیان بە حوکمی جوگرافیاو مێژوو پێکەوە ئاشتببنەوە.

سڵاو لە نەتەوەی کوردو سێ نەتەوەو هەموو نەتەوەکانی تر کە بوونی خۆیان لە سڕینەوەی ئەوانی تردا نابیننەوە.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/١/٩**

# سیاسەت وەك چنینی فەرشی ئاینده

لەناو سیاسەتی کوردستانیدا رەوتی زاڵ سیاسەتی پیاوانە لەبیرکردنەوەو بڕیاردرانو جێبەجێکردنە. ڕەنگە بەشێکی ئەمە بۆ دۆخی ژواری بزووتنەوەی کوردایەتیو قاچاغبوونی سیاسەت لە ناوچەیەکی نادیموکراتی وەکو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێتەوە، بەشێکی بۆ خاوی گەشەی کۆمەڵایەتیو دواکەوتوویی لەمەوپێشی کوردەواری. بەڵام فاکتەری دیکەش هەن کە پەیوەستن بەوەی دەستەبژێری پیاوانی سیاسەتی کوردی حەزیان لێیە ئەم ریۆشوێنە لە سیاسەت وەك خۆی بێ دەستکاری بهێڵنەوە چونکە زامنی مانەوەو بەردەوامییە بۆ رۆڵو پێگەی خۆیان. ئاخر فاکتەرەکانی پێشتر باسیان کرا قەت نەبوونە مایەی پاشەکشێ لە سیکتەرەکانی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی، نەبوونە مایەی دواکەوتنی ژنی کورد لە کایەی پێشمەرگایەتیو تێکۆشانی سیاسیی دا. کەچی ئامادەگی ژنانی کورد لە کایەی بڕیارو بەشداری چۆنایەتیدا هیچ نەبێ بەقەدەر قوربانیدانی ئەو ژنانە نەبووە کە لەو رەوتەدا بەشداربوون. ئەم واقیعە نابەرامبەرە تا ئێستا هیچ هەوڵێکی سیستمی کۆتا نەیتوانیوە قەرەبووی بکاتەوە. قوربانی پیاوان لەم مەیدانەدا چەند کەڕەت گەورەتر دەکرێتو بەو هەموو زۆریەشیانەوە هێشتا دەسکەوتی ناو خەبات بەشیان دەکات، لێ هی ژنانی بەشدار بچووك نیشان دەدرێت.

***

لەم ژینگەیەدا رۆڵی هەڤاڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد تەواو جیاوازە لە حزورو لە ستایلی کارکردنو رۆڵگێراندا. ناهەقەیە هۆکاری ئەم رۆڵە هەر بۆ بنچەی سیاسییو کۆمەڵایەتی بگێردرێتەوەو کەسایەتی عیسامی ئەو لەو بنچەیەدا کورت بکرێتەوە. بێگومان واقیعی ئەم بنچە کۆمەڵایەتیو سیاسییە وەکو ئەندامێکی خێزانی پایەداری مامۆستا برایم ئەحمەدو هاورێیەتی ژیانو خەباتی هەڤاڵ مام جەلال واقیعێکە جێی شانازییەو لە زۆر هەورازو نشێوی ژیانی سیاسیماندا هەڤاڵ هێرۆ بە بەراورد بە زۆرێك وەفادارترینی ئەم بنچەو ژینگەیەش بووە، بەڵام هێرۆخان بونیاتنەری ستایلی تایبەتی بوو کە دەکرێ بە ستایلی خۆی لە حزورو

بەشداریکردنو ڕێبەرایەتیکردن لەناو سیاسەتی کوردستانییو لەناو کوردەواری چوار دەیەی رابردوو بناسرێتەوە. ئەوە کە وەفاداری رەوتی شۆرشگێرانەی بنچەی کوردایەتی خۆی بێتو خاوەنی ستایلی ژنانەیە لە سیاسەتو لە رۆڵی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی دا عیسامێتی هێرۆخانو قاڵبوونی لەناو دژوارییەکانی کوردستان دەردەخات بە جۆرێك هاوسەنگی بکات. لەبەر ئەمەیە ئەوی بەرخوردی ڕاستەوخۆ لەگەڵ چالاکیو بزاوتی وی دا دەکات لە هەندێك وێستگەدا ستایلی ژنانەو رۆڵگێرانێکی جیاواز دەبینیو هەست پێدەکات.

هێرۆخان وەك هەڤاڵێکی رەوتە گشتییەکەی ناو هەڤاڵێتی هەزاران تێکۆشەری یەکێتی دەردەکەوێت. بەڵام ستایلی ژنانە لەناو ئەم فەزا پیاوانەی ناو یەکێتیو ناو کۆی بزووتنەوەی سیاسی کوردستاندا بە ئاشکرا دەدرەوشێتەوە. کەمترین بەریەککەوتنی لەم کایەدا، ئەگەر رووشی دابێت، هی ئەوەیە رەوتی باو لە سیاسەتو ململانێو پێ سەلماندن لەناو فەزای گشتی کوردستاندا رەوتێکی پیاوانە بووە. مەرجو یاساکانی یارییەکە پیاوان دایانناوەو بۆ خۆیان دایانناوە، ستایلی جیاواز کەمترین دەرفەتی پێ دراوە. ئێستا کە بە کارەکتەری هێرۆخان ئەم ستایلە حزور تۆمار دەکات لە رەوتی بزاوتندا بەرخوردی پیاوانە دەخوازێت هەر بە فەرهەنگی پیاوانە شرۆڤەو رەفتاری لەگەڵ بنوێنێ.

لەبەرئەوە تایبەتمەندی حزوری هێرۆخان لەم ژینگە رۆژهەڵاتیەدا، تەنانەت لەناو حزبێکی سۆشیال دیموکراتو بەبنچەدا چەپیشدا، جێی سەرنجی نێوەندەکانی دەرەوەیە کە چاودێری رەوتی گەشەکردنی بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستان دەکەن. لە باکوورو رۆژئاوا حزوری ژنانە دەبینرێتو لە باشووری کوردستانیش ستایلی ئامادەگی تایبەتی هێرۆخان کە سەرکەوتنەکانی ئیلهام بەخشن بۆ ژنانی تێکۆشەری ناو یەکێتیو ناو کۆمەڵی کوردەواریش، مۆدێلێکی پێشکەوتووە.

***

دەبێ لەم چوارچێوەیەدا سەیری رێزگرتنەکەی پاپاو نوێنەرایەتییەکەی لە رێکخراوی (ئەسیس پاکس ئینتەرناسیونال) بکرێت کە تەنها رێزگرتن نییە لە خەبانیگێرێکی سیاسیی، یان چالاوانێکی مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لە کوردستانو عیراقدا. بەڵکو رێزگرتنیشە لەم ستایلە تایبەتییەی سیاسەت کە زۆرتر لە ناوچەکەی ئێمەدا سیاسەتی کاتیی و کورت مەودا و رۆژ بەرێکردن بووە. شێوازی کاری هێرۆخان لە بواری منداڵپارێزیو خزمەتی منداڵانی بێ سەرپەرشت، خزمەتی مافی مرۆڤو کەمینە ئاینییەکان، لەوەش گرنگتر، بۆ ئایندە، خزمەتی بواری فەرهەنگیو رۆشنبیرییو یادەوەری نەتەوەیی گەلی کوردستانو ئازارەکانی (مۆزەخانە، ئەرشیف، دەستنووسەکان، یادکردنەوەو سەروەرکردنی کۆی تێکۆشانی گومناوان لە ژنو پیاوی کوردستان (لە مەستورەی ئەلادەلانییەوە تا تۆفیق

وەهبی ) شێوەکارێکی نەرمونیانو دوورمەودایە کە درەنگتر ئەسەرو کاریگەری دەردەکەوێت. وەك چنینی بەسەلیقەو هێمنانەی فەرشی ئایندەییە بۆ کوردستان.

سەرەتای نەوەدەکان کە سیاسەت لە کوردستاندا چەکو قەرەباڵغی بوو، پرۆژەی ستراتیژی منداڵپارێزی (پرۆژەی منداڵانی سەرشەقامو کازیوەو زۆری تر) دێتە بوون کە ئێستا منداڵانی پەروەردەی ئەو بوارە گەورەو خزمەتگوزاری وڵاتی خۆیانن. لە نەوەدەکاندا کە میدیا هەر شەڕو شۆری تەسکی حزبایەتییە، خاك دەبێتە تەسەلا بۆ ئایندەی نیشتمانێك کە مێژووی جوڵانەوەکەی کۆنترە لە مێژووی حزبەکانی. لە غیابی چاپو چاپەمەنیدا پرۆژەی دەستنووسەکان تێپەڕینی بەرهەمو داهێنانەکانە بە کونە دەرزی فەوتانو مانەوە دا.

هاندانی هونەری دراماو هونەری شێوەکاری (گەلەری زاموا بۆ نموونە) دەبێتە جێی تێروانینو بایەخپێدانی هێرۆخان. لە وەختێکدا گەمارۆی دونیا بە دۆستو نەیارەوە لەسەر کوردستان هەیە، دەنگو ڕەنگی کورد لە ئاسماندا (کوردسات) یەکە وەك دەورانی کامێرامانی شاخ واقیعی تێکۆشانی سیاسیی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی کوردستان دەگوازێنەوە.

ئەمانە دیمەنی چنینی بە حەوسەڵەن بۆ خزمەتی ئایندە کە وێستگەی هەوڵەکانی بۆ ڕاگرتنی بەڵانسی یەکێتی لە پاش نەخۆشی هەڤاڵ مام جەلال هیچ کام لەم پرۆژانە راناوەستێنن. پێچەوانەی زۆر پرۆژەی تری خزمەتکردن کە هاتن و لاچوون.

ئەم پرۆژانە دوور لە چاوی میدیاو رووماڵی سیاسییانە هاتنو گەشەیان کرد، لە لایەن خانمێکەوە ئاواکراون، کە خۆی خاوەنی دەزگایەکی میدیاییە، کەچی کەمترین فۆکسی خستۆتە سەر تا پرۆژەکان نەشونمیان کرد و نەدەکرا دارچناری بەرزیان نەبینرێت.

ڕێزگرتن لەم تێکۆشەرە خزمەتگوزارە، ڕێزگرتنیشە لە کوردستانێك دەمێکی زۆر ویستیان حاشای لێ بکەنو هەشە، ویستیان وای بناسێنن کۆمەڵێکی پەراوێزەو هی ئەوە نییە سوچێکی جیهان بە کاری ئینساندۆستی خۆی پڕ بکاتەوە. هەروەها ڕێزگرتنیشە لە بەهای هاوبەشی مرۆڤایەتیی لە کوردستان یان لە هەر شوێنێکی جیهاندابێت.

ڕێزگرتنە لە کوردستانێك کە جگە لە خەبات و تێکۆشانی، جگە لە رۆڵی شارستانیی و دیرۆکی دەتوانێت ژنی نموونەو ستایل جیاوازیشی هەبێت.

*کوردستانی نوێ، رۆژانی: ٢٠-١/٢١/ ٢٠١٧

# ئەندێشەی کراوە
# سەرەقەڵەم لەسەر "رووناکبیران" لە داستانی کوردایەتیدا

### ١

جارێکیان ئیسماعیل بێشکچی نووسی کە بۆ شرۆڤەکردنی جەوهەری ململانێی ناو کۆمەڵگەکان هەر شرۆڤەی چینایەتی بەس نییە، یانی هەر ئەوە بەس نییە ململانێی چینایەتی بکەینە بنچینەی هەموو ململانێ کۆمەڵایەتییەکان. ململانێی نەتەوەیی‌و نیشتمانیی‌و نەتەوە بندەستەکانی خەباتی رزگاری نیشتمانیی دەکەن، ئەویش گرنگە بۆ ئەوەی لە جوڵانەوەی مێژوو بگەین‌و نهێنی پاشەکشێ‌و بەرەوپێشچوونەکانی بزانین، ئەسڵەن گوتەزای ڕەچاوکردنی ململانێی نەتەوەیی لەپاڵ ئەنگێزەی ئابووری لە ململانێی چینایەتیدا گەورەترین گوتەزای بێشکچییەو بە وەرگرتنی ئەوگوتەزایە وەك بنەمای شرۆڤەکاری کۆمەڵی کوردستان، لە ناوجەرگەی ململانێکانی تورکیادا، بێشکچی خۆی لە مەکتەبی چەپی باوی تورکی‌و شرۆڤە کەمالیستییەکان جیا کردەوە، دەشێ لەم دووانەی ململانێی چینایەتی‌و نەتەوەییەوە لقوپۆپی تریش بۆ شرۆڤەکردن بکەینەوە. یەك لەوانە رۆڵی خوێندەوارو رووناکبیرانە لە پێچاوپێچەکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا.

### ٢

نزیکەی سەد ساڵی تەمەنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان پرە لە چیرۆك یان گرتەی درامیی رۆڵگێران‌و پاشەکشێ، پێشکەوتن‌و تەمبێکردنی رووناکبیران کە خزمەتەکانیان لە برەوپێدانی ئەندێشەی کوردایەتی لە نووسینەوە تا گیانبازی مەعلومی گشت عالەمە. رووناکبیران پرۆلیتاریای زوڵملێکراوی ناو تۆبۆگرافیا پێچاوپێچەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانن. جا ئەگەر لە بیرمان بێت لەناو دیمەنی چوون یەکی ئەدگاری پێکهاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە داگیرکەرو داگیرکراو. زاڵم‌و مەزڵوومییەوە "کوردو کوردستان" بە پلەی یەکەم خۆیان بە ناسیۆنالیزمی کەلتووری

له پێکهاتەکانی تر، له نەتەوەو گروپەکانی تر، جیا کردۆتەوە، تێدەگەین رووناکبیران چی دینگەیەکی سەرەکین له دینگەکانی ماڵی کوردایەتیدا.

## ٣

بەو حاڵەشەوە نە دەسکەوتەکانیان له کێکی تەواو نەبڕاوی کوردایەتی وەك زەحمەتی کابانییانەو نە رۆڵیشیان له بریارو ئاراستەکردنی کوردایەتیدا چوون قوربانیەکانیانە له وەرچەرخانو دووڕیانەکاندا. ڕەنگە بەشێکی هۆکاری ئەم دەرکەوتە بۆ کەم حەوسەڵەیی، هەندێك بۆ سروشتی (توێژ) بوونی رووناکبیران، نەك (چین) بوونیان، هەندێکیشی بۆ پەرتبوونی ریزەکانیان بگەڕێتەوە. بە جۆرێك ئەم "پرۆلیتاریایانە" بێ بەری نین له دیاردەی لۆمپەن پرۆلیتاریا، یانی ئەوانەی (کەچە) پرۆلیتاریانو خیانەت له ئەهلی پیشەی خۆیان دەکەن. وەك ئێستا ئەم دیاردەیە بە زەقی دەبینین له دۆسێی رووناکبیرانی ناو کوردایەتیدا. ئەوە قەڵەم بەدەست و "قەڵەم کێشەکانن" پێش "شێخو ئاغاو دەوڵەت" پەلاماری رووناکبیران دەدەن. وەختێك رووناکبیران بەو هەموو ئەندێشە پڕەیانەوە له خوێندنەوەی مێژوو و هەڵسەنگاندنیان بۆ ئاراستەکەی، دەنگ هەڵدەبڕنو (نا)یەکی بچووك، یان گەورە، لەبەردەم ڕێگای هاتو نەهاتی کوردایەتی بەرز دەکەنەوە ئەم لۆمپەن پرۆلیتاریایانە، پێش کەسانی تر، ئامادەی تیرهاوێژتنن.

خانی لەم ئاستەدا بوو کە لە مەمو زیندا رەخنە لە ((ئومەرا)) دەگرێتو "شوعەراو فوقەرا" بێ بەری دەکات لە شکستی دەوڵەت دروستکردنو دەوڵەتمەداریدا.ئەمما "قەڵەم وەشێن" ەکانی ئەمرۆ پێش "ئومەرا"، یان رەنگە بەدنەدانی ئەوانیش، پەلاماری رووناکبیرانو قسەی حیسابییان لە بەسەرهاتەکانی کوردایەتیدا دەدەن. سەیری کورتە چیرۆکی شەهادەتی "جەمال عیرفان"، پاشەکشێی خەمناکی رەفیق حیلمی، پەراوێزکەوتنی شێخ نوری شێخ ساڵح بکەن، سەیری رۆمانی دوورودرێژی برایم ئەحمەد لە ململانێکانی ناو کوردایەتی بکەن کە چەند لۆمپەن پرۆلیتاریا بوونەتە مەقاشی دەستی سەردارو ئەکتەرەکانی ناو بزووتنەوەکەمانو لە جیاتی ئەوان شەڕی بەوەکالەتی دەکەن تا ئەم ڕاستیەمان بۆ چەند پاتە ببێتەوە.

## ٤

بێگومان بانگەوازی ئێرە بۆ پایەدارکردنی رۆڵی رووناکبیران بۆ ئەوە نییە رەخنەلێگرتنیان قەدەغە بکرێت. بۆ ئەوە نییە لەناو ریزبەندی و هەرەمبەندی چینو توێژەکانی ناو کوردەواریو نوێنەرەکانیان لەناو بزووتنەوەی کوردایەتیدا "پیرۆز" بکرێن و لەسەروی هەموانە بن. بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەم سەخاوەتە زۆرەی لە پەلاماردانی رووناکبیراندا سەرف دەکرێت جورعەیەکی بۆ رەخنەگرتن لەوانی تریش گلبدرێتەوە. ئایا ئەمە کراوە؟ ئایا رەوایە کە شکستە گەورەکانی

سەردارەکان نادیدە بگیرێتو یەکسان بکرێ بە لادانی کاتی، بۆ پێداچوونەوە، ڕاوەستان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوی کراوە لە کاتی رابردوودا، کە ئەمە ئەرکی ڕووناکبیرانە لە هەموو زەمانو زەمینێکدا؟

**٥**

ڕەنگە بەشێکی پەرتەوازیی ڕووناکبیران لەناو کوردایەتیدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەوان بەشی هەموو چینو توێژەکانیان داوە و لەناو هەموویاندا هەن، بەڵام ئەگەر وایە بۆچی وەك تەنێکی غەریب مامەڵە دەکرێن؟ تەنانەت کە لە پلەی سەرکردەو رابەریشدا بن هێشتا هەر ئامانجی پەلاماردانن "مام جەلال"، قاسملوو، ئۆجەلان، هتد..) لەکاتێکدا ئەم کارەکتەرە گەورانەی مێژووی کوردایەتی جگە لەوەی ڕووناکبیر"ن، لە کایەی لێهاتوویی سیاسییو فەرماندariدا قارەمانی مەیدانی خۆیاشیانن.

**٦**

بۆ دەبێ ڕووناکبیرەکان کە ئەدەبیاتی کوردایەتیان بە ئەندێشەو بەهرەی خۆیان دەوڵەمەند کردووە وەك تەنێکی نامۆ ساتوسەودایان، پێ بکرێو لەگەڵ بکرێ؟ لەکاتێکدا ڕووناکبیران زیاتر لەوانی تر لە ململانێی هەناوی کوردایەتیدا بنەماکانی یارییەکە ڕەچاو دەکەن کە کەمجار ئەمەمان لە کارەکتەرەکانی تر بینیووە. لادانو پەلاماردانو پێشێلکاری یاسای یارییەکە پیشەی ڕووناکبیران نەبووە، بەڵکو ئەوانیتر بەو ئاراستەیە دەسکەوتو هێزی ناڕەوایان کەڵەکە کردووەو بە خۆسەپاندن، نەك خۆچەسپاندنو قەناعەت پێهێنان، واقیعی ناڕەوایان خولڵقاندووە. ئەمە پرسیارێکی مۆراڵییە لە باسی داستانی ڕووناکبیرانەوە هاتووە، ئەمما پرسیارێکە ڕووی لە هەموو کوردەواریو پێکهاتەکانی کوردایەتیشە.

واللە من وراو القصد.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/٢/١٠**

# ئەبدەیتکردنەوەی ڕاپەڕین

یادی ڕاپەڕینی ئەمساڵ لە هەلومەرجێکی دژواری وڵاتەکەماندا دەکرێتەوە، کە تەنگژەی سیاسیی و دارایی کاریگەریی زۆری لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داناوەو لەگەڵیشیدا پرسیاری نەوەی نوێ، لەسەر ماناو ئاکامەکانی ڕاپەڕین، زیاتر بووە.

خەڵك تێدەگات کە ڕاپەڕین‌و قوربانییەکانی چ وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی نەتەوەو نیشتمان، بەڵام بێگومان لادان‌و پەککەوتنێ کە تووشی ڕێڕەوی کوردستانی ئازاد هاتووە، لەناو تەڵەزگەی بێ چارە مانەوەی هێزەکان لە چارەسەرکردنی تەنگژە کە، جێ پەنجەی خۆی بەسەر لێڵ کردنی دیدگای ئەمڕۆ دادەنێت. بەتایبەتی دیدگای نەوەی نوێ کە وەك سرووشتی تەمەن‌و ڕێککەوتیان لەگەڵ ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، دیدگایەکە مەیلی بەلای ڕەخنەگرتن‌و دیاریکردنی بەرپرسیارێتی گشتییە لە پاشەکشێی کوردستان پێ ورد بوونەوە لە کوێ فاکتەری مەوزوعی‌و بابەتی ئەو پاشەکشێیەو تەنانەت بێ جیاکردنەوەی ڕەش‌و سپی‌و پلەی بەرپرسیارێتی ئەم هێزو ئەو هێزە، هەڵبەت هەڵسەنگاندنێکی وردی هۆکاری دۆخی ئەمڕۆ دەتوانێت هەقی هەموو لایەك بدات‌و سەبەبکار، یان سەبەبکارانی، پاشەکشێی ئەزموونی کوردستان بدۆزێتەوە. بەڵام ژینگەیەکی پاك‌و بێگەرد بۆ هەڵسەنگاندنێکی شێنەیی تەمەناییەکی ڕۆمانسییە وەك تەمەننای ئەوەی وا بزانین لە شەووڕۆژێکدا دۆخی وڵات چاك دەبێتەوە. بۆیە دیدی واقیعی ئەوەیە هێزە دەربەستەکان بە سازان‌و ڕێککەوتن لەسەر بنچینەی ڕاستییە یاسایی‌و دیموکراتی‌و ئابوورییەکانی تەنگژەی سیاسیی کوردستان و لەسەر بنەمای ئەو درەفەت‌و هەڕەشانەی دەوری کوردیان داوە چارەسەری دۆخەکە بکەن‌و ئەو چارەسەرییەش بکەنە واری واقیعەوەو خەڵك لە ژیان‌و گوزەرانی‌و لە دڵنیایی ئایندەی کوردستان بە بەرجەستەکراویی ببینێت. ئەو کات زەمینەی باوەڕدارییەکی پتەو بە ڕاپەڕین‌و جەدوای ڕاپەڕین لە وێستگەی کوردستانی شایستەی ژیاندا خۆی نمایان دەکاتەوە.

خستنەوەسەر ڕێی دروستی کوردستان هیوا بە ڕاپەڕین‌و ماناکانی دەبوژێنێتەوەو ئەو سەروەرییە گەورەی خوێن‌و ڕەنجی زۆری بۆ دراوە دەکاتەوە تاجی سەری شانازییەکانی گەلی کوردستان.

***کوردستانی نوێ: ڕۆژی (٢٠١٧/٣/٣)**

# لەسەر ڕێبازی مام بین

هەموومان لەسەر ڕێبازی مام بین، سەری بڵندمان تەنها بۆ ئاڵای کوردستان نەوی بکەین، وەك ئەو بین، کوردستانیی بین. مورافەعەی ژیرانەو یاساییانەو سەلمێنەر لەسەر کوردستانێتیی کەرکوك بکەین. وەك مام بین، واقیعبینی واقیع گۆڕیش بین، وەك ئەو بین، نیشتمانیو نەتەوەیی بین، بێ ئەوەی سوکایەتی بە نەتەوەکانی تر بکەین، قینمان لە داگیرکەران بێ، نەك لە گەلانی دراوسێ کە داگیرکەران بە تۆپزی بێت، یان بە دیموکراسی، ئیدعای نوێنەرایەتی ئەوان دەکەن.

وەك مام بین، مەلەفەکان تێکەڵ نەکەینو لێکیان جیابکەینەوە. وا نەکەین تەنها لە داخی موزایەدەکاران سەربەخۆییو مافی چارەنووس نەکەینە ئەولەویەت. دۆسیێ نەوتو گەندەڵی لەگەڵ دۆسیێ ئاڵای کوردستان کە مافی ڕەهاو ئەرکی هەموو کاتێکی لواوی تێکۆشانمانە تێکەڵ نەکەین. بەڵێ گلەیی بکەین، ڕەخنە بگرین، کارتی سوورو پەرچەمی دیموکراسیو یاساو شەرعییەتی دیموکراتی بەرزبکەینەوە، لێ دۆسیێ سەربەخۆییو ئاڵای شەکاوەو کوردستانێتیی کەرکوك لەدەستی کوردایەتیی ڕاستەقینە، کوردایەتیی پێشکەوتنخوازدا، بهێڵینەوە. پاش سەدەیەك قوربانی، گەلی کوردستان شایستەی ئەوەیە هیچ مافێکی نەکرێتە قوربانی ئەوی تری. ئاڵا سەرەتایە، بێگومان سەرەتایەکی چۆنایەتی، هێشتا زۆرمان ماوە، بەڵام هەر دەگەینێ. بۆ ئەوەی بگەینێ دەبێ وەك مام بین، پشووی شۆڕشگێڕانەو سەبری ئینقلابییمان هەبێ. وەك مام بین، ساتو کاتی خۆی هەڵبژێرین کە هەمیشە دەیوت: نە لەباری ببەینو نە مرداری بکەینەوە.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/٣/٢٩

# خوێنی پێشمەرگە راستی دەسەلمێنێتەوە

هێزی پێشمەرگەی کوردستان خوێن و گیان دەبەخشێ لە کەرکوك و هەر دوێنێ بەرپەرچی هێرشێکی نوێی دەوڵەتی خەلافەتی داعشی داوەتەوە. کەچی سەرۆکی بەرەی تورکمانی ئەرشەد ساڵحی پشتی لە بەرەی راستەقینەو ئەرکی سەرشانی تورکمان و کورد کردووەو رووی لە هەرێمی کوردستانە. خەمی درۆ دروستکراوەکەی خیتابی تۆرانیزمە، گوایە لە کەرکوك گۆڕانکاریی دیموگرافی دەکرێت.

ساڵحی سەرقاڵی درۆی دروستکراوی وەهمی تۆرانیزمە کە پێی وابوو کەرکوکی فرە نەتەوە هی گروپێکە، بەتایبەتی گروپەکەی خۆی، سەرقاڵی درۆیەکە ٢٥ ساڵە حکومەتی ئەنقەرەشی پێ دەخەڵەتێنن، گوایە چەند ملیۆن تورکمان لە کەرکوك هەیەو گوایە کورد دەستکاری دیموگرافی لە ناوچەکانی "تورکمان ئیلی" دەکات.

ئاخر کەستان بینیووە گۆڕانکاریی دیموگرافی لە ناو جەرگەی خەڵك و خاکی خۆی بکات؟ کەستان بینیووە خوێن بدات بۆ خاکی نیشتمان و ئینجا بە مەرەکەبی سەر کاغەز گۆڕانکاریی دیموگرافی بکات؟.

پێشمەرگە بە خوێنی خۆی کوردستانی کوردو تورکمان و کلدۆئاشوور و عەرەبی دانیشتووی کەرکوك دەپارێزێ و لە داعش و پەیوەندەکانی لە بەعسی شۆڤێنی، دووری دەخاتەوە، کەچی قارداش ساڵحی لە پەخشی سلێمانییەوە، لە NRT عەرەبییەوە، عیراقییەکان چەواشە دەکات و وەهمی تۆرانیزم بە نرخێکی هەرزان بە عروبەی عیراق دەفرۆشێتەوە کە کەرکوك و کۆی عیراقی پێ نەپارێزراو داعشی کردە کەڵەگای خەلافەتێکی درۆزنانە.

ئەرێ ساڵحی نازانێ کە ئەدەبی عەرەبی پڕە لە نموونەی وا، کە راستییەکانی حاڵەتی وەك کەرکوك دەردەخات.

(السيف اصدق انباء من الكتب).

خوێنی رژاوی پێشمەرگە دەرخەری دیموگرافیای راستەقینەی کەرکوکە، نەك درۆ و دەلەسەکانی کیتابی ئەفسانەی تۆرانیزم، ئاخر ئەگەر کەرکوك هی ساڵحی بووایە، خوێنی

بۆ دەڕشت، نەك درۆی بۆ هەڵدەڕشت!
کەرکوك هی ئەوانەیە بۆ کوردستان و بۆ هەموو نەتەوەکانی کەرکوکی دەپارێزن. ئەمڕۆ دوو شەهیدیان بۆ داو دوێنێ دە و سەد و....تا ئەبەد.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/٥/٨

# کتێبەکە کراوەیەو حیسابەکە دانەخراوە

ئەم شتانە لەهەموو ئیمپراتۆریاو رەوتە سیاسییو فیکرییەکانی دونیادا قەوماوە، مێرخاسو خانم خاسەکانی دونیا بە ئەزموون ئەم دەرکەوتەیان بینیوەو تاقیکردۆتەوە، عەرەب پێی دەڵێن: (یحدث هذا في احسن العائلات)، یانی لە نەجیبزادەو ئەشرافی شارو وڵاتانیش بینراوە کە لەقۆناغە راگوزەرییەکاندا هەن دەکەونو دەڕوخێنو لەتاو کەوتنەکەیان پاساوی فیکریو ئایدۆلۆژی دەهێننەوە، قەوماوەو روویداوەو شۆکی ناوێ، کە هەن شەرمیان نامێنێو روویان نایە دانی پێدا بنێن کە گۆڕاونو وەك جاران نەماون.

بەهاکان ناکەون، ئەوانەی ئەکەون، هەندێ هەڵگری ئەو بەهایانەن کە تاوەکو بەهاو نرخەکان لەبرەودایە، ئەوان لەگەڵین، یان راستر بڵێین لەگەڵی دەرۆنو کوردەواری گوتەنی "پایزە بران" و تا بەهاکانو بەرجەستەکانی لەماڵو دیوەخان، لە داودەزگاکاندا بەهاریانەو بوژاوەن، کە ئەوە نەماو، بەهاکانو ئایدیاکان کەوتنە تەنگانەوە، تەنها هەر لەچێوەی مەکتەبی فیکریو رێبازی رووتدا قەتیس بوون، ئیتر پایزە براو، کوڕی رۆژ، لێی تەوەللا دەبن. ئەمە لەوێستگەکانی مێژووی رۆژهەڵات (بۆ نموونە لە نموونەی داودەزگای دەوڵەتداری جوگرافیای ئیسلام)و مێژووی رۆژئاواش (بۆ نموونە، لە نموونەی داودەزگای دەوڵەتی سۆڤێتیو دەوڵەتانی ئۆردوگای سۆشیالیستی) قەوماوەو بەرچاوە.

دووجار "خەلافەت" نەماوە کە موسڵمانان وایان زانی دینی موحەمەد پەیوەستی خەلیفەو داودەزگاکانی بوو. کە خەلافەتی عەباسیش کەوت (ساڵی ١٢٥٨ی زاینی) وابوو، کە "خەلافەت"ی عوسمانی تێداچوو (١٩٢٣ی زاینی) هەروابوو، بەڵام موسڵمانانی راستەقینە میحرابی باوەڕداریان لەدڵی خۆیاندا راگرتبوو، کۆدەکەی لە باوەڕی خۆیان بوو، نەك لە راڕەوەکانی کۆشکی خەلافەت، مەغۆلو تەتار لەبرەودا بوون، کە مەولانا هات، کەمالیزم و ئیمپریالیزم هەبوو کە سەعید نورسی پەیامەکانی نوری، بە "دەسخەت"، بە لایەنگرانی دەنووسییەوە، بیری نورسی وا بڵاوبوو کە ئێستا بەنارەوایی بەناوی ئەوەوە حوکم دەکرێت.

لەسەرتاسەری دونیادا سەدان حزبو رەوتو بزووتنەوەی چەپ هەبوون کە فلسێكو قرشێکیان لە دەوڵەتی سۆڤێتی وەرنەدەگرت، کەچی باوەڕیان بە دادپەروەریو یەکسانیو

ژیانێکی باشتر هەبوو.

هەشبوون پارەو پولی (رۆبڵ)ی سۆڤێتیان وەردەگرتو لەگەڵ کەوتنی (سۆشیالیزم)ەکەی مۆسکۆ، پەڕینو تڕینو توانەوە، ئەوەی پاوەری پارەی نەبوو بەڵام پاوەری پاوەڕی هەبوو، مایەوەو لەسەر پێی خۆی وەستایەوە.

ئەمە بۆ ستایشی ئەندێشەی خەلافەت یان بۆ ستایشی ئیمپراتۆریای سۆڤێتی، یان هەر ئایدۆلۆژیایەك نییە، بەڵکو بۆ هێنانەوەی نموونەیە لەسەر هێزی باوەڕو ئەندێشەی هەر مرۆڤو هەر رەوتێك لەهەر زەمانو زەمینێکدا. هەن دەمێنن و هەشن خۆیانو فیکری خۆیان ملکەچی زۆرداریی باو و ستەمکاریی هێزدار دەکەن.

بەشێك لەوانەی بیرو باوەڕیان وایە کە ئەو فیکرە، یان ئەم فیکرە کەوتووەو خەوتوو، بە خەیاڵ کیسە بۆ فیکری بەرامبەر ئەدوورنەوە، گوایە فیکری نەیاریان ئەبێتە ئەلتەرناتیڤ، سا بەڵکو شەفاعەتیان بۆ بکات، کە ئەوەیان بۆ دەکات کە بەخۆیان نەکراوە، لە بیریان نییە یان ئەزموونی تاڵی دیرۆك فەرامۆش دەکەن، ئەزموونێك لە نموونەی رەوتی سۆشیالیستیدا پێیان دەڵێت: لەوەتەی دەوڵەتی سۆشیالیستی شێوە سۆڤێتی کەوتووە، بەرەی نەیاری بەرامبەری، یانی سەرمایەداری، یەك کێشەی کۆمەڵایەتی جەوهەری چارەسەر نەکرد لە کێشەکانی دادپەروەریو یەکسانیو کەمکردنەوەی هەژاری، بگرە ئەم هەموو ئەرکە گەورانەشی بە (UN) ێکی بیرۆکراتی سپاردووە. بەپێچەوانەوە دەرکەوت وەك لە ئەدەبیاتی فیکریو سیاسیشدا باسی دەکرێت، ئەوی سەرمایەداری لە سەد ساڵی رابردوودا کردوویەتی بەقازانجی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە ترسو لەبەر رکابەری رژێمی سۆشیالیستی بوو، کە ئەو نەما ئەو بەرپرسیارێتییەش کز بووەو سەرمایەداری بێ پەروا بووە. بای باڵی سەرکەوتن بادەداتو پێڕەوی خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی جێبەجێ دەکات.

ئەوانەی ئەمڕۆ لە کوردستان بیری کوردایەتی پێشکەوتنخوازو دیموکراتی بەجێدەهێڵنو پەیوەستی کاروانی، گوایە واقیعییەتو هێزداریو هەژموون دەبن، لە بیریان دەچێتەوە ئەوەی ئەو رەوتە کردوویەتی لە باشەو لە چاکە لە رکابەریی بەرامبەری کردوویەتیو هەر ئەوەندە کە زانی (براوە)یە، لەویش پەشیمان دەبێتەوەو هەموو سەرنشینە تازەکانی فڕێ دەداتە دەریاوە.

کوردایەتیی پێشکەوتنخواز، کە لە دەوڵەتو دەزگادا پایەدار بوو، ئەم (پایزە برا)یانە تەنزیریان بۆ دەکرد، باسکی دیموکراسیو پێشکەوتنخوازی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان کە گۆچانی بە دەست بوو، ئەمانە رێبواری رێگەکە بوون، ئەمما کە دۆخی پەڕینەوە قەوماوە، پەردە بەسەر یادەوەرییەکانیاندا دەدەنو پەلەیانە چۆن فریای کاروانی تر بکەونو بە هەرزانو بەئاسانی باری فیکریو سیاسی راستو رەواو رەوان بفرۆشن، بەڵام نموونە مێژووییەکان پێمان دەڵێن براوەی دونیای دوو جەمسەری چی کرد بۆ دونیای دوای سۆڤێت، ئەمانیش هەر ئەوەندە وەفاداری هەموو مانایەکی کوردایەتی دەبن.

پێش ئەو دەرکەوتانەی ئەمڕۆش دەزانین چەند ساڵە رەوتێکی پۆپۆلیستی، ئێژێ باوی کوردایەتی نەماوە، بە پێشکەوتنخوازو دێرینخوازییەوە، باو باوی بەرشەو ریاڵە، لەکاتێکدا خودی بەرشەو ریاڵیش ململانێی پەنهانن لەنێوان نەتەوەی بندەستو پاشای سەردەستدا.

نها پاکانەخوازان وەك ئەوەی جاران تاوانێکیان کردبێت، ئاسەواری (تاوانەکانیان) دەشۆرنو پەیوەستی بێ بەهای زۆرداریو رەهایی دەبن. بێ ئاگان لەوەی (تاوانەکانیان) لە رابردوودا جوانترین تاوانو فیتنەگێڕیی فیکریی بوو، بە مانا جوانەکەی فیتنەگێڕی.

ئاخر کە بەژنی جوان دەگوترێ فیتنەبازە، واتا شەقامی چۆڵو مەنگ دەهەژێنێ و فیکری جوان و تازەش هەروایە، مەنگو مات دەهەژێنێ.

ئەمڕۆ وایە، وەرزی کۆچی ئەو باڵندانەیە لەساباتی خوێندنگەیەك فێری فڕین بوون کە هەر بۆ ئازادی و کوردایەتی و مافی چارەنووس خولقاوە، وا بەرز فڕین کە سەریان لێ تێکچووە و خراپ دەفڕن و خراپیش دەکەون.

با رێبوارانی راستەقینەی ئەو رێگایە خەمبار نەبن، هێشتا مێژوو دوا قسەی خۆی نەکردووەو کتێبەکە کراوەیە و حیسابەکە دانەخراوە. رێگا راستەکە چونکە راستو رەوایە، هەر بۆ ئامانجە راستەکەمان دەبات، با سەد قەدبڕی تێدا بێت. پاوەری فیکرو باوەڕ بنچینەیەو هەر ئەوە دەتەنێتەوە، پاوەری فیکر دەچەسپێو پاوەری هێزداریی، لەباشترین حاڵدا، دەتوانێ بسەپێنێ، ناتوانێ بچەسپێنێ.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/٥/٢٦

# ژینگەکە بسازێنن

**١**

لەوە دەچێ ژینگەی سیاسیی کوردستان پێش ریفراندۆمی سەربەخۆیی پێویستی بە "ریفراندۆمێکی" چاککردن هەبێت.

ژینگەی سیاسیمان وا ئالودە بووە بە دوودڵیو دڕدۆنگی، گومانو ترس کە کەس لەویتر دڵنیا نییەو، ترسی پاشقول لێگرتن کارێکی کردووە کەس ناوێرێ لەجێی خۆی ببزوێ. ئەمە لە کاتێکدا کە ماکی کوردایەتی بزوتنو هیمەتو کاراکردنی بڕاردە سیاسییەکانی بەردەستە. لە مێژووی کوردستاندا کەس لە ئەغیارو بێگانە، بە دەستپێشخەری خۆی هیچی نەداوەتە کوردو، هیچ مافێکی کوردی نەسەلماندووە. ئەوی تائێستا هەمانە هی بزووتنەوەی خۆمانە. هی هیمەتی خۆمانە کە بە داخەوە نها لەبەر ژینگە لەوتاوەکە ناتوانین لە شوێنی خۆی بیجوڵێنین، گەرەکە ژینگەکە پاکبکەینەوە.

**٢**

لێرە لەسەر باوەڕبوون بە سەربەخۆییو مافی ریفراندۆم نانووسمو لایەنگیری ئەم ویستی مافی چارەنووسە دووبارە ناکەمەوە کە حزبەکەم لە مێژە رێبازێتی، ئەسڵەن نابێ لەمیانی گفتوگۆی سیاسیدا هیچ کوردێك ناچار بکرێت جوابی پرسیاری وا بداتەوە، ئەمە مافێکی نەتەوەییە لە رۆژی خۆیدا پیادەی دەکەینو مافێکی دیموکراسیشە دەتوانین بە کەسیشی نەڵێین، لەبەرئەوە دەچینە سەر ئەسڵی مەبەست کە لەوە دەچێ ئەوی ئەم ژینگەیەی ئالودە کردووە، مەبەستی بێ ریفراندۆمو سەربەخۆیی کوردستان سەرنەگرێ، بۆیە ژینگە ئاڵۆزەکەی بۆ لەقاو نادات، لەسەر پێکەوەگرێدانی دیموکراسیو سەربەخۆیی تێبینیم گوت (کوردستانی نوێ- ژمارە ٧٢٣٥-لاپەڕە٢ بە ناونیشانی سەربەخۆیی و دیموکراسی لێك جیانابنەوە) لێرە تەنها مەبەستم ژینگەی سیاسیی پێویستە بۆ هەنگاونان بۆ پرسێکی وا نەتەوەیی گرنگ.
پەکخستنی پەرلەمانو نیوەکردنی کابینەی حکومەتی بنکە فراوان، شەرعیەتی زامداری

سەرۆکایەتی هەرێم، ئەمانە ژینگە رەسمییە کاڵبۆوەکەن کە یارمەتیدەری راپەڕاندنی ئەرکێکی وا چارەنووسساز نین. بەهۆی ئەمەشەوە پەیوەندی نێوان حزبەکانیش ناتەندروستە.

پارتی کە ناوی لەگەڵ هەموو ئەو دۆسێیانەدا دووبارە دەبێتەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ گۆڕاندا وایە کە دەبێ بۆ گوزارشت لێکردنی وشەیەکی گونجاوتر لە(خراپ) بدۆزرێتەوە، لەگەڵ یەکێتیشدا ساردە، هیچ کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نێوان بە ئیسراحەت ناڕوات، لەگەڵ کۆمەڵو نیوەکەی تری یەکگرتووش بەدوعای پیاو چاکانەوە بەندە.

ژینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتیو گۆڕان، بۆ هیوابەخشینەوە، دەبێ تەنها بڵێین سڕ بووە.

جا لەو ژینگەیە ئالودەبووەی پەیوەندی هەمووواندا چۆن دەکرێ حزبەکان کەمپینێکی پاکو بێگەرد بکەن بۆ بێگەردترین ئامانجەکانی کوردایەتی؟ چۆن دەبێ بچین بۆ شەڕو دوایی بنێرین بە شوێن تڕوتفاقی جەنگیماندا؟، چۆن دەبێ بچین بۆ ریفراندۆمو دوایی بنێرین بە شوێن دیموکراتیو کاراکردنەوەی پەرلەماندا کە ئەمانە چەکی بردنەوەی ریفراندۆمن؟.

## ٣

لەسەر کاردانەوەی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی قسە ناکەم کە کاردانەوە خراپەکانی ئەوانیش پێش ئەوەی بەڵگەی ناهەقییان بێت بەرامبەر بە مافێکی رەوای کوردستان، بەڵگەیەکی هەقە لەسەر ئەوەی دیبلۆماسیی کوردستانیی بەو هەموو دایەرەو دەزگایەی لە هەولێر پارەی زۆری بۆ خەرج دەکرێ نەیتوانیوە نەخێری ئیقیلیمی بکاتە هیچ نەبێ بێدەنگیو بێدەنگی نێودەوڵەتیش بکاتە بەڵێ-یەکی نەرم.

## ٤

راستییەکەی بۆ کوردایەتی کە بزووتنەوەیەکی هەقخوازانەی رەوایەو لەوەتەی هەیە لەسەر تەنهاییو بێ دۆستی راهاتووەو، لەگەڵ ئەوەشدا هەرماوەو ئیقدام دەکات، بۆ ئەو کوردایەتییە ئەسڵ شەرایتی ناوخۆییە کە بەم ژینگەیەوە ناتوانێ برەو بە ریفراندۆم بدات. ئەم ژینگەیە کە یارمەتیدەری هەڵبژاردنێکی پاکو بێگەردی رێکخراوە پیشەیییەکان نییە، چ جای ریفراندۆم کە تەواوی کوردستانییان دەنگی بۆ دەدەن، بە پارتیو یەکێتیو گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو و جەماعەتی هتدەوە.

واجبە خامە بەدەست درۆ لەگەڵ میللەتە قوربانیدەرەکەیدا نەکات، پێویستە تفاقی جەنگی ئامادە بکەین، ئینجا بچینە جەنگ، ئامرازی دیموکراسیو شەرعی پەرلەمان و یاساکانی دەتوانێ تفاقی جەنگی دیموکراسیی، ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، دابین بکات.

***کوردستانی نوێ: رۆژی (٢٠١٧/٦/١٢)**

# دیموکراسیی و نەتەوەیی

دیموکراسیی‌و نەتەوایەتی دوانەی چارەنوسسازو ناچارین لە مەسەلەی کوردستاندا. پێکەوە دەڕۆن‌و دەبێ پێکەوە هەڵبکەن تەنانەت ئەگەر کەسانێك هەبن حەزیان بە چاری یەکێکیان نەبێت. دیموکراتخواز هەیە کە هەر حەزی لە دیموکراسییە، وەك بڵێی پرسی کوردستان گەیشتۆتە مەنزڵ‌و لە خەم ڕەخسیووەو پێویستی بە تێکۆشانی تر نییە. نەتەوەییخوازیش هەن مەیلییان بەلای دیموکراسیدا ناچێ‌و کەیفیان پێ نایە. وادەزانن ئێستاش سەدەی نۆزدەیە بسمارك‌و سوپاسالارێك بەسن بۆ سەرخستنی پرۆژەی نەتەوەیی‌و یەکخستنەوەی نەتەوەو نیشتمان.

ئەوانەی یەك دیوی مەسەلەی دیموکراسیی دەبینن لە بیریان دەچێت کورد چەند دیموکراسیی بێت سەردەستەکان بە ژمارە زۆرترن‌و زۆرینەییان لافاوێکە سەنگ‌و ڕەوایی مەسەلەی ئێمە نقومی نادیار دەکەن. ئەوانەش هەر دیوی مەسەلەی نەتەوەیی دەبینن بیریان دەچێت نەیارەکانی کورد لە کورد نەیارترو بەهێزترن. ڕەوایی مەسەلەی کورد پێویستی بەهەموو شێوازەکانی خەباتە بە خەباتی دیموکراسیی‌و پەرلەمانی‌و ریفراندۆمەوە. پەکخستنی هەریەك لەم شێوە خەباتانە پاشەکشێیەکی هەرزانەو لە خۆرایی دەسکەلاو یەدەك لە دەستی کورد دەردەهێنێت.

یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کوردستاندا، ڕۆژی ١٩ی مایسی ١٩٩٢ ڕوویەکی گەشی دایە مەسەلەی کوردو لەسەردەمی مانەوەی ڕژێمی سەددام‌و ناحەزی دەوڵەتە ئیقلیمییەکاندا تەوژمێکی باشی دایە ڕەوایی مەسەلەی گەلەکەمان. گەلی کوردستان لە هیچ شتێکی وەك پرسی دیموکراسی‌و هەڵبژاردندا نەبووە مایەی ڕێزی نێودەوڵەتی کە دەبینن میللەتێکی ئەنفالکراوی بەدوژمن دەورە دراو لەناو دڕکی ئیقلیمیدا گوڵی بەهاری کوردستانیی دەچێنێ.

ئەم قەدەرەی دیموکراسیی‌و نەتەوەیی ئێستاش لەوێستگەی ریفراندۆم دووبارە دەبێتەوە کە سەربەخۆیی بێ پەرەپێدانی دیموکراسیی پەرلەمانی کە بۆ خۆمان باشەو کۆمەڵی نێودەوڵەتیش ڕێزی زیاترمان لێ دەگرێت نایەتە دی. لەبەرئەمە کاراکردنەوەی پەرلەمان کارێکی تا بڵێی ڕاستەو ڕەوایە. دیموکراسیی خۆمان دەبوژێنێتەوەو هەنگاو بەرەو سەربەخۆییشمان پەلەتر دەکات.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/٦/١٦

# شانەی بۆ هەڵبگرین؟

## ١

هیچ شتێکی تازە لە ئارادا نییە. زەمانە گۆڕاوە بەڵام ئەم ژینگە ئیقلیمیەی دەوری کوردی داوە هیچ نەگۆڕاوە. ئەوی پێی گوتین ئەم نەرم بووەو ئەو دەنگی کز بووە، یان بە شاشی لە مەسەلەکان گەیشتووە، یاخود چاوی گەشبینی وا بووە خێڵی مەحبوبە ئیقلمییەکەی وا ببینێت مەیلی شەڕی نییە، بەڵکو تای تەرازووی نازی سەر دەخات. نازی چی دەکات؟ نەوتی کوردستانی بۆ پەنجا ساڵ پێدراوە کە نیو عومری دەوڵەتێکە بەو ئیعتبارەی عومری دەوڵەتە هاوچەرخەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا سەد ساڵی نەبڕیووە. یانی ئەگەر کوردستان سەربەخۆش بێت پاش پەنجا ساڵ چڵ ساڵی دەوڵەتەکەمان لە سایەی گرێبەستی دراوسێماندا دەبێت.

## ٢

هیچ شتێکی تازە نییە، ئەوی هەیە هەمان لوتبەرزی‌و گومانو هەڕەشەی ئیقلیمییە، ئەوی وای پێوتین پەیامنێر یان دیبلۆماتیکی بە دیقەت نەبووە. پەنجا ساڵمان لەوەدا بەسەر برد کە هەبوون پێیان دەگوتین یەکێتی سۆڤێت بەهەشتی سەرزەمینی بۆ کرمانجەکانی هاوڕێ لینین بینا کردووە. پەنجا ساڵی دادێ دەبێ وا زەین بکەین "قەرداشەکان" مادام وەك خۆمان لە ئەتاتۆرك بەگلەیین و خوێندکاری مەدرەسەکەی سەعیدی نورسیین کەوا بێ وەك خۆمان ئارەزووی "کوردچێتی" دەکەنو گەرەکیانە چارەنووسی شێخ سەعیدی پێرانمان پێ نیشان نەدەنەوە.

## ٣

وەکو ئەم شۆکە ئیقلیمییە دەبینین لە رۆمو عەجەمەوە هەر دەنگی (نایە) دێتو سەدای دۆستایەتییەك نابیستین.

بێگومان ئەم پێشهاتە پێشبینیکراوە کوردستانییان دەخاتە بەردەم دوو پرسیارەوە کە:

-کێ لێپرسینەوە لە کێ بکات لەم دۆسێی بڵاوکردنەوەی خۆشباوەڕییەدا کە گوتی گۆڕاونو واش نییە. کێ نرخی ئەم هەڵسەنگاندنە دەدا؟

-کێو چۆن ئەرکی ناوخۆیی بۆ پرسی ریفراندۆم وا بە مەحکەمی رادەپەرێنێ کە قەرەبووی نەگۆرانی دەورودراوسێمان بۆ بکاتەوە؟

چۆن رێوشوێنی وا بگرینەبەر کە فاکتەری خودی، ئەوی بریتییە لە پتەوکردنی ریزی ناوخۆیی، بەشی ئەوەی پێوە بێت دەرەقەتی مەترسییەکان بێت.

ئەم دوو پرسیارە خۆی بەشێکی موجادەلەی ئەوانە بوون کە گوتیان بە شێنەیی کار بکەین.

## ٤

لە ئەدەبیاتی چەپدا دەڵێن مارکس رەخنەی هەبوو لە بەرپاکردنی کۆمۆنەی پاریس، کە روویدا گلەیی پێچایەوەو گوتی: (گەرەکە بەرەو ڤەرسای برۆن). یانی شۆرشگێران خۆ لە پاریس قەتیس نەکەن، وەکو کردیان ئەرکەکە تەواو بکەنو بچن بەرەو ڤەرسای کە کۆشکی ستەمکاری لێیە.

وەکو دەیکەین دەیکەین گەرەکە روو لە فاکتەری ناوخۆیی بنێین کە بەلآنسی ناحەزی فاکتەری ئیقلیمی ڕاست بکاتەوە. لە شتی دیکە پێداگر نەبین هەر نەیسە، لەمەدا ئیستێکی دەوێت لەبەر کوردو لەبەر کوردستان.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/٦/٢٣

## گفتوگۆ لەسەر ریفراندۆمو سەربەخۆیی

# دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی سیاسیمان، نەك تەکفیرو تەخوین

ریفراندۆمخوازو ریفراندۆم نەخواز. ئەمەش دیسان دابەشکردنێکی دینی کوردستانە بەسەر دووبەرەی خێرو شەڕدا. بەری چەند ساڵێك کوردستان دابەشکرابوو بەسەر دوو بەرەی تردا کە بەرەی چاکسازیو بەری گەندەڵی بوو. ئەمەشیان هەر دابەشکردنێکی دینییە. لەوە دەچێ دابەشکردنی وا کەلتورێکی سیاسیی بێت لە کوردستان لەکاتێکدا بە سروشتی تۆبۆگرافیای، بەهەمە رەنگی نەتەوەییو مەزهەبی، بە ئاستی گەشەی جیاجیای، بەوەی کە کانگای ئاینو بن ئاینو بیروباوەرە ئاسمانیو سەرزەمینییەکانە، بەوەی چەندین رەوتی داگیرکاریو کەلتوری جیاجیای بەسەردا هاتووە، کوردستان نزیکترە لە کۆمەڵێکی هەمەرەنگ، لە کوردەوارییەکی لێکترازاو و تێکچرژاو تا ئەوەی هۆمۆجینو یەك چینو یەك رەنگ بێت کە بە ئاسانی، وەك داستانە گریکییەکان، بتوانین بەسەر دووبەرەدا دابەشی بکەین. دوالیزم وەك قەدەرێك چەند ساڵ جارێك یەخەی کورد دەگرێو دەریچەی بۆ ناهێڵێتەوە. لە سیاسەتدا ئەمە زۆر تاقیکراوەتەوە. لە سەد ساڵی رابردوو کوردایەتی لە باشوور و بەشی عیراقدا نرخێکی زۆری لەسەر ئەم چارەنووسە دا. ئەوی چەند ساڵی پێش ئێستا، چاکسازیخوازو گەندەڵخواز، وێستگەیەکی کەم ماوە بوو، لێ بەرەی جلخوازو ملخواز، عیراقێتیو کوردسیتانێتی، ماوەیەکی زۆری خایاند. ئێستاش دابەشکەری بەرەی ریفراندۆمخوازو ریفراندۆم نەخواز ئاگرێکە پووشو پەلاش لەگەڵ خۆی دەسوتێنێ. لەجیاتی ئەوەی گفتوگۆی سیاسیی لە سەحنەی سیاسیو فیکری وڵاتی ئێمە دەوڵەمەند بکات ئەم دوو بەرەیە ناونیشانن بۆ ململانێی جاران:

چەمی عیراقیبوونو کوردستانێتی. بێگومان رەواییو چانسو دوارۆژ بۆ کوردستانێتییە کە خوێنو مەرەکەبێکی زۆری بۆ رێژراوە. بەڵام سەیر لەوەدایە ئەوانەی جاران کۆسمۆپۆلتی بوونو مەرحوم شەهیدی بزر، مامۆستا زەبیحی، کتێبی لەسەر نووسین ئەمرۆ ئەمانە بوونەتە کوردستانێتی سەر سفرەی حازریو خەڵك تەکفیر دەکەنو بەڵێو نەخێری ریفراندۆم لە پرسێکی دیموکراسییەوە دەکەنەوە دابەشکردنێکی دینی کە ئەوی لێی بە مولاحەزە بێت

(تەکفیر) دەکرێتو (تەفکیر) لە چارەسەرکردنی دەکرێتەوە.
لەکاتێکدا پرسەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە لەم ئاستەدا کورت بکرێتەوە. لێرەدا چەند سەرە قەڵەمێك تۆمار دەکەمەوە کە پێشتر لە کۆڕی دەمەتەقێیەکی داخراودا گوتووم و ئەو پوختەیەی لیَ کەوتەوە. بێگومان چونکە گفتوگۆکە داخرابوو هەق بە خۆم نادەم بیروڕای هاوڕێکانی تر بنووسمەوە. بەڵام ئەوانەی خۆم بەم شێوەیە بوون.

## دوو چەمک

- کێشەکە چەمکی عیراقیبوونو کوردستانی بوون نییە، ئەمە جیاکردنەوەیەکی گشتییەو عەرەب گوتەنی "شەیتان لە وردەکاریدا خۆی حەشار داوە"، بەڵکو کێشەکە بژاردەی هەر ئێستا سەربەخۆیی، یان قۆناغبەندیی کردنیتی بەگوێرەی هەلومەرجەکە.
- بژاردەی بردنی پرۆسەی سیاسییە بەرەو دەوڵەت بوون، یان تاقیکردنەوەی هەموو چانسەکانی بەردەمێتی لە عیراقدا، کارکردنە لەسەر قاچی بیناکردنی دەوڵەتو قاچی بەدەستهێنانی ئیستحقاقاتی قۆناغەکە لە دەوڵەتی عیراق.
- عیراقی بوونو کوردستانی بوون، دوو قەناعەتی فیکری هی ئەدەبیاتی کوردایەتی سەدەی بیستن، رەنگە کەمو زۆر رەگیان مابێت، بەڵام لەم بیستو پێنج ساڵەدا ئیتر چوارچێوەی کوردستانی زاڵە، ئێستا جیاوازییەکە لەم بوارانەدایە کە بە ڕای بەندە مەترسیدارترە لە بژاردەی عیراقی بوونو سەربەخۆیی بوون:
- مەیلی ناوچەگەریتی، ئەمەش تەنها هێزێکی پیَ نەناسراوەتەوە هێز هەیە دەوڵەتی دەویَ بەڵام بازگەی ناوچەیی داناوە.
- مەیلی مەرکەزیەتی توندو لامەرکەزیەتی بەربڵاوی مەترسیدار. کە هیچ بۆ قەوارەی کوردستانیو چەتری هاوبەش ناهێڵێتەوە.
- مەیلی ئیکتیفاکردن بە چوارچێوەی دانپیانراوی هەرێم بیَ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، "کەرکوكو خانەقینو شنگالو هتد.." وەك نها لە بەشی ئەگەرو نەگەری ریفراندۆمی ناوچە دابڕاوەکان لێی دەترسین.
- مەیلی کوردستانێتی باشوور-ی بیَ رەچاوکردنی رەهەندەکانی کوردستانیی سەرتاسەر، بگرە زۆرجار پێکدادانی سیاسیو بەریەککەوتن لەگەڵ بەشەکانی تردا روودەدات، کە هەر ئێستا وا بزووتنەوەکانیان لە جوڵەدایە، بەگوێرەی هەلومەرجی خۆیان (نموونە ئەزموونی رۆژئاواو گەشەی خەبات لە باکوور).

## ئەوەی لە میدیادا دەبینرێت:

یەکەم- زمانی زبر لە خستنەڕووی کوردستانێتیو جۆرەکانی، لەجیاتی:

- گفتوگۆی نەرمو پێ سەلماندن.
- تەشویقکردنی فیکری.
- قبوڵکردنی جیاوازییەکانی نێوان هێزەکان لە گەیشتن بە بژاردەی سەربەخۆیی.

دووەم- ناوو ناتۆرە لە یەکتری نانو وێناکردنی بیرورِا جیاوازەکان وەك پاشکۆیەتی سیاسییو فیکری بۆ دەوڵەتە ئیقلیمییەکان.

سێیەم- تەمبەڵی فیکری لە گفتوگۆی بژاردەی کوردستانیو پێکەوە گرێنەدانەوەی رابردووی دەوڵەمەندی ئەدەبیاتی کوردایەتیو ئەزمونەکانی شۆڕشەکانی کوردستان لەگەڵ ئاسۆ فیکرییە کراوەکانی بەردەمی کوردایەتی لەم سەدەی بیستو یەکەدا.

چوارەم- زاڵبوونی وروژاندنی زبرو هەڵچوون لە باسەکانداو ئیکتیفاکردن بە یەك جۆری گوزارشتکردن لە بژاردەی کوردستانیی "وتاری رۆژانە" لەجیاتی بەکارهێنانی ژانرەکانی کاری میدیایی وەکو "چاوپێکەوتن، ریپۆرتاژ، لێکۆڵینەوەی فیکری، وێنە، فیلمی دۆکیۆمێنتاریو.. هتد"، واتا بەکارهێنانی شێوە سەرەتاییەکانی گوزارشتکردن لەجیاتی تەکنیکە تازەکانی کاری میدیایی بۆ گەیاندنی بیرۆکەی کوردستانیی، بۆیە بیرۆکەکە کەمەندکێش نابێت، بەڵکو تەوەللا بوونو دوورکەوتنەوە دروست دەکات.

پێنجەم- زاڵکردنی یەك رەنگی لە باسکردنی بژاردەی سەربەخۆییدا، گرێدانەوەی ئەوە بە تاك رەهەندی لە کوردستانێتیدا. لەراستیدا سەربەخۆیی فراوانترە لە دەوڵەت دروستکردن، ئەمیان کەینوبەینی دەوڵەتمەدارانەو ئەویان جۆشدانەوەیەکی میللیە بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ.

شەشەم- دانانی بژاردەی کوردستانێتی لەبەردەم:
- دیموکراسیو حوکمی یاسا.
- گەشەی ئابووریو ژیانێکی ئابرِومەندانە.

وەك بڵێی ئەم شتانە بەرامبەر یەکنو دژ بن.

راستە رەنگە ئەولەویەتیان جیا بێت، بەڵام دژی یەکیش نین، دانانیان بەرامبەر یەك دووبارەکردنەوەی هەڵەی ناسیۆنالیستەکانی ناوچەکەیە، بەتایبەتی هی ناسیۆنالیستی عەرەبی کە کێشەی فەلەستینیان کردە پاساوی پێچەوانەی هەر مەیلێکی دیموکراسییو گەشەی ئابووری.

حەوتەم- مەترسی بیری گوزەشتی عیراقێتی نییە، بەڵکو مەترسییەکە تەعریبی سیاسەتی کوردییە کە تەنانەت مەترسیدارترە لە تەعریبی کوردستان.

بۆچی قەدەغەیە گفتوگۆ لەسەر جیاوازی کوردستانێتیو پەرگیریی نەتەوەیی، نێوان لوتبەرزی سیاسیو باوەرِ بەخۆبوونی نەتەوەیی، بکرێت. ئەم قەدەغانە بەشێکن لە مشتومرِی فیکری. تا نەیانشکێنین پرۆسەی ریفراندۆم وەك بژاردەیەکی دیموکراسیی سەرناکەوێت.

هەریەك لەم خاڵانەی لێرە گوتم هی تریش دەکرێ ببنە بابەتی گفتوگۆی کەناڵەکانمان بە بەکارهێنانی هەموو ئامرِازە بەردەستەکانی راگەیاندنو هەموو تەکنیکەکانیشی.

لەجیاتی نەفرەت کردن لە بیرورای یەکتری. ئەم گفتوگۆیە بکەینە بنەمای سجالی سیاسیی کە جاران رۆژنامەگەری ئەم ناوچەیە پێی ناسرابوو "نموونەی گفتوگۆی کاکە حەمەی مەلا کەریم و د.کەمال مەزهەر ئەحمەد" گفتوگۆی دەوڵەمەندی رۆژنامەی "الثورة-التآخي..هتد.... العقاد- تەها حسێن.. هتد..، سەیرە لە رۆشنبیریو میدیای ئێمەدا لەسەر (نالیو نالی) شت زۆر نووسراوە. بەڵام لەسەر ئەم چەمکە چارەنووسسازانە، ئێمە هەر مەنەلۆجمان هەیە، لەکاتێکدا دیالۆگی بنیاتنەرو بەرپرس، دەشێ سبەینێ ببێتە "کاغەزەکانی سەربەخۆیی کوردستان"، وەکو ئەوراقی فیدراڵی ئەمریکا.

## جیاوازییەکانو پاراستنی:

١- حورمەتگرتن لە موخاتەبەی یەکتریدا.

٢-سەلماندنی بیرورای جوان لەجیاتی سەنگەرگرتن بەهەموو شێوەیەك.

٣-جیاکردنەوەی رێرەوی حوکمرانی "حکومەتی هەرێم" لە خاوەندارێتی لە فیکری کوردستانیی "راستی لای کێیە بچینە ئەوێ، کە راستی خۆشی رێژەییە".

٤- لە غیابی مەرجەعی دەستووریدا بگەرێینەوە بۆ دابو نەریتەکانی کوردایەتی، بۆ نموونەکانی شۆرشی کوردستانو وتەی سەرکردەو تێکۆشەرانمان.

٥- هەڵوەستەکردن لەسەر شێوازی بریار وەرگرتن لە کوردایەتیدا، کێ بریار دەدات، شەرعیەتی شۆرشگێری، یان دیموکراتی یان تێکەڵەیەك لە هەردووکیان؟

٦- رێگە بدەین بە تەدەفوقی زانیاری

٧-دیالۆگ، لەجیاتی مەنەلۆج، بکەینە بنەما.

٨- کرانەوە، لە گۆرەپانی یەکتردا، "بەداخەوە میدیا سێبەرەکانمان باشترن لەم ئاستەدا) واتا پێویستە لەمەودوا لە رۆژنامەکانی یەکتریش گفتوگۆی یەکتری بکەین".

باشترین بژاردە: گەرمکردنی گفتوگۆ

١- هەر ئێستا پیادەکردنی ئەم بۆچوونو بیرۆکانەیە "وەك گفتوگۆی بێ سەمەری ژووری عەمەلیاتەکان"نەبێت.

٢- سەرکردەکان خۆشیان ئەم گفتوگۆیە گەرم بکەنو، ئێمەش میدیاکانی خۆمان بخەینە خزمەتیان، یاخود، ئەوان ئێمە تەشویق بکەن کە ئەم دیالۆگە بکەین.

پانتاییەکی فراوانی گفتوگۆ دەست پێ بکەین تا بژاردەی نوێ بخرێتە بەردەم کوردایەتی.

٣- دامەزراوەکانی دیکەی وەکو زانکۆکان، سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەو مەرجەعە فیکرییەکانی کوردایەتی، ئەمانەش یارمەتیدەری میدیاکان دەبن لەو ئاستەدا بۆ گەرمکردنی گفتوگۆ لەجیاتی تەخوینکردن.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/٦/٢٩

# فارك له كۆلۆمبیا.. خەباتی چەكدار چی لێ دێت؟

له كۆلۆمبیاش قۆناغی خەباتی چەكداری پێچرایەوە. بزووتنەوەی "فارك" دوا تاقمی چەكەكانی خۆی تەسلیمی نەتەوە یەكگرتووەكان كرد كە ناوبژیوانی ئەم پرۆسە ئاشتییە بوو لە نێوان بزووتنەوەكەو حكومەتی كۆلۆمبیادا.

ئەو هەواڵە بۆ ئەوانەی لە مێژە تێبینیان لەسەر خەباتی چەكداری خڕكردۆتەوە حوجەیەكی ترە لە سەر راستەڕێی بیركردنەوەیان، بەڵام زەحمەتە وێستگەی تەسلیمكردنی چەك یەكسان بكرێت لەگەڵ دەستپێكی قۆناغی ئاشتی. بەتایبەتی ئاشتییەكی پایەدار كە ماف بۆ بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەكانو ئەو مەسەلانەی نوێنەرایەتی دەكەن، بسەلمێنێ. كورتكردنەوەی كۆتایی خەباتی چەكدار لە وێستگەیەك لە دەیان وێستگەی چەكداماڵین سەركەوتنێكی تیۆری یەكلاكەرەوە دابین ناكات بۆ لایەنگرانی بەسەرچوونی بژاردەی چەكداری. بەتایبەتی ئەگەر لە بیرمان بێت زۆربەی هەرە زۆری بزووتنەوە چەكدارییەكان بانگەشەی ئەوە دەكەن چەك هەڵگرتنیان ناچارییە، نەك تیفتیفە و خۆبادان. جا ئەگەر ئەو ناچارییە هەر بمێنێو كەیسە سیاسییەكان لایەكی دادپەروەرانەیان لێ نەكرێتەوە. بژاردەی چەك هەڵگرتن جارێكی تر وەك شەپۆلی ئاوی بەخوڕ رێگا بۆ بێ هەدادانی خۆی دەدۆزێتەوە. بەتایبەتی ئەگەر دامەزراوەی تۆڕی فراوانی بەرژەوەندیی ئابووریو خوا پێمنەگرێ قاچاغی ئەملاولاشی لە پشت بێت.

بەشێكی ئیدعای نەمانی رۆڵی خەباتی چەكداری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە گوایە تەجرەبە دەریخستووە زیانەكان لە قازانج زۆرترنو تا دێ چانسەكانی بەردەم پێشخستنی خەباتی پارتیزانی لەم زەمەنی قودرەتمەندی دەوڵەتو حكومەتە پانو پۆرو زۆردارەكاندا، تەسكتر دەبێتەوە.

دیوی دووەمی ئەم ململانێیەش دەوری خۆیان دەگێڕن. مەخسەدمان حكومەتەكانە كە تا چەند ئاشتیو مافو دادپەروەری دەكەنە رێبازی چارەسەری و رۆڵە زیزبووەكانی گەل، جا چەپو ماركسی بن، یان بزووتنەوەی كۆمەڵایەتیو دیموكراتخواز، ئاشت دەكەنەوەو ئاوێتەی پرۆسەیەكی سیاسیی شێنەییو دیموكراتی دەكەن. روون نییە حكومەتی كۆلۆمبیا چی بە

بزووتنەوەی فارك دەبەخشیو ئایا ئەوی دەیبەخشی بەرتیلە بۆ بزووتنەوەکە، یان رەچەتەیە بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی لە رەوتی تێکۆشاندا بزووتنەوە نوێنەرایەتی کردووە. یاخود تێکەڵەیەکە لە هەردووکیان: بەرتیلو دەوای دەردە سیاسییەکان.

خاڵێکی دیکەش هەروا وەك گرفت دەمێنێتەوە. داخۆ ئەگەر بزووتنەوە چەپو کۆمەڵایەتییەکان لە دەورانێکی تردا بگەڕێنەوە ماڵە باوانو لە دامەزراوەی دەوڵەتدا جێیان بکرێتەوە؟ ئەی چارەنووسی بزووتنەوە رزگاریخوازییە نەتەوەییو نیشتمانییەکان چیان لێ دێت؟ ئایا ئەوانیش هەمان پێوەری چەکداماڵینو چەکدانانیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت؟ ئایا دامەزراوەکانی دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست جێی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی نەتەوەو نیشتمان داگیرکراوەکانی تێدا دەبێتەوە؟ یاخود نەخشەرێگای پێشنیازکراو نەخشەرێی شیردا بۆ داپیردا دەبێتو لە دوا وێستگەدا دامەزراوەکانی دەوڵەت ناتوانن دەستو پەنجە لەگەڵ بزووتنەوەی میللی بندەستەکان نەرم بکەن؟

ئەم پرسیارانە بەرۆکی بزووتنەوەی کوردایەتیش دەگرێتەوە. لە کۆبەندی پرسیاریش ئەو پرسیارە رەوایی پەیدا دەکات ئایا پێچانەوەی دۆسیێی بزووتنەوەی چەکداری یەکسانە بە پێچانەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی؟ ئایا ناونیشانەکە چەك هەڵپەساردنە یان چەکداماڵینە، بە مانای ئەوەی هیچ دڵنیاییو گرێبەستێکی سیاسیی سەنگین لە ئارادا نەبێت؟

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/٧/٥

# هەم شەرعیەت، هەم دەوڵەت

شاعیری سەربەخۆ خواز عەبدوڵڵا پەشێو دەڵێ:

**چارەم نیە**
**هەم تۆم خۆشدەوێ، هەم ئەویش**
**هەم تیشکی ڕۆژ دەپەرستم**
**هەم تریفەی مانگە شەویش!**

لەسەر ئەم بابەتە قسەی تریش گوتراوە، خراپ نییە بە چڕیش بێت وە بیری بێنینەوە.

بۆ دەبێ ویستە سەرەکییەکانی کورد لەهەمبەر یەك دابنرێت؟ بۆ دەبێ لەبەردەم ویستی دیموکراسیدا ویستی مافی نەتەوەیی رابگیرێت. وەك بڵێی ئەم دوانە دژی یەکنو یەکیان دەبێ سەری ئەویتر بخوات.

بۆ دەبێ گوزەرانی شەرافەتمەندانەو ژیانێکی شایستە لە هەمبەر ریفراندۆمو ویستی سەربەخۆییدا قیت بکرێتەوەو لە جێی ئەوەی ململانێی ئیرادەی خراپو ویستی داگیرکەرانیان پێ بکرێت ئەم دوو ئاواتە جوانە بکرێنە دوژمنی یەکتریو لەیەکتری هان بدرێن؟

دەگوترێ: دیموکراسیان بۆ چییە، پەرلەمانو شەرعیەتو دامەزراوەی هەڵبژێردراو و حوکمڕانی پتەومان بۆ چییە کە سەربەخۆییو دەوڵەتمان بەسە؟

لەهەمبەریشدا دەگوترێ دیموکراسی،(پەرلەمانو ئیمان)، گوزەرانو نانمان هەبێ سەربەخۆیەکی بە کێشەو گرفتمان ناوێ. وا وێنای بابەتەکە دەکرێت دەڵێی ئەمانە باوکە کۆشتەی سەربەخۆییو مافی چارەنووسن. یان پێچەوانەوە سەربەخۆییو مافی چارەنووسو بڵندکردنی ئاڵای کوردستان باوکە کوشتەی ژیانو گوزەرانی شایستەنو یەکسانن بە برسێتیو ناعەدالەتیو قبوڵکردنی سەردانەواندنو سەپاندنی ئەمری واقیع لە جیاتی چەسپاندنی ئەمری موقنیع؟

بۆ دەبێ نیوە دەسکەوت، نیوە دەوڵەتو نیوە ئاواتمان بێتەدی؟ بەتایبەتی کە شەقاوی گەورەمان هاویشتووە لە دروستکردنی دامەزراوەکان، لە ئاوەدانی وڵاتو لە ئیدارەدانی

کوردەوارییەکی پیشکەوتوو لەرووی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەوە؟
قەینا ئەگەر ئێمە پەرلەمان نەبوایە، هەڵبژاردنو دیموکراسیمان تاقینەکردبایەتەوەو لێی نەچووینایەتە پێش، دەمانگوت با سەربەخۆیی بێت دوایی دروستی دەکەین. بەڵام کە ئەمانەمان هەیەو گەل هەڵیبژاردوونو دایناون بۆچی لە کاتی هەستیاری پێش دەوڵەتو سەربەخۆیی پەکیان، دەخەینو سڕیان دەکەین؟
بۆچی ئەزموونی سیاسیی (ماڵە باجێنەیە) یان کۆشکی لمە لە دانیشتنێکی کەنار دەریادا کە ئێوارەی لێهات بیشەمزێنینو خەمی سبەی لێ نەخۆین؟
بۆ دەبێ گەلەکەمان بخەینە بەردەم بژاردەی: یان داگیرکەران یان خەمو قەیران؟ بۆ بنمێچی زەمەنی بۆ هەموو ویستەکانمان دانەنێینو کاری لەسەر نەکەین. قەینا ئەولەویات هەیە، بەڵام کە هەندێك ئەولەویات جێبەجێ کرابن بۆ دەیبەینەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم؟
ئایا دژو دوژمن، نەیارو دەرودراوسێ دژی گێڕانەوەی شەرعیەتو پابەندبوونن بە یاساو ڕێساکانی کە خۆمان دامانڕشتوون تا بڵێین لێی گەڕێین با سەربەخۆ بینو عەدادەکە سفر دەکەینەوە؟ ئەو ئەزموونە بە هەڵەو کەموکوڕییەوە هی خۆمانە، بۆ دەبێ دەزگاکانی پەك بخەین کە سەرچاوەی شەرعیەتو دیموکراسییو ڕەواییو متمانەی گەلە؟
بۆ گەلەکەمان بە شایانی باشترینەکان نەزانین؟ بۆچی ئەو گەلەی قەرزی سەرشانی داوە لە تێکۆشانو خوێنو فرمێسك بخەینە بژاردەی مشتی درێژخایەنی دابینکردنی ئاواتو هیواکانییەوە. بێ ئەوەی ئاسۆی پلەبەندی ئامانجەکانی بخەینە بەردەست؟
گەلی کوردستان دوای دەیان ساڵ تێکۆشانی نەتەوەییو نیشتمانیی، زۆرانبازی دیموکراسیو کۆمەڵایەتی، شایستەی ئەوەیە ئەمانەی گشت هەبێو ئەمانەی گشت بۆ دابینبکرێت. جا خەڵکی تر کەیفی خۆیەتی کە چۆن سەیری مەسەلەکان دەکات، بەڵام یەکێتییەکان بیریانە لەوەتەی یەکێتی هەیە حزبی ئەرکە هەمەلایەنەکانە کە هیچیان لەسەر ئەویتر پەك ناخات، با ئەولەویاتیشیان بۆ دابنێ، بەڵام پێکەوە دەیانجوڵێنێو بە ئاستی جیاجیا ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات.
ئەی قەرار نەبوو ئێمە حزبی نەهێشتنی چەوساندنەوەی نیشتمانییو چینایەتی، دیموکراتیو نەتەوەییش بین؟
لەمەشدا با مەسەلەکان بە ئیجتهادو مەزەندە نەسپێرینو مام بکەینە حەکەمو مەرجەع.
ئەرێ کەس بیستویەتی مام بڵێ قەینا با ژن کوژیو بێ دادی هەبێ بە بیانووی ئەوەی خەریکی مافی چارەنووسین؟ بیستوتانە مام بڵێ با پارکی ئازادی دوا بخەین چونکە هێشتا ئەرکی نەهێشتنی تەعریبمان لەسەر شانە؟
واتا مام هەموو ئەمانەی پێکەوە، بەپێی ئاستی جیاجیای کارکردنو ئەولەویات، پێش دەخست.

ڕێبازەکەی مام کوردایەتی نەریتی نییە، کوردایەتی پێشکەوتنخوازە، یانی بۆ کوردەوارییەکی پێشکەوتووش. لای ئەو ئاتاجەکانی کوردایەتیو کوردەواری وەك یەك گرنگو پیرۆز بوون، تەواوکاری یەکن نەك بەرامبەری یەك ڕاوەستابن. گەلی کوردستان شایانی ڕێبازی وەك ئەوەی مامە کە ئیلهامی بە جوڵانەوەی پێکەوەیی هەموو کەیسەکان دەبەخشیو، تا خۆشی لە کایەکەدا بوو مایەمان، لە هەموویاندا، چەند زۆر بوو؟

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/٧/٨**

# دیمەنەکە لەوە ئاڵۆزتر نابێت

باوکە دامەزرێنەرەکانی کوردایەتی بەو هیواو ئاواتەوە دەژیان کە رۆژێك بێتو ئیقبالی بەختی کوردایەتی وا بێت کە هەلومەرجی بابەتی گونجاوو لێبڕاو بێت لە خزمەتی مەسەلەی کوردستانو پێشکەوتنی بەو جۆرەی هەموو ئاواتەکانی گەلی کوردستان بێتەدی.روومان لە مافی چارەنووسو سەربەخۆیی بێت.

زەمەن ئەو ئیقبالەی هێناوە لێ لە رۆژگارێکدا هاتووە کە دۆخی خودی کوردایەتیو ماڵی کوردەواری وا شێواوە دوژمن بۆ جبرانی خاتری لەدەستدانی تەگبیری بندەستکردنی مەسەلەی کورد هەر ئەم دۆخەی دەویست. دوعاشی بکردایە هەر ئەم تێکستەی دەنووسی کە ئێستا لەسەر کوردی دەخوێنینەوە: ترازاوی کوردایەتیو بیماری کوردەواری.تەنگژەی فرە رەهەند کە کۆدی چارەسەریمان پێ نادۆزرێتەوە.

کێشە ئەوەیە ئەوی دەنگی زۆر بەرزە لەسەر حاڵی یەکریزیو یەك هەڵوێستی خۆی سیاسەتەکانی وا دادەرێژێ کە کەمەندکێش نەبێ. پەرتکەرو ئاڵۆزو شەمزاو بێت لە حاڵی وادا گرنگ نییە ئەمە بە ئەنقەست دەکات یان هەر ئەوەندەی لێ دەزانێ. دەرەنجام هەریەکە لە داڕزاندنی فاکتەری ناوخۆییو هێنانەخوارەوەی ئەندازەی توانستی کوردستانیی بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرشانی لەم دۆخەدا کە لە هەمووان دیارە دۆخی بابەتی بۆ کوردستان لەبارەو بانگمان دەکات. لە دیمەنێکی کاریکاتێریدا وا دەبینین پارتی کە دەنگە بەرزەکەی پرسی ریفراندۆمەو ئەمەی کردووە بە تایتڵی هەموو جوڵە سیاسییەکانی، لە پشت ئەم تایتڵە گەورەوە سەدان هەڵەو پەڵەی ناونیشانی کێشەکانی تری وڵاتی شاردۆتەوە. کە سەرەداوی بەشی زۆری ئەم کێشانە دەچنەوە سەرخۆی، لەجیاتی ئەوەی ئەم بەلەمی ریفراندۆمە دوا کەشتی نەجاتی بێت وەك پوشو پەڵاشی لێکردووە کە خەوشەکانی سێ کەرەتو چوار جار دەکات.

ڕاگەیاندنی پارتی سەرمەشقی ئەم جوڵە سیاسییەی پارتییە کە دیمەنەکە بە هەڵگیراوی پیشانی پارتی دەدات. لە عەکسی ئاوێنەی ڕاگەیاندنی پارتیدا دەموچاوەکان هەڵگێراون،

مەسافەی نێوان ڕەهەندێكو ئەویتر ڕاستەقینە نین. سەری زل بچووكو هی بچووك زل. لوتەكان پانو درێژ دەردەكەون، چاوەكان زەقن یان ئەبڵەقن. كۆی دیمەنەكەش كاڵو تەڵخنو هیچ ئەدگارێكی ورد نیشانی سەركردایەتی پارتی نادەن تا داڕێژەری سیاسەتیان كەڵكی لێوەربگرێت. دیمەنەكە چەواشەكارییە، دۆستو دوژمنی تێكەڵ و پێكەڵ كردووە. دۆستی بە پارتییەوە نەهێشتووەو بێ لایەنی لێ كردۆتە دوژمنو دوژمنی بەرجەستەشی بێ ئەركو زەحمەتكێشان كردووە مادام ڕاگەیاندنی پارتی خۆی ئەم ئەركە دژی پارتی رادەپەڕێنێ. سێبەرەكانیش بە دڵی ئەو دەكەن لەجیاتی ئەوەیە دیمەنێكی فراوانتری پێ نیشان بدەن.

پارتی بەو دامەزراوە سنووردارو كەم حەوسەڵەی جارانەوە كە دامودەزگای زەمانی حوكمی زاتییە شانی داوەتە بەر ئەركێكی گەورە كە بە ئیدعا ریفراندۆمەو بە كردەوەش لەتوپەتكردنی ریزەكانی كوردە كە ئەو یەك ریزییە بۆ ئەو ریفراندۆمە پێویستە. لە ئاوێنەی سیاسەتی ئیعلامی پارتیدا كوردو پارتی دۆستیان نییەو هەر یەكەشیان بە جیا دۆستی یەكتر نین مادام كۆی حزبەكانی تر لە بەرامبەر پارتیدا زۆرینەی كورد پێكدێنن. چونكە پارتی زۆرینەیە لە بەرامبەر هەر حزبەو بە تەنیا، نەك هەموو حزبەكان بە كۆیی. ئەم سیاسەتە قەرەباڵەغە زۆرجار زوڵم لە پارتیش دەكات كە مەرج نییە ڕاستییەكەی ئەو دیمەنە بێت كە بەهۆی لوتبەرزیو تەوەللابوونو سەرچیغچوونی ڕاگەیاندنەكەی لە پارتی دەبینرێت.

زمانی تەخوینو بە سووك تەماشاكردنی خەڵكی تر، حزبی تر، رووناكبیرو رۆژنامەوانیی تر كارێكی كردووە قینو بەغزێك لەسەر پارتی پەرە پێدەدات كە مەگەر هەر دابڕانو دووركەوتنەوە لەهەموو مامەڵەیەك لەگەڵ پارتی چارەسەری بكات. كۆبوونەوەیەكی پارتی نییە كە لە جیاتی نزیكایەتیو پێكەوەیی لە دواجاردا مێزەكە بەسەر دانووستانكاری پارتی قلْپ نەكاتەوە.

خۆی لە بنچینەدا پرۆسەی سیاسیی كوردستان و هەڵسوڕانی حزبەكانی بەگرفتو كێشەیە. هەڵسوكەوتی پارتی لەگەڵ دۆخی حزبەكاندا وا تەماویو گومانبەرە كە حزبەكان لێیان دەوەشێتەوە كەموكوڕی خۆشیان بدەنە پاڵ چەوتی سیاسەتەكانی پارتی. تەنانەت ئەگەر واش نەبێت پارتی وا شانی ئارداوی بووە بچووكترین گوزارشتی سۆشیال میدیاو پروپاگەندەش سەدای سەد قات دەبێتەوەو كاری تیرێكی كوشندە دەكات. گوتاری ڕاگەیاندنی پارتیو كاراكتەرە دیارەكانی گۆشتی نەیارەكانی لە بنا دەبڕێ. تەشهیرو سووكایەتیكردنەكەیان حزبو حزبایەتی تێدەپەڕێنێو گاڵتە بە شارەكان (نموونەی شاری سلێمانی)، بە مێژووی سیاسییو بە بەها كۆمەڵایەتییەكان دەكات. ڕاگەیاندنكارەكانی پارتی سووكایەتی بە مردوو، بە نەریتی سیاسیی، دەنگی هاوولاتیانو بژاردەی مۆدێلی سیاسییان دەكات. داگیركەران لە دژی ناوچەكانی وەكو سلێمانیو گەرمیان گاڵ دەدات. تەنها لەبەرئەوەی چیتر زۆنی سیاسەتی ئەوانو پێگەیان نەماوە. هەموو ئەو شتانە دەكات كە

له مێژوودا وەك پروپاگەندەی دوژمنان ناسراوە. كە جاران لای ئینگلیز كورد بە كۆمۆنیستو لای سۆڤێت كورد بە ئیستیعماریو ئیمپریالیو لای عەرەب كورد بە زایۆنیم لە قەڵەم دەدرا. ئێستاش ڕاگەیاندنی پارتی زۆنی سلێمانی لای توركیا وەك زۆنی پەكەكەو لای ئەمەریكا وەك زۆنی ئێرانو لای عیراق وەك زۆنی بێ قەراری سیاسییو لای ئێرانیش وەك زۆنی حەشاردەری كۆمەڵەو دیموكرات دەناسێنێ.

لای جەماوەریش موخالیفەكانی خۆی بە كوردی مالكیو عەبادی دەناسێنێ. بە خەڵك دەڵێ عیراقچی كەچی خۆشی لە گەرمەی ریفراندۆمدا مۆڵەتی حزبایەتی خۆی لە عیراق نوێدەكاتەوە. فراكسیۆنەكانی كورد لە بەغدا سووك دەكاو خۆشی لەژێرەوە لەگەڵ عەبادی كەینوبەین دەكات. بۆ سووككردنی پەرلەمانی كوردستانیش ئەركەكە رێك بە فراكسیۆنی پەرلەمانی خۆی دەسپێرێ تا نوێنەرایەتی گەل بە نوێنەرایەتی گەل سووك بكات. دوای هەموو ئەم سیاسەتە پەرتەوازكەرە داوای یەكێتیو یەك ریزی لە حزبەكان دەكاتو مەجبوری كۆبوونەوی هاتنەسەر خەتیانە. جا رەنگە یان پێی وابێ بە لاوازكردنو پەرتكردنی حزبەكانو دەستوەردان لە كارو كردەوەیانو لێكترازانی ریزەكانیان دەتوانێ مەجبورو ملكەچی سیاسەتی خۆیان بكات. یان لە بنچینەدا هەموو ئەم سیاسەتەی ناوی ریفراندۆمە بۆ لێدان لە وزەو توانای هێزەكانی كوردستان بێت. كە هەر دەبێ ئەمان وزەی حەریفانەی جەماوەری كوردستان بن مادام دەنگی ئەوانیان بە ئەمانەت وەرگرتووە. كەسێكیش نییە گوێگرێو پێیان بگوترێ ئەوی دەیكەن كوردستانتان لێ تەرە دەكات لە جیاتی ئەوەی لەسەر پرسی نەتەوەیی كۆیان بكاتەوە.

حەفەتی گەورەش ئەوەیە لە گەرمەی كێشەكانی یەكێتیو گۆڕانو حزبەكانی تردا پارتی لەبەر ستراكچەرەكەی كە ڕای جیاوازو ئاراستەی هەمەڕەنگی تێدا نییە بەهێزترینو رێكخراوترین هێزی كوردستانە، كەچی ئەم هێزو توانستە لە ئامانجی نارەواو لابەلا بەكار دێنێت لەجیاتی ئەوەی لەژێر ئەو تایتڵە گەورەیەی ریفراندۆمدا بیانخاتە گەڕ لە تەنیشت ئەم گرتەیەشەوە گرتەی تر هەیە كە هی كێشە ناوخۆییەكانی یەكێتییە. ئەم كێشانە یەكێتیان وا لاوازو ناكارا كردووە كە ڕەنگدەرەوەی كێشە گەورەكەی كوردستانە. دۆخی یەكێتی دۆستو دوژمنی تووشی شۆكو سەراسیمە كردووە كە بۆ دەبێ رجاو ئومێدی خەڵكی كوردستانو خەزێنی تێكۆشانو ئەزموونیان كە لە یەكێتیدا بەرجەستەیە ئا وای لێ بێتو لێ بكرێت؟ بە ئاڵۆدەبوونەی یەكێتییەوە گۆڕانیش هەیە كە ئەم بزووتنەوەیە ئەگەرچی تازەترینە بەڵام ئەویش تووشی هەژانی چەقبەستنی سیاسەتەكانو كۆچی رابەرەكەی بووە. دۆخێكی وا دژوار بەڵێنو سوێندی درێژەدان بەهێزداریو تەوژمی گۆران لەدوای كۆچی بەرێز نەشیروان مستەفا ناتوانێت متمانەی پێ بداتەوە. ئاخر یەكێتییەكانیش هەروایان وت كە دوای نەخۆشكەوتنی مام جەلال پابەندی بەڵێنو عەهدی یەك ریزی بن. كەچی وایان

نەکرد. ئەم جووت خراپییەی یەکێتیو گۆڕان کاریگەری لەسەر سیاسەتی کوردستانیش داناوە، ئارەزووی تەماعکاری لە ویستی پاوانخوازی پارتی زیاتر کردووەو بۆتە دەردی سەرباری دەردەکانی پارتی کە پێشتر لەسەری دواین.

هەڵبەتە ئەم دۆخە زاتییە خراپەی کوردایەتی کە لێناگەڕێ دۆخی بابەتی بۆ بقۆزرێتەوە مادام لە دەورانی سەڵتەنەتی پارتییە هەردەبێ لەسەر پارتی حسێب بکرێتو ئەو گوناهەکەی لە ئەستۆ بگرێت..

بەڵام هەڵبەتە یەکێتیو گۆڕانو لەولاتریشیانەوە جووت حزبە ئیسلامییەکە بێ تاوان نین. بەڵام لەکاتێکدا حزبەکان پێشبڕکێیانە کێ زۆرترین تاوانی کەموکوڕی بەردەکەوێت نەیارانی کورد پێشبڕکێی قودرەتمەندی خۆیان دەکەن کە کێ زیاتر دۆخە بابەتییەکەی کورد، ئەوی جێی حەسرەتی سەدساڵەی باوکە دامەزرێنەکانی کوردایەتی بوون، بنکوڵ بکەنو لە ناوەوە دایرزێنن.

حەیفو مەخابن.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/٧/١١

# با دوا فەرمان بێت

مانشێت کە شەرح کرا بایەخی نامێنێت. وەك ئەوە وایە ئامانجی خۆی نەپێکابێ و پێویست بکات روونکردنەوەی لەسەر بدرێت. بەڵام گەرەکمانە مانشێتی ئەمڕۆ بکەینە بۆنە بۆ باسکردنی چارەنووسی هاوبەشی کوردو کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە.

وشەی فەرمان (فرمان)، بۆ قڕکردن و کوشتن بەکارهاتووە. ئەمری سوڵتانییە لە ناوەندەوە بۆ لێوارەکان، ئەمری ستەمکارییە بۆ سڕینەوەی هەمەڕەنگی و فرەیی کەلتورو فرەیی ئاینی و مەزهەبی. ئەمری رەتنەکراوەی قابیلی گفتوگۆنەکردنە. بێدەنگییەکی کوشندەیە کە سوپاسالارو ئۆردوی بۆ بەڕێدەخرێت و بە یەك ئاڕاستەیە: قڕی بکەو گفتوگۆی ناوێ. سووتان و سووتماك و سکونی یەکجارەکییە.

لە مێژووی دێرین و ناوەڕاست، تا سەرەتای سەدەی بیست. فەرمان، ئەمرە بۆ قڕکردنی کوردانی ئێزدی. لەبەرئەوە لە مێژوودا فەرمان راچڵەکاندنی کۆمەڵگەی هێمن و بێوەی و ئاشتیخوازی ئێزدییانە. زیاتر لە حەفتا جار وێستگەی قڕکردنی ئێزدیان لە دەورانی عوسمانی یەکسان بووە بە حەفتا جار راچڵەکاندنی ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەی ئێزدی.

فەرمان لە گوێی وان دەزرنگێتەوەو ئاماژەیە بۆ قیامەتێکی پێشوەخت کە قیامەتێکی ناهەقیشە. چونکە بە دەستی مرۆڤ و بۆ قڕکردنی مرۆڤە.

فەرمان لە سەدەی بیستدا، لەگەڵ گەشەی بێ پەروای ناسیونالیستی سەردەست لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بووە فەرمانێکی گشتی دژی نەتەوەی کورد بە موسڵمان و ئێزدییەوە، بە شیعەو سونەوە.

ناسیونالیستی سەردەست وەکو چۆن جاران بە ناوی ئیسلامەوە کوردی ئێزدی قڕ دەکرد. لە سەدەی بیستەمدا پۆلێنێکی نوێی داهێنا: کوشتن لەسەر بنچینەی نەتەوە. یانی ئەوە بەس نییە کە کوردی موسڵمان بێت. باشتر وایە هەر کورد نەبێت. لێرەوەیە ئەدەبیات و هونەری کوردی ناوی کارەساتی هەڵەبجەشی نا (دیسان فەرمانە). فەرمانی قڕکردنی کوردە لە هەر کوێ بێت. جا ئاین و ئاینزاکەی کوردی ئێزدی، یان موسڵمانی سوننەی هەڵەبجەو گەرمیان، یاخود فەیلی شیعە مەزهەب بێت. فەرقی نییە بۆ ئەوان: کورد

هەڕەشەیە. کوشتنی دەریچەیە!

سوڵتان وای کرد، ئەتاتورك وای کرد، بەعس و داعش و پشتیوانە پەنهان و ئاشکراکانیان وایان کرد. کە کورد کوشتن یەکیان دەخات. بۆیە با کوردبوون ئێمەش یەکبخات، تا ئیتر ئەوە دوا فەرمان بێت.

دوا فەرمان بێت کە سەدەکانی جاران تێپەڕێنێ. سەدەی بیست بەرپەرچ بداتەوەو یەکەم ئەنفالی سەدەی بیستویەکیش، ئەوی لە غەفڵەتدا لە ئێزیدخان قەوما، دوایی پێ بێت. با ئەو ترسە یەکێتی و رابوونی کوردان بخوڵقێنێ، پێبگەین، ببینە نەتەوەیەکی کامڵ لە نیشتمانێکی فرەییدا. لە نیشتمانێکی سەربەخۆدا.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/٨/٣

# ئەو مەسجەشمان نەگەرەكە

هیچ بەرپرسیارێتییەك جێبەجێ ناكەن. جاران تەكلیفی ئەوەیان دەكرد دوو قسەی خۆش بكەن ئەگەر لە دڵیشەوە نەبێت. ئەمڕۆ ئەو زەحمەتەیش ناكێشن كە لوتف بنوێننو نمایشی خۆشەویستی بكەن.

زیاتر لە (٨٠) ساڵی دەوڵەتداریی عیراقی ناوەندی و چەندین ساڵ عیراقی فیدراڵیش مافی كوردستان ئەقرتێنن. (١٤٠)ی نەخشە رێگای لێ دەكەن بە سەدوچل دەردو بەڵا، دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئیتیحادی، وەك ژووری دووەمی پەرلەمانو فلتەری حوكمی زۆرینە، دوادەخەنو خنەخنی تێدا دەكەن. دادگای دەستووری دەكەنە دادگای زۆرینەی فیقهی. كە بە عافیەتو سیحەتی خۆیانن بەشائیری خێر و ئۆپرسیۆنی دیجلە بەرپا دەكەن. مووچەو بودجە دەبڕن، كە هەڵەش دەكەن داعش لەدایك دەبێتو دەبێ كوردستانیش شەریكە بەشیان بێت لە خەرجی بەرەنگاریی داعشدا.

ناهێڵن بەبێ رەزامەندی بەغدا چەك و تەقەمەنی بۆ پێشمەرگە بێت كە لە یەك سەنگەردا شەڕی تیرۆریان لەگەڵ دەكات. پێیان دەڵێن حەویجەش بكەن پێدەچێ هەڵیان گرتبێ بۆ پێویستی و لێقەومانی خۆیان لە كەركوك. لەبەر ئەوەیە كورد لێیان رەنجاوە، سیلەی رەحم و دیبلۆماسیان لەگەڵدا ترازاوە.

بەڵێ وایە لە بەرەی ناوخۆیی كوردستان كەموكوڕی هەیەو زۆریشە، هەر لە خزمەت تا شەرعیەتو كاراكردنەوەی دیموكراسی، ئەمما بۆ تێگەیشتن لە ئایندەی كوردستان گەرەكە بەرەی عیراقیش هەڵسەنگێنن. عیراق هیچ نادا و هەموو شت دەبا، لە هەموو ئەركی عیراقێتی خۆی هەر ئەوە جێبەجێ دەكات كە سەرۆك وەزیران لە بۆنە و جەژنەكان مەسجی پیرۆزبایی بنێرێت.

ئەگەر شەراكەت ئەوەیە، بەشدار بووی بەڕێز، ئەو مەسجەشمان نەگەرەكە.

*كوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/٨/٤

# گۆشەنیگای جیاواز بۆ پیرەمەگرون...

## ١

سەربەخۆیی کوردستان دوا پلەی ستراتیژی مافی چارەنووسە. ئەوە لە زمانی یاساو سیاسەتدا وایە. لە زمانی ئەدەبی هەڵقوڵاو لە سروشتی جوانی کوردستانەوە دەبێ بڵێین سەربەخۆیی کوردستان شاخێکی بەرزی وەك پیرەمەگرونە. بەرز چونکە ئاواتێکی دێرینمانە، ڕێگاکەشی سەختە وەك پیرەمەگرون. گەلی کورد خوێنی بۆ داوە، شۆڕشی بۆ کردووەو گەرەکیەتی ریفراندۆمو دانوستانی دوا ساتەوەختیشی بۆ بەڕێ بخات. هەروەها بە شاخ چواندنو بە پیرەمەگرون ناساندنیش بۆ بوارێکی دیکەش دەست دەدات. هەر یەکێكو هەر لایەنێك لە گۆشەنیگایەکەوە سەیری شاخەکە دەکاتو تەنانەت ئەگەر یەك گۆشەنیگاشمان هەبێ هەر دیوێکی شاخەکەو هەر لە یەك لایەنەوە لە دیتنی بەهرەمەند دەبین.

سەربەخۆیی وەك شاخی پیرەمەگرون ئاواتی بەرزە، ڕێگای گەیشتنی هیلاکیی دەوێتو سەیر کردنیشی لە دیدی جیاوازو لە پێگەی جیاوازەوە دەبێت.

ئەم شرۆڤەیەی کردم فەلسەفە بوو؟ بۆچی نا؟ بۆچی هەر خواپێداوەکان لە میللەتو لە چینەکانو لە پیاوماقوڵان بۆیان هەیە دەم لە فەلسەفە وەربدەن؟ ئەوجا فەلسەفەو مەنتیق لە بابەتێکی ژیاریی وەکو سەربەخۆیی کوردستاندا بەکار نەبرێت بۆچی باشە؟

وەك لالەیەکی گەرمیانی دەستم لە پشتێنی خۆم ناوەو لە شاخی بەرزی پیرەمەگرون، لە لوتکەی بڵندی سەربەخۆیی، دەڕوانمو شرۆڤەم هەیە:

## ٢

گۆشەنیگای جیاواز مانای ئەوە نییە ئێمە شاخ نادیدە بگرین، سەربەخۆییەکە نەبینینو حاشا لە بەرزیو بڵندیو سەختی بکەین. یان تەنانەت هەر دیوی دیتراوی خۆمان بە کۆی دیمەنی شاخەکە ببینینو پێمان وابێ شاخەکە هەر ئەو لەتەیە کە لە ئێمەوە دیارە. حاڵەتی نکۆڵی خراپە، بۆب ورۆرد، نووسەری بابەتە گەورەکانی سیاسەتی ئەمریکا، ناوی ناوە دۆخی نکۆڵی لێکردنو کتێبیان لەسەر نووسیوە. نکۆڵی لێکردن سەر بە بابی حاشا

لێکردنو بەرچاو تاریکییە کە ڕێگە لە شرۆڤەی ڕاستو دروست دەگرێت. گەرەکە ئێمە کۆی دیمەنەکە ببینینو کۆی واقیعی شاخەکە بە دیتنە جیاوازەکانی خۆمان دەوڵەمەند بکەین.

گۆشەنیگای هەر یەکێکمان، هەر لایەنێکمان دەشبێتە خەسڵەتی کارو کردەوەمان بۆ گەیشتن بە لوتکەی شاخ، لوتکەی سەربەخۆیی، هەمیشە دەبێتە سەرەتای ڕێبازو ڕێگامان بۆ بڕینی هەورازی شاخەکەو گەیشتن بە دوا مەنزڵ.

هیچ شەرمی ناوێ کە دەتوانین دوا وێستگەی سەربەخۆیی بە دیدگاو ڕێبازی خۆمان، بە ئەزموونی خۆمان ڕەنگرێژ بکەین. خەڵکی تریش با وا بکەن، تا سەد گوڵ لە باخچەی کوردستانی سەربەخۆ بپشکوێ.

## ٣

بەشێکی تەڵخی دیمەنەکە لێرەوە سەر هەڵدەدات، ئێمە کە لە زۆر وردەکاریو شتی زۆر بچووکدا جیاوازین کە ڕەنگە سەلیقەی جیاوازیش هەڵنەگرن، ئێ بێگومان لە شتی گەورەدا هەر جیاواز دەبین، ئامانجە گەورەکە، گەیشتن بە لوتکەی شاخی سەربەخۆیی، ئیجماعە نیشتمانییەکەی دەوێت. بەڵام جیاوازی لە ڕێبازی فیکریو سیاسی نابێتە مایەی هەڵکردنو پێکەوەبوون لە ئاماجە بەرزەکەدا. لەبەر ئەوە حەوجەی پاکانەو حوجەو بیانووی پاسیڤ یان گرموڵەبوونی ناوێ وەختێك دەڵێین بە ڕێبازی خۆمانەوە کە مافی چارەنووسە دەچینە ناو پرۆسەکەوە. چونکە پرۆسەکە هەر لە ئاستی ئەنجامدانی ریفراندۆمدا ڕاناوەستێ، دوای ریفراندۆم چەردەیەك هەنگاوی تری بەدوادا دێت. چۆنێتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، شێوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانو تەنانەت دانوستانی چارەسەری کۆتایی لەگەڵ بەغداو چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکانو قەرەبوو قەوارەو قانوونی داهاتوومان، ئەمانە هیچ نەبێ هیچ نەبێ تایتڵە سەرەکییەکای ئەرکی پرۆسەی سیاسی کوردستانی دوای سەربەخۆیی دەبێت. لەمەدا ڕێبازی یەکێتی حتمەن دێتە ناو پرۆسەکەوە. واتا ڕێبازی (ئاشتی، مارفی مرۆڤ، سەروەریی یاسا، مافی چارەنووس).

## ٤

بە مانایەکی تر ستراتیژی سەرجەم ئامانجەکان هەر تەنها لەمەدا بەرجەستە نابێت کە لە ڕێی گەیشتن بە شاخەکە بەکاری بێنین، یان پەکی بخەین. بەڵکو ئەو ستراتیژە بۆ دوای سەربەخۆییشە، ئەگەر بخوازین وەکو یەکێتی هەبێنو بۆ کوردەواری داهاتوو بەکەڵك بێین.

ئێمە بۆ باش دیتنی ئەو ئامانجە بەرزەی سەرکەوتن بەرەو شاخەکەدا نە پێویستمان بە فەرامۆش کردنی شاخەکەو نە پێویستمان بە دەستبەرداربوونو نە حەوجەمان بە فرێدانی دروشمو ئامانجەکانی ترمان هەیە، یەکێتیی نەتەوەییە، لەمەدا لەگەڵ نەتەوەییەکان یەکە.

بەڵام دیموکراتیشە، لەمەدا لەگەڵ دیموکراتەکان دۆستە. نیشتمانییشەو هاوپەیمانی نیشتمان پەرەوەرانی ڕێی سەربەخۆییە، بەڵام ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتیشی داوە بە خەباتی خۆی. لەبەر ئەمەیە مام جەلال ناوی کوردایەتی پێشکەوتنخوازی لێ ناوە.

یەکێتی وایە. خەڵکی تریش وا جوانە خۆی بێتو ئێمەش وا جوانین کە خۆمان بین (وفی ژلك فليتنافس المتنافسون).

بەشێکی ژانەکە لە ناو یەکێتیو لە ناو کوردستاندا سەرچاوەکەی لەمەوەیە، لەو پێکدادانی ئەولەویاتەکانو لەم جیاوازی گۆشەنیگایەی دیتنی شاخەکەوەیە. بەڵکو ئەو ژانە ژانی لە دایکبوونێکی نوێ بێ؟

تا ئەو کاتە، پیرەمەگرون هەر شاخی بەرز بێو هەر جێی (ضرب المثل) بێ.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/٨/١٨

# هەقمانە خاوەنی سەدەیەك بین

هەر سەدەیەكو هی نەتەوەیەكە، هەقیەتی سەدەی بیستویەك هی كوردو كوردستانییان بێت. هی نەتەوەیەك بێت سەدەكانی رابردوو كەمێك لە كاروانەكە دواكەوت. ئەمما ئەم كەمێك دواكەوتنەی لێ كرایە قەمیسەكەی عوسمان، لێی كرایە سەدان سەدەی دواكەوتن ئەگەرچی ویستی سەدەی بیستویەك بكاتە سەدەی كوردە غیرەتە. حەیف سەدەكە خۆی زبرو دڵرەقو دڵرەش بوو بۆیە هەر سەعاتێكی بە رۆژێكو هەر رۆژێك بە مانگێكو هەر مانگێكی بە ساڵێكی زوڵمو زۆر تۆمار كرا. لە حاڵی واشدا سەدەكە خۆی بێ فەڕو بێ خێرو نەفرەتكراو بوو. خۆشە كە سەدەی بیستویەك هی خۆمان بێت. دڵمان بداتەوەو قەرەبوومان بداتێ. ڕەنجێك كە لە سەدەی بیست كێشاومانە بەشی ئەوەی تێدایە كە بێ بەرامبەر ئازادیو مافی چارەنووسو سەربەخۆییمان بداتێ و وێجاش ئەگەر نرخی تر بخوازێ ئەهێنێ گشتمان پێشبڕكێ بكەین لەسەر ئەركو فەرمان. بە ئەندازەی دواكەوتنی رابردوو كە زۆر لەسەرمان كەوتووە گەرەكە شەقاوی گەورە بهاوێین. ئینسافیش ئەوەیە سەدەی بیستویەك بە ئەندازەی شەقاوی گەورەمان، بە ئەندازەی دڵرەقی سەدەی بیست لەگەڵمان باش بێتو دادپەروەری مێژوومان بۆ بخاتە كار. كورد شایانێتی سەدەیەكی هەبێ. ڕەنگە زۆر پێرفێكت نەبین، بەڵام ئەوانی تر لە ئێمە باشتر نەبوون كەچی سەدەیەكی هاوچەرخە هەنو حوكم دەكەنو پەرچویەكی وایان نیشان نەداوە كە لە كورد نەوەشێتەوە. وایە كە كەموكوڕیمان هەیەو هەق نەبوو وابێت. لەسەر ئەمەشە كە ئەحمەدی خانی بەری چەند سەدەیەك گوتبووی خەتای شوعراو فوقەرا نییە، خەتای ئومەرایە. لێ تەماشای مێژووەكە دەكەین دەبینین وەك شێخی مێژوونووسانی كورد، د. كەمال مەزهەر، دەڵێت، شێخی كوێت لە شێخی حەفید لایەقتر نەبوو، كەچی ئینگلیز دەست ئاواڵە بوون بۆ كوێتو دەست قرچۆك بوون بۆ مەملەكەتەكەی شێخ. لەبەرئەم هەقو حیسابە گشتی ئێمە چانسێكمان دەوێت. لیاقەتمان پێگەیشتووەو ئەگەر لە سێ ستوونەكەی دیكەی نەتەوەكانی رۆژهەڵات

باشتری نەکەین، لەوانی خراپتر ناکەین.

لەو هەموو کوردستانانەی تەخشانو پەخشانتان کردووە، جارێ دانەیەکیمان دەوێتەوە. خوابشمان گرێ ئەگەر چاکی نەکەین. میللەتەکە تەوەللامان بکات ئەگەر نەیکەینە نیشتمانێك بۆ دادو دابو دەستوور.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/٩/٨

# نەتەوەیەك لەسەر كاغەزەوە بۆ سەر ئەرز

نەتەوەكەمان پێگەیشتووە. ئەم پێگەیشتنەشی پێگەیشتنێكی سەرتاسەرییەو هی بەشێكی كوردستان نییە. وا مەسەلەی كورد لە سێ بەشی كوردستان جوولاوەو سستی ئەوەكەی تریشی پەیوەستی هەلومەرجی ئیقلیمی تارانە، دەنا ئەویش لەمێژە ئامادەی راسانە. لەبەر ئەم هەلومەرجی پێگەیشتنەشە وادەبینی لەهەموو ئاستەكاندا قوولْپ دەداو داوای ئیستحقاقی پێگەیشتنی خۆی دەكات.

هەراشبوونی هەر نەتەوەیەك سەرەتایە بۆ سەربەخۆیی و خۆ رێكخستنی لەچوارچێوەی دەوڵەتێكدا. دوو رۆژی تەواوە لە رارەوەكانی دیدارێكی وێستگەیی لەو سەدان دیدارانەی بۆ كوردو عەرەب دەكرێت، لەگەڵ (دۆستانی) عەرەب قسە دەكەم: برایان ئەز كوردم و رەنگە وەك ئێوە نە كارم باش شرۆڤەی هەلومەرجەكانی پیادەی مافی چارەی خۆنووسین بكەم. لێ ئەوەی دەیزانم ئەوەیە لە كوردەواری و هەروەها لە عەرەبداری و لە توركداری و فارسداری هەموو كۆمەڵگە رۆژهەلاتییەكاندا دەگوترێ، ئەگەر كچ، یان كور، كامڵ بوو و پێگەیشت. دەبێ تەئهیل بێت بۆ شووكردن، یان ژنهێنان. پێبگات بۆ ماڵ پێكەوەنان و ماڵداری.

هەروەها بەپێچەوانەشەوە ئەگەر كورە لاسارو بێ كەڵك بێت، ئێژن ژنی بۆ بهێنن بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی فێری بكاو بیكاتە پیاو. ئەگەر كچە ناسەلارو چاو لەدەرەوە بێ، ئێژن بیدەنە شوو با بەرپرسیارێتی ماڵداری هەڵبگرێت. كورد پێگەیشتووە برایان، كچ و كوڕی كورد پێگەیشتوون و چیتر ماڵە باوان و ماڵە مامان و ماڵە باوەژن ناتوانێت دابینیان بكات و گەرەكە سەربەخۆ بن.

تەبعەن ئەوان نموونەی تریان گووت. ترسی زۆریان باسكردو پەرۆشی زۆریان نواند. هی راست و هی پەرگیری. ئەمما بۆ یەكەمینجار بوو هەستم كرد ناتوانم قەناعەت بكەم. بیسەلمێنم و پەسەندی بكەم. سەربەخۆیی بەری چاوی گرتووم و ئەو پێداویستییە رەوایە وای كردووە ئەز و هەزاران ئەزی تری كوردو كوردستانیی، لەناو فاكتەرە بابەتییەكاندا، هەر فاكتەری سەربەخۆیی وەك راست و وەك رەوایی، وەك پیوێستی ببینم. جا سەد راستی درەوشاوەی تر، لەمرۆدا، بە قوربانی فاكتەری وا بەهێز بێت كە فاكتەری سەربەخۆییە.

لەپرسی نەتەوەدا ئەم راستییە تاکە راستییە بۆ هەموو زەمین و زەمانێك. تاکە راستییە کە لەئاستیدا راستییەکانی تر کورت دێنن. ئەم راستییە شایانی ئەوەیە مرۆڤ بۆی بمرێ و بۆی شەهید بێ و هەست بکات لەپاش خۆی، هیچی بەجێنەهەیشتووە کە خەفەتی لێ بخواو خەفەتی بۆ بخوا. رێك ئەمەیە پشدەریان پێی دەڵێن؛ پێی بمری، نەك بۆی بمری.

***

راستییە رەهاکان هەر ئەوەیان باشە لەگەڵ خۆیاندا هەلومەرجی واقیعی دەخوڵقێنن و وەك هەلومەرجێکی نەرمانی رێگای دژوارو سەخت، تەخت دەکەن. بەتایبەتی نها ئێمە لەهەلومەرجێکدا ویستی سەربەخۆیی دەجولێنین کە لەپاڵ زەمینەی پێگەیشتنیشدا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانیش ئەمە داوا دەکات.

ئاخر ئێمەی نەتەوەخوازانی دوای راپەڕین کە لە کوردستانی ئازاددا ژیاوین و هەڵسووڕاوین، هیوامان بوو خودا کوردو کوردستان و رێبازی نەتەوەیی پێشکەوتووخواز و نەریتخواز بە ئەشهەدوبیلای سەربەخۆیی پایەداربکات. وەکو دەگوترێت، لە زەمانی پێغەمبەرەوە (اللهم اعز الاسلام بأحد العمرين، کە ئەوان گەرەکیانە لەو پێناوەدا بن نەوەی سایەی راپەڕین قەت دوو دڵ نابێ.

***

## ئایا ئەم هەلومەرجە دیوی نێگەتیڤی هەیە؟

دیوێك کە رەنگە سەربەخۆیی، دەستکەوتەکانی تائێستامان، رەنگە وابێ.

لەسەر ئەم هەلومەرجەیە تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی، مام جەلال، گوتویەتی کە شۆڕشگێڕەکان ناتوانن گرەنتی سەرکەوتن بکەن، بەڵام دەتوانن بەڵێنی درێژەپێدانی خەبات بدەن.

هەموو پێشمەرگەیەکی تفەنگ بەدەست، یان قەڵەم بەدەست، دەتوانێت بەڵێن بدات، ناتوانێ ناولەپی شەیتانی عروبە و تۆرانیەت و فارسچێتی بخوێنێتەوە، بەڵام دەتوانێ بەڵێنی درێژەپێدانی خەبات بدات، هەروەها دەتوانێ بەڵێنی ئەوەش بدات خەباتەکەی رێکبخات و رێکی ببات بەڕێوە، تا بە کەمترین تەلەفەوە سەرکەوتن مسۆگەر بکات و بە کەمترین تەلەفەوە، خوانەخواستە، شکستەکانی چارەسەر بکات.

هەروەها گرنگە تێکۆشەران، ئەگەر ئەگەرەکمانە بگەینە پلەی تێکۆشەر، دیوێکی گەشبینی هەلومەرجی نێگەتیڤیشی ببینن. ئەم دیتنە رێگا خۆش دەکات لە تێکۆشەرەوە هێزی کۆڵنەدەریش پەیدا بکەین.

دیقەتی ئەو هەلومەرجە بدەن کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرکەوتی داعشیزم و حەشدی شەعبیزم و جەبهەی نوسرەو هی تریش هەن کە زەبر و زەنگ و دڵڕەقی داگیرکەرانەیان

گەیشتووەتە پلەیەکی بڵندی نابەرپرسیاریّتی.

ئەمانە هیچ پابەندێتیەکی یاسایی، سیاسی و دەوڵەتدارییان نییە کە جوڵەیان جڵەو بکات و ملکەچی ڕێسایەکی دیاریکراوی ململانێیان بکات، بە تایبەتی داعش کە زێرابی پشتەوەی مەنهۆڵی دوژمنانی کوردە و هەموو بۆگەنی شۆڤێنیزم، مەزهەبەگەرایی و توندڕەوی لەخۆیدا بەرجەستەکردووە، بێ ئەوەی دەوڵەتێك بتوانێت کۆنترۆڵی بۆن و بۆگەنییەکەی بکات.

هەرچۆنێك بێت دوای جەنگی جیهانی دووەم پایتەختە ئیقلیمییەکان لەبەرەنگاری کوردا جیاوازییەکی بیژییان دەکرد لەنێوان گەلی کورد و بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکەی. کوردەواری و بزوتنەوە چەکدارییەکەی سیاسەتی کورد لە هەندێك هەلومەرج و سیاسەتی لێبڕاوانەی کوردایەتیدا، بەمەش ئەگەرچی شۆڕشی کوردستان و بزوتنەوەکەی ئابڵوقە دەدران و ماسی گۆشەگیردەکرا و لە ئاوی سروشتی خۆی دوور دەخرایەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت گەلی کورد لە خرۆشانی فیزیکی دەربازی دەبوو و کەین و بەینی دەوڵەتداریی تا ئەوێ دەچوو کە بزوتنەوەکە لەناو ببات، نەك تەواوی گەلی کورد.

تەنانەت لە دەرفەتی دژواری ئەنفالیشدا، بەعسی دوای جینۆسایدەکان (حوکمداریی) کۆنترۆڵکراوی دەگێڕایەوە، ئەما لە نمونەی داعش و حەشد و نوسرەدا، ئێمە شاهیدی هەڕەشەی لەناوبردنی فیزیکی کورد و کوردەواریشین.

لە شەنگال لە سپایکەر و لە رەقە ئێمە شاهیدی قڕکردنی ئەوتۆبوین کە سێ ڕۆژ و سێ ساڵ دەخایەنێت، بێ ئەوەی هیچ یاسایەك، دەوڵەتێك، گرەنتییەکی ڕێکەوتنی کاتی بەرییان پێبگرێت.

مەغۆلەکان، تەتەرەکان، یان هەر سوپایەکی وەحشیگەر کە شار و مەملەکەتەکانیان گرتووە، بەپێی پێوەری شەڕی کۆنینە سێ ڕۆژ سەرییان بۆ سەرکردەکان و ماڵیان بۆ سوپا و سەربازەکانیان بووە. ئیتر دوای ئەوە کوشتن کۆنترۆڵ دەکرا و ژیانی کۆیلەیەتی و بندەستی یاساییکراو جێی دەگرتەوە..

لەم هەلوومەرجە داعشییەدا کە کوشتن لەسەر ناسنامەی مەزهەبی و نەتەوەیی دەکرێت، کێ زامنی ئەوە دەکات لەگەڵ کەوتنی دەوڵەتانی عیراق و سوریا و هی تریشدا داعشیزم و سوپاکانیان هەڵوێستە دەکەن لەئاست شار و دێ، چاك و خراپی کورددا؟

پێویستە ئێمە زۆنی خۆمان بکەینە دەوڵەتی خۆمان تا لەم فەوتانە فیزیکیەی هەیە ڕزگارمان بێت.

بزوتنەوەیەکی کارا و بەجەرگ، هەر دەبێ بزوتنەوەیەکی وابێت، ئەژنۆی نەشکێ و ترس بە چانس بگۆڕێتەوە، هەڕەشەی نێگەتیڤی کوشتنی فیزیکی بە ژیانێکی مسۆگەر و سەربەرزانە بگۆڕینەوە.

ئەگەر وانەبێ ئەی حەریفەکان بۆ سیاسەت دەکەن و لە شەئنی گشتی کۆمەڵدا کاران؟ وەگەرنا شۆڕشگێڕەکان بۆ هەن و حزبەکانیان چی دەکەن؟ ئەگەر ریسك نەکەن بە راسان و

دۆخی خراپ نەگۆڕن بە چانسی باش؟

❊❊❊

چی تر ماوە؟ بابەتێکی پەیوەستی هەناوی کوردەواری و ناوجەرگەی سیاسەتی ناوخۆی کوردەواریش ماوە کە ئەویش پرسی ئەوەیە کێ سەرقافڵەی سەربەخۆییە و کێ ئاراستەی ئەو کاروانە و کۆنترۆڵی ئیقاعەکەی دەکات؟ ئەمە پرسیارێکی هەم ڕەوایە و هەمیش جەفایە.

ڕەوایە ئەو کاتەی هاوسەنگی ناڕەوای هێز و سەپاندن ڕێگە نەدات شەریکایەتی بەشداریی حورمەتمەندانەی کاراکتەر و لایەنەکان بەپێی پێویستی ئەرکی قورسی سەربەخۆیی بێت و هەمیش جەفایە ئەوکاتەی لەبەر گۆشەگیری لەیەکتری هێزەکان جەفابن لەگەڵ سەربەخۆیی و ویستی ڕەوای مافی چارەنوسدا.

لێرەدا نامەوێ ئەوە بڵێمەوە کە لە نامیلکەی "یان کوردستان یان کوردستان" قەڵەمم بۆ خستۆتەکار، واتا بێژم کێ سەربەخۆخواز و کێ ئاراستەی بزوتنەوەی سەربەخۆیی دەکات؟ بەڵام ئەوە دەڵێمەوە کە ئەوانەی بەشدار دەبن دەتوانن ئەسەر بەجێبهێڵن و سەربەخۆیی بە ڕەنگ و دەنگی خۆیان ڕەنگڕێژ بکەن و مەرجەکانی شێوەی حوکمڕانی پێشنیازکراویان، بۆ کوردستانی سەربەخۆ، بکەنە واقعی ژیاو لە کوردستانی سەربەخۆدا.

لە پێگەی بەشدارییەوە دەتوانن دیمەنی دەوڵەت دروستکردن لە کەین و بەینی ناو ڕارەوە تاریکەکانەوە بکەنە بزوتنەوەیەکی جەماوەری گەورە بۆ سەربەخۆیی.

لە پێگەی هەمەڕەنگی چالاکییەکانی سەربەخۆییەوە، کەمپینی سەربەخۆیی بکەن بە بزوتنەوەیەکی لامەرکەزی و بەرفراوانی پڕ دروشمی هەمەڕەنگ و هەمەچەشن. لەپێگەی بەشداربووەوە دەتوانن وێستگەی سەربەخۆیی سەربخەن و هاوپەیمانێتی بۆ بکەن و بۆ وێستگەکانی دیکەش هاوپەیمانی نوێ پەیدا بکەن، دیموکراسی، یاسامەندی و دادپەروەریی بکەن بە ناونیشانی تێکۆشان لە کوردستانی سەربەخۆدا.

گرنگ بوو هەموومان پێکەوەبوینایە، بەڵام کە نەبوو، گرنگتر ئەوەیە کە وێستگەی سەربەخۆیی سەربخەین و لەپاڵیا ڕەنگ و دەنگی خۆمان هەبێت، تا بەو ڕەنگ و دەنگەوە، کاروانەکە تەواو بکەین.

لەو سۆنگەیەوە (کوردستانی نوێ) بەم بەشدارییە نەتەوەییەی هاوڕێیانی ئەم دۆسێیە دلخۆشە کە هاوپەیمانمان دەبن لە کایەی تێکۆشانی ڕۆژنامەوانیدا، کوردستانی نوێ و کوردستانی قۆناغی دوای سەربەخۆییش، بە بەشداریی خۆیان، ڕەنگڕێژ دەکەن.

یاخوا بەخێربێن بۆ کوردستانی نوێ و کوردستانی نوێتر: سەربەخۆ و سەرفراز و دیموکرات.

***وتار لە دووتوێی تابان کە تایبەت بوو بەدۆسێی ریفراندۆم و سەربەخۆیی - کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/٩/١٨**

# لەمڕۆوە ژیانم مانایەکی ڕاستەقینەی پەیداکرد

لەساڵی ١٩٩١-ەوە لەگەڵ ڕاپەڕینی کوردستان کە هاوکاتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەربەخۆخوازانەی نەتەوەکانی ئاسیای ناوەڕاست و گەلانی ئۆردوی ڕۆژهەڵات بوو، ژیانی خۆم بە بزووتنەوەی کوردایەتییەوە گرێ دا. بوومە پێشمەرگەیەکی بواری قەڵەم و ڕۆژنامەنووسی و لە خزمەت ڕێبازی مافی چارەنووس بە ڕێبەرایەتی مام جەلال. کەوتمە پێشخزمەتی.وەك ڕێبوارانی پێشینی کوردایەتی، بە هی نەریتی و پێشکەوتنخوازییەوە، تووشی دژواری وا نەهاتم کە تەنگانەو دژواری جێی باسی تێدا بێت. برینداری جەستەییم نەبینی وەك دەیان و سەدان پێشمەرگەی سەنگەر لە تولانی شۆڕشەکانی کوردستاندا.
هەڵبەت لە چەند وێستگەی بچووکدا تووشی برینداری ڕۆحی و تۆمەتی ناڕاست و ناڕەوا هاتم کە هەر هیچ نین لەچاو برینی ڕۆحی نەتەوەکەم و شەهادەتی تێکۆشەرە گەورەکانی. زامی بچووکم بە گەورەیی و خۆڕاگری گەلەکەم لەبەرامبەر ستەمی داگیرکەران و ستەمی ناوخۆیشدا ساڕێژ کردووەو عەزمی بەتینم لە عشقی مامەڕیشە بۆ نیشتمانو لەبەرزی شاخەکان، کە تائێستاش هەر ئەوان دۆستی ڕاستەقینەمانن، وەرگرتووە. لەو ڕەوتە چارەگە سەدەییەدا شەرمم کردووە باسی هیلاکی کاتی و کورت بکەم کە ئەم هەموو فرمێسكو قوربانییە دوورو درێژە دەبینم. ڕێزم هەیە بۆ هەموو ڕەوتو ڕێبازە سیاسییەکانی کوردستان هەیە کە لەگەڵ هەموویاندا چەلەحانێی سیاسیو زۆرانبازی فیکریم کردووەو بە سوعبەتێك هەردوولامان دڵمان فێنك کردۆتەوە. چی بکەم ئیتر ئەمە ڕێبازەو قەناعەتە.

***

ساڵی ١٩٩١ کە تەقلی کوردستانی ئازاد بووم، ساڵێك بوو سەدام وتبووی (نەیارانی ڕۆژئاوایی بە هەڵمەتی ئیعلامی ڕۆمانیاو هەنگاریایان روخان، من دە ساڵیان دەدەمێ بزانم دەتوانن بەعس بڕوخێنن؟). دە ساڵ نەبوو، دوانزە ساڵ بوو. کە ساڵی ٢٠٠٣ دیکتاتۆرەکەی عیراقیش رووخا. گرەوەکەمان لە سەدام بردەوە. لە نۆی نیسان کەرکوکیش ئازاد بوو، چوومەوە بۆ سەردانی دایکم، لە بازگەکە نەیانهێشت بڕۆمە ژوورەوەو وتیان ئەم تەداروکە بۆ کۆنترۆڵکردنی شارەکەیە لەتالانی،

بەداخەوە نەمتوانی بەشداری بکەم لە ( تالآنییەکەدا). رۆژی دواتر، لە دەی نیسانی هەمان ساڵ، عیراق لەدیکتاتۆری بەعس پاك بۆوە، مامی ئێوەو مامی منیش بووە سەرۆك کۆمار، کەچی ئەو عیراقە هەر نەبووە دیموکراسی. بۆیە هەقی بوو کە بڵێین یار خودا حافیز دەست لێکبەردانە.

***

ئەو ساڵە کە هاتمە ناوچە ئازادکراوەکان سەرەتا هەولێر ودوای سیویەکی ئابیش سلێمانی، هەمیشە ئاوڕێکم بۆ دواوە دەداوە: چاکم کرد هاتم، بەڵام پرسیار ئەوەیە بەرگە دەگرم؟ وا بیست و پێنج ساڵە پێشمەرگەی قەڵەم و بیست و شەش ساڵە لە راپەڕینەوە بۆ دەنگدانی سەربەخۆیی، شایەتی بەسەرهاتەکانی کوردستانم و کۆیی وتەنی (تێدامە). ئەمڕۆ ژیانم مانای راستەقینەی خۆی وەرگرت کە شایەتی داخوازی سەربەخۆیی بووم. تەمەنم ٤٨ ساڵەو سێرەی تفەنگم پێ ناگیرێ، عەینەکم لەچاوەو پێم نەبێ نابینم. دایکی ژین (دکتۆرە شیلان) گاڵتەم پێدەکات و دەڵێ: عالەم کردیە لێژەر، هەر تۆ نەبێت. عالەم زۆر شتی تریشی کردو من نەمکرد، پێدەچێ لەبەرئەوەش نەبێ حەزی پێناکەم، بەڵکو نایزانم. بە یاغنیشی هێناومە و بەیاغنیشیش دەدەم وەڵامی قەبرم. ئەمما لەم بەشە رازیم کە لەناو جەرگەی تەعریبەوە هاتمە ناو (قوڕو لیتاوی کوردایەتی) و خۆم تێیدا گەوزاندووە. لەناو قوڕێش تۆزێ دەکەم. هێمن وتەنی لە پێشەکی تاریك و روونَدا لە میللەتەکەشم رازیم خواخوامە ئەو کەمێك لە من رازی بێت. خوا بە کوردی خوڵقاندووم. جا ئەگەرچی چەپم، لێ دەست لەکاروباری خوا وەرنادەم و بەکوردبوونی خۆم رازیم. ئەم قەدەرە دەکەمە بژاردەی ژیانم. رێبازو رەوتەکەم ناگۆڕم، چونکە تەمەنەکە بەشی ئەوە ناکات. تەنانەت ئەگەر هەموو رێبازە جیاجیاکانی کوردایەتی کۆڵ بدەن، یان لەوێستگەیەکی شەمەندۆفەرەکەدا دابەزن. بەم قەڵەمو دەفتەرەوە لەکایەکەدا دەبم. هەڵبەت منەتی تێدا نییە، ئاخر وا نەکەم دەمرم.

لە خولاسەی کەلامدا کوردێکی زۆر چانسداربووم، هیلالی تابانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیشم بینی کە ٢٠١٧/٩/٢٥، گەیشتە بەرزەفتی نەتەوەیی خۆی. ئنجا زۆرانبازییەکە ماویەتی، لێ دڵنیام سەربەخۆیی لە دڵو زەیندایە، پێش ئەوەی لەسەر زەمینو واقیع هەبێ.

بەو قەڵەم و چاویلکەوە قبوڵتانە دڵشاد و خەندانم دەکەن قبوڵتان نییە نارۆم ئەمما عومر زۆری نەماوە.

سەرفرازبن، سەربەخۆ بن، ئێوەش وەك من بکەن. بیرەوەری و بیروڕای ئەم رۆژەتان بنووسنەوەو سوپاسی فەیسبووك بکەن کە دەرفەتی نووسینەوەی رازەکانی پێداون. ئەگەر داگیرکەران ئەمەشمان لێ قەدەغە نەکەن.

*ئەم وتارە ئێوارەی رۆژی: ٢٠١٧/٩/٢٥، رۆژی ریفراندۆمی کوردستان، لە زۆربەی سایتەکاندا بڵاوکرایەوە.

# ئیستقلالی کوردستان نەك ئیستفراد پێوەکردنی

جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە دووپات بۆوە کە کوردستان دایکی دوو دوانەی سەروەریو دیموکراسی، سەربەخۆیی و ئازادی، ریفراندۆم و شەرعیەتی دامەزراوەکانە. هەرکاتێك تای تەرازووەکە لەنگ بوو و پێویستی بەوە بوو کە ڕاست بکرێتەوە گەرەکە ڕاست بکرێتەوە ئەگینا دەبێتە نەریتو لە کۆمەڵی رۆژهەلاتیشدا نەریت لە یاساو دەستوور کاریترە.

کوردستان لە قۆناغی راگوزەردایە بۆ بە دامەزراوەکردنی دەزگاکانی نوێنەرایەتی.

لەم قۆناغە راگوزەرانەدا پێویستە بەریەککەوتن روونەدات لەنێوان دەزگاکاندا بەبیانووی ناسکی هەلومەرجی قۆناغەکە. یان بەبیانووی پێوستی جێبەجێکردنی بژاردەی سەربەخۆیی دوای بەڵێی ریفراندۆم. دەزگا شەرعییەکانی کوردستان ئەگەر بە هەڵبژاردن و فلتەری دەنگداندا گوزەر بکەن و لەکاتی خۆیاندا ئەبدەیت بکرێنەوە بەشی ئەوە وزەو توانای شۆرشگێریو توانای دیموکراسیشیان تێدایە کە ئەرکەکانی سەرخستنی بژاردەی بەڵێو هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی ڕایی بکەن. ئەمە دەزگاکانی سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەتو پەرلەمانو هەروەها حزبە دەربەستەکانی کوردستانیش دەگرێتەوە.ئەوانیش پێویستە بە کۆنگرەی دیموکراسیی خۆیان ئەبدەیت بکەنەوە بۆ ئەوەی سیاسەتو هەنگاونانیان شەرعیەتی حزبیش وەربگرێتەوە.

گەلی کوردستان بەو رێژەیە دەنگی بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دا سەرەڕای ناڕەزاییو تێبینییەکانی لەسەر رێوشوێنو کاتو ساتی ریفراندۆم، بۆ ئەوەی بوو کە ئەم پرسە نیشتمانیو نەتەوەییە سەربخاتو بیگەیەنێتە دوا مەنزڵ. لای خەڵکی کوردستانو حزبە دەربەستەکانی وەکو یەکێتیش مافی چارەی خۆنووسینو سەربەخۆیی ئامانجە بەرزەکەن. نەك داتاشینی دامەزراوە لە دەرەوەی سێ پەیکەرەی دامەزراوەکانی هەرێم (سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت، پەرلەمان). کوردستان خۆشی لەسەر ئەم کەلتورە سیاسییە رۆیشتووە. لە گەرمەی ململانێکانی ناوخۆشدا، لە نیوەی یەکەمی نەوەتەکان، کە دامەزراوەی سەرۆکایەتی شەش کەسی دامەزرا بە هەموو دژواریو دوودڵی شەڕی ناوخۆوە ئەم سەرۆکایەتییە هاوبەشە بە فلتەری دەنگدانی پەرلەماندا تێپەڕی. کە ئەو کات رێگرییەکی واش نەبوو یەکێتیو پارتی

سەرۆکایەتی بەرەی کوردستانیش زیندوو بکەنەوە، بەڵام سەرکردایەتییەکی دەنگ بۆ دراوی پەرلەمانیان پێ باشتر بوو تا ئەوەی دیفاکتۆیەك بسەپێنن. ئێستا بەو هەموو دابو دەستورە سیاسییەی دوای ٢٥ساڵ، بەو هەموو دامەزراوانەی مانگی تشرینی دووەمی داهاتوو روویان لە تازەکردنەوەو هەڵبژاردنەوەیە پاشەکشێیەکی گەورەیە دامەزراوەی تر لە دەرەوەی دەنگدانو یاسامەندی دابمەزرێت.

پەیامەکەی هەڤاڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەو چوارچێوەیە دایە کە ئەگەر ئێمە ویستی بەڵێش قۆناغبەند بکەین (بەرەو سەربەخۆیی) ئەوا مانای نییە وا لە دەنگدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە دەنگدانی یەکێتییەکانیشەوە، تێبگەین کە وەکالەتێکی مەفتوحە بۆ شەرعیەتدانەوە بەوەی بەسەرچووە، بەڵکو وەکالەتێکی سنووردارە بۆ بەرزترین ئاواتی نەتەوەیی کە سەربەخۆییە. ئاخر بەرێزان جیاوازی هەیە لەنێوان ئیستقلالی کوردستانو ئیستفراد بە کوردستان.

***تێبینی: رۆژی (٢٠١٧/١٠/١) لیژنەی باڵای ریفراندۆم دوای تەواو بوونی ئەرکەکانی کۆبوونەوەیەکی کرد و ناوی ((سەرکردایەتی سیاسی کوردستان )) لە خۆی نا. هەر ئەو رۆژە هەڤاڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بەیاننامەیەکی دەرکرد. ئەم وتارە بۆ شیکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە و تەئکیدکردنەوە لەسەر بیرۆکەیەکی پێشووتر بوو لە سەر جیاوازیی نێوان سەربەخۆیی کوردستان و دەستبەسەراگرتنی کوردستان. رووداوی تراژیەی وەفاتی سەرۆك مام جەلال دواخستنی وتارەکە و پێچانەوەی باسوخواستی سەرکردایەتی دوای ریفراندۆمی، سەپاند بۆیە بڵاونەکرایەوە.**

# سۆز بۆ مام لە ڕۆژنامەکەی مامەوە

هەتا ماڵئاواییمان لە تەرمی پیرۆزت نەکرد هەر وامان دەزانی ئەم هەموو بروسکەو بەسەرهاتانە، ئەم هەموو گوڵو ئاڵاو دروشمانە، ئەم هەموو شیعرو پەخشانو پرسانە بەشێکن لە کەمپینی نەتەوەییو نیشتمانی، خۆت وتەنی بۆ (جۆشدانەوەی خەبات)ە. بۆ ئەوەیە بۆنەی جەماوەری بکەینە دەرفەتێك بۆ ئاشتکردنەوەی خەڵك، بۆ بڵاوکردنەوەی زیاترو زیاتری بیری کوردایەتی پێشکەوتنخواز. وامان دەزانی ئەم کەمپینەش هەر خۆت بە چاوی دڵو بە نیگای ڕەخنەگرانەوە سەیری دەکەیتو سەرپەرشتی دەکەیت. وامانزانی ئەمجارەش ئەگەر چاك بکەین دەڵێی وعند (کوردستانی نوێ) الخبر الیقین، وەکو چۆن دەتگوت لای پراڤدا القول الفصل هەبوو. دەستمان لەسەر دڵ بوو نەکا هەڵە بکەینو پێمان بڵێیتەوە (ئەزی تێدا شەرمەزارم) و کۆتایی هەفتەش دەستخۆشی ڕاستکردنەوەو ڕابوونەوەی کارەکانمان لێ بکەیتەوە.

وامانزانی هەموو ئەم نووسینو پۆستەرو وەرگێڕانەمان هەر بەشێکە لە کۆششی یەکێتیانەو میدیایانە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك لە دەوری دروشمەکەی مافی چارەنووس. ڕاستە ئەمانە ڕەسمی تۆ بوون، وتەی تۆ بوون، خەندەو سەرنجو لاواندنەوەی تۆ بوون، ئەمما واماندەزانی ئەوە هەر خۆتی ڕامان دەسپێری لەسەر بەدرخان پاشاو شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بنووسینو یادی شەهیدەکان بکەینەوە، هەر خۆت بە قەڵەمی خۆت ئاخ بۆ شێخ سەعیدی پیران هەڵدەکێشی. واماندەزانی خۆتی دەڵێیت بە باسی شەهیدەکان، فەرماندە قارەمانەکان، سەرکردە خۆبەختکردووەکان کەمێکی چاکەی زۆریان بدەنەوە. ڕەسم ڕەسمی فەرماندەیی تۆ بوو، بەڵام بەرجەستەی حەسرەتی جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشای دەکرد. وێنە وێنەی گەشتی دیپلۆماسی جەنابت بوو. واماندەزانی لەسەر شەریف پاشای خەندانو عوسبەتی ئومەم دەنووسین.

وێنە وێنەی خۆت بوو کە لەگەڵ جەماوەر قسەت دەکرد، واماندەزانی شێخ عوبەیدوڵڵایەو

لە کۆنگرەی هۆزە کوردەکان پەیڤین دەکات. وێنەکان هی تەمەنی بە بەرەکەتو ئاوەدانی خۆت بوو یەکیان دەبووە شێخی نەمر لە بەردەقارەمان، یەکیان وێنەت بوو کە بۆ شەرارە دەتنووسی، کەچی لامان وابوو شینی دەستنووسی مامۆستا برایمە کە گەلاوێژو خەبات دەلاوێنێتەوە. وێنە وێنەی خۆت بوو لە سورداش کە بانگەوازیی ئاشتەوایی گشتی دەدەیتو ڕامان دەسپێری لەگەڵ بارزانیش ئاشت ببینەوەو حورمەتی شۆڕشی ئەیلول بە هەموو باڵەکانییەوە بگرین.

***

خۆت هەمیشە دەتگوت بۆ حزبە شۆڕشگێڕەکان هەڵبژاردن هەر کورسیو دەنگو دەسکەوت نییە، هەڵبژاردن دەرفەتە بۆ جۆشدانەوەی خەبات، بۆ چارەسەری پەیوەندیمان لەگەڵ جەماوەر، ئەگەر ژەنگی هەڵێنابێ. کە دەماننووسی سەفین لەبن بێت، یەکێتی لەبن نایە، واماندەزانی ئەوە هەر خۆت بوویت بە چرپەو بە چرکە لەگەڵمانی تا ڕامان دەسپێری لە دڵەوە بنووسین تا بچێتە دڵەوە. وامانزانی هەر ئێستا زەنگی تەلەفونەکەیەو دەڵێ مام لە قەلاچۆلانەوە، لە دەباشانەوە، لە دوکانەوە، لە جادرییەوە، لەگەڵتانە.

مام دەپرسێ بۆ ئەم ژمارەیە باسی ئاوو باو بارانی تێدا نییە؟ بۆ ئاوەدانیو پرۆژەکان، بە ئامارو بە ژمارەو بە وێنەوە بەسەر ناکەنەوە؟ بۆ یادی شەهیدەکانتان لەبیر کردووە؟ بۆ باسی مافی مەسیحیو تورکمان ناکەن؟ دیارە ئێوە کۆمەڵێك سمێڵ بابڕنو کەیفتان بە مافی ژنان نییە، بۆیە هیچی لەسەر ناڵێن، یەکێتی ژنانتان لێ هاندەم؟ مامەیەو ڕاسپاردەی هەیە لەسەر خەت بمێنن هەڤاڵان: دەبوایە لەسەر بێشکچی، لەسەر یەشار کەمالو جەواهیریو شێرکۆ بێکەس زیاترتان بنووسیبا.

مامەیە و دەڵێ:

دۆستێکی دێرینی خۆم هەیە شتێکی لەسەر کوردستان نووسیووە. باسی بکەنو ڕۆژنامەکەتانی پێ بڕازێننەوە.

هەڤاڵان مامەیە و دەڵێت:

کەرکوك و فەیلییەکان بایەخی زیاتریان دەوێت؟. خانووە قوڕەکانو هەژارانی لادێ بۆ ڕەنگ نادەنەوە لە لاپەڕەکانی کوردستانی نوێ دا؟ دیارە ئێوە بوونەتە ئەفەندی سەر چەور بە ئیستلاحی پشدەری، بۆیە گوندەکانتان فەرامۆش کردووە کە وەك ئاو وا بوون بۆ ماسییەکەی شۆڕش. سۆشیال دیموکراتەکان لە ئەوروپا بردوویانەتەوەو ئێوە هیچتان لەسەر نەنووسیون؟

لەسەر ئایشەشان نانووسن؟ هەر خەریکی ڕەسمی مام جەلالن بە کولاویو بە برژاوی؟ لاپەڕەیەك تەرخان بکەن بۆ ڕێکخراوە پیشەییەکان، ئەمانە گرنگن بۆ خەباتی جەماهیری؟

ڕۆڵە ئەم هەموو هەڵە زمانەوانییە چییە؟ دیارە دیارە ئێوە.... زمانی کوردی نازانن سەیری گۆڤاری گەلاوێژ بکەن. ئەو کوردییە جوانەیان هەبوو.

با کاکە نەوە بۆتان روون بکاتەوە، پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدینتان لەیاد نەچێت؟

پێم خۆشە پاشکۆتان لەسەر موکری هەیە، ئەو دۆسێیەی لەسەر سەعید نورسییە شتی چاکە، لەسەر یەکی ئایارو دکتۆرەکەی ماوچی تۆنگ بنووسن کە بیرۆکەی دەرزی ئاژنی هەبوو؟ دڵدارو دڵزارو عەزیز شەمزینی کوان؟ سۆسیال ئینتەرناسیۆنالو شیعری حاجی قادری کۆیی؟ یادی کاك رەسوڵ مامەندو کاکی کاکانو شەهید ئارام بارزتر بکەن.

شتێکم لەسەر خاڵە شیهابو هاوڕێکانی نووسیوە، بۆ تیڤی بنێرنو چەند جارێك بخوێنرێتەوە. برادەرانی عەزیز وتمان ئازادو دیموکرات بن، بەڵام بێ وەفاش مەبن بەرامبەر سەرهەنگ قەزافی کە لە تەنگانەدا پشتیوانمان بوو.

***

لە کۆبوونەوەکاندا دەتگوت: چاکەی کۆماری ئیسلامی لە هەڵەبجەو کۆڕەو و ئەنفال لەیاد مەکەن، بەڵام خەباتی کوردستانیمان بەشی یادی قاسملۆو شەرەفکەندیو د.جەعفەری شەفیعیشی تێدایە. دەتگوت یەکێتی هێزی لەبن نەهاتوو و دامەزراوەی کوردستانێتییەکی واقیعییە کە بۆ مافی چارەنووس خەبات دەکات، ئەمما باکوور میسری کوردستانتان لەیاد بێت کە ئاپۆ رەمزە خۆڕاگرەکەیەتی. چاکەی حافز ئەلئەسەدو سوریاکەیمان لەیاد نەچێ، بەڵام شام شەکرە ئەمما وڵات شیرینترە کە کۆبانی موقاوەمەت دەکات.

چێ گیڤارانە نەك تشی گیڤارا، لەسەر چین و ماچین، لەسەر مەلای گەورە بنووسن. کوردستانی نوێ دیارە لە بیرتان چووەتەوە خۆیشم کەرکوکیم. قامووسی ئیعلامی تورکیا باسی کوردستانێتی کەرکوکی کردووە. پێم باشە بایەخی زۆرتر بدەن بە ئێزدییەکان، ئەوانە تێکۆشەری هەڵکەوتووی باشیان تێدا بوو لە سەرەتای شۆڕشی نوێوە.

هەتا ماڵئاواییمان لێ نەکردی، وامانزانی خۆت لە کایەکەدای. ئێستاش کە ماڵئاواییمان لێ کردووی پێمان وایەو هەر واشە، خۆت لە کایەکەدای ئەلو تەلەفۆنە لە قەلآچوالانەوە، لە دەباشانەوە، لە دوکانەوە، لە جادرییەوە مامتان لەگەڵە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/١٠/١٢

# هەڵسانەوەی شایانمان دەوێت

ساڵی ٢٠١٧ ساڵی هەرە ناخۆشی ژیانی کوردستانیان بوو، لە یادەوەریشدا وا دەچەسپێ کە ساڵی سێرەگرتن لە کوردستان و کەمتەرخەمی و خەمساردی سیاسەتی کوردستانیش بووە لە ئاستی خوێندنەوەی وردی پێشهاتەکاندا. بەو زستانەشەوە ساڵێکی ساردو وەرزێکی سەختی گوزەران و ژیان دەبێت، هەتا نەتەوەی سەربەرزی کورد شۆکی ئەم دۆخە دژوارەی هەڵدەمژێت. کاتێکی دەوێت، بەڵام کوردستان موڵکی حەلاڵی کژوردە بە بازارو دوکانیەوە، کوردیش رەسەنترینی ناوچەکەیە. ئەمانە پێدراوی سروشتین کە سەرەنجام دەبنە کەرەستەی وەبەرهێنان لەوێستگەی هەڵسانەوەی داهاتوودا. سەرەنجام ئەم ساڵە ناخۆشەو زستانە سەختەکەی دەبنە وێرگوڵێك لەمێژووی پڕئاوەدانی و سەرفرازی ئەم گەلە سەر بەرزە. لەساڵی ٢٠١٨ هەڵسانەوەی شایانمان دەوێت.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/١١/٢٥

# نەورۆزی پیرەمێردو یاپراغی سلێمانی

ئەدمۆنز هاتو چوو، ئەویش بە کوردستاندا تێپەڕیو وەك پرۆ عەرەبێکی عیراقی کەمی بە کوردستانەکەی شێخ مەحمودو سلێمانییەکەی پیرەمێرد نەکرد. خۆی دەیزانی بە نوێنەرایەتی ئیستعماری ئینگلیزی چ زوڵمێکی لە کورد کرد، بۆیە هەوڵیدا بە فەرهەنگو زمان قەرەبوومان بکاتەوە. ئەمما پاش چی؟ دوای چەند ساڵ لە ئەزموونی لە عیراق، کتێبی (کوردو تورکو عەرەب) خەفەت دەخوات گوایە نیشتمانپەروەرانی عروبی عەرەب نازانن ئینگلیز چی پیاوەتییەکی لەگەڵ کردون کە ئەم دەوڵەتەی بۆ دامەزراندوون؟ عەرەب سوپاسیان نەکردو تازە فریای ئەوەش نەکەوت کە کورد خاترجەم بکات. جا وتی: وەکو زەوی بەپیتم لێ سەندنەوەو دامە عەرەب با لە زەوی فەرهەنگدا دەفتەرو پیتم بخەمە خزمەتیان. لەملا دڵی شێخ مەحمودی زویر کردو لە فەرهەنگدا دڵی تۆفیق بیگ وەهبی دایەوە. ئەدمۆنز کاری لە عیراق تەمام شود بوو، هاتبووە سلێمانی بۆ ماڵئاوایی وەك سەفیرەکانی ئەمرۆ کە دوای خانەنشینی دەبنە راوێژکاری سەرکردەکانی کورد، ئەویش هاتو بۆ خواحافیزی ئەشرافو پیاو ماقوڵانی شارو هەروا پیرەمێردیشی بینی. پیرەمێرد بردییە نەورۆزی ئەو ساڵە، تا گڕی نەورۆزی کورد دڵی بسوتێنیو یاپراخی سلێمانیش، کە دڵ دەکات بە بریان، کارێك بکات ئەدمۆندز دڵی پێمان بسووتێ. بێکەس شیعری ٢٧ ساڵەی خوێندەوە کە رەخنەو گلەیی بوو لە ساحێبو ئەبو ناجی، ناوەکانی ئینگلیز لە عیراق. مامۆستا شێرکۆ بێکەس خۆی بۆی گێڕامەوە پیرەمێرد بە دیبلۆماسیو بە نەرمی ئەدمۆندزو ئینگلیزی هێنابوو تا بزانن کورد چ نەتەوەیەکی رەسەنە کە خاوەن نەورۆزو شۆرشی کاوە و یاپراخی خۆشیشە؟ بێکەسی کوڕ بە پێکەنینەوە رەخنەی لە بێکەسی باوك هەبوو کە بۆچی مێزی دیبلۆماسی پیرەمێردی قڵپ کردەوە. گوتم گرنگە مەنجەڵی یاپراخەکە قڵپ نەبێتەوە. یادی پیرەمێردو بێکەسی باوك و بێکەسی کوڕ بەخێر، ئەدمۆندیش حەواڵەی خوا بێت.

ئەمما دوای (٢٧ ساڵەیەکی تریش هێشتا بەلای عیراقدا دەیشکێننەوەو (کوردستان) هەر رەنجبەرە لە عیراقو رۆم.

نە دیبلۆماسیی نەرمی پیرەمێردو نە حەماسی شۆرشگێری بێکەسی شاعیرو نە شۆرشی

چەشنی شۆرشی چەکداری شێخ مەحمود دواقسەی یەکلاکردنەوەیان نەکردووە.

تا ڕێبازە راستەکە کارا دەبێتەوە. تابلۆی وەك ئەمەی کاك سەربەست عەبدولڕەحمان کێشاویەتی و وێنەی لاپەڕە یەکەمی ئەم ژمارەیەی رازاندۆتەوە، دووبارە دەبنەوە.

*کوردستانی نوێ، رۆژانی: ٨-٢٠١٧/١٢/٩

# نانەویٚ

دەشەمزیٚ، لۆچ دەبیٚ و هەندێك جار لەکەم لوتفی ئەهلی حەلوعەقدیش بیٚ ناز دەکەویٚ و لەبەر سەرماو رەشەبا و داگیرکارییش هەرەشەی لیٚ دەکریٚ، ئەمما قەت نانەویٚ و قەت قەدی ناشکیٚ ئاڵای وا کە خوێنی شەهیدی بۆ دراوە هی ئەوەیە سەری بۆ دانەوێنین خۆشەویستی ئاڵا وەك خۆشەویستی کوردستان ڕەها و ئەبەدییە مەرجدار و بە بەڵام و ئەگەر نییە.

ئاڵا شەکاوەیە لە بڵندی ئاسمان و لەژێر پەرچەمیدا چی دەقەومیٚ؟ تاوانی ئاڵا نییە، تاوانی کوردستانیش نییە کە سەرزەمینی خێر و خۆشی و سەوزەڵانییە. تاوانی خراپەکارانە، هی داگیرکەرانە، هی خۆمانە کە حوکمڕانی دروست و دادپەروەری و دیموکراسییمان هەر وەك کەرەسەی ململانێی سیاسی و پەتای هەڵبژاردن و تەنها بۆ تەوەلاکردنی یەکتری لەیەکتری و تەفرەدانی خەڵك دەوێت، گوفتار و رەفتارمان گرفتاری ناکۆکی بووە، لەگەڵ خراپەکاری و داگیرکاری راهاتووین و خۆشەبووین. هەندێك وا دەزانن ئیستحقاقی دیموکراسیی و دادپەروەری هی ئەوەیە دوابخریٚ و پەکبخریٚ چونکە گوایە مەسەلەی نەتەوە و نیشتمانەکەمان ئەولەویەتی هەیە و هەڕەشەمان لەسەرە. هەندێکی تریش پێیان وایە داخوازی داد و دادپەروەری و یەکسانی و گوزەرانی باش ئەوەدەهێنیٚ دەبابەی عەبادیشی بۆ بانگ بکەیت لەداخی حوکمڕانی کوردستانیی. وەك بڵێی خۆی دەسکەلای نەرم و دیموکراسیی بۆ گۆڕانکاری و نوێکردنەوەی شك نابات یان پەی پیٚ نابات یاخود تاقەتی لێپرسینەوە و بەشداری سیاسیی نییە.

چونکە خۆی نوقمی ناوچەگەرێتی و شارچێتییە و تاقەتی کوردستان و کوردستانێتی نییە لەکاتێکدا جەوهەری هەر چاکسازییەك نیشتمان و نەتەوەیە و هەر ستراتیجێکی چاکسازیی و نوێبوونەوەش ئەگەر سەرتاسەری و کوردستنگیر نەبیٚ مەحکومە بە شکست کە خراپەکاران دەرەقەتی دێن و داگیرکارانیش ئیحتوای دەکەن.

ئاڵا بە ئاسمانەوە شەکاوەتەوە تا رەمزی ئاسۆی دوارۆژێکی گەش بێت و سەرزەمینی

کوردستانیش ڕەمزە بۆ مانەوە و ڕەگ داکوتان. جا لەنێوان ئاسمان و زەویشدا کۆمەڵانی خەڵك خاوەنی خۆیانن و خاوەندارێتی لە ئاڵا و سەرزەمینی وڵاتی کوردستان تەواوی کوردستان بێ قاچوقوچی دابڕین دەکەن.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/١٢/١٨

# سەربەخۆیی و دیموکراسی لێك جیانابێتەوە

هەر دیموکراسی وسیستمی هەڵبژێردراو توانیویەتی لە ٢٦ ساڵی رابردوو دا کوردستان و مەسەلەی نەتەوایەتی لەبەردەم هەڕەشەی داگیرکەراندا بپارێزێت. هەموو جارێك کە ناکۆکی ناوخۆیی ئیشی پەکدەخستین کاراکردنەوەی دامودەزەگا دیموکراسییەکان سەرلەنوێ چانسی پێ دەدایەنەوە لە پێشخستنی مەسەلەی نەتەوەییدا. مەسەلەی کورد چڕترین نموونەیە لەسەر ئەوەی نەتەوایەتی و دیموکراسی لێك جیانابنەوە. کوردایەتی و دیموکراتی خوشك وبرای یەکترن بۆ لێکیان جیادەکەینەوە؟ ئەگەر دیموکراسی و شەرعیەت و یاساسەروەری بۆ میللەتانی خوا پێداو کەرەستەی کەمالیات بێت بۆ بندەستەکانی وەکو کوردستانییان رەگی ژیان و مانەوەیە.

کاراکردنەوەی پەرلەمان و دەزگای شەرعیەت بۆ پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆمیش زەرورییە. ئاخر دەزگای نوێنەرایەتی گەل ئێمە لە بەڵای ناگەهان و مەکرو وتەڵەکەبازی داگیرکەران دەپارێزێ کە وەکو گورگی برسی چاوییان لە هەر سێ خێکەمان :خاك وخەڵك وخۆراکمان بریووە. لەبەردەم دونیاشدا دەتوانین مەنتیقمان بە هێز بێت چونکە دەتوانین بڵێین ئەوە گەل ونوێنەرانی گەل بڕیار دەدەن.

سەد ساڵە ئەندێشمەندانی ئەدەبیاتی کوردایەتی گلەیی ئەوە دەکەن کە داگیرکەران ناهێڵن گەلی کوردستان نوێنەرایەتی خۆی هەبێ ئێستا چۆن دەبێ لە هەستیارترین دۆخدا کە بریاری چارەنووسساز دەدرێ دەرگای پەرلەمانی خۆمان داخستووە؟ هەقە لەسەر ئەمە سەرۆکەکانی پێشوو و ئێستای پەرلەمان و پەرلەمانتارانی خولەکانی جاران و ئێستاش هاوڕا بن و دوور لە حزبایەتی تەسك قسەیان یەکبخەن.

هەقە ئێمە کراسێك لە بڕیارە پیلانگێڕیەکەی پەرلەمانی عیراق دادڕین لەسەر ئاڵای کوردستان کە حزبەکان و حکومەت خۆیان بڕیاریان نەدا و پەرلەمانیان بۆ خستەگەر. کراسێك لە ئەنجومەنی کەرکوك دادڕین کە چەند ساڵە نوێش نەکراوەتەوە بەڵام چونکە ماوە دەتوانێ بەرەنگاری پەرلەمانی عیراق بکات.ئەکەر پەرلەمانی کوردستانیش کارا بوایە ئێستا ئەویش لەوململانێیەدا بڕیاری کوردستانیی پتەو دەکرد. بەم جۆرە شەڕی ئیرادەی کورد

وکەرکوك وهەرێمیش لەرامبەر ئیرادەی عیراقدا دەیتوانی مەنتقی سەربەخۆیی بەهێز بکات. ئەو کاتە هەموو قورسایی ئەو خەباتە نەتەوەییە بۆ سەربەخۆیی بە تەنها نەدەکەوتە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە وەك قارەمانی رزگاری کوردستان، بە تەنها نە دەکەوتە ئەستۆی حزبەکانی کوردستان بەڵکو کۆششێکی مەزن و پاوەرێکی گەورەمان بۆ سەرخستنی پرۆژەی سەربەخۆیی پەیدا دەکرد. هەروەها حوجەمان لە ئاستی دونیاداسەری دەگرت.

بەم دۆخەوە دونیا سەرنجی لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دیموکراسی تر دەبوو و گەلی کوردستانیش دەیزانی کوردستانی سەربەخۆ چ جۆرێکە و سیستمەکەی دیموکراسییە یان دڕاو کراسییە و لەههەموو جێیەکەوە کون وکەلێنی هەیە؟

بەڕای بەندە وەك خزمەتکارێکی رێی مافی چارەنووس، نەك وەك لافلێدەرێکی دیموکراسی، وەك خوێندکارێکی رێی رێبازی کوردایەتی پێشکەوتنخواز کە مام جەلال تیورداریژەرەکەیەتی، ئەمە رێی ئاورشمینی سەربەخۆیی کوردستانە کە هەموو وزەی نەتەوەیی بۆ بخرێتە گەڕ، بە وزەی پەرلەمان و شەرعیەتیشەوە، بە وزەی هەموو حزبەکانەوە.

ئەمە بۆ ئەوەیە سەربەخۆیی بێتەدیٚ، بۆ ئەوەیە لەڕێی هات و ئاوەدانی راپرسی گەلدا هیچ مزگەوتی زرارێك نەبێتە قۆرت و لەمپەڕ.

*کوردستانی نویٚ، رۆژانی: ٧-٢٠١٨/٤/٨

فەسڵی دووەم

## برینەکانی کوردستانی دوای ریفراندۆم

# پاشەکشێ و بەر یەک کەوتن

# باوەڕ بە مەسەلەی کورد بهێنینەوە

باوەڕ بە مەسەلەی کورد بهێنینەوە، باوەڕ بە مەسەلەی کوردستان، بە مەسەلەی کەرکوك بهێنینەوە.

با باوەڕی پێ بهێنینەوە، چونکە ئەوەی تەمەنی زیاتر لە سەد ساڵە، بە دە ڕۆژ مەحف نابێتەوە. وشەی مەحف بەکاردێنم کە وشەیەکی کوردیی قەدیمە، تا بێ پێچو پەنا لە یەکتر بگەین. مەسەلەی کورد مەحف نابێتەوە تا نەچێتە شوێنی راستەقینەی خۆی کە مافی چارەنووسە. لە هیچ لەنگەرێك ناوەستێ، ئەمە بەڵێنی مێژووە ئەگەر باوەڕتان بە رەوڕەوەی مێژوو هەیە. لە روانگەی چەپێتییەوە. مەسەلەی کورد، مێژووکردە تا دوا مەنزڵی خۆی پێچ دەخواو هەدادانی بۆ نییە، هەروەها ئەمە وەعدی خودایە لە قورئانی پیرۆز ئەگەر باوەڕتان بە خودا هەیە (وَنُرِيدُ أَن نُّمنّ عَلَى الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا فِي الْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّة وَنَجْعَلَهُمُ الْوَارِثِينَ) کورد سەد ساڵە موستەزعەفی سەر زەمینە، با چەند ساڵێك بەهۆی پارەی نەوتو لافو گەزاڤی گروپێك لە دەستەبژێرێکی هەڵتۆقیو، مام جەلال وتەنی (باغر بووە)و لەگەڵ گەلەکەی لەژێر لێوەوەو لەکونی لوتەوە قسان دەکات. تەنانەت ئەگەر لە پانزە ساڵەی حوکمڕانی ئیدارەی کورد کەرکوکیش لەڕێ لامان دابیو لاسارەکان بەبیانووی دڕکەوە گوڵیان لە چەپکەگوڵەکەی مام؛ کردبێتەوە، هێشتاش کوردو کوردستانییان بەستەزمانەکانی سەر زەوین. چەند ساڵ چەوتیو لاساری لە کەرکوكو ناوچە دابڕێنراوەکان هیچ نییە لە ئاست سەد ساڵ لە ستەمی نەتەوە سەردەستەکانو چل ساڵێکی تەعریبو تەرحیلی سەدام حسێن لە کەرکوك.

باوەڕ بە مەسەلەی کورد بهێنینەوە

هێشتا هەموو شتێك کۆتایی نەهاتووە. هەفتەی رابردوو غلۆربوونەوە بوو کە بە کەس رانەدەگیرا. ئیتر لەم هەفتەیەوە دەبێ داڕمانەکان رابگرین. بەو دەسکەلایەی بە دەستمانەوەیە دەستپێبکەینەوە، گەرەکە ئاوڕیش لە رابردوو بدەینەوە، بە توڕەییو بە هێمنیش، بەڵام لەوە گرنگتر گەرەکە بۆ پێشەوە بڕۆین. چارمان نییە، ئەمە ئەرکە لەسەر کوردستانیان، جوامێری نییە، ناچارییە، مادام حزبەکان دەڵێن بۆ کوردو کوردستان لە کایەکەدایین، مادام ئەوانەشی

له جوڵەدان، ئەوانیش هەر دەڵێن بۆ کوردو کوردستانمانە.

چار نییە، یەکێتیو یەکڕیزیمان دەوێت، هەروەها گۆڕانکاریش. تۆمەتبارکردنمان نەگەرەکە، بەڵام خۆ دەبێ بەرپرسیارێتی هەڵگرتنیش هەبێت، شتێك قەوما، خۆ دەبێ هەبن کە قەوماندبێتیان، گەلێکمان هەیەو ئاواتی ڕەوای هەیە، خۆ پێویستە خەباتەکەی پەرەپێبدرێت.

باوەڕ بە مەسەلەی کوردستان بهێننەوە بە کەرکوکو مافی چارەنووسەکەی.

*کوردستانی نوی، رۆژی: ٢٠١٧/١١/١

# لە دامێنی تەقینەوەکانی کەرکوکدا

تەقینەوەکانی کەرکوك فشۆڵی مەنزومەی ئەمنیی عیراق دووپات دەکاتەوە.
تەقینەوەکانی کەرکوك لەناو جەرگەی جادەی قەرەباڵغی شەقامی ئەتڵەس قەوماون. جادەیەك ریزە دوکانی کورد و تورکمان و عەرەبی لێیە. شوێنێك کە چەندین ساڵە تیرۆریستانی داعش و تیرۆریستانی قاعیدەو ئەوانی تریش نەیانتوانیووە زەفەری پێ ببەن. ناو جەرگەی بازاڕی هاوبەشی ناوەندی کەرکوك کە چەندین ساڵە پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییە محەلییەکان بە ماڵ و گیانی خۆیان، بە شەونخونی و ئاگاهییەکی باشەوە دەیپارێزن و دابینی دەکەن. هەر کە شار کەوتە دەست حەشدی شەعبی، سەرایا زۆر و زەوەندەکانی ئەوانەوە، تەقینەوەکان دەستیان پێکردەوە. کەرکوك کرایەوە عیراقەکەی جاران، عیراقەکەی جارانیش قەت بێ تەقینەوەو تەقاندنەوە نەبووە.
چەند ساڵە بە بازووی پێشمەرگە و رەنج و وریایی هێزی یەکێتی، کەرکوك پارێزراوە. تەنانەت لە گەرمەی مەترسی خەلافەتی داعشدا، کەرکوك خۆی لە دزەکردن و ئیختراقی داعش پاراست. لە وەختێکدا هێزی حکومەتی ئیتحادی (کە ئێستا حکومەتی مەرکەزییە، نەك ئیتحادی، چونکە ئارەزوویەتی هەرێم نەهێڵێ) بە هەنجەتی سەرقاڵی بە شەڕی موسڵەوە نەهات بە هانای پێشمەرگەوە لە رۆژی (٢٠١٦/١٠/٢١)، کەچی پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنی بەرپەرچدانەوەی داعشدا، بە تەنیا خۆی شاری لە تیرۆر پاراست.
ئەو کاتیش لەناو دووکەڵی بەرەنگاریی تیرۆری داعشدا. دەنگە نەشازەکان دەیانوت با حکومەتی بەغدا بێت کەرکوك بپارێزێت. ساڵێ دوای ئەوە بێ ئەوەی داعش هەڕەشە بێ. بەغدا بە خۆی و حەشدی مەزهەبییەوە هات. گوایە کوردستان تەمبێ دەکات، کەچی وا کەرکوکی دابینکرد کە دوێنێ بینیمان. توومەز ئەوان وای دەپارێزن کە چەند ساڵە بەغداو شوێنەکانی تری پێ دەپارێزن.
قاعیدە نەما، سەحوە هات، سەحوە چوو، داعش هات، داعش نەماو ئەم وێستگانەش هەمووی چانس بوون بۆ عیراق تا دەرس وەربگرێ و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات بگۆڕێ. مافی سوننە دابین بکات و لەگەڵ هەرێمی کوردستان کێشەکان وا چارەسەر بکات

سەرنەکێشیٚ بۆ لێك زویربوونی چەند ساڵی رابردوو، کەچی ئەوان بە حوجەی راپرسییەوە هاتن ئەمن و ئەمانی کەرکوکیان تێکدا. نە دڵدانەوەی کوردستانیان مەبەست بوو، نە ئاشتکردنەوەی کەرکوکییەکانیش لەڕێی نەخشەڕێی ١٤٠-ەوە.

بێگومان کەرکوك بیٚ کەموکوڕی نەبوو. بێگومان حوکمڕانی لە کوردستان بیٚ گرفت و کێشە نەبوو، بێگومان سیاسەتی کوردستانیش توخمی سەرچیغی هەبوو، بەڵام لە چاو ئەوەی عیراق ئەمن و ئەمانی کوردستان نموونە بوو. هەر بەراورد ناکرێت بە بەغدا.

عیراق ئەوەی لە کەرکوك تێکدا و شتێکی نوێی بینا نەکرد.

خوا کەرکوك و پیٚ ؛ماتەکانی بپارێزیٚ. خوێنی بە ناهەق رژاوی رۆڵەکانیشی وە ئەستۆی ئەوانەی گالیسکەکەیان پێش ئەسپەکە داناوە، پێش ئەوەی داعش و تیرۆرەکەی لە عیراق نەهێڵن، حەشدیان هێناوەتە کەرکوك و بە هۆکاری جیاجیاوە خنەخن دەکەن لە دانانی پارێزگاری نوێی کەرکوك، هەیە لەبەر ئەوەی پارێزگارەکە دەبیٚ کورد بیٚ، هەشە لەبەر ئەوەی بەشی یەکێتی-یە.

بەڵکو دەنگی تەقینەوەکە بەغداو کەرکوك و بگرە کوردستانیش وە ئاگا بهێنێتەوە.

بەڵکو هەمووان پێکەوە رێگە ڕاستەکەی گفتوگۆ و دەستوور و ١٤٠ ئاوەدان بکەنەوە لەجیاتی (حاکمی عەسکەری و شمالی عیراق) لەولاو (راپەڕین) ی پلەیستەیشنیش لەملا.

پێش پەلاماردانی کەرکوك، سەرۆك مام جەلال چووە دلۆڤانی خودا، وەلیٚ کەلتورەکەی ماوە بۆ کورد و باقی عیراقییەکانیش ئەگەر دەخوازن بە حیکمەت و وردبینی ئەو، دوور لە موزایەدە و بەریەککەوتنی جەمسەرگیر، نەشتەرگەری مێشك بە وردی لە کەرکوك و کۆی پرۆسەی سیاسیی عیراق بکەن.

*کوردستانی نوی، رۆژی: ٢٠١٧/١١/٦

# عیراقی فیدراڵیش بەراتی خوێنی لێوەرگرتین

ڕۆژی ٢٠١٧/١١/٢٦، لە سلێمانیو کەلار چلەی شەهیدانی بەرەنگاری دژی پەلاماری هێزەکانی حەشدی شەعبی و حکومەتی ئیتیحادی کرایەوە. ئەو شەهیدانە نۆبەتێکی دیکەی خەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بۆ کوردستان. لە هەمانکاتدا وێستگەیەکی دیکەی قوربانیدانی گەلەکەمانە لەسەر دەستی حکومەتی عیراق. یانی حکومەتی فیدراڵی عیراقیش بەشی خۆی وەرگرت لە رۆڵەکانی گەلەکەمان.

پانزە ساڵە عیراقی تازە، عیراقی دیموکراسی، فیدراڵی، دەستووریو پەرلەمانی پیێ‌ماتووەو نەدەکرا لەوە زیاتر خۆی رابگرێو کەڵبەی خۆی لە قوڕگی گەلەکەمان گیر نەکاو باجی حەوانەوەمان لە (سایەی خۆی) لە رۆڵەی کورد لێ وەرنەگرێ.

حکومەتی عیراقی ئینگلیزی بە حوکمی راستەوخۆی ئیستعماری ئینگلیزییەوە تا حکومەتی پادشایی سایەی مەندات، تا حکومەتی تازە ئەندامی عوسبەتول ئومەم، تا حکومەتی پاماڵی نوری سەعیدو عەبدولئیلاهی وەسی، باجی کوردبوونیان لێ وەرگرتین. کوشتنی کورد لە شۆڕشەکەی شێخ مەحمود، بۆردومانی سلێمانی لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە، سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ و شۆڕشی بارزانو لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەو دەیان کوردی خەباتگێڕی وەك مەحمود جەودەت، ڕێژەی باجی وەرگیرابوو لە لایەن بەغدای پادشاییەوە کە بە وەکالەت کوردستانی جنوبی لە ئینگلیز وەرگرتبوو، خۆشی سەرباری وەکالەتەکە بە دڵو بەگیان تیفتیفەی کورد کوشتنی دەداو هونەری تیا ئەنواند. وتیان هەمووی ئیستعمارە کە دەردی بەئازارە، وا کورد فەوتاوەو لێی قەوماوە. زۆری نەبرد عیراقی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی دوای تەمموزی ١٩٥٨ هاتنە سەر سەحنە. بەڕەحمترینیان کە لای لە هەژاران کردەوە، عەبدولکەریم قاسم بوو، ئەویش قسوری لە کورد کوشتن نەکرد تا لە تراژیدیای حەرەسی قەومیدا سەحنەی بۆ ئەوانە چۆڵکرد کە لەو باشتر کورد کوشتنیان دەزانی.

عەبدولسەلام عارف دەیوت "اقتلوا الکاکات بالکاکات" تەنانەت عیراقی ئەفەندییە سەرچەورەکە، بە ئیستلاحی پشدەری، عیراقی عەبدولڕەحمان بەزازیش کە عروبییەکی نەرم

و نیان بوو، ئەویش بەشی خۆی گیانی لە کورد سەند، ئەگەرچی شتێك کەمتر بوو لە کوشتاری زەعیم سدیق لە حامییەکەی سلێمانی و کۆیەی شەهید دکتۆر خالید و شەهید شەهرەیار. لە ١٩٦٨ کە کۆمەڵێك چەتەی میشیل عەفلەق هاتنەوە کۆڕی قەتڵوعامەوە، لەوێوە حکومەتی بەعسی عیراقی تۆڵەی ئەوەشی لێ کردینەوە کەچەند سەدەیەك بە حوکمی مێژوو کورد لە دەوڵەتی میدیایی و ساسانی ژیاوە و دەستی چڵکنی عروبەی لەسەر نەبووە. بەعسی عەفلەقی بە تاکو کۆ لێی کوشتینو لێی قڕکردین.

وەسفی کەربەلای کورد لە سایەی بەعسی بەکرو بەعسی سەددام، بە هەموو وێستگەکانییەوە، لە وەسفکردن نایەت، مەگەر لە سەرۆك مام جەلال-ەوە دەستەواژە بخوازین کە دەیوت ئەم بەعسە خووی بەکورد کوشتنەوە گرتووە.

لە پەراوێزی دروستکردنی عیراقی تازەی فیدراڵیدا کە بۆشایی ئەمنی هەبوو، کورد کوژراوی دەستی تیرۆری قاعیدەو داعش بوو، ئەوانیش بەشی خۆیان مینی ئەنفالو مینی جینۆسایدیان کردین. تاقە دڵدانەوەو سەبووریمان لە مەرگی دەستی تیرۆردا ئەوەبوو شیعەو سوننەش وەك ئێمە قوربانی بوون، ئای لەو یەکسانییەی جێی شانازی نییە بۆ کەس، نەکوردو عەرەبو نەشیعەو سوننەو نەتورکمانی ئەمرۆ کە بەهۆی حەشدو بەغداوە لە خورماتوو مۆرفینی کورد کوشتنیان خواردووە. وەك سۆشیالیزمی باو و تەحریفی وایە کە یەکسانی لە هەژاری دابین دەکات لە جیاتی یەکسانی لە خێرو لە فەڕ و لە ئاوەدانیدا.

لەدوای ریفراندۆمەوە عیراقی حەشدی شەعبیو سیستمی کچ بەشودانی ٩ ساڵە، ئەویش بەشی خۆی لە کورد کوشتن برد. بەهۆی تیژبوونەوەی دانەکانی حکومڕانی شیعەو بەهۆی هەڵەو پەڵەی بەشێك لە سەرکردایەتیی کوردەوە خەسڵەتێکی نوێ لە قوربانیدانی کورد دەستپێکرد. دەڵێی ئەمە چوارچێوەیەکە هەر کارخانەی کوشتار کایەو مایە، کردار و بەرهەمیەتی.

حکومەتی نوێی عیراقیش بەشی خۆی خوێنی لێوەرگرتین. ئاخر لە فۆلکلۆری سیاسەتی کوردیدا هاتووە بەرخی نێر بۆ سەر بڕینە. وەك بڵێی لەم داستانەدا بکوژی بەغدا دەستی لە ژنو کچانی بەڕوومەتی کورد پاراستووە، تا هەر باسی کوشتنی نێرینە بکەین، هەروەها وەك بڵێی کورد پەندی تری نەبێ بۆ پیادەکردن.

رۆژی ٢٠١٧/١١/٢٦، یادی پۆلێکی تری شەهیدانی کوردستان کرایەوە. ئەوانە دیاری حەشدی شەعبین بۆ کوردستان. کێی تر قەرزی لامانە وەریبگرێتەوە؟

ئەرێ ئەم قەدەرە بەس نییە؟.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/١١/٢٨**

# وەرگێڕانی بە دەستکاری لە نێوان کۆشکی ئەلیزێ و گرین زۆندا

هیچ شتێك وەکو دۆسێی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی (عیراقی پۆست تەوافوق) ناشەمزێنێ و تووشی دڵەڕاوکێی ناکات. لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگی رابردوودا کە بە حیساب کۆمەڵی نێودەوڵەتی پشتیوانی لە حکومەتی عەبادی کردووە بۆ پاراستنی (یەکێتیی عیراق) لە بەرامبەر ریفراندۆمی کوردستاندا، چەند رووداوێك قەومان، بەغدایان خستە ژێر پرسیاری دیپلۆماسیو فۆکسی پایتەختە دۆستەکانی عەبادی-یەوە.

ئەمریکا وردیلە سەرنجی لەسەر حەشدی شەعبی و تۆماری تیرۆری سەرکردەکانی دەربڕی، لێیان کردە هەڵلا. فەرەنساش کە ماکرۆن لەگەڵ عەبادی قسەی کرد بە تەلەفۆن، راگەیەنراوی کۆشکی ئەلیزێ لە پاریس جیاوازبوو لە راگەیەنراوی گرین زۆن لە بەغدا. سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا خانم تیریزا مای شتێکی وت و نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران عەبادی شتێکی تری وت، راستتر پەیڕەوی (وەرگێڕان بە دەستکارییەوە)ی کرد.

کە ماکرۆن لە پاریس سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دیت، دیاربوو بەغدا پێی ناخۆش بوو. مالکی خۆی پێ نەگیراو لەسەر چەککردنی حەشدی شەعبی نوتقی فەرموو. ئەلیزێ جوابی دایەوە گوایە پاریس لەسەر ئەمە لەگەڵ عەبادی سازاون و بڕاوەتەوە.

بە کورتی وردە وردە جیاوازی دیپلۆماسیی عیراق و دیپلۆماسیی پایتەختی نێودەوڵەتی دەردەکەوێت. واشنتۆن و پاریس و بۆن بە عیراق دەڵێن هێلکەی پشتیوانیمان دووزەردێنەیە: عیراقێکی یەکگرتوو و پارێزراو لە تیرۆری داعش، بەڵام فیدرال و دیموکراتیش کە مافی دەستووریی کورد بپارێزێت، عیراق بەشەکەی خۆی خۆش دێتە گوێ و لەوی کورد رانەهاتووە.

کاتی خۆی هەڤاڵ مام جەلال، لە دەورانی رژێمی بەعسدا، بە خزمانی روسیای دەوت ئێمە ناڵێین دۆستی بەغدا مەبن کە بەرژەوەندییان لەگەڵی هەیە. بەڵکو دەڵێین وەکو روسیاکەی جاران بن، دۆستی بەغدا و دۆستی بزووتنەوەی کوردیش بن.

باشترین شتێك کە دیپلۆماسیی کوردستان بیکات ئەوەیە لە واقیعی گەمارۆدانی هەرێمدا

بە هێمنی دنەی دۆستانی بەغدا بدات کە بە دۆستی بەغدا و هی کوردستانیش بمێننەوە تا زوو دوورڕوویی دیپلۆماسیی بەغدایان بۆ دەردەکەوێت. با بزانن جەماعەت لە بەغدا حەزیان لە چەك و تەقەمەنی دۆستانە بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆری داعش و حەزیان لە گوشاری رۆژئاوایە بۆ گەمارۆدانی کورد، بەڵام کە قسە دێتە سەر دیوی دووەمی گوشارەکە: دابینکردنی مافەکانی کورد، ئەوا ناکرێ‌و نابێ لەکایەدایە.

کوردستانێکی بەهێز لەچوارچێوەی عیراقێکی ئیتیحادیدا مانشێتی دیپلۆماسیی رۆژئاوایە، وەرگێڕی بەدەستکاری وەك عیراقێکی (وەحدەیی) ئحمی بۆ دەکات، ئەمما کە دێتە سەر مەرجی کوردستانێکی بەهێز، ئەوا تووشی کۆکەو پژمین دەبن.

خێربێ ئینشائەڵڵا!

*کوردستانی نوی، رۆژی: ٢٠١٧/١٢/٥

# گفتوگۆ!

بۆچی هەرێمی کوردستان بە سیاسەتی رەسمیو نارەسمییەوە هەڵوێستیەیەك ناكات لە ئاستی دۆخی گفتوگۆکردنو گفتوگۆنەکردن لەگەڵ بەغدا.چەند ساڵێکی پێش ریفراندۆم دوو مانگێکی دوای ریفراندۆمیش. باس هەر باسی گفتوگۆو کێشەکانە لەگەڵ بەغدا. بۆچی ئەم کێشە بۆتە مەسەلەی بونیادی لەنێواندا؟

ئەم بێهودەییە لە کوێوەو بۆ کوێ؟

ئەگەر بنمێچی دەستوورە؟ ئەدی بۆچی پشتمان وا کورە؟ ئەگەر بنمێچی گفتوگۆمان شەڕی ئیرادەیە لەنێوان هەردوولا بۆچی ئیرادەمان بە قەولی کوردی رۆژهەڵاتی دەرناکەوێتو ئەگەر شەڕی ئیرادە واتا دەرامەتو توانایە، بۆچی خەزینی کوردی دیار نییە؟

ئایا دانووستاندن، هەر دانووستاندنێك، لەسەر بنەمای رەوایی داواکان دەکرێت یان توانای چەسپاندن؟ واتا لەسەر مەنتقی هێز یان هێزی مەنتیق؟

مەنتیقی کوردی لە کوێیەو هێزی کورد تا کوێ بڕ دەکات؟

ئایا بنەماکە تواناو ئیرادەی بەرامبەرە، واتا بەغدا مەرجەکانی گەمەکە دیاری دەکات، یان بنەماکە ئەوەیە خاڵی هاوبەشو چارەسەری ناوەندیو ناوبژیوان بدۆزینەوە؟ کامە خاڵە هاوبەشەکانو کامە هی ناکۆکەکانە؟ کێ ناوبژیوانی چاكو بەهێزو بڕیاردەرە؟

ئایا بنەمای دانووستاندن کاتە، یان کات کوشتن؟ ئەمرۆ کاتی دانووستاندنە یان کاتی نییە؟ کات بکوژین یان کاتمان لەگەڵ دەکوژێ؟ چاوەڕێی هەلومەرجی باشتر دەکەین یان بەرامبەرەکەمان چاوەڕێی هەلومەرجی باشتر دەکات بۆ دانوستان؟

دانوستانمان کاغەزو وەرقەو ئیمزای دەوێت یان وا باشترە ئیمزای نەکەینو ئیمزای نەکەن بۆ ئەوەی هەر تەرەفەو دوژمنی خۆیو ململانێکانی ناو بەرەی خۆی نەوروژێنێ؟

دەبێ شتەکان کۆنکرێتی بن، یان ئاڵۆزو باڵۆز بن بۆ تەفسیری جیاجیاو پەراوێزی دانووستاندن؟

ئایا ناکۆکییەکانمان نە بە قیست چارەسەر بکەین یان قۆناغبەندی بکەین، ئەوی کرا کراو ئەوی نەکرا وازی لێبێنین؟ وازی لێ بێنین یان بۆ کاتێکی تری هەڵبگرین؟ درێژەی

پێبدەین تا ئەوان بێزار دەبن یاخود ئەوان بێزارمان دەکەن؟

باشترە تیمی دانووستاندن بگۆڕین یان تیم دابەش بکەین؟ تیمییان پێ بگۆڕین یان تیمەکانیان دابەش بکەینو درزیان تێ بخەین؟

درێژەی پێ نەدەینو چیمان دەسکەوت وەریبگرینو چیمان دەست نەکەوت بڵێین هەر ئەوەندەیە؟

هەموو شتێك یان هیچ یان نیواونیو؟

یەك سەقفەی مێژوویی بکەین یان رۆژانە خاڵێك جێبەجێ بکەینو دەسکەوت کەڵەکە بکەین؟

بنەماکانمان، بیروڕاو پرەنسیپەکانمان بنچینەن یان لە دونیای بێ رەحمی سیاسەتو دیبلۆماسیی هێزدا بنەماکان فشەنو هەر قسەی لاوازەکانن؟!

وا دەزانم لەسەر هەر یەك لەم پرسیارانە، پێش دانوستاندن لەگەڵ بەغدا دانووستاندنێکی خۆمانیمان گەرەکە؟

*کوردستانی نوێ: رۆژانی: ٨-١٢/٩/ ٢٠١٧

# تۆماری پەیمانشکێنی

ساڵی ٢٠٠٥ کە حکومەتەکەی بەڕێز ئیبراهیم جەعفەری سوێندی یاسایی خوارد لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران و کامێراکانی هەموو دنیا، کە چاودێریی دروستبوونی یەکەمین حکومەتی هەڵبژێردراویان دەکرد لە مێژووی پێنج هەزار ساڵەی میزۆپۆتامیادا، هەڵەیەکی ناخۆش روویدا، هەڵە وەك مێشێك وابوو شاشەی سپی دەورانی تازەی ئالوودە کرد.

مێشێك هیچ نییە، بەڵام لەسەر پەردەی سپی، وێنەی گامێشێك دزێوی پەخش و پەرێشان کرد. سوێندخواردنی ئەندامان بۆ حکومەتێکی فیدرالی و دیموکرات وابوو کە "سوێند دەخۆم پارێزگاری لە عیراقی دیموکرات بکەم". فیدرالییەکەی قرتێنرابوو، یان لە حەمرین دەست بە روویەوە نرابوو.

جەعفەری، کە لە هەموو بۆنەیەکدا خوتبەیەکی عەسما، یان مامۆستا بەشیر موشیر وتەنی: خوتبەیەکی پڕ بەلیغ و موئەسیر دەدات، وتی: هەڵە بووین و خەتای گەورە نییە. لە ژوورێکی تەسکی ئەنجومەنی وەزیراندا، وەزیرەکان جارێکی تر سوێندیان بە فیدرالییەکە خواردەوە. شتێك لە دڵەوە نەبوو، وەك شیرینی شەکراو لەسەر دڵدا دەبێتە گرێ.

ئاخر هەمووی چەند مانگێك بوو لە گفتوگۆکانی نووسینەوەی یاسای ئیدارەی دەوڵەت، کە وەك بەرکولێکی دەستووری هەمیشەیی بوو، برا شیعەکان هەڵایەکیان لەسەر فیدرالی کوردستان نایەوە و تۆزیشی گەیشتە وڵاتانی ئیقلیم. گوشاری ئەفسانەی فیدرالی پارێزگاکانیان لە بەردەم فیدرالی کوردستاندا قیت کردەوە. ئەوساش وەك ئێستا بە گوشاری ئەمریکا، ملیان بۆ فیدرالی دا، گەرەکیان بوو خۆیان حاکمی ئەوحەد بن و کوردیش بە ناوی دیموکراسیی زۆرینەوە گەمارۆ بدرێت. تێبینی برا شیعەکان لەسەر رەشنووسی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و هی رەشنووسی دەستووریش، تەبعەن مەسەلە رێکەوت بوو و کەس بە خراپە لێکی نەداتەوە!، هەمووی پەیوەندیی بە مافەکانی کوردەوە هەبوو. ئەوساش هەر بە نابەدڵی پەسەندیان کرد. دوای جەعفەری، مالکی هات کە زوو زوو حەسرەتی بۆ دەستوور دەکێشا، گوایە قیاسەکەی بە بەری ئەو تەنگە.

دوو رووداوی وەك سوێندخواردنەکەی جەعفەری و دەستی دەستی مالکی، بوونە باعیسی

بژاردەی ریفراندۆم. براکانمان لە بەغدا وەك بازرگانێکی خراپ وردە قەرزی خۆیانیان لەبیرە، ئەمما دەفتەر و تۆماری قەرزەکانی سەرخۆیانیان فەرامۆشکردووە، یان راستتر بێژین بە فەرامۆشییان سپاردووە.

دوای ئەم هەموو کەین و بەینە، هیچ سەیر نییە عەبادی؛ ناوی پێشمەرگە فەرامۆش بکات، نووسراوی ئەوان PDF نییە، بۆیە هەر کە زانییان هەڵڵای لەسەر دروست دەبێت، وۆردەکە دەستکاریی دەکەن و تۆ چی بخوازی، بۆتی دەنووسنەوە.

لەگەڵ سیاسەتی وادا، کە وەك سەحرای عەرەبی وایە، شوێن پێکانی تێدا بزر دەبێت، رێکەوتن مەگەر لەسەر بەردی کۆنکرێت و دەقیش بە ئاوی حەیات بنووسرێتەوە. ئینجا باوەڕی پێ بکرێت.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/١٢/١٢**

# وزەی کوردستـانیی بەشی تێپەڕاندنی ئەم تەنگژەیە دەکات؟

وزەی کوردستانیی، لەئاستی رەسمی، لە ئاستی حزبەکانو رێکخراوەکانی گوشاری مەدەنیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستانو ناوچە دابرێنراوەکان بە هیچ شێوەیەك ناگاتە ئاستی ئەو هەڕەشانەی لەسەرمان هەیەو تا دێتیش زیاتر دەبێت. ئەم وزەیە لەکاتی شێنەییدا تێری پێداویستییەکانی کۆمەڵی کوردەواری نەدەکرد، بێگومان لەکاتی تەنگژەی ئێستادا ئەوا هەر بەش ناکاتو بگرە راستەوخۆ کەموکوڕی زیاتر دەردەکەوێتو رۆژانـەش ئەم کێماسییە زەقتر دەبێتەوە، چونکە وزەیـەك لە شێنەییدا دەرقـەت نەیات لە تەنگژەو ململانێکاندا دووقـات دوا دەکەوێتو نە فریا دەکەوێتو نە دەشتوانێت پێش بە داڕمانی زیاتر بگرێت.

***

-وزەی کوردستانیی بریتییە لە دامودەزگاکانی دەوڵەت بە حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێم، دامـودەزگای رەسمی پەرلـەمانو دادوەریو دادگاکان بریتییە لە حزبە سەرەکییەکانی وڵات کە ئیدارەی وڵاتیان بەدەستە، یان هیچ نەبێ بەشێکی دیمەنی حوکمڕانیو دەستەبژێری سیاسیی پێکدێنن. ئەم تاپیە لە وزە پێش ئەم تەنگژەیەش، پێش بەدواهاتووەکانی ریفراندومو هێرشی هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکوك، بێ گرفتو کێشە نەبوو. بۆ نموونە دەزگای سەرۆکایەتی هەرێم کە پرۆسەی هەستیاری نەتەوەییو نیشتمانیی ریفراندۆمی ئیدارە دەکرد لە چەند رووەوە گرفتدارو نوقسانی هەبوو:

-ماوەی سەرۆکایەتی ئەو دامەزراوەیە بەسەرچوو بوو، دووساڵ بە تەگبیری دوو هێزی سەرەکی لە پەرلەمان بۆی نوێکرابۆوەو دوو ساڵیش لە بۆشایی پەککەوتنی پەرلەمانو دیارنەبوونی ئاسۆی هەڵبژاردنی نوێی سەرۆکایەتیدا بە عەمەلی لەلایەن بەرێز مەسعود بارزانییەوە پیادە دەکرا. بێ ئەوەی هیچ چەترێکی یاسایی، یان سیاسییو رەزامەندی گشتی لەسەر بێت.

-هەمان سەرۆکایەتی بەرپرسی لیژنەی باڵای ریفراندۆم کە:

-نوێنەرایەتی یەکێتیی تێیدا نیوە نوێنەرایەتی بوو. چ بە مانای ڕەچاوەنەکردنی سەنگی یەکێتیی لە پرۆسەی سیاسییو ڕەوتی خەباتو حوکمڕانی کوردستانیداو چ مانای ئەوەی لەناو سەرکردایەتی یەکێتی مشتومڕو ڕەدو بەدەل زۆر بوو لەسەر ڕێوشوێنی کارکردنی ئەو لیژنە باڵایە.

-نوێنەرایەتی حزبی سەرەکی ئۆپۆزسیۆنی جاران(گۆران)و حزبی چۆنایەتی ئیسلامیی (کۆمەڵی ئیسلامی) تێیدا نەبوو.

-سەرۆکایەتی هەرێمو بەو پێیەش لیژنەی باڵای ریفراندۆم بەهۆی ئەوەی بەشێك بوون لە کەیسی دوورخستنەوەی پەرلەمان وەك دەزگای نوێنەرایەتی گەلو نوێنەرایەتی حزبەکانیش لەگەڵ پەرلەماندا بەدەعوا بوونو هەردوولا لێك دوور بوون. بە جۆرێك نەیانتوانی چەترێکی دیموکراتی، شەرعیەتی پەرلەمانیو ڕەزامەندی گشتی خەڵك بۆ پرۆسەی ریفراندۆم دابین بکەن. ئەم واقیعە ڕێگر نەبوو لەوەی گەل دەنگ بەهیوای سەربەخۆیی بدات، بەڵام کە ئەو پرۆسەیە پەکی کەوت لەناکاو سندوقە ڕەشەکەی ناکۆکییەکان و ردەکاری پرۆسەی سیاسییو کەموکوڕییەکانی ئیدارەی حوکمڕانی لە کوردستان هەڵدرانەوە. چونکە لە تەنگژەدا چاوەکان تیژتر دەبنو گلەییو ڕەخنەکانیش زۆرترو توندتر دەبن وەکو ئێستا دەیبینین.

-حکومەتی هەرێم بەهۆی ئەو لێکەوتانەوە کە پەیوەست بوون بە برینداری شەرعیەتی سەرۆکایەتی هەرێمەوەو هاوشانی ئەوەش بەهۆی تەنگژەی داراییەوە کە ئەویش کوڕی کەینوبەینی ئابووری سەربەخۆو گرێبەستی تەماوی پەنجا ساڵەو بڕینی ناڕەوای بودجەو مووچەی هەرێم لە بەغداوە بوو، نەیتوانی ڕۆڵی کارا لە چارەسەری کێشەکانی خەڵك لە گوزەرانو خزمەتگوزارییەکانی ڕۆژانە وازی بکات. جا لەوەختێکدا حکومەتی بنکە فراوان بەهۆی لێکەوتەکانی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە بنکۆڵ کرابوو سەرەنجام نەیتوانی ئیجماعێکی گشتی لەسەر پێکەوە کارکردنی لە دۆخی تەنگژەدا دروست بکات. چونکە عادەتەن لەوەختی تەنگژەی گشتیدا حکومەتەکان ئیجماعێکی نیشتمانیی دروست دەکەن بۆ ئەوەی وەکو دۆخەکە شڵەژاوە هیچ نەبێ بە دروستکردنی کەشێکی لێکگەیشتن حکومەت، بە هاوکاری هێزە نارازییەکان، بتوانێت ڕەزامەندییەکی گشتی لەسەر هەنگاوەکانی چارەسەری تەنگژە دروست بکات. سەرۆکی حکومەت لەسەر لابردنی وەزیرەکانی گۆڕانو رونکردنەوەی دا کە لەنێوان خراپو خراپتریش خراپیان هەڵبژارد، بەڵام کێشە ئەوەیە لە دۆخی تەنگژەدا دەبێ لەنێوان باشو باشتریندا بژاردەی باشترین بکرێت. ئەمەش لە زاڵبوونی سێبەری کێشەکانی سەرۆکایەتی هەرێمدا مومکین نەبوو جێبەجێ ببێت.

***

بەشێکی تری وەزەی کوردستانیی بریتی بوو لە وزەی پرۆسەی دیموکراسیو تێکۆشانی مەدەنی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و تەنانەت میدیاش رۆڵێکی گەورە دەگێڕن تێیدا ئەم وزەیە لە ئەزموونە دیموکراتیو نیشتمانییەکاندا بەشێك نین لە حکومەتو دەوڵەتداریی بەڵام بەشێکن لە وزەی نیشتمانیو نەتەوەییو لە ئەرکە چارەنووسسازەکاندا بە کەڵکی سەرکەوتنو بردنەوە دێن. ئەم وزەیەش گرفتدار بوو، تەنانەت لە قۆناغی پێش ٢٠١٧/٩/٢٥ و ئەم دۆخەی دوای داگیرکردنی کەرکوکدا. تواناکانی کۆمەڵی مەدەنیو میدیای غەیرە حزبی کوردستانیش وەك هەر بوارێکی دیکەی کایەی گشتی لە وڵاتەکەماندا دابەش بوون لەنێوان حکومەتو ئۆپۆزسیۆنەکەیدا. ئەوی راستەوخۆ سەر بە حزبەکانی حوکمڕان بوون دیارو ئاشکرا بوون. ئەوانی تریش لەسەر ویستی بەشداری خۆیان یان بە ئیحائی ئۆپۆزسیۆن سەرەنجام هەموو توانای گوشارو دیدی رەخنەگرانەی خۆیانیان تێکەڵ بە ئەجیندای ئۆپۆزسیۆن کرد.

جا لەوەختێکدا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەنێوان بەرزخی تەجرەبەی بەشداری لە حکومەتو ئەگەری گەڕانەوە بۆ ئۆپۆزسیۆن لە هاشتودا بوون. ئەم وزە مەدەنییەش شکڵو شێوەی رەخنەگرانەی خۆی لەدەست داو ئەدگاری جارانی نەما نەشیتوانی ببێتە بەشێك لە دیمەنی حکومەتو نە سەنگەری بێ لایەنیی لێبدات لەنێوان حکومەتو ئۆپۆزسیۆنێکی بەرزەخیدا.

***

ئەمە دۆخەکە بوو پێش تەنگژەی ئێستاو لێقەومانەکانی تر تانەو زەرەبەی لە ماتەبەقای وزەی کوردستانی دا. (بەو هەموو زامو برینانەوە*) وزەی کوردستانی لە بنچینەدا هیلاك بووبوو، ئێستا لەم هەلومەرجەی دوای ریفراندۆم کە بژاردەی سەربازی لە دژی کوردستان بەکارهاتو گەمارۆیەکی سیاسیی نارەوا کراوەتە سەر کوردستان ئەگەر وزەکە ئەبدەیت نەکرێتەوە لە هیلاکییەوە بەرەو هەلاهەلا بوون دەچێت.

پێش هەموو شتێك ئەم ئەپدەیتکردنە بەوە دەبێت حکومەتی کوردستان کە ئێستا نیمچە ئیجماعێکی دەرەکیو ناوەکی دروستبووە لەسەر پێسپاردنی ئەرکی دوای قۆناغی ریفراندۆم، لە وزەو توانای خۆی دڵنیابێتو بیانخاتە گەڕ بۆ کاری خێری قۆناغی داهاتوو:

-کەموکوڕی نوێنەرایەتی لایەنەکان لە حکومەتدا کەم بکاتەوەو کۆتایی بە ڤیتۆی سەر وەزیرەکانی بهێنێت (بۆ نمونە وەزیرەکانی گۆڕان)و پاشماوەی دۆخی دوو ئیدارەیی جاران لەسەر بەشێك لە وەزیرەکانی لاببات کە دەسەڵاتیان لەناوچەی یەکتر ناڕوات (وەزیرەکانی یەکێتیی بەتایبەتی)و دەستی دامەزراوە قووڵەکانو لقو مەکتەبەکان لەسەر هەندێکی تریان چارەسەر بکات (نمونە وەزیرەکانی پارتی).

-دەزگای حکومەت تەرشیقو پوخت بکرێ.

-دەسەڵاتە تازەکانی لە دۆسێی سیاسیو ئەمنیو یاسایدا باش بخاتە گەڕ.

ئەو هەنگاوانەی حکومەت کە حزبەکانیش ئاشت دەکاتەوەو کۆتایی بە بەیتوباڵۆرەی حکومەتی رزگاری نیشتمانی دێنێت، هاندەری کاراکردنەوەی پەرلەمانیش دەبێت. لەڕێی ئەبدەیتکردنەوەی رۆڵی حزبەکان لە حکومەتو پەرلەماندا متمانەیان پێ بداتەوەو متمانەیان لێ وەرگرێت. باوەڕ بەتەنگژەو پێکەوە چارەسەرکردنی پتەو دەبێت.

-حکومەت لەدوو حزبە سەرەکیو شەریکەکانیان پێکدێتەوەو رێگاش بۆ گفتوگۆیەکی هاوسەنگ لەگەڵ بەغدا ئامادە دەبێت.

-حزبەکانیش پێش خۆ لە بێژەنگدان لە هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی کوردستانو عیراقدا خۆ لە بێژەنگی متمانەی ناوخۆیی بدەنو کۆنگرەی ناوخۆیی حزبەکانیان بکەن. هەر بەس نییە حزبەکان هەڵبژاردن لەناو گەلدا بکەن، دەبێت لەپێشدا لەناوخۆیاندا دیموکراتیزە کردنی دامەزراوەکانیان پەیرەو بکەنەوە.

ئەمانە رێگای هیچ نەبێ سەرەتایی پێدانەوەی وزەن بە کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی نوێی گەلەکەمان.

***بەم ناونیشانەوە وتارێک لە (کوردستانی نوێ: ژمارە٧٠٧٣ لە رۆژی ٢٣- ٢٠١٦/٩/٢٤) بڵاوبۆوە کە زیاتر لەوەی نوقرچ بێت لە پارتی رەخنەی توند بوو لە یەکێتی کەچی راگەیاندنی سێبەری پارتی جەنگێکی مەغلوبی دژی کوردستانی نوێو راگەیاندنی یەکێتی بەرپاکرد گوایە دژی سەربەخۆیی کوردستانین.**

***کوردستانی نوێ، رۆژانی: ١٥-٢٠١٧/١٢/١٦**

# جینۆساید لە خورماتوو

تاوانەکانی حەشدی شەعبی لە خورماتوو لەکەیە بە ناوچەوانی بەغدای رەسمیشەوە کە لەژێر چەتری ئەودا حەشد لەشکرکێشی دەکات، چونکە سەرۆك وەزیران فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە. لەکەیە بە ناوچەوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە کە بێدەنگە لە ئاستی ئەو تاوانانەی لە ئاستی کوردی ناوچە دابڕێنراوەکان دەکرێت بە بیانووی ئەوەی هێشتا ئەویَ ناوچەی کێشە لەسەرن و سەر بە سەروەریی حکومەتی ئیتیحادیین. کەمتەرخەمیشە لەلایەن سیاسەتی رەسمیی هەرێمی کوردستانەوە کە بە بیانووی ئەوەی ناوچەکان چارەنووسیان بۆ هەرێم ساغ نەبۆتەوە، ناتوانیَ دەستپێشخەرییان لە ئاستدا بکات. فەزای سیاسی و فەرهەنگی کوردستانیش لەچەند ساڵی رابردوودا خەمی کوردستانیی لە هێڵی دانپیانراوی سنووری ٢٠٠٣دا قەتیس کردبوو، بۆیە شپرزەیە لەئاستی مامەڵەی دروست لەگەڵ کەیسی نەتەوەیی کتوپڕدا، وەك کەیسی شەنگالو خورماتوو.

بێگومان تاوانی هەرە گەورەش لە ئەستۆی حەشد و ئەو چەترە مەزهەبییەیە بۆ ئەم جۆرە رەفتارە کۆکوژییانە دابینکراوە، با تەنانەت پاساویش بۆ ئەوە بهێنێتەوە گوایە ئەم حەشدە پەیوەندیی راستەوخۆی بە فەتوای جیهادی کەفائییەوە نییە، یان گوایە رەفتاری ئەم گروپ و ئەو گروپی حەشد، لاساری و لەڕیَ دەرچوونە.

تاوانی ئەنجامدراو لەلایەن داعش لە شەنگال و حەشد لە خورماتوو، هەردووکیان لەیەك سەرچاوەی توندڕەوی مەزهەبی و بێباکی حکومەتی ئیتیحادییەوە سەرچاوە دەگرن کە نزیکەی ١٥ ساڵ لە خستنی دیکتاتۆری بەعس، هێشتا نەیتوانیووە حکومەتێك پێکبێنێت کەلێنی فەرامۆشی پێ؛ماتەکان نەهێڵیَ و کەموکوڕی دوورخستنەوە و پەکخستنی بەشداری سیاسیی پێ؛ماتەکان چارەسەر بکات. هەموو ئەم کەلێنانەش هەمیشە بۆتە مایەی تەوەللابوونی رەوت و ناوەندی جیاجیاو گەشەکردنی گەرای توندڕەوی و تیرۆر. نەشیتوانیووە حکومەتێکی بڕیاردەر و سوپایەکی نیزامی هەبێت. کە لەبەردەم مەترسییەکانی سەر وڵاتدا ئاتاجی بەهێزی میلیشیایی وەکو حەشدی شەعبی نەبێت.

ئایا لەم هەموو دژواری تاوانی جینۆسایدەدا، برایانی پێکەوەژیان لە تورکمانی شیعەو

له شیعەی هاوردەی خورماتوو دەتوانێت قەناعەتمان پێبکات بەشێك نییە لە چڵكی تاوانی كورد كوشتن، بە بیانووی ئەوەی كورد لە زەمەنی پێكەوەژیاندا كەموكوڕیی هەبووە؟.

*كوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/١٢/١٧

# کلاسیکۆی کوردستان

دوێنێ ڕۆژێکی هێمن بوو لە کوردستان. هەمووو خەڵك خەریکی تەماشاکردنی کلاسیکۆ بوونو کەشێکی هێمن باڵی تەنانەت بەسەر بازاڕی ئاساییو بازاڕی ڕاگەیاندنیشدا کێشابوو. بۆیە دەرفەتە لەسەر کلاسیکۆی سیاسیی کوردستانیش قسە بکەین کە دۆخی دووانەی ڕێڕەوی خۆپیشاندانی ڕەواو مەدەنیانە- ڕێڕەوی ئاژاوەگێڕی بۆ پیلانگێڕی لە یەکێتیو دەستبەسەراگرتنی، دیمەنی هەرە دیاری بوو.

## ١

دیاردەیەك هەیە لە ڕەوتی خۆپیشاندانی کوردستانیدا، دیاردەی بەلاڕێداچوون، یان بەلاڕێدابردنیو دیاردەی قەتیسبوونێتی لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا، بەتایبەت ئەمە لە دوو وێستگەی ١٧ی شوباتی ساڵی ٢٠١١و خۆپیشاندانەکانی ئەم هەفتەیەدا هەبوو، لەتوندوتیژییەکەیەوە دەستپێدەکەین بێگومان ئەمە بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشی ئیدارەی خۆپیشاندەرانو ئیدارەی حکومەتیشە. ئەوی ئیدارەی خۆپیشاندان دەکات، گەرەکە بەرپرسیارێتی ڕەوتو ئاراستەو ناسنامەی خۆی بگرێتە ئەستۆو ئەویشی ئەمنیەت دابین دەکات بەرپرسیارێتی پاراستنی نەزمی گشتیو هێمنی خۆپیشاندانەکانو پاراستنی خەڵکیو موڵکو ماڵی گشتیو تایبەتی، لەسەر شانە. کە ئەوە نابێ، پێویست ناکات هیچ لایەنێك بە قسەی گشتی خۆی لە بەرپرسیارێتی یاساییو مۆراڵی بدزێتەوە. ئاخر لەبەر قسەی موعەمماو گشتی بێ وردەکاری بوو، کە دۆسێی ١٧ی شوباتیش، وەك خۆپیشاندانەکانی، بەلاڕێدابرا، لەبەر ئەم دیاردەیەی کێشەی بونیادی ئەجێندای حزبو کلاسیکۆی ڕەوتە سیاسییەکانی لە سلێمانین کە هەمووو جار خۆپیشاندانی هێمنانە ناگاتە هەولێر. توندوتیژی، ئیلهامبەخش نییە تا کەس پێشوازی لێ بکات، نە خەڵك، کە لەوێش ناڕەزایی هەیە، نە ئیدارەی ئەوێش کە لە بنچینەدا حەوسەڵەی لەگەڵ خۆپیشاندان نییە بەهەمووو تۆنێکەوە، چ جای تۆنی سوورهەڵگەڕاو. ئەوی لێرە ڕوودەدات مۆدێلێکە کەس ناخوازێ لە شوێنی تر تاقی بکرێتەوە. جا ئیتر حزبە (سەرتاسەرییە)کان ناتوانن بیگەیەنن، یان لە دێگەڵە

دەست بەڕوویەوە دەنرێت. ئاکام یەك شتە. کەس حەز بە فەوزا ناکاتو هەندێك جاریش بۆ خەڵکی ئاسایی، نەك کارەکتەرە سیاسییە کۆنو نوێیەکان، ئارامیو ئەمنییەت پێش تەنانەت داخوازییش کەوتووە.

## ٢

ڕێڕەوی کلاسیکۆی حزبیش لە شوێنی تری ئەم دۆخەدا ڕەنگ دەداتــەوە، ویستی خۆپیشاندەران، کە ڕەواو هەقە، بەڕێوشوێنی خۆی، تـازە ئیتر وتـاری ڕۆژنامەکانو تەلەفزیۆنەکان، ئەوی هی حزب و ڕەوتەکانی ئۆپۆزسیۆنەو ئەوی هی حزبەکانی هێشتای ناو حکومەتیشە، ناتوانێ چەلەحانێیان لەسەر بکات، پێویستە حکومەت جگە لەوەڵامدانەوەی ئیجابی داخوازییەکان، کاریشیان لەسەر بکات. ئەمما ویستی خۆپیشاندان-ی حزبیو سیاسیی لایەنەکان ئەوا پێویستی بە کلاسیکۆیەکی ترە.

حزبەکان لەجیاتی ئەوەی (ڕاپەڕین) لەناو شەقامدا بکەن، هەقە (ڕاپەڕینی) دیموکراسی ببەنە ناو حزبەکانی خۆیانەوە، باشترە ململانێی حزبیی خۆیان نەبەنە ناو شەقامەوە، بەڵکو لە کۆنگرەو کۆنفرانسەکانو هۆڵی کۆبوونەوە گشتییەکاندا یەکلاییبکەنەوە.

*یەکێتی پێویستی بە کۆنگرەیەکی یەکلاکەرەوەیە کە سەرکردایەتیو بڕیارو دیدگای ئەبدەیت بکاتەوەو لەم دڵەڕاوکێو ململانێی سێبەرە ڕزگـاری بکات کە (عەلی شۆن) هەڵگرێکی پێویستە تا شوێن پەنجەی هەندێك لە ڕووداوەکانی شەقامدا دیاری بکات.

*گۆڕان-ی کشاوەش لە حکومەتی هەرێم لەژێر جەبری ململانێی ناوخۆیی ئاراستەو ڕەوتەکانی. ئەویش دوای کۆچی دوایی ڕێبەرەکەی کاك نەوشیروان مستەفا، بە ژانێکی زۆرەوە قۆناغی نوێی خانەی ڕاپەڕاندنی دەستپێکرد. هەقە ئەندامەکانی ئەوانیش ڕووی ویستی دیموکراسیو نوێبوونەوەو هەموو (شتە خۆشە تازەکان) بکەنە ناوخۆی بزووتنەوەکەو ململانێی دیموکراسی ناوخۆیی (دوای دیمەنی پێ ؛ماتنی خانەی ڕاپەڕاندن) ئیدارە بدەن. گـۆڕان-ی ئێستاش کۆنگرەیەکی گشتی وەك ئـەوەی یەکێتی پێویستە کە لای ئەوان کۆنگرەی نیشتمانی پێدەڵێن.

بێگومان بۆ برایانی (کۆمەڵو یەکگرتووش) هەروایە، بەڵام مادام ئەوان ئیسلامیین، قسەیان لەسەر ناکەمو حەواڵەی لای خوایان دەکەم، کە ڕەقیبو چاودێری گەورەیە بەسەر هەمووامانەوە.

## ٣

تەنانەت پارتی-ش کە لەودیو دێگەڵە ئۆقرەگرەو پریشکەکەی بەرنەکەوتووە، ئەویش بەتایبەتی دوای قۆناغی ریفراندۆم دیارە ململانێی ناوخۆیی هەیە، بەڵام باسی ناکەین بۆ

ئەوەی نەبن بە چاوەوە!.

بۆیە لەم دیو دێگەڵە دەمێنین:

جگە لە یەکێتیو گۆڕانو ئیسلامییەکان. ئەوانەی تازەن، بە ناوو قەوارەوە، ئەوانیش لەبەردەم پرسیاری بەحزببوونی ئاساییو ئیستحقاقی کۆنگرەی دامەزراندنو دیموکراسیی ناوخۆییدان. نەك وەك ئێستا کە هێشتا نە حزبی لەدایکبووی دیموکراسیینو نە هەڵبژاردن کراوە، تا ئیجازەی قەوارەکەیان بۆ هەڵبژاردن بڕبکات، داوای ئازادی لابردنی دەسەڵاتی ئێستا دەکەن.

بە کورتیو کرمانجی هەموو هێزەکانی ناو سیاسەتی کوردی متمانەی ئەبدەیتکردنەوەی ناوخۆی خۆیانیان پێویستە، پێش ئەوەی کەسیان بچنە شەقامو خۆیان لە فلتەری جەماوەری خۆپیشاندەرو حکومەتی کاتی یان تەنانەت، لە نزیکترین دەرفەتی هەڵبژاردندا، خۆیان لە فلتەری متمانەی دەنگدەر بدەن.

ئایا دوای قسە لەسەر دیموکراسیو ئەبدەیتکردنەوەی حزبەکان، پێویست دەکات قسە لەسەر هەمان پێویستی بۆ سەندیکاو ڕێکخراوەکان بکەین؟ کە ناکارەییان لە هەلومەرجی وا هەستیارەدا دەردەکەوێت؟.

## ٤

لەبەر ئەوە بێگومان راستە کوردستان پێویستی بە (راپەڕینە) وەك هەندێك بە دەمامکەوە لە فەیسبووك دەیڵێن، بەڵام پێویستی بە راپەڕینێکی شێنەیی ناوخۆیی هەموو حزبو ئاراستەکان هەیە، نەك راپەڕینێك لەشێوەی پیلانێکی هەڵکوتانە سەر بێت (دژی یەکێتی). پێویستە حزبەکان بەشەکەی خۆیان، هی ناو حزبەکەی خۆیان بکەنو یەکێتی بۆ خەباتی دیموکراسیی یەکێتییەکان خۆیان لێ گەڕێن.

چونکە لە دوو هەڵبژاردنی پێشوودا یەکێتی پێش ئەوان ئیقراری ئاکامی هەڵبژاردنەکانی کردووەو هەر لەسەر ئەوەش کەمترین بەشی وەرگرت لەحوکمڕانیی دوای ٢٠١٤دا. ئەگەر قسەش لەسەر نموونەی بەهاری عەرەبییە ئەوە لە ١٧ی شوباتدا هەمان قسە هەبوو، شوکر بۆ خوا کوردستان تاقی نەکردەوە، ئەگەرنا مەعلومە بەهاری عەرەبی لە مەفتەنی خۆیدا دیموکراسیو کەرامەتو ئاوەدانی نەهێنا. ئیتر سەیرە لێرە دووبارە بکرێتەوە کە لە مەڵبەندی خۆی (گەڕوگول بووە) وەك لە کتێباندا لە وەسفی ئەندێشەیەکی سیاسی تردا گوترابوو.

## ٥

لەکۆتاییشدا، هێزەکان مافیانە هەموو ویستێکی سیاسیی خۆیان دەرببڕن، بە لابردنی حکومەت یان حکومەتی نوێی نیشتمانی یان هەر ناونیشانێکی تر، بەڵام مافیان نییە

به زۆر بیسەپێنن کە مادام بژاردەی تەنانەت هەڵبژاردنی پێشوەختیشیان داوانەکردووە. هەموو داواکان سیاسیینو مادام داخوازیکاری مەدەنیانەی هەیە، ئاساییەو رەوایە، بەڵام سەقفی نارەزاییەکانی وابێت، کە تێکەڵی ویستی بەپەلەی گوزەرانی خەڵك یان تەنانەت لە توندوتیژیدا خۆی بنوێنێت، ئەوا کارێك دەکات سەقفەکە بڕوخێت بەسەر هەمووماندا. واتا لە ویستی حکومەت رووخاندنەوە بۆ هەرێم رووخاندن بڕوات، وەکو بەغداو ئیقلیمی دەوروبەرمان دەیخوازێت، هەلومەرجی وا ئیتر سەرای تەحریریش ناهێڵێت وەکو میسرو یەمەنو سوریا، بەڵکو راستەوخۆ رێگا بۆ بەحەلەبکردنی سلێمانیو بەسوریاکردنی کوردستان خۆش دەکات. ئەمەش هەموو ویستێکی دیموکراسیو ئازادیو گوزەرانیش لە مانای خۆی بەتاڵ دەکاتەوە، نە حکومەتێك دەمێنێ لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێتو نە حزبێکیش دەمێنێ داکۆکی لە خەڵك بکات.

دواجار ئەزموون سەلماندی چاکسازی، گشتگیرو نیشتمانگیرە، نیوە چاکسازیو تا کەمەر نییە! تا نیوەی هەرێم نییە، ئەگەر مەبەستە هەرێمی کوردستان داروپەردووی بمێنێت.

دەگەڕێینەوە سەر کلاسیکۆ، بەرشە بێ یان ریاڵ، ئێمە لەگەڵ یاریی جوانین.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/١٢/٢٤

# ساڵی تەحەدداکان

ئاشنایەك هەقایەتێکی بۆ گێڕامەوە، کە دوو مامی بە منداڵی شەڕو ناکۆکییان بوو. مامی یەکەم لەبراکەی خۆی دابوو، باپیر پێیزانی و هات لەسەر کوڕی زوڵملێکراو بێتە جواب. دەستی گرت و رووی لەشوێنی کوڕی دووەم کرد. دیتی وا سوجدەی بردووەو خۆی مەشغوڵی نوێژی نیوەڕۆ کردووە. کابرای باپیر دیندار بوو، هەم پەرۆشی نوێژو هەمیش لێی شارەزابوو، کەچەند رکات و چەند سوجدەی لێ دەبێتەوە. وا دەبینێ کوڕەکەی رکات درێژ دەکاتەوەو دوعاو نزای دواییش بە قەدەر موەشەحاتی ئەندەلوسی درێژدەکاتەوە. وتی: رۆڵەکەم کاتی حیساب و کیتاب هاتووە، چونکە لەبرای خۆت داوە، نوێژی نیوەڕۆ چوار رکاتەو هەر تەواو دەبێ، هی عەسریش هەر چوارە، مەغریب سێ و عیشاش چاوەڕێت دەکەین کە ئەویش چوارە، بۆ کوێ دەچی، هەر تەواو دەبێ و ئەم حەق و حیسابە هەر دەکەین.

لەم حیکایەتە خۆشترم نەبیستووە، کە گوزارشت لەئیستحقاقی دۆخی کوردستان بکات بۆ ساڵی نوێ.

وا ٢٠١٨یە، ئاهەنگەکانی سەری ساڵیش تەواو دەبێ. هەلومەرجی نوێ رووبەڕووبونەوەو تەداروکی تازەی دەوێت. چەند رکاتی درێژبکەینەوە. هەر درەنگ و زوو دەبێ حەق و حیسابێکی ژیرانە بکرێت.

جەردێکی گشتی وزەو تواناکانی خۆمان، ئەرك و بەرپرسیارێتی کوردایەتی و هێزەکانی پێویستە. دواخستن هەڵناگرێ و (ئەمرۆ بە فەردا) تاسەر نایخوات.

ئەگەر باوەڕمەندی حەقیقی بین، نابێ هەر لە تەنگانەدا نوێژو سوجدە دابمەزرێنین. عیبادەت بە تەنیا بەس نییە، عیبادەتی راستەقینە کارو کردەوەیە. حزبەکانی کوردستانیش لەم ئیستحقاقە بەدەرنین، یەکەمیشیان ئیستحقاقی کۆنگرەیە. بە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیشەوە.

*٢٠١٨/١/٦

# مامەڕیشە؛ ڕەمزێك هەمیشە لە دڵدایە
# بۆ بەرەنگاریی تەعریب لە دوێنێ و لە ئەمڕۆشدا

مامەڕیشە کوڕی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان. ڕۆڵەی قاڵبووی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانو قارەمانی تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، یادیشی دەرفەتە بۆ وەبیرهێنانەوەی عەزمی بەتینی پێشمەرگە لەبەرەنگاری سیاسەتی تەعریب لەکەرکوكو تەواوی خاکی گەرمیانو گەرمەسێردا.

مامەڕیشەو نەبەردیی خۆیو هاوسەنگەرەکانی لە حەملەکو لە دەیان ڕووبەڕووبونەوەی ئازایانەدا، هەر ڕووداوی وێستگەکانی مێژوو نین، بەڵکو ئیلهامبەخشی ڕابوونەوەو جۆشدانەوەی کوردایەتین، بەو جۆرەی باقی ئەرکەکانی خۆی لە خاوەنداریێتیی کوردستانو تەواوی کوردستان بە کەرکوکیشەوە ڕاپەڕێنێت.

نەخشەڕێگای گێڕانەوەی کەرکوكو ناوچە دابڕێنراوەکانی تر بۆ سەر کوردستانی دایك، پرۆژەیەکی ڕەسەنەو هی ئەمڕۆ نییەو بۆ ڕۆژو دوو ڕۆژیش نییە، کە بەسەرهاتێکی ڕاگوزەری باڵادەستی بە ناهەقی لایەنێك پەکیبخات، ئەمە ستراتیژی مافی چارەنووسە، کە یەکێتی دایڕشتووەو مامەڕیشەو سەدان قارەمانی تر لەو پێناوەدا خوێنو خەباتیان بۆ کردۆتە خەڵات. سەروەربوونی کورد لەسەر خاکی خۆیو لەڕاڕەوەکانی سیاسەتی عیراقیدا، کە سەرۆك مام جەلال؛ لە شۆڕشی نوێدا سەریخستو لە فیدراڵی دوای کەوتنی ڕژێمی بەعسو لە نەخشەڕێگای دەستووریی ماددەی سەدوچلدا بەرجەستە بوو، بەرهەمی خەباتی هەقخوازانەی مامەڕیشەکانی شۆڕشی نوێیەو کەس خێری بە کوردستانیان نەکردووە لەو سەروەربوونە دادپەروەرەدا.

ڕاستە گەلەکۆمەکێی هەمەچەشنە لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی، دۆخێکی ناجۆری دروستکردووە، ڕێی ڕەوای گەڕانەوەی کەرکوکی بۆ سەر کوردستان قوڕاوی کردووە، بەڵام زستانی ساردی ئەم وێستگەیەی ململانێی ژیرانە لەسەر خاوەنداریێتی لە کوردستانو سوڕی متبوونی مەسەلەی کوردو دۆسێی کەرکوك لەناو ئەو مەسەلەیەدا، هەر تەواو دەبێو بەهاری

ورەبەرزی بە گیانو روحیەتی مامەڕیشەیی، هەر سەرهەڵدەداتەوەو حەملی کازبی تەعریبی تایفەگەرییش، وەك شەوگاری تەعریبی بەعس، فش دەبێتەوە.

جا تا ئەو بەهارە، یادو یادگاریی مامەڕیشە بەزیندوویی رابگرن بۆ یادی رزگاریی یەکجارەکی پڕۆژەی خاوەنداریێتی لە کوردستان.

ئەسڵ لەو هەموو قوربانیو تێکۆشانە، رزگاریو مافی چارەنووسەو هەر ئەسڵ سەردەکەوێت.

سەرفرازبێت خەباتی پێشمەرگایەتیی مامەڕیشە و هاوڕێکانیو هەموو گیانفیدایانی شۆڕشی نوێ.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/١/٢٤

# کەرکوک، قۆناغی شۆک بەسەربچێت

ئەوی لە غەفڵەتێکی زەمەن دەقەومێت، قەت نابێتە راستیی جێگیر و هەرگیز لەسەر بنچینەی ئەو بەدەستهاتووەی زادەی غەفڵەت و بەسەرهاتی ناجۆری سیاسی و سەربازییە، راستی نویَ بنیاتنانرێت. ئەوی بە زۆر دەسەپێنرێت، سەرەنجام دەبێ رادەستبکرێتەوە. جا بە سیاسەتی ژیر، یان بە رەوایی هێز و هێزی رەوایی هەقدارەکان. مێژووی کوردستان و رەوتی دۆسێی تەعریب و تەرحیل و پاکتاوی رەگەزی لە کەرکوکیش هەروا دەڵێن.

کورد، بەتایبەتیش بزووتنەوەی کوردایەتی، ئەم راستییە دەزانێت و لەسەر بنچینەی ئەو راستییەش لە وێستگە جیاجیاکانی پرسی کەرکوکدا، سەبری ئەیوبی نواندووە، بەڵام لە کات و ساتی بڕیاردا، سەبری ئەیوبی بە سەبری شۆڕشگێڕی سپاردووە.

بەڵێ وایە کە پاشەکشێ لەدوای هەلومەرجی ریفراندۆم و پەلاماری حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکوک، شۆکێکی کوردستانیی لە ئاستی سیاسەتی رەسمی و میللیش دروستکردووە، بەڵام شۆک نییە کە ئیحتوا نەکرێت و خاوەن مەسەلە بۆ ئیعتباری خۆی و خاوەندارێتی لە مەسەلەیەکی رەوا، خۆی لێ رانەپسکێنێت و جارێکی دیکە لەسەری نەیەتە جواب و بەرپەرچی نەداتەوە.

ئەوی لە کەرکوک روودەدات، لە نوێبوونەوەی تەعریب و لە پەنگخواردنی رەوشی ئیداری و بێ چارەسەر مانەوەی کێشەکان و کەین‌وبەینی شەوانەی عروبە و تۆرانیزم بە رەنگی مەزهەبی تازەوە، شتێك نییە بە کوردستانیان قبوڵ بکرێت.

ئەوانەی دەستوور بە تەرجەمەی قۆڵبەستکردنی کوردستان و کورد دەخوێننەوە، فێری خوێندەواری و سیاسەت نەبوون و نازانن کورد بۆیە نەخشەرێی دەستووری قبوڵە، چونکە دەزانێ راستییە مێژووییەکان لەگەڵ راستییە دەستوورییەکاندا یەکدەگرێتەوە و ئەهلی هەقداریش هەمیشە حورمەتی بنەما دەستوورییەکان دەگرن، بۆیە زەرورە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمانیش پێیان بوترێ؛ کەرکوک جێپەنجەی دەستی شەهیدانە لە مامەڕیشەوە تا شێرکۆ و حسێن مەنسوور.

هەروەها جێی خۆیەتی و ئەولاتریشە، بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و

کارەکتەرەکانیشی کە لە دۆسیێی کەرکوکدا، یەکێتی کارەکتەری سەرەکی بەرەنگاربوونەوەیەتی، خۆیان زوو مشتومالٚ بکەنەوە و خاوەندارێتی هەمەلایەنە، لە (حەتاکەی) مام جەلال بکەنەوە، کە هەمیشە دەیووت: دەمرم و داخێك، حەتایەکی کەرکوك لە دلٚما دەمێنێت.

قۆناغی شۆك بەسە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/١/٣١

# سەبری شۆڕشگێڕی

## ١

سەبری ئەیوب یانی چاوەڕێی کردنەوەی دەرگای خێر لە ئاسمانەوە کە ئەوە بەس خوای گەورە خۆی دەزانێ کەی دەکرێتەوە؟

سەبری شۆڕشگێڕی یان وەکو سەرۆك مام لە ئەدەبیاتی فارسییەوە دەیگوت (سەبری ئینقلابی) واتا مرۆڤەکان بەسەبر بن تا دەرفەتی ئەوە دێت کە بەدەستی خۆیان دەرگای خێر لە خۆیان بکەنەوە.

دۆخی کوردستان لە ناوخۆی (حزبەکان لەناوخۆیانو لەگەڵ یەکتریشدا)و لەگەڵ ئەویتر، بەغدا تا دەوروبەرە ئیقلیمییەکەی، لە قۆناغی سەبری ئینقلابیدایە، ئەیوبەکەی شۆڕشگێڕە. سەبرەکەی سەبری دان بەخۆداگرتنە، نەك بە چۆکداهاتن، وەك دوژمنانی گەلەکەمان خەونی پێوە دەبینن.

پێشبڕکێکە ئەوە نییە کە لەسەر شانۆیەکی چوارچێوەداردا دەیبینین. بەڵکو پێشبڕکێیەکە ئەوەیە کێن ئەوانەی دەبنە ئەیوبی ساتەوەختی راستی؟

ئەمە راستیی مێژوویی مەسەلەی کوردە و لە کورد خۆی قەوماوە، هەر ئەمەش خۆی جەوهەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانە و ماباقی لزومیات مالایولزەمە وەکو ئەبو عەلا مەعەری ئێژێ.

ئەگەر قۆناغی سەبری ئینقلابی پێگەیشت، ئەوا دەبوژێینەوە. دەرگای قۆناغێکی تر دەکەینەوە. دوای ئەوە هەر دەرگایەکی تری خێر کە خوا لێی کردینەوە ئەوا خێر و بەرەکەتە. هەقە بزانین خۆمان بنچینەین، چونکە کورد دەمێکە گوتویەتی: خوا کێو نەبینێ بەفری تێناکا.

## ٢

ئێستا کە سەیری چەقبەستنی دۆخی عیراق دەکەین لە چارەسەری کێشەکانی خۆی و لە چارەسەری کێشەکانی لەگەڵ کوردستاندا، بەئاشکرا دیارە کە تەنانەت جوڵەی هەڵبژاردنیش

مۆژدەی چارەسەر نیشان نادات.

لە کوردستانیش کە حزبە دێرین و تازەکانیش سەرقاڵی تەگبیری لیستی هەڵبژاردن و هاوپەیمانێتی بازنە جیاجیان و بۆ ئەم مەبەستەش کۆنگرەیان بەستووە، یان لە ژانی بەستنی کۆنگرەدان (نموونە یەکێتی)، بەشی زۆری دیمەنەکە لە ململانێی رەنگاوڕەنگدا خۆی دەنوێنێ، بەڵام لەڕاستیدا دەورانێکی تازە (حوقبەیەکی نوێ) لە ژیانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان دەستیپێکردووە کە پێش ئەوەی لەسەر ناونیشانی حزبەکان، یان دامەزراوە رەسمییەکانی کوردستان و عیراق، بوەستێ، گەرەکە لەسەر باوەڕ و بەهای نوێ هەڵوەستە بکات و ئەم قۆناغە تازەیەی کوردستان و عیراق پێناسە بکاتەوە. بەهاکان و ئەندێشەکان لە وەرچەرخانەکاندا دەبنە بنەما، ئینجا دامەزراوە و چوارچێوەکان دەبنە ئەیقۆنە بۆ هەڵگرتنیان.

بێگومان بوونی پرۆسەی سیاسیی رەسمی و حزبی لە کوردستان و عیراقدا، بەو ئەزموونەی هەیبووە و هەیەتی، گرنگە، بەڵام ئەم وێستگانەش لەوەرچەرخانەکاندا بۆ ئەوەی بمێنن و گەشە بکەن و تەجروبە کەڵەکە بکەن، قەدەریانە لە ژێر چەتری قۆناغی تازە و دووریانەکانیدا بن. ئەم دیاردە و دەرکەوتنی شڵەژانەی لە کوردستان دەیبینین بەرهەمی سەرەتای ئەو دەورانە تازەیەیە و سەبری ئینقلابی پێدەگەیەنێت بۆ ئامادەبوونێکی کوردانە لەو دەورانە تازەیەدا. کۆنگرە و خۆ رێکخستنەوەش پێویستییەکی ناچارییە نەك ئارەزوومەندانە بۆ ئەوەی دەرەقەتی دەورانەکە بێت.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٢/١٤**

# قسەی حیسابیی لاڤرۆڤ

کوردستانیان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا گلەییان زۆرە لە روسیا و لە (دۆستە) روسەکانمان. بەڵام کاربەدەستەکانی مۆسکۆ هەندێکجار قسەی حیسابی دەکەن. لەوانەش سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی روسیا کە هەندێك لێدوانی بۆ گالینا بولونسکایا پەیامنێری یۆرۆ نیوز داوە. هی ئەوەیە بە دیقەتەوە سەرنجی بدەینێ.

جارێ گلەیی کوردان لە تەجرەبەوەیە: یەکێتیی سۆڤێت لە هەرەتی لاوێتی خۆیدا، کە لە براوەکانی شەڕی جیهانیی دووەم و هێشتا باڵانسی ئایدۆلۆژی بەسەر بەرژەوەندیی جیۆپۆلەتیکدا زاڵ بوو، کەچی بە لای بەرژەوەندیدا دایشکاند و گەرمیی ئایدۆلۆژی بە قازانجی ئاوە گەرمەکان گۆڕییەوە.

لە دەورانی سەنگینی شەڕی ساردیشدا، کە هەموو لایەك حیسابی بۆ مۆسکۆ دەکرد، ئینجاش دۆستەکانمان بەغدایان بەسەر (گەڵاڵە)دا پەسەند کرد و شۆڕشێکی گەورە و گرانیان بە تەنیا جێهێشت. ئەوان ئەو بنەما زێڕینەیان پێشێلکرد کە هەمیشە مام جەلال دەیوتەوە: ئێمە داوا لە دۆستە روسەکانمان ناکەین لەبەر ئێمە پەیوەندییان لەگەڵ بەغدا تێکبدەن. بەڵکو داوایان لێدەکەین پەیوەندییان لەگەڵ کوردیش بپارێزن. واتا بۆ ئێمەش باشە لەگەڵ بەغدا لە هاموشۆدا بن. تا لە کاتی پێویستدا میانە و ناوبژیوان بن.

لە ماجەرای عەفرینیشدا جارێکی تر یادەوەری کورد لە رەفتاری روسەکان کەوتەوە تەقە. ئەگەرچی تەڤگەری کورد لە رۆژئاوا وا دەردەکەوت کە گەلێك بە وریاییەوە لەگەڵ فاکتەری نێودەوڵەتی مامەڵەیان دەکرد.

جا هەر خۆشی ماجەرای عەفرینە کە بووە هاندەری لێدوانەکانی لاڤرۆڤ.

وەزیری دەرەوەی روسیا دەڵێ: "پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە کە چۆن مافی یەکسان بۆ کورد لە چوارچێوەی سنووری ئێستای ئەو دەوڵەتانەی ئەوانی تێدان دابین بکرێت! بە جۆرێك تەواوی ناوچەکە نەشەمزێنێ، هەروەك هاوڕێ رۆژئاواییەکانمان لە سەدەی پێشوودا کردیان".

پێشنیازی سەرکردەی دیپلۆماسیی روسیا ئەوەیە مافی کورد لە هەر چوار ناوچەکە، کە

کوردیان تیا دەژین، دابین بکرێت بێ ئەوەی دەستکاری سنوورەکان بکرێت:
با دەستکێشی نەرمی بۆکسێن لابدەین و وتەکە خورد بکەینەوە:
١-مافی یەکسان بۆ کورد.
٢-سنووری رەسمی بۆ دەوڵەتەکان.
٣- ناوچەکە نەشەمزێ.
٤- ئەزموونی رۆژئاواییەکان (مەبەست ئینگلیزو فەرەنسا) وەك دوو میراتگری سایکس پیکۆو ئەڵمانیای شەڕی جیهانیی یەکەمو دووەمو دواجاریش ئەمریکای خاوەن ١٤ خاڵی مافی چارەنووسی سەرۆك ویڵسن و رابەری دەورانی شەڕی ساردو تا ئێستاش، دووبارە نەکرێتەوە.
لەم دەستنیشانکردنەدا رەفیق لاڤرۆڤ روسیای وەك رۆژهەڵاتی ئەورووپا ناساندووەو تەجرەبەی کۆماری مهابادیشی دیلیت کردووە.
جا خوردکردنەوەی ئەم دێڕانە بنچینەی مەسەلەی کوردو کوردستان لەناوچەکەدا پێکدێنێت. سەدساڵیشە ئەدەبیاتی کوردایەتی لەسەر ئەم پایە دامەزراوە کە چۆن مافەکانی هەر کوردستانێك دابین ببێت؟
لێ پایتەختەکانی جیهان روونی ناکەنەوە ئەمە چۆن دەبێت؟
شەریکەکانی کوردیش، لەم ناوچەیە، ناڵێن ئەمە چۆن دەبێت؟
مەگەر ئەو کاتە نەبێت کە لە دۆسێی ریفراندۆم و بەرخۆدانی عەفریندا پرسیارەکە دێتەوە کایە، کە دادەسەکنێ پرسیارەکە دەپێچرێتەوە. شەیتان لەوردەکاریدایە وەك دەڵێن، ئەمەش جیاوازی نێوان ئەدەبیاتی کوردایەتیو لێدوانی راگوزەری رەفیق لاڤرۆڤە. پەیامنێری یۆرۆنیوز ئەمەی نەکردووە بە پەژارە تا داوای روونکردنەوەی زیاتر لە وەزیری دەرەوە بکات، بەڵام مەعلوم ئەمە پەژارەی کوردایەتییە.

***کوردستانی نوی، رۆژی: ٢٠١٨/٢/٢٠**

# زمانی شوناس

زمانی کوردی ستوونی سەرەکی مانەوە و پاراستنی نەتەوەی کوردە، بەتایبەتیش لە سەد ساڵی رابردوودا.

زمان بۆ هەموو نەتەوەیەك شوناسە، بەڵام بۆ گەلی کورد شوناسی هەرە سەرەکییە. ئێمە لەگەڵ نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایین و مەزهەب، یەکمان دەخات. موسڵمانین، شیعە و سوننەشمان هەیە و ئایینزاکانی دیکەش لە باخچەی کوردستاندا گوڵی رەنگینن، ئەمما زمانەکەمان ئێمەی پاراستووە. لەبەرئەوەشە وەك خۆمان لەبەردەم هەڕەشەی توانەوەدا بووە. لە سەد ساڵی رابردوودا شەڕی زمانەکەمان کراوە، قەدەغە کراوە و زمانمان بڕاوە. تەنانەت لە عیراقی ئینگلیزیشدا مەعارفی عیراق (ساتع ئەلحسری) لەگەڵ حەرف و فاریزەی کوردیدا نێوانی خۆش نەبوو. بیانووش ئەوەیە حەرفی عەرەبی، حەرفی قورئانە و نابێ دەستکاری بکرێت.

لە سوریا تا فەرەنسییەکان هەبوون، ئەبجەدی لاتینی (هاوار)ی کوردی دەگەیاند و لە حوکمی (وەتەنی) و بەعسیدا، نامیلکە و جەریدەی کوردی لە چەکمەجەدا دەشاردرانەوە. لە تورکیای کەمالی وتیان: تورکی شاخاوی زمانی بۆ چەس؟. لە تورکیای ئەردۆگانیشدا وتیان: بۆتان هەیە لە بری هەر حەرفێك پارە بدەن و بۆ هەر رستەیەك لە غەرغەرەیا بن. لە ئێران زەمینیش قەدەغە نییە، ئەمما هەرەمێکی چینایەتی بۆ پێگەی زمانەکان هەیە و کورد لە بەشی زمانی مەحەلی جێی دەبێتەوە.

عیراقی ئەمریکی لە کاتی دەستووری ٢٠٠٥-دا، زمانی کوردی کردۆتە رەسمی. هەر کە لوولەی دەبابەکانی هاوپەیمانان لە بەغدا دوورکەوتنەوە، فەرمانڕەوا شیعەکان وەك فەرمانڕەواکانی سوننەی ناسیۆنالیست، زمانی رێگەپێدراو ئیحتیوا دەکەن. کوردستانیش کە لە عیراقدا تا وێستگەی شەڕی داعش، قسەی دەڕۆیشت، هەر خەریکی یاسای نەوت و غاز و بودجە بوو. تا ئەوەی پێگەی زمانەکەمان لە عیراق پەرەپێبدا و بەڕەسمی ناسینی بکاتە واقیعێك لە ناوەندە رۆشنبیریی و ئەکادیمی و دەوڵەتدارییەکانی عیراقدا رەنگ بداتەوە. لە کاتێکدا وەکو وتمان ئەوی سەد ساڵە کورد دەپارێزێ، زمانەکەیەتی، نەك نەوتە نەفرەتییەکە.

له خشتەی کاری زانکۆ و کاری کەلتووریی حکومەتی خۆشماندا، زمانەکەمان ئەولەویەتی خوارەوەیە و نەبۆتە ستراتیژ و کارێکی سیادیی.

ڕۆژی زمانی دایك دەرفەتێکە تا بڵێین ڕاستە پێشمەرگایەتی و کوردایەتی، کوردستانیان پاراستووە، بەڵام دەفتەر و قەڵەم و کاغەز، پەروەردە و پێگەیاندن، ئەیقۆنەی پاراستنی زمانەکەمانن.

زمانەکەشمان هەم شوناسەکەیە و هەم ئامرازی دەربڕینی ویست و داخوازییە بەدینەهاتووەکانی گەلی کوردستانە.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٨/٢/٢١

# ڕێی خەباتمان... چۆن بێ؟

لە دەرەوەی حیزبایەتی... و ڕوو لە کوردایەتی

سەرەنجام تێکۆشەری کوردستانی ساڵح موسلیم ئازاد کرا و دەبێ ئێستا لە پراگ بێت، یان بەپەلە ئەو وڵاتە جێبهێڵێ تا لە چوارچێوەی کەین و بەینی سیاسیی، بە ناوی یاسا و داوای ترەوە کەیسێکی تری بۆ هەڵنەدەنەوە. ئەوەیان لە سات و کاتێکدایە یەکلایی دەبێتەوە، بەڵام پرسیارێکی سەرەکی هەر دەمێنێتەوە کە دەشێ بڵێین پرسیاری نیوەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمە. گەلی کورد چی بکات بۆ خەباتەکەی تا سیاسەتی دڵرەقانەی دنیا هەر ڕۆژێ گێچەڵێکی پێنەکات؟.

**١**

لەناو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردایەتیدا، بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست کە ئیتر ئەم ئەدەبیاتە بووە خاوەنی تیز و تیڕوانینی خۆی، ئەندێشە و ڕێوشوێنەکانی کارکردنی دامەزرا، کرا و کتێب و ڕێنوێنی دەوڵەمەندی لەسەر دەرچوو. وترا کە خەباتی گەلی کوردستان بۆ ڕزگاری و ئازادی و دابینکردنی مافەکان، گەرەکە خەباتێکی هەمەلایەن و هەمە ئاڕاستە بێت و ئەولەویەت و هەرەمی پیادەکردنی بۆ دیاریی بکرێت. هەندێکی ئەو ئەزموونە هی هەوراز و نشێوەکانی خەباتی کورد خۆی بوو، هەندێکیشی هی ئەزموونی شۆڕشگێڕی گەلان و بەتایبەتیش هی بزووتنەوە چەپەکانی کە دووانەی نەتەوە و کۆمەڵایەتییان ئاوێتە کردبوو. لەو هەلومەرجەدا خەباتی چەکداری نموونەی زاڵ بوو، چونکە ئەمە خەباتی ناچاری بوو لە بەرامبەر پایتەختەکانی خۆشیان بە دیموکراسی و خەباتی سیاسیی نایەت، ئەوەشی کە ڕێگەی وایان داوە دیزاینی دیموکراسی و سیاسەتیان وا کردووە کە جێگەی ویستی کوردستانی تێدا نابێتەوە. لە هەموو وێستگەیەکی شکست، یان پاشەکشێی شۆڕشگێڕیدا هەمیشە ئەم پرسیارە دەهاتە بەر ڕۆژەڤ کە داخوا بژاردەی چەکداری کەڵکی ماوە کە هەم زیانی بۆ کوردستانی ڕزگار زۆرە و هەمیش لە ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیشدا دۆست لە کورد دەکاتەوە،

ئەگەر هەبێ، یان دۆستمان لێ دەکاتە دێوەزمە، ئەگەر میانەمان لەگەڵ پەیدا بکات. لێ لە وەرچەرخانە ئیجابییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا پرسیاری جەدوای خەباتی چەکداری دەکشێتە دواوە و ڕێگەی خەباتەکانی دیکەش کە لە وەرچەرخانە ئیجابییەکاندا دەگەشێتەوە و دوو دڵی و دڵەڕاوکێ میوت دەکات.

نەك هەر کورد، هەموو میللەتێك لە دنیادا کە پێی دەکرێ، ڕێی ئاوریشمینی خەباتی بۆ تەخت بێت، بۆ قەد بڕی دەکات؟

## ٢

وا دەهاتە بەرچاو بەتایبەتی لە مۆدێلی کوردستانی باشوور دوای کەوتنی سەددامو لە مۆدێلی باکوور دوای گەشەی خەباتی دیبلۆماسییو دەستپێکردنی سێکوچکەی (دۆڵمە باخچە، ئیمرالی-قەندیل) بۆ گفتوگۆی ئاشتی، بەڵام کۆتایی ئەم دۆخە ناجۆر بوو. وادەبینین لە باشوور فیدراڵیو نەخشەڕێگا بۆ سنووری جوگرافی کوردستان لە دەستور دیاری کراوەو تایتلە سەرەکییەکانی شەراکەت لەگەڵ باقی عیراقییەکان دانراوە، بەڵام بەکردەوە خنەخنە هەیە لە جێبەجێکردنو لەدوای وێستگەی ریفراندۆمیش بە ئاشکرا کار بۆ ئیحتواکردنی ئەو دەسکەوتە دەستوورییانە دەکرێت کە ڕێوشوێنی سیاسییو یاسایی بۆ بەدەستهێنانی باقی مافەکانی باشوور دیاری کردووە. ڕاست بەشێکی ماجەرای ئیحتواکردن لەهەمبەر کوردستان پەرچەکرداری بەغدایە لە بەرامبەر هەڵەو کەموکوڕییەکانی سیاسەتی هەژمووندا و ڕەسمی کوردستان، بەڵام ئەم پەرچەکردارە خەریکە تا پلەی خەتەنە لەبنەوە سەردەکێشێ. لە باکووریش نە پرۆسەی ئاشتیو گفتوگۆ ماوەو نە ڕێگای خەباتی پەرلەمانیو شارەوانیش بەو جۆرە تەخت دەکرێت کە سەتڵی مارو پەیژەکە لە پلەی ٩٩ قلْب نەکرێتەوە...وەك چۆن لە ململانێی باشوورو بەغدا سیاسەتی کوردستانیی بێ بەری نییە، هەڵبەت هی باکوویش لە ململانێی ئەنقەرەدا بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام وەکو لە ئاڵۆگۆری بەرژەوەندخوازانەی بازرگانیدا هەڵەو کەموکوڕی بەشی هەردوو لایە، خۆ لە سیاسەتو ململانێکانیدا هەر دەبێت واو و واوەتریش بێت.

مەگەر ڕەخنەی جەوهەریمان لە خۆمان (خۆمانی باکوورو باشووریش) ئەوە بێت کە بڵێین ئێمە ساحیبی مەسەلەیەکین دوای سەد ساڵ لە کردەو کۆشش بۆی، بەشی ئەوە و کاتی ئەوەمان نەماوە، هەڵەو سەرچیغی تێدا بکەین.

ئەمما لەڕاستیدا پرسیارە جەوهەرییەکە هەر ڕەوایە، داخۆ لە دوو نموونەی باشوورو باکوور(و هەروەها ڕۆژئاڤاش) کە تێکەڵی دۆسێی باکوورە لە دیوی کوردو تورکیاشەوە، داخۆ ڕێگای خەباتی کورد بە کام ڕێبازو ڕێگادا بڕوات کە زیمامدارانی ئەموری

هەرێمی و نێودەوڵەتی سەودای لەگەڵدا بکەن.
-باشوور لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتی و مەنزومەیەکی ئیقلیمی دڕکداردا مامەڵەی کردو تا فیدرالی ڕۆشتو تا ئەو ڕادە جێ متمانە بوو کە لە دوو نەبەردی روخانی بەعس و سەرپانکردنەوەی داعشدا بە هاوپەیمانی ڕاستگۆ لە قەڵەم دەدرا.
-باکووریش بە خەباتی چەکداری و خەباتی پەرلەمانی و شارەوانی و جەماوەری، روناکبیری و میدیایی دەستو پەنجەی لەگەڵ پەرەسەندنە سیاسییەکاندا نەرمکرد.
-ڕۆژئاواش بە پاراستنی کانتۆنەکانی خۆی و بیناکردنی ئەزموونێکی حوکمڕانی شایانو بەرەنگاربوونەوەی داعش لە کۆبانێ و ڕەقەو تەواوی باکووری سوریادا تا ئەو ڕادەی خەریك بوو ئەزموونی بونیاتنەرانەی پەیدە شەفاعەت بۆ ئەجیندای PKK لە قەندیلیش بکات.

## ٣

کەچی لە هەندێك دیمەندا هەوڵی پەکخستنی جموجوڵی کوردستانیی دەدرێت:
— گوشاری نێودەوڵەتی بۆ سەر بەغدا کە پەڕەی ریفراندۆم هەڵبداتەوەو بچێتەوە سەر چوارچێوەی یەکەمی فیدرالی لەگەڵ کوردستان هیچ ئاکامێکی نەبووە.
-خەباتی پەرلەمانی و شارەوانی باکوور بە گرتنی دەمیرتاش و هاورێکانی لە سەرۆك شارەوانییەکانو پاشگەزبوونەوە لە خەباتی موفاوەزات کوێر کرایەوە.
-خەباتی بەرەنگاری داعش و توندرەوەکانو خەباتی دیبلۆماسی تەڤگەری ڕۆژئاڤا بە بەرەڵاکردنی دەستی سوپای تورکیا لە عەفرین و گوێگرتن لە دۆسێی تورکیا لەسەر سالح موسلیم. لەهەموو رەواییەك بەتاڵ کراوەتەوە.
ڕاستە، موسلیم ئازاد کرا، بەڵام هەر خۆی گرتنەکەی لە وێستگەی یەکەمی گرتنی بەرێز ئۆجەلان دەچوو لە ئەوروپا کە دواتر لە نایروبی پیلانیان لێ گێڕا و گرتیان.

## ٤

مێژووی رەوتی بزووتنەوەی کوردستانیی لەگەڵ پایتەختە ئیقلیمییەکاندا دیارو شاراوە نیە بەڵام کۆمەڵی نێودەوڵەتی کە لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەوە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی تازەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی لەسەرێتی قسەی هەبێ لەسەر ململانێی کوردو رێوشوێنەکانی خەبات بۆ مافەکانی.
پێویستە کارشناسانو خەباتگێرانی کوردو هەروەها نێوەندەکانی بیرکردنەوەو ڕارەوەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی تەکلیفی خۆیان لەم دۆسێیە رۆشن بکەنەوە.
لایەنی کوردی بۆ ئەوەی رەوتی خەباتەکەی دەسکەوت کەڵەکە بکاتو کەمترین

وێستگەی پاشەکشێی تێدا بێت. لایەنی نێودەوڵەتیش گونجانێك دروست بکات لەنێوان ئیلتزامە

نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی سنووری دەوڵەتەکانو مەنزومەی ئەمنیو ئابووری هەرێمایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێویستی جێکردنەوەی رەوایی خەباتی گەلی کوردستان بۆ مافەکانی.

بۆ ئێمە مافەکان بنچینەی تێکۆشانو بۆ ئیقلیمو نێودەوڵەتیش قانونو مەنزومە بنچینەیە، لەو نێوانەدا ئەبێ پەراوێزو گۆڕپانێك هەبێ.

*کوردستانی نوێ، رۆژانی: ٢-٢٠١٨/٣/٣

# ملوك الطوائف-ییەکە
# لە سیاسەتی کوردستانیی وێنەی نەبووە و نەبێ

هێزەکانی بەشەکانی کوردستان باسی یەکێتی نەتەوەیی دەکەن و داوای دەکەن، کەچی لەگەڵ یەك هەڵناکەن، لە جیاتی ئەوان داگیرکەرانی کوردستان لەسەر کورد یەك دەگرن و ئەوان زیاتر لە هێزە کوردستانییەکان سیاسەتێکی (کوردستانی) بە دیوە پێچەوانییەکەی دەمەشێنن. حزب وهێزەکانی هەر بەشێکیش لە گەڵ یەکتریدا ناکۆکن و پاشقول لەیەکتری دەگرن. ئەوانەی باشوور یەکتری تەخوین دەکەن و کێ زۆر گوتاری نەتەوەیی توندە ئەوەیان خۆپەرستتر و خۆسەپێنتر و لوتبەرزتر و تەحەزوب ترە.

لە ناو حزبیش خۆیدا ملوك الطوائف- ی و دوو سێ ئارەستەیی هەیە. تەکەتول لە ناو تەکەتول هەیە. جاران فیفتی فیفتی بۆ فەراشی دائیرە شۆر دەبۆوە، ئێستا دەستی ڕاست قۆڵبەستی دەستی چەپ دەکات و قاچی ئەملا پاشقول لە قاچی ئەولا دەگرێ و پێشمان سەیرە کە هیچ هەنگاوێك ناچینە پێشەوە؟

عەرەب و عەجەم، ئێران و تۆرانمان بە خۆمان خۆش کردووە کەچی وەك شەهێن و شەهلا لەسەر دەسکێ کلێنێکس نەك رەیحانە، شەڕمانە

پاسەوانانی کۆنی ناوەوەمان نەبەرجا و نە بەدیموکراسیی ڕێی هەناسەدان و ئەبدەیتکردنەوە نادەن، دەستبەردار نابن و شەریك و هاوبەشێتی هەڤالانەشیان قبوڵ نییە، ناهێڵن جوهد و ئیجتیهادی نوێ خۆی تاقی بکاتەوە و خۆشیان ئەرکەکانی قۆناغیان پێ جێبەجێ ناکرێت

بە پاساوی ئەرکی نەتەوەییەوە ئەرکەکانی دیموکراتی حەپەلۆش دەکەن و بەبیانووی ئەرکی دیموکراتییەوە خەم لە ئەرکی نەتەوەیی ناخۆن .لە ژێر تایتلی هەڵبژاردنی چارەنووسسازەوە نوێبوونەوە لە هەرەمی حزبی ناکەن و پاساویشیان بۆ متبون و ژەنگهەڵێنانی ڕێکخستن و هەناوی حزبییەوە گوایە بوونی مەترسی هەڕەشەی دەرەکییە.

کە بێگومان مەترسی هەیە بەڵام ڕێی رەواندنەوەی داخراوی و داخۆرانی ئێستا نییە.

گوتاریان و گوتارمان یەك ریزی و یەك چارەنوسییە و لەکرداردا پەرت و کەرتین
لە بەردەم بەغدا لاوازین و بۆ گیانی یەکتری وزەی زۆرمان هەیە و ماشێنی جەنگی تەبلیغاتیمان بە یەکدا دەدات و هەر یەکە میلیشیاتی سۆشیال میدیای خۆی هەیە.
ئەم ترازانە لەناو حزیشدا هەیە، ئەم ترازانە پاساوی دیموکراتی نییە و ئەو متبوون و کۆنینەیی و ژەنگهەڵێنانەش ناتوانێ بیانووی خۆی لە ئەنسکلۆبیدیای پەرۆشی نەتەوەیی و نیشتمانی و پەرۆشی رابردووی خەبات وسەروەری بدۆزێتەوە.
ئەو جیاوازییە زەقە چینایەتی و نفوز و دەستڕۆیشتوییەی لە ناو هێزەکان و لە هەناوی یەك حزبیشدا هەیە قەت بە بنەماکانی بازاڕی ئازاد و کێبرێی کەفائەت و لێهاتووی شرۆڤەی تیوری بۆ ناکرێت
مەعلومە ئەوە نیشانەی شپرزەیی و شێواوی حزبیی ونا عەدالەتییە.
نیشانەی گەرانەوەی توخمەکانی چەرخی جاهلیەتی پێش کوردایەتی و پێش کوردەواری مۆدێرنە کە خوێن و دەمار و ئەحباب چاوشلی تێدا نەبوو
کارێکمان کردووە و کارێکیان کردووە کوردایەتی بەدناو بکرێت و نەتوانێ داکۆکی لە خۆی بکات، دیموکراسیی سووك بکرێت بە جۆرێك ببێتە خیتابی ئەوانەی دەستیان ناڕوا و ئەرکی خزمەتی گشتی و ویستی دادپەروەری ببێتە ویستی ئەوانەی گێژ و گێلن و لێی نازانن، بۆیە لەپێشبرکێکە دوا کەوتوون!!
ملوك الطوائف- ی ئەمە نەبێ چی هەوە؟
ئومەرای حەرب و ئیماراتی نفوز ئەمە نەبێ ئەی چی هەوە
بەو حاڵەشەوە دوژمن پێمان فێر نەبێ و زەفەرمان پێ نەبات ئەی چۆن شایستەی ناوی دوژمنە؟
نەخشە رێی یەکێتی ریزەکان و مشتومالی بزووتنەوەی کوردایەتی پێشکەوتنخواز کە دەرەقەتی ئەرکەکانی سەدەی بیسویەك بێت چۆنە و لە کوێیە و لای کێیە؟
کێ کۆد و پاسۆوردەکەی لەبەرە؟

*سایتی مەودا پرێس، رۆژی: ٢٠١٨/٣/١٣

# هەڵەبجە تا عەفرین، دوای سی ساڵ بەم جۆرەی دەبینم

هەڵەبجە رەمزە بۆ جینۆسایدی کورد، ئەوە تایتڵە سەرەکەییەکەی ناساندنی تراژیدیای هەڵەبجەیە. بەڵام ئەم تایتڵە گەرەکە خورد بکرێتەوە بۆ چەندین هەڵەبجۆکە. لەهەر کوێ نارێکیو چەوتییو شێواوی هەبێو ناو لە شتانە وەکو خۆی نەنرێت، ناو لەگەڵ ناوەرۆکو ناوەرۆك لەگەڵ ژینگەی خۆی نامۆو نارەوا بێت، ئەوە هەڵەبجەیەکەو ئەوێ مینی جینۆسادیدە کە مەگەر بە میکرسکۆب ببیبینین، دەنا لە فەوزای قەبەیی زوڵمو زۆرو میهرەجانی درۆودەلەسەدا غایب دەبێت. لە بنچینەشدا لە کارەساتی هەڵەبجە ناخۆشتر هەستی هەڵەبجەییەکانە بەوەی ئەو کاتەی لێیان قەوما دونیا مژوڵی کێشە خاوەن قەبارەکانو کێشە خاوەن کێشو قورساییەکان بوون. هەڵەبجەیی لەوەدا دوو جار زوڵمی لێ کرا کە لێی قەوماوەو کە لێقەومانەکەی بە بچووك لەئاستی قەومانو کێشەی گەورەتر دەبینرا. پشت بەو دوو ئازارەو پشت بەو شعورەی هەڵەبجەیی لە دوو جار زوڵملێکردندا هەیبوو، هەر زوڵمێك کارەساتی هەڵەبجەیەکەو هەر بەکەم زانینێکی زوڵملێکراوەیی هەڵەبجەیی زوڵمی دوو قاتە.

بەڵام هەڵەبجە هەر ناونیشانی هەستکردن بە زوڵملێکراوی نییە، وەك لەدوا دێردا ڕەشمکردووە، بەڵکو ئاماژەشە بۆ نارێکیو شێواوی وەك لەسەرەتای سیپارەدا نووسیومە. نارێکیو شێواوییە باعیسی زوڵمی چەند پاتەی هەڵەبجەو هەستی زوڵملێکراوی لای هەڵەبجەییەك.

هەڵەبجە لەساتەوەختی خۆیدا کە قەوماوە دوا لوتکەی شێواوی پەیوەندییە لە نێوان دوواندا: زاڵمو زوڵملێکراو. دووان کە زوڵمو زوڵملێکراویان ناوەرۆکی پەیوەندییەکی خراپە لە لوتکەی تراژیدیادا تەقییەوەو بووە جینۆساید. پەیوەندی هەڵەبجەی زوڵملێکراوو کیمیاوی زاڵم، هەڵەبجەییو کوردو کوردستانێتی وەك ئەوەی راستییەکی مێژوویین وەك ئەوەی سورشتێکی دەستکردی خوداییین لەلایەكو عێراقێتیو دەوڵەتی مەرکەزیو عروبەو سوپاو جاشو کەموکوڕی کوردێتی لەلایەکی ترەوە. ئەگەر ئەم دوانە ئاماژە ئەبن بۆ کەموکوڕییەك لە پەیوەندییدا چۆن هەڵەبجە دەقەوما؟ عیراقێتیو جوگرافیای رەسمی دانپیانراوی عیراق کە کوردستانیی پێوە لکاوەو هەڵەبجەی بۆ کراوەتە قایمقامیەتو هەڵەبجەیی بۆ کراوەتە

خاوەن ناسنامەی عیراقی، تاوانباری سەرەکی ئەم شێواوەیەن. لە کرداردا نە بەو ناسنامە کار کراوەو نە بەو ناونیشانە پەیوەستگییە بوونێك هەیەو هەبووە..

ئەگەر عیراق وەکو کوردستانی باشوور لە سەرەتای سەدەی بیست کەوتە دەستەو هەڵەبجەی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە بە ڕاستی دەوڵەتی عیراق بوایەو بەڕاستی نیشتمانیی کوردی کوردستانەو هەڵەبجەیی هەڵەبجە بوایە چۆن کیمیابارانی دەکرد؟ ئەگەر نیشتمان لە جوگرافیاو مێژووش دابڕیو عیراقی رەسمی قەوارەیەکی رێککەوتیش بوایە دەیتوانی نیشتمانی هەمووان بێت. ئەی بۆ هەڵەبجە ماوەیەك لە سایەی ئینگلیزدا چانسی ئەوەی نەدایە عیراقی ئینگلیزی کە دەشێ وڵات بۆ هەمووان بێت؟ بۆچی هەڵەبجە ماوەیەك ناوەندی چەپی عیراقیو ماوەیەکیش ناوەندی ئیسلامیی شێوە ئیخوانی نەبوو کە دەکرا ببێتە پردی پەیوەندی لەگەڵ کۆی عیراقدا؟ ئەی بۆچی سلێمانیو هەولێرو کەرکوکیش ئەو چانسەیان نەدایە عیراق کە بەڵێ با عیراقێك بێت بۆ هەمووان، بە عیراقی قوڵایی مێژووی دەورانی ئاشووریو هارون رەشیدیو عیراقی تازە دامەزراوی دوای لکاندنی کوردستانی جنوبی پێوەی؟

ئەگەر نیشتمانی عیراقی باوەڕی بەخۆی هەبوایە ئەدی بەیتەو بالۆرەی عروبەو بەعسێتیو عێراقێتی سەدامیەی هەڵەبجەی بۆچی بوو؟

ئاخر عروبەو هەڵەبجەی لەباوەش گرتووی دیوی ئەم دیوی هەورامان کە یەکانگیرە لەگەڵ هەورامانی ئەودیو کوجا مەرحەبا؟

ئەگەر ئەم پەیوەندییە لە بنچینەدا رێك بوایە بۆ دەگەیشتە لوتکەی ئیمپریالیزمی زوڵمو زۆری کیمیاوی؟

شێواویو تاریکی لە نموونەی هەڵەبجەدا بەڵگەیە لەسەر نارێکی ئەو کاتەی دەگاتە لوتکە..

بۆ لەناوبردنی هەر ئەگەرێك کە لە پێشمانە گەرەکە لەسەرەتاوە نارێکیو چەوتی کەتبکرێتەو لە ڕەگەوە چارەسەر بکرێت، لەبەرئەوەی چارە نەکرا لە شەنگالو لە عەفرینیش هەڕەشەمان لێکراو هەرەشەمان لەسەرە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٣/١٩

# هاوئاوازەكان

كاريتەی چاوی خۆيان نابينن. تا ئێوارە قسە بە يەكێتی دەڵێن گوايە (١٢)ی مايس (پەڵەيەو تەزويرە) هەرچەندە دەبێ كۆمسيۆن وەڵام بداتەوە، بەڵام هەقە بپرسين داخۆ ئەو رۆژە مێژووييە لەبەر ئەوەی دەرئەنجام قبوڵ ناكەن يان مێژووييە چونكە ئێوە بوونەتە هاوئاوازی توركمانە تۆرانييەكانو عەرەبە شۆڤێنييەكان لە كەركوك؟ بوونەتە هاوئاوازی كارەكتەرەكانی تەعريبو تەتريكو لەگەڵ ئەوان تانە لە كورسييەكانی كورد دەدەن لە كەركوك. لەسەر چوار دەنگی ئەم خوێندنگەو دووانی ئەو ناوەندی سلێمانی دێنە دەنگ، كە هەمووی بۆ كورد دەچێت، بەڵام لەسەر فەوتانی ٣٠ هەزار دەنگی كورد لە كەركوك چاوتان نوقاندووە؟ خۆی ئەمە ١٦ی ئۆكتۆبەری راستەقينەيە، نەك ئەوەی هێزی پێشمەرگەی يەكێتی نەيويستووە شارەكە وێران بێت وەكو حەلەبو وەكو عەفرين كە سەرەڕای بەرخودانی ئازايانە، بەداخەوە سەرئەنجام توركەكان داگيريان كرد. ئەگەر ئەم هاوئاوازانەی توركمانو تەعريب، هاوئاوازەكانی راكان جبوری پارێزگاری خۆسەپێنی بەوەكالەت، پێيانوايە كەركوك داگيركراوە ئەدی چۆن لەكەركوك كەمپينيان كردووە و بەشداری هەڵبژاردن بوون؟ ئەگەر هاوئاوازەكەيان كە لەوديو دێگەڵەوە هاوارێتی بۆ شارێك ماوەيەك پێش ئێستا بە ئيرهابی فيكری تۆمەتباريان دەكردو ئێستا داكۆكی لەوانە دەكات كە توانجی ئيرهابە فيكرييەكە رووی لەوان بوو، ئەگەر ئەم هاوئاوازەی لە ئاست پێشێلی هەڵبژاردن لە سنووری هەولێرو دهۆكدا قرتەقەپيان لێكردووە، پێيوايە كەركوك داگيركراوە، بۆيە ليستی نەبوو، ئەی بۆچی ئێستا داوای فەرزكردنو دووپاتكردنەوەی هەڵبژاردنی كەركوك دەكات؟ لەبەر ئەوەی كورد بردوويەتييەوە، نەك جەبهەی توركمانیو تەجەموعەكەی راكان، كە بۆيە بە پارێزگار ماوەتەوە، چونكە پارتی پارێزگارێكی عەرەبی پێ باشترە لە دانەيەكی يەكێتی؟

ئەگەر هاوئاوازەكانی وەك بەستەی فۆلكلۆری بۆ يەكتری دەستێننەوە، راستيان دەكرد كورد داگيركراوەو يەكێتی ١٦ی ئۆكتۆبەری هەيە، ئەی بۆ ناپرسن گەلی كورد لە كەركوك چۆن جوابی دانەوەو چۆن بەدەنگدان سوپاسی يەكێتی كرد كە شارەكەی تووشی فەلاكەتی حەلەبی نەكرد.

ئەم هاوئاوازانە تانە لە یەکێتی دەدەن گوایە لەکەرکوك شەڕی نەکردووە، وەك بلێی دەبابە بەسەر لاشەی هەڤاڵو هەڵسوڕاوو هاودیدو هاوئاوازی ئەواندا رۆیشتبێت، نەك پێشمەرگەی یەکێتی؟

بۆ ئەوانە نەیانکرد کە وەك ماڵە باجێنە هەر خەریکی ململانێی سەرووی بان مەقانو نێوانی دوو دیوی دێگەڵە بوونو شەڕی کەرکوکیان بۆ یەکێتی جێهێشتووە.

ئێوە، کە هاوئاوازی راکان جبوری و ئەرشەد ساڵحی-ن، ئەم هاوپەیمانێتییە دژە کوردو کوردستانەتان لێ پیرۆز بێت.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٥/١٥

# دڵۆپ دڵۆپ شەڕە ئاو

هەفتەی رابردوو شەڕە ئاو بوو. شەڕە ئاو بە مانای قسە لەسەر قەزیەی ئاو بوو کە قەیرانێکی جیهانییە و لەوێشەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا تایبەتە و لە زۆنی چڕکراوەی دیمەنەکەشدا تایبەتی کوردستانە. شەڕە ئاوە بە مانای ئەوەی تا ئێستا میدیای ئێمە ئەو مەسەلەیەی بە جددی وەرنەگرتووە و وەك گەمەی ئاو و میهرەجانی هاوینی تاقەت پڕوکێن سەیری دەکات.

شەڕی ئاو بوو لەسەر ئەوەی وڵاتانی ناوچەکە کە لەسەر هیچ رێکناکەون لەسەر نەیارێتی مەسەلەی کورد نەبێت. لە دۆسێی ئاویشدا وەك دۆسێی وشکانی و سەرزەمینی کوردستانی ناکۆکی و یەکێتی هەڵوێستی خۆیان دەرخستەوە. شەڕ لەسەر دیجلە و فورات کە نیعمەتێکی خواییە و بەسەر خاکی کوردستاندا رژاوە، کەچی وەك نەوتەکە بۆتە لەعنەتێك کە بەسەر کوردستاندا باریوە.

لە نێوان نەفرەت و فەڕ دا، وڵاتی نێوان دوو زێ، عیراق، ئەویش بەم دەردە کوردستانییەوە گیرۆدە بووە. عیراق کە لەسەر هەموو شتێکی کورد و کوردستانی باشوور قسەی هەیە و قڕەی هەیە لەگەڵمان، لەسەر ئەو پرسە ژیارییەی کوردستان و عیراق قسەی وەك نوزەی نەبووە و داکۆکی پێ ناکرێت.

دەرو دراوسێ بە قەترە رووی خۆیان لە ئێمە دەکەن و بە لافاو رووی خۆیان لێمان وەردەگێڕن. هەرچی قسەی نەرم و نیانی فەرهەنگی دەوڵەتە شەرقییەکان هەیە لەگەڵ ئەهلی دیجلە و فورات بەکاری دێنن وبە کردەوەش هەر ئەوە دەکەن کە خۆیان گەرەکیانە.

کێشەی ئاو لە کوردستان و عیراق لە خودی ئاوەکە قوڵترە، چەندی چاوی لێ بکەین و دیقەتی بدەین لە ئۆقیانووسی خەم و خەفەت دا نقوم دەبێت و وشکانییەك نییە لێی بوەستێت، چونکە ئەوەی قسەی لێ دەکات لە سەکۆی میدیا و لە سەکۆی دیبلۆماسی هەر بەقەدەر ئێمەی لێ دەزانن، کەچی مەلەی تێدا دەکەن و ئەهلی کیتابیش، ئەهلی دانش و عیلم، کەمترین قسەی لەسەر دەکەن، چونکە وەك چۆن ئێمە مەلەوانی لە زانست و ئاو نازانین، ئەوانیش خۆیان لە شەڕە ئاوی میدیا لادەدەن، نەبا تەڕبن.

ئاو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە دنیا، لە ناو ئەو دووانەشدا لە دونیای کوردستاندا کە گیرۆدەیەکی خۆهەڵاتییە، دڵۆپ دڵۆپ دەستەمۆ و ماڵی دەبێ و ئاوەدانی دێنێت. حاڵی ئاو حاڵی سیاسەت و جوڵەی سیاسییە لە ناوچەکەدا، دڵۆپ دڵۆپ وشکانیی تەڕ دەکات و لە شێوەی بەرهەمهێنانی ئاساییدا خاوە و بەکاوەخۆ و خاو دەگۆڕێت.

لەسەر ئەم شەڕی ئاوە کوردستانی نوێی هەفتە دووتوێیەکی تایبەتی هەیە کە وردتر لەو مەسەلەیە دەدوێ و سخناخە بە زانیاری پڕسوود پەیوەست بە مەسەلەی ئاو و شەڕی ئاووە.

*کوردستانی نوی، رۆژی: ٢٠١٨/٦/٨

# ناو لە قۆناغەکە بنێین

نزیکەی ساڵێکە، دروست لە بەرواری ریفراندۆمو بەدواهاتووەکانی لە کەرکوکو خورماتوو و ناوچە دابڕاوەکان، کوردستان لە پێکوتەو وێستگەی پاشەکشێیەکی بابەتیو زاتیدایە.

قەراربوو وێستگەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق خاڵێکی تێهەڵچوونەوە بێت بۆ هەموو هێزەکانی کوردستان. بەجۆرێك بۆنەی دیموکراسیو ململانێکانی بۆنەیەك بێت بۆ ئەبدەیتکردنەوەو ریزبەندیو یەکرِیزییەکی نوێی کوردستانی کە دەرەقەتی بەرەنگاری بەغدا بێتەوە.

بەڵام وێستگەی هەڵبژاردن، نەك هەر بۆ کوردستان، بۆ تەواوی عیراقیش دۆخەکەی وا لەوتان کە خەریکە تەواوی پرۆسەی سیاسیی عیراقیش تووشی بۆشاییو داوەشاویی دەستووری دەبێت. جاران کە عیراق بە دیوە عەرەبییەکەی لاواز دەبوو، دەرفەت بوو تا (کوردستانی بەهێز) لە شەترەنجی ململانێ لەگەڵ بەغدا شەقاوێك بچێتە پێش. ئێستا کە کوردستان خۆی شپرزەیە ناتوانێ وەبەرهێنان لە لاوازیو شپرزەیی عیراق بکات، بەڵام پریشکی شپرزەییو لاوازی عیراقی بەردەکەوێت، وەکو ئێستا دەیبینین.

کەوایە وێستگەی هەڵبژاردنی عیراق نەبۆتە دەلیڤەی تێهەڵچوونەوەی نوێی کوردستان.

ئەدی چارە چییە؟

چارە ئەوەیە کوردستان لەناوخۆدا زامو برینەکان سارێژ بکات. وا بکات مەودای نێوان هەڵسانەوەو قۆناغی نوێی ململانێ لەگەڵ بەغدا بەفیرۆ نەدات، بەکاری بێنێت بۆ سارێژی برینو زامو شەمزانی دەموچاوو ئازاری پشتو فەقەراتی. پاشەکشێو دۆڕانی کاتیو پێکدادانی وا کە دەموچاو خوێناوی دەکات عەیب نییە، لە هەموو ململانێیەکدا دەقەومێتو عەرەب گوتەنی (یحدث في احسن العائلات).

لێ ئەوەی عەیبەیە ئەژنۆ بشکێو دڕاویو شوختی جلوبەرگو دەموچاو نەبەینە لای تەبیبو عەیادەو تەداوی نەکەین.

مەسەلەی کوردستان رەواییەکی ڕەهای هەیە. کەموکوڕیو لادانو لە هێڵ دەرچوونو هەر خەوشێکی تر لە رەواییەکەی کەم ناکاتەوە. لێ دواکەوتنو دواخستنی ئەبدەیتکردنەوەو

ساغلەمیکردنەوەی کارێك دەکات هاتنە سەر هێڵی چارەسەری رەواو یەکجارەکی دوادەخات، ئەهلی حەلو عەقد بەگوێرەی کەلتووری ئیسلامیی، یان زیمامدارانی ئمور بە گوێرەی ئەدەبیاتی قەدیمی کوردەواری، لەسەریانە هێڵی سارێژبوونو سارێژکردنی برینەکان بکێشن. نوختەی دەستپێكو نوختەی کۆتایی ئەو ستراتیژە دابنێن کە هێزی کوردستان لەناوخۆدا پایەدار دەکاتەوەو پاشاکشێو پێکوتە لە جێیەك رادەگرێت، تا رۆچوونو لە بەریەکچوون نەبێتە نەریتێکی درێژ مەوداو عادەتی پێوە نەگرین.

تا کارەکە راست دەربچێو پتەو بێت گەرەکە ناو لە قۆناغەکە بنێین. ناوی لێ نەنێین هەر بە هەڕەمەکی دەیبەین بەڕێوە. قۆناغەکە قۆناغی راگرتنی رۆچوونو لەبەریەکچوونە کە کوردستان بۆ چانسێکی تری ململانێ ئامادە دەکات.

*کوردستانی نوێ، رۆژانی: ٢٩-٢٠١٨/٦/٣٠

# شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتەو جەفەنگ

شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتەو جەفەنگ، دۆسێی دیکە زۆرە لە داخی بەرامبەرەکانتان، لە داخی پاشەکشێ‌و کەتنێکی بچوکی بۆنەی هەڵبژاردن بیگرنەدەست و لۆچی بکەن‌و بیدرێنن. بەڵام دۆسێی هەشتیاری کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکان هی ئەوە نییە گەمەی پێ بکەن. هی ئەوە نییە لۆچی بکەن‌و چرچی تێبخەن و بیدرێنن. دەتوانن لەزۆر دۆسێی سیاسیی تردا یاری بکەن، شقارتە بەدەستەوە بگرن‌و لێواری کاغەزەکانی هەر دۆسێیەك کەبخوازن لە بریسکەی ئاگر نزیکی بکەنەوەو قاقا پێبکەنن کە بڕیارتان داوە ها ئێستا ها کەمێکی تر بیسووتێنن. سوتماکەکەی بخەنە ناو بادەیەکی شەرابی بەد مەستییەوە و پێی مەست بن. بەڵام دۆسێی هەستیاری وەکو کەرکوك‌و مسۆگەرکردنی بردنەوەی کورد لە کەرکوك مەکەنە بابەتی گەمەکانتان. کەرکوك بە بارمتە وەرمگرن‌و لە لێواری لوتکەیەکی بەرزی هەڵدانە خوارەوە رایمگرن تا ویستەکانتان رایی بکەن‌و گەمبەترێی پێوەبکەن و وای نیشان بدەن کە سەرکەوتوون چونکە دۆسێ هەستیارەکەی کوردستانتان خستۆتە دووتوێی گەمەیەکی لۆکاڵییەوە. شێوەی دیکە رەچاو بکەن بۆ هێنانە دی ویستە حزبی‌و گروپییەکانتان.

کاری تر بکەن بۆ تۆڵە کردنەوە لە یەکێتی. رق‌و کینەتان بەسەر دۆسێی کەرکوکدا قلْپ مەکەنەوە. ئێمە داواتان لێ ناکەین رق‌و کینەتان نەبێ. کە ئەوە لەگەڵ خوووخدەی ئێوەدا مەحاڵە، بەڵکو داواتان لێ دەکەین کە ئەو رقە ئیحتوا بکەن، ئەو کینەیە ماڵی بکەن‌و لە دۆسێی کەمتر هەستیاردا بەتاڵی بکەنەوە. ئەی دیموکراسیخوازان پروپاگەندەی مافی بەرەی تورکمانی‌و مافی عەرەبی تەعریب بەناوی هاووڵاتیبوونەوە بە کوردایەتی مەفرۆشنەوە. ئەسڵەن بۆیە تەعریب هەیە چونکە شۆڤێنییەکان هاووڵاتی بوون ناناسن، بۆیە دۆسێی کەرکوك هەیە چونکە تۆرانییەکان چاویان بەرایی نایە کوردێك ببینن بانگەی پێکەوە ژیان‌و پێکەوە دیموکراسیی بکات، رق‌و کینەتان لەیەکێتی وا کوێرتان نەکات کە مێژووی ناوچەکە لەبیر بکەن‌و کەلەپچەکانی دەستی کوردتان لێ ببێتە گۆبەرۆك و خشڵی ئەفسانەی نەتەوەی کورد کە مافی پێ؛ماتەکانی تری کەرکوك دەخوات. چونکە ئەوە ئیدیعایەکە تورکمان‌و عەرەب خۆیان باوەڕی پێ ناکەن. ئیتر چۆن شەشی سەنگەرەکە باوەڕیان پێ کردووە؟

لەشوێنی تر گەمە بە سیاسەت بکەنو سیاسەتی گەمەو فریودان پەیرەو بکەن. کەرکوك شوێنی ئەو یارییە نییە. کەرکوك راستییەکی مێژووییە فێڵ وفەرەج کاری قبوڵ ناکاتو هاوپەیمانێتی هەڵپەخوازانو دنەدانی ڕاکردووەکانی کەرکوك قبوڵ ناکات کە تۆمەت بەسەر خەڵکدا دابەش دەکەنو خۆشیان دۆسێی کەرکوك بۆ ململانێی هەڵبژاردنی لۆکاڵی بەکار دێنن.

شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتەو گپو گەمەی چاوشارکێ. کەرکوك جوگرافیای پرسی نەتەوەیەو بەبەرییەوە نەماوە تێکەڵی گەمە گلاوەکانتانی بکەن.

*کوردستانی نوێ، رۆژانی: ١٣-٢٠١٨/٧/١٤

# دیالۆگی زمان و ... زمانی دیالۆگ

دوێنێ و ئەمڕۆش لە زانکۆی سلێمانی، دیالۆگێکی جیاوازی کوردو عەرەب بەرپا کرا. دیالۆگێك نە لەسەر سنوورو نە لەسەر نەوتو گازو دەستوور بوو، کە لەم پرسەدا چەندین گەڕی گفتوگۆ کراوەو هێشتا وەك ئەوە وایە لەسەرەتا بین. ئەوی ئەمجارە لەسەر زمانی کوردی و عەرەبی بوو، هەردوو بەشی کوردی کۆلیژی ئیبن روشد و کۆلیژی زمان لە زانکۆی بەغدا و زانکۆی سلێمانی، دیداری بەراوردکاریانەی زمانی عەرەبی و کوردییان هەبوو. کەشێکی ئەکادیمی و هێمنانە بەسەر دیالۆگی کوردو عەرەبدا زاڵبوو، کە دوای قۆناغی ریفراندۆمی کوردستان ئەمە یەکەمین گفتوگۆی کوردو عەرەبە.

هەڵبەتە زمانیش ئەهمییەتی خۆی هەیە، لە ستوونەکانی نەتەوەو نەتەوایەتیدا زمان دینگەیەکی تۆکمەیەو بۆ نەتەوەی کورد کە لەسەدەی بیستەمدا ناسنامەو بوونی هەڕەشەی لەسەر بوو، زمانەکەمان لە توانەوەو فەوتان پاراستنی. لەبەر ئەوە ئەوی خواستی بوو کورد ئەزیەت بدات، زمانەکەمانی بڕی، تا قسەی پێ نەکەین. ئەوکاتەی سەرمان دەبڕنو سنوورمان دەبڕن.

زمانی ئێمە هەم ناسنامەو هەم کەرەستەی دیالۆگو داخوازیی خستنەڕووە ئەگەر بەرامبەرەکانمان وێستگەی دیالۆگو دەستوورو دیموکراسییان کردبێتە بژاردە. لە عیراق بەهۆی تێکۆشانی کورد خۆیەوە زمانەکەمان، پێچەوانەی وڵاتانی تری ناوچەکە، بەرهەڵدا بوو، بۆیە وەکو نوێنەری زانکۆی بەغداش وتی: یەکەم جار بەشی کوردی لەزانکۆی ئەوان دامەزراو لەدوای کەوتنی بتی دیکتاتۆریش، لە بەهاری ٢٠٠٣، بەشی زمانی کوردیش هەر لە کۆلیژی زمانی زانکۆی بەغدا کرایەوە. دەستیان خۆش بۆ دوو هەنگاوی پێشوو، چاکیان کرد کە ئەمجارەش بۆ دیالۆگ میوانی سلێمانی بوون. ئەمە کارێکی زانستی-فەرهەنگیو دۆستایەتییەکی چاکیشە، بەڕاستی کاری چۆنایەتی زانستی ئەوەیە کە نالی و موتەنەبی، خانی و ئیبن روشد، گۆران و سەیاب؛ لە فەرهەنگو زمانو داهێناندا پایەدار بنو شارستانیی هاوبەش پێشبخەن. کێشەکانی نالی و ناڵی، "حتی ومع ومعا" چارەسەر بکەن، بەڵام ئەمانە بە تەنها بەس نین، ئێمە زمانەکەمان بۆ شتی تریش دەوێ و دیالۆگمان

بۆ کێشەی جەوهەری دیکەش پێویستە.

گەرەکە زمانی دیالۆگ لە دۆسیێ سیاسییەکانیشدا کارا بکرێنەوە. هەردوو زانکۆ ئەرکی سەرشانیان جێبەجێکرد، ئەمما زانکۆی ژیان دەرسی تری پێداوین و هەردووکمانی خستۆتە بەردەم بەرپرسیارێتی گرنگەوە، کە ئەم وڵاتە بۆ کوێ دەبەین؟ بۆ دەستووری مەرجەع و دابی شەراکەتی راستەقینە، یان ئەمرۆ بە فەردا دەسپێرین‌و ئەوی هەشتا ساڵ هەڵەو چەوتی بوو، ئەوی پانزە ساڵ دوای ئەزموونی دیموکراسیی عیراقی نوێش خنەخنەی تیاکراو پێچە بەدەورەی بەنسیب بوو، هەر ئاوەها چەند بارەی دەکەینەوە؟.

وا ئەمرۆش کێشەکانی عیراق لە بەسرەو باشوور و بەغدا دەریدەخات کە بنەڕەتی گرفتەکانی عیراق پێشێلی مافو حوکمڕانیی ژیرو هاوبەشێتی لە چارەنووسە، نەك وەکو هەندێك قەتیسی دەکەن لەو گرفتانەی گوایە کورد، یان سوننە، بۆ شیعەی دروست دەکەن. فەرمانڕەوایانی زۆرینە لە عیراق لەچارەسەری گرفتەکانی بەسرەو باشوورو بەغدا سەرکەوتوو نەبوون، کەچی گێچەڵ بە کەرکوك و کوردو کوردستان دەکەن. ئەگەر بە زمانی ئەلفا بێتا قسە بکەین (بێ)ی باشوورو بەسرەو بەغدا تاقیکردنەوەیە بۆ ئەوان، کەچی لەگەڵ کافی کەرکوك و کوردو کوردستان بە دەعوان.

دیسانەوە دەڵێین دیالۆگەکەی ناو زانکۆی سلێمانی باشە، بەڵام ئەدی بۆ زانکۆی ژیان.

بەغدا بە تەمایە کێشەکانی بودجەو سنوورو دەستوور، بەکام هەلومەرجی باشتر بسپێرێ، کە ئێستا وڵات دەردەداری سەد دەردە لەو دەردانەی شاعیرەکانی کوردو عەرەب لە دیوانەکانیان باسی دەکەن.

مەعلومە کە پیرەمێرد وتوویەتی:

ئێمە کە کوردین لەلامان وایە

زمانی کوردی زۆر بێ هاوتایە

لەبەرامبەریشدا زمانی عەرەبی، زمانە جوانەکەی جەواهیرییە، ئەم زمانە لە بەلاغە و رەوانبێژیدا وا دەوڵەمەندە کە بەشی زمانەکانی تریشی داوەو ئەلفیەی ئیبن مالك و سیپارەی حەوت شاعیرەکەی (موعەلەقاتی سبعە) شاهیدن.

چەند چاکە ئەو زمانە هەر لە زانکۆ قەتیس نەبێتو لە دیالۆگێکی سیاسیشدا کارا بکرێت.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٧/١٦

# وتەزایەکی هەڵەیە

(هەڕەشە لەسەر کوردستان نەماوە) و هەموو شتێك ئاساییە وتەزایەکی هەڵەیە چەند ساڵێکە لەنێوەندی سیاسیی کوردستان هاتو چوو و رووداوەکـان هەڵەیو چەوتی ئەم وتەزایەی سەلماندو شاشیو تەنگنەزەری خاوەنەکانیانی دەرخست. کەچی ئەوانەی ئەم وتە زایەیان خستە بازاڕی وتووێژی سیاسییەوە نە پەشیمانی خۆیان لەسەر دەربڕیو نە داوای لێبوردنیان لەسەر ئەو چەوتییە کرد کە سەر ڕاستو دید ڕۆشنەکانیان تۆمەتبار دەکرد گوایە بۆیە باسی هەڕەشەو مەترسی لەسەر کوردستان دەکەن تا خۆیان لە ئیستحقاقی سیاسەتی ناوخۆو بەرپرسیارێتی ئەولەویەتی کێشەکان بدزنەوە.

بێگومان ئەوە یەکەمجار نییە پێوەری سیاسیی کوردستان وا چەوتو چەوێڵ دەکەوێتەوە کە سزای تەنگنەزەران ناداتو بوختان بە راستگۆو ڕاشکاو بیژەکانی وڵات دەکات.

یانی چی هەبن بوێرن دەستخەرۆی ڕای گشتی بکەنو هەڕەشەو مەترسیو دژوارییەکان بە قازانجی ئەولەویەتی تر نادیدە بگرنو دواییش کە وا نەبن هیچ نەسەلمێننو رەخنە لەخیتابی فریودەری خۆیان نەگرن. لەچەند ساڵی رابـردووی پێش هاتنی داعشیش کە قسە لەسەر مەیلی عەسکەرتاری حکومەتی عیراق دەکرا. کە دەستنیشانی دیاردەکانی مەیلی سەرهەڵداوی تەعریب لە کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکان دەکرا، تەنگنەزەران ئەمەیان وەك سیناریۆی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەقەڵەم دەدا بۆ ئەوەی گوایە ئەرکی تر جێبەجێ نەکات.

دوایی کە داعشو هەڕەشەکانی تا بناگوێی هەرێمی کوردستان هاتو خۆشباوەڕانی لەخەوی غەفلەت بەئاگا هێنایەوە خاوەنانی وتـەزای گوایە هەڕەشەی سەر کوردستان پروپاگەندەی رەسمی حزبەکانە خۆیان لەو رابـردووە نەبان کرد. تەنانەت دوای قۆناغی پۆست داعشیش کرد کە هەڕەشەی حەشدی شەعبیو مەیلی شۆڤێنی سیاسەتی رەسمی حکومەتی عیراقی لەم دوو ساڵەی رابردوو تاقیکرایەوە.

وا دۆخەکە لەچەند وێستگەدا دەڵەمەیی دۆخی کوردستانی دووپاتکردەوە کەچی فەزای سیاسیی کوردستانو پێوەری بەرپرسیارێتی گشتی ناپرسێت وتەزای هەڵە کە کوڕی ململانێی

تەسكی حزبیو سیاسییە قسەی بەری خۆی ماشایەوەو لەدەفتەری بیرەوەریدا سڕییەوە، بێ هەڵوەستەو بێ ڕونكردنەوەو بێ دانی نرخی هەڵسەنگاندنی كورتهێنو زیانەكانی لەسەر كوردستان.

بەداخەوە لەسیاسەت دا هەڵەی كەسو ڕەوتەكان كە نەبووە دەرسو ئەزموون زیانی بۆ گشت دەبێ نەك هەر خاوەنەكانیان. لەو حاڵەشدا شیمانەی دووبارە بوونەوەشی لە وێستگەی تردا ئەگەرێكی كراوە دەبێت.

*كوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٨/٧/٢٧

# لە هەورامانەوە تا قەڵا

یادی ئازاد هەورامی ماناو مەبەستە بۆ قوربانیدانو شەهادەت. بۆنەیە بۆ وەبیرهێنانەوەی ڕێو ڕێباز لە تێکۆشانی یەکێتییانە. ئەو تەرزە لە تێکۆشان کە سەرکردەکان لەپێشەوە بوون. گیانبازیان دەکرد کێ زیاتر لە نەبەردی بەرەنگاری دوژمن بمێنێتەوە زووتر بگاتە سەنگەری شەهادەت.

یادی ئازاد هەورامی یادی ڕۆژانی ئازادیو شۆڕشی فیکرو گیتار. گۆرانیو سرودو بەرخودانە.

هەموو ساڵێك ئەم یادە ئەنگێزەیە بۆ هەڵدانەوەی تۆماری کەرکوك. شانازیو قوربانیدانەکانی، خەمو خولیاکانی. شەهیدو شەهادەتەکانی.

مام جەلالو مامە ریشەکانی کە شورەی دەوری ڕێبەرایەتی شۆڕشی نوێن. یادی ٣-ی ئابە بەهەموو تالو سوێرەکانی پایتەختو هەورامانەکانی. سانو پێشمەرگەکانی. یادی سەرکردە بەئەخلاقو بەئیبداعو بەئیقاعەکانی سەرەتای شۆڕشی نوێیە.

لە هەورامانەوە تا ئیمام قاسم.

لە کەرکوکەوە تا بادینان، یەك شۆڕشو یەك نەتەوەو یەك ئازادی هەبوو کە چیاکانی هەورامانی بۆ تەختایی دەشتی کەرکوكو گەرمیان گواستەوە.

یادی ئازاد هەورامی، یادکردنەوەی قسەکانی مامی کەرکوكو کوردستانە کە دەیگوت: شوێنی ئازاد هەورامی بە چۆڵی دەبینم.

لەم کایەشدا نەقشی سەر بەردە قسەی مام. لەم ڕۆژگارەدا کە تەعریبو تەشەیعو تۆرانیەتو تەڵەکەبازی وتاری درۆزنانەی نەتەوەییو کرداری دارزانو دابڕانو نەوتبازی.

هیوا بۆ ڕۆژگاری یەکێتیو ئازاد هەورامیەکەی پێویستییە وەك پێویستی شۆڕشی نوێ بۆ چەك، قەڵەم دوانەی خەباتی هاوژینم، گیتارو چەکدار کە ئێستاش هەر لە سەر هەمان دینم.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٨/٨/٣١

# چی ڕێگرە لە گفتوگۆ؟

**ئەم ڕاپۆرتە بە ڕاسپاردەی بەندە وەک سەرنووسەر لەلایەن ژووری هەواڵی کوردستانی نوێوە ئامادەکراو لە ژمارەی ڕۆژی (٢٠١٧/١١/١٩) بڵاوکرایەوە، بڵاوکردنەوەی لێرە بۆ ساغکردنەوەی خاوەندارێتی ڕاپۆرتەکە نیە ئەوەندەی بۆ تۆمارکردنی ڕێڕەوی لێدوان و گفتوگۆکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و عیراق و کوردستانییە لەدوای پرسی ڕایفراندۆمی کوردستانەوە.**

نزیکەی دوو مانگە قسە لەسەر گفتوگۆی هەولێر و بەغدا دەکرێت و تائێستاش کاتەکەی دیار نییە.

لەڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥وە، کە ڕۆژی سازکردنی ریفراندۆمەو تا ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٦، کە بەکردار پەلاماری کوردستان درا لەلایەن هێزەکانی سوپای عیراقو حەشدی شەعبییەوە، حکومەتی فیدرالی عیراق هەڕەشەی گرتنەبەری ڕێگای سەربازیی بۆ پەلاماردانی کوردستان، دەکردو ئەم هەنگاوەش لەپێشترین بژاردەکانی بوو، بەردەوام لەڕاگەیەنراوو لێدوانەکانی بەرپرسانی باڵای عیراقەوە، ئەو جۆرە هەڕەشەیە دەبیسترا.

لەلایەن حکومەتی ئیتحادییەوە پەیتا پەیتا دڵنیایی دەدرێت

دوای پەلامارەکانیش بۆ سەر کەرکوکو ناوچە جێناکۆکەکان، لەلایەن حکومەتی ئیتحادییەوە پەیتا پەیتا دڵنیایی دەدرێت گوایە ڕێگەچارەی سیاسی دەبێتە بژاردەی یەکەم لەمامەڵەی بەغداو حکومەتی ئیتیحادی لەگەڵ کوردستانو حکومەتی هەرێمدا، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ ئاسۆیەکی گفتوگۆ دیارنییەو ئەوەی هەیە تەنها قسەیەو بەس.

بە پێداچوونەوە بەتۆماری لێدوانەکان، کە لەلایەن حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانو سەعد حەدیسی وتەبێژی نووسینگەکەیەوە، لەلایەن سەرکردەی حزبە سیاسییە سەرەکییەکانی پێ ‌؛مێنەری حکومەتی عیراقەوەو ئەو لێدوانانەشی لەلایەن مەرجەعی باڵاو سەرکردە باڵاکانی شیعەوە، دراون، هەموویان تەئکید لەسەر بژاردەی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەنەوە، تەواوی لێدوانەکانیش لە بەغداوە پڕن لە وشەی سۆزو خۆشەویستی بۆ گەلی کورد.

مەرجەعیەتی باڵای شیعە: پاراستنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کورد

ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٩، مەرجەعیەتی باڵای شیعەکان داوایکرد کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکرێن، "سەرجەم مافە دەستوورییەکانی گەلی کورد بپارێزرێت".

## دووربکەونەوە لەتۆمەتبارکردنی یەکتری

لە دوا هەڵوێستیشدا ڕۆژی ٢٠١٧/١١/١٧، مەرجەعیەتی باڵای شیعەکان داوایکرد "هەولێر و بەغدا بە دیالۆگ کێشە و ئاڵۆزییەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن و دووربکەونەوە لە تۆمەتبارکردنی یەکتری".

تائێستا هیچ ڕێوشوێنێك بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ نەگیراوەتەبەر

بەڵام تائێستا هیچ ڕێوشوێنێك بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ نەگیراوەتەبەر. تەنها گفتوگۆیەك کە کرابێت، گفتوگۆو دانیشتنی نێوان فەرماندە سەربازییەکانی سوپای عیراقو هێزەکانی پێشمەرگە بووەو ئەویش تەنها لەسەر سنووری ئیبراهیم خەلیلو بوونی هێزی هەر لایەك بوو لەو ناوچانەدا کە بەدەست کێوە بێت. ئەگەرنا هیچ گفتوگۆیەك لەسەر هیچ یەکێك لە دۆسێکانو ئەو کێشانەی لەپێشو لەپاش ریفراندۆم لەئارادابوونو بەردەوامیشە، نەکراوەو ئەوەی هەیە تەنها لێدوانەکانی نوێنەرانی بەغداو حکومەتی عیراقو هێزە سیاسییەکانی بەغداو لەبەرامبەریشدا وەڵامدانەوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمە، لەوە بترازێت هیچ شتێكو ڕێوشوێنێك نە بینراوە نە بیستراوەو لای هەمووانیش ئاشکرایە بارودۆخەکە هەر وەك خۆیەتیو بەرەوپێشچوون بەدینەکراوە.

لە ماوەی رابردوودا، حکومەتی عیراق چەندین لێدوانی داوە لەسەر پێویستیی چارەسەرکردنی کێشەکان بەگفتوگۆ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە گۆڕانکاریی لە لێدوانەکان و موخاتەبەکردن بەرامبەر بەکوردستان، بەدیدەکرێت، ماوەیەك باسی پارێزگاکانی دەکەن، ماوەیەك باسی حکومەتی هەرێم دەکەنو لە بەشێکی لێدوانەکانیشدا دەڵێن گەلی کوردی خۆشەویست، تەنانەت لێدوانی وەهاش دراوە کە ناوی کوردستان هەر ناهێنرێتو ناوترێت.

لەو کاتەوەی کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێم زۆر زەقبوونەتەوەو بەدیاریکراویش؛ ماوەی مانگێك دەبێت، لە وتارە هەفتانەییەکانی سەرۆك وەزیرانی عیراقو ئەو لێدوانانەی لە میدیاکانەوە دەدرێن، هەروەها لە دیدارو پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی نێوان حەیدەر عەبادی لەگەڵ سەرۆکی فەرەنساو نوێنەرانی حکومەتی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکانو باڵیۆزو نوێنەری وڵاتان، هەمووان تەئکید لەسەر گفتوگۆ دەکەنەوە، کە ئەم تەئکیدکردنەوانەش بەهەمان شێوە تەنها لەچوارچێوەی قسەو لێدواندا ماونەتەوەو هیچ کردارێك نەبینراوە، ئەوە

لەکاتێکدا وڵاتانو هەموو لایەك لەچاوەڕوانی ئەوەدان دانیشتنو گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان بەغداو هەرێمو وەفدی هەردوولا دەستپێبکات.

## مەرجو بیانووی جیا جیا

لەناوی فەزای سیاسی و میدیای عیراقدا، مەرجو بیانووی جیا جیا باس دەکرێت بۆ ئەوەی گفتوگۆ دەستپێبکرێت لەنێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی بەغدادا، مەرجو بیانووەکان زۆرن، جارێك بەبیانووی مەرجی هەڵوەشاندنەوەی ریفراندۆم، کە لەوبارەیەوە حکومەتی عیراق دەڵێت "هەر ئەوە نییە ریفراندۆم هەڵپەسێردرێت، دەبێت تەنازولی دیکە لەسەر ریفراندۆم بکرێت". جارێکیش بەبیانووی خاڵە سنوورییەکانو سەروەریی ئاسمانو فڕۆکەخانەکان کە دەبێت بەدەست حکومەتی بەغداوە بێت، کە ئەو مەرجە جێبەجێکراوەو لەژێر دەسەڵاتی عیراقدان. هەروەها بیانوویەکی دیکەی حکومەتی عیراق لەسەر ناوچە دابڕێنراوەکانە، کە دەبێت ئەو ناوچانە بەدەست حکومەتی ئیتحادییەوە بێت، بەبێ ئەوەی کە چەترێکی یاسایی هەبێت بۆ هێزی هاوبەشی هەردوولا. بیانوویەکی دیکەش بیانووی هەیبەتی حکومەتی ئیتحادییە کە دەڵێن حکومەتی بەغدا مافی خۆیەتی لەهەموو شوێنێکی عیراقدا هەبێت. بیانوویەکی تریش لە مەسەلەی بودجەو مووچەدایەو بیانووەکەش لەسەر ناڕۆشنیی تۆماری مووچەخۆرانی هەرێمە. کە هەموو ئەم بیانووانە لەلێدوانەکانی حکومەتی عیراقدا ڕەنگدەداتەوە، تا بەوشێوەیەش بێت چاوەڕێ ناکرێت هیچ گفتوگۆیەك بکرێتو ئەوەی دەکرێت تەنها لەمیدیاکانەوە لێدوانی دڵنیایی دەبیستینو هیچی تر.

لەئاستی کوردستانیشدا، ئەوەی بەرچاو دەکەوێتو دەبیسترێتو لەڕاگەیەنراوەکانی حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستانو هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا بە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی جارانیشەوە، تەئکیدکردنەوەیە لەسەر پێویستیی گفتوگۆو دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەکان.

## حکومەتی هەرێم: دانوستان و گفتوگۆ

ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٨، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە یەکەم کۆبوونەوەی دوای ریفراندۆم-دا، دووپاتیکردەوە "بۆ قۆناغی داهاتوو و چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی دانوستان و گفتوگۆیە".

سەرۆکایەتیی پەرلەمان: هەرچی زووە دەرفەتی دانوستان بڕەخسێنرێت

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانیش ڕۆژی ٢٠١٧/١١/١٥، لە ڕاگەیەنراوێکدا بۆ پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەرێم بە پێویستی دەزانێت "بۆ دوورکەوتنەوە لە زمانی هەڕەشە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو لەنێوان هەردوولا، هەرچی زووە دەرفەتی دانوستانی

راشکاوانە بڕەخسێنرێت و حکومەتی فیدرال دووربکەوێتەوە لە ڕاگەیەنراوی میدیایی و راڤەکردنی تاکلایەنانەی مادە دەستوورییەکان بەبێ وەرگرتنی راو سەرنجی لایەنی هەرێمی کوردستان".

لەئاستی عیراقو جیهانیشدا، لەپێش هەموویانەوە، د.فوئاد مەعسوم سەرۆك کۆماری عیراق وەك پارێزەری دەستوور، تەئکید لەچارەسەری کێشەکان و دەستکردن بەگفتوگۆ دەکاتەوە.

## پەیامی سەرۆک کۆمار

رۆژی ٢٠١٧/١٠/١٧، د.فوئاد مەعسوم سەرۆك کۆمار سەبارەت بە دۆخی ناوچە جێناکۆکەکان، پەیامێکی تەلەفزیۆنی بڵاوکردەوەو رایگەیاند: نابێت گۆڕانکاریی لە سروشتی دەستووریی ئەرکەکانی پێشمەرگە رووبدات، بەو پێیەی بەشێکن لە سیستمی بەرگریی سەربازیی نیشتمانیی عیراق، وتیشی: تەواوی هێزە ئەمنییەکان رادەسپێرین بەهیچ جۆرێك خۆ لەقەرەی ماف و شکۆیی و رێزی هیچ کام لە هێزەکانی پێشمەرگەو کارمەندان و دانیشتووانی کورد و هەر هاووڵاتییەکی تر نەدەن لە کەرکوك و کار بکەن بۆ رێگرتن لە هەر زیادڕەوییەك و گرتن و راوەدونانی بەرپرسیارانی ئەو رەفتارانە هەر کەسێك بێت، پەلەش بکەن لە دابینکردنی سەلامەتیی گەڕانەوەی هەرچی زووتری هاووڵاتییە کەرکوکییەکان بە سەربەرزیی و ئارامیی کە ناچاربوون ماڵەکانیان جێبهێڵن بەهۆی هەڵمەتە سەربازییەکان و ئاسەوارەکانی بارودۆخەکە. ئاماژەی بەوەشدا "بەردەوام بوونی ئەو چاودێرییە ئەمنییەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکوك لەگەڵ دەستووردا ناکۆك نەبوو، بەوپێیەی ئەو هێزانە بەشێکی سەرەکین لە سیستمی بەرگریی نیشتمانیی عیراق، بۆ داکۆکیکردن لە سەروەریی و ئاسایشی وڵات. لەپاڵ ئەرکە سەرەکییەکانی بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان، تەئکیدیشی لە پێویستیی چارەسەرکردنی کێشەکان کردەوە".

هەروەها سەرۆکی فەرەنسا،ئەم فەرەنسا ئەو مانگە سەرۆکی مەجلیسی ئەمن بوو، لەگفتوگۆکانیدا لەگەڵ حکومەتی عیراقی جەختی لەسەر دوو لایەن کردۆتەوە، ئەوانیش یەکپارچەیی خاکی عیراقو پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستانە بەگوێرەی دەستوور. لەپاڵ ئەوەشدا لێدوانو راگەیەنراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپاو باڵیۆز و کونسوڵ و نوێنەری وڵاتان بەوانەشەوە کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەنو لەگەڵ سەرکردەی حزبو لایەنە سیاسییەکان کۆدەبنەوە، پشتگیریی لەگفتوگۆ بۆ چارەسەری کێشەکان دەکەن، لەپێش هەمووشیانەوە حکومەتی ئەمریکا بەڕاستەوخۆ پشتیوانی بۆ حکومەتی هەرێم دووپاتکردۆتەوە، بەتایبەت لەوکاتەوەی گۆڕانکاری لەسەرۆکایەتیی هەرێمدا کراو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم درانە حکومەتو پەرلەمانی کوردستان.

سەرۆکی فەرەنسا بۆ عەبادی: رەچاوی مافەکانی کورد بکرێت

رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٩، ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا و حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عیراق پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان ئەنجامدا کە تایبەت بوو بە دۆخی کوردستان و عیراق و پابەندێتی فەرەنسا بە یەکپارچەیی خاکی عیراق و مافەکانی گەلی کوردستانەوە.

لەوبارەوەیەوە کۆشکی ئەلیزێ لە راگەیەنراوێکدا بڵاویکردەوە "سەرۆکی فەرەنسا داوایکردووە هەرچی لە توانادایە بکرێت بۆ رێگەگرتن لە شەڕ لەنێوان عیراقییەکاندا لە چوارچێوەی یەکێتیی عیراق و دەستووردا گفتوگۆ لەنێوان بەغداو کوردستاندا دەستپێبکات کە تێیدا رەچاوی مافەکانی کوردو کەمینەکان بکرێت".

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا: داوا لە لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان دەکەین پشتیوانی لە حکومەتی هەرێم بکەن

رۆژی ٢٠١٧/١٠/٣٠، هێزەر ناوێرت وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە راگەیەنراوێکدا داوای لە حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێم کرد بەخێرایی کار بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوانیان لەسەر بنەمای دەستوور.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا راشیگەیاند: ئەمریکا پشتیوانی لە بڕیارەکەی مەسعود بارزانی دەکات بۆ بەردەوام نەبوون لەسەر پۆستەکەی، هەروەها پشتیوانی لە بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان دەکات بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بەسەر دام و دەزگاکانی دیکەی حکومەتدا، ئاماژەی بەوەشدا "ئەمریکا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیران و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان مامەڵە دەکات و هەوڵی جددی دەخاتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان"، دەشڵێت: کوردستانێکی بەهێز لەناو عیراقێکی یەکگرتوودا گرنگە بۆ پاراستنی سەقامگیریی درێژخایەن.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داواشی لە حزبە کوردستانییەکان کرد پاڵپشتی لە حکومەتی هەرێم بکەن.

هۆکار چییە کە تائێستا گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی عیراقو حکومەتی هەرێم دەستپێنەکراوە؟

ئێستا پرسیار لێرەدا ئەوەیە مادام بەغداو هەرێم و لێپرسراوانی وڵاتانو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو لایەنە ناوبژیوانەکانو ئەوانەی خۆیان بەدۆستی حکومەتی هەرێمو بەغداش دەزانن، جەخت لەسەر گفتوگۆ دەکەنەوە، هۆکار چییە کە تائێستا گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی عیراقو حکومەتی هەرێم دەستپێنەکراوە؟ رەنگە وەڵامەکە بەوشێوەیە بێت کە حکومەتی بەغدا پێی وابێت دۆخی کوردستان لە حاڵەتی شۆكو پاشەکشەدایەو دڵەڕاوکێش لەناو سیاسەتی کوردیو خەڵکی کوردستانیشدا هەیە، ئەوەش رەنگە وا لە حکومەتی هەرێم بکات تەنازولاتی زیاتر بکات، بەتایبەت لە دۆسێی بودجەو ئابووری. لەوانەشە حکومەتی

عیراق بیەوێت وا لە وڵاتان بگەیەنێت کە ئەوە حکومەتی هەرێمە پابەندی دەستوور نابێتو ناشیەوێت گفتوگۆیەکی جددی بکرێت لەسەر چارەسەری کێشەکان. هەروەها حکومەتی ئێستای عیراق کە دەڵێت گفتوگۆ بکرێت بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام ڕەنگە پێچەوانەکەی ڕاست بێتو ئەوەی دەیڵێت هۆکارەکەی ئەو فشارە بێت کە لەلایەن وڵاتانەوە لێی دەکرێت بۆ گفتوگۆو بۆ پێدانی مافەکانی کورد، بەڵام خۆی لەڕاستیدا نەیەوێت هیچ شتێکی ئەوتۆ بداتە گەلی کوردستان. ڕەنگە بەوشێوەیەش بێت کە فیعلەن حکومەتی عەبادی دەیەوێت مافەکان بە کورد بدات لەچوارچێوەی دەستووردا، بەڵام لەبەر گوشاری حەشدی شەعبیو هێزو لایەنەکانی دیکە، نەتوانێت ئەوە بکاتو لەوە بترسێت پشتی لێ بکرێت، ڕەنگە ترسی ئەوەشی هەبێت لە هەڵبژاردنی داهاتوودا شکست بهێنێت ئەگەر بیەوێت دەستی گفتوگۆ بۆ هەرێم درێژبکات.

## هەروا درێژە دەکێشێت؟

ئەم کێشانە، چەندین پرسیاری بەدوای خۆیدا بەجێهێشتووە، یەکێك لەو پرسیارانەی دەکرێتو هەمووان بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێن، ئەوەیە ئایا قسەوباس لەسەر ئەو گفتوگۆیەی کە بەپێویست دەزانرێت و تائێستا هیچی لێ شین نەبووە، هەروا درێژە دەکێشێت؟ ئایا درێژە دەکێشێت تائەوکاتەی عیراق ڕوو لەهەڵبژاردن دەکاتو تیمی حوکمڕانی لەعیراقدا گۆڕانکاریی بەسەردادێت؟، ئایا گفتوگۆ دەستپێدەکاتەوە بۆ ئەوەی کورد لەپرۆسەی سیاسی نەکشێتەوە؟، ئەگەر کێشەکان هەروا درێژەبکێشێت مەسەلەی سوننە سەرهەڵدەداتەوە؟، پرسیارێکی زۆر جددیش ئەوەیە ڕەنگە گۆڕانکاری لەحکومڕانی حکومەتی کوردستاندا بەتایبەت لەدوای هەڵبژاردنی داهاتوو، ئایا ئەم هەنگاوانە دەبنەهۆی ئەوەی گفتوگۆکان ئەنجامی باشتریان هەبێت؟ ئەوەش لەو ڕوانگەیەوە کە حکومەتی نوێی کوردستان گرێی دەروونیی بەرامبەر حکومەتێکی تازە هەڵبژێردراو لەعیراق نابێت، بەمەش موفاوەزات باشتر دەبێت، چونکە هیچ لایەك خۆی بە دۆڕاو و براوە نازانێت بەرامبەر بەیەکتر.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/١١/١٩

## فەسڵی سێیەم

# گەڕانەوە بۆ بەغدایەکی نەیار

# سوننەش هەڵە دەکات!

لەدوای رووخانی سەدامەوە، سوننەکانیش خەباتیان کرد، بەڵام خەباتەکەیان بۆ قازانجی زۆرینەی شیعە بوو، مەبەست لە خەبات بژاردەی تیرۆری تەیفێکی بەرچاوی سوننە نییە کە لە چوارچێوەی قاعیدەو داعشو نەقشبەندی و بەعس و عەودە و دەیان رێکخراوی تیرۆریستی تردا، دژی پرۆسەی سیاسیی عیراقی دوای سەدام بوون. ئەوەیان خەبات نییەو ناوەکەی بەخۆیەوەیەتی، (تیرۆرو تۆقاندن)، بەڵکو مەبەست بەشدارییانە لە چالاکی سیاسیو (نا)ی دژی دەستوورو دژی شێوەی حوکمڕانی لەساڵی ٢٠٠٣-وە.

سوننەکان تا هەموو شتێکیان لەدەست دەرچوو، بە خەیاڵی جارانەوە پێداگرییان لەسەر سیستمی مەرکەزیو عیراقی واحیدی ئەوحەد دەکرد. وەکو جاران گەرەکیان بوو بەغدا مەرکەزیو بڕیاردەری یەکەم بێتو کوردو شیعە لە پەراوێزی هەرێمو دەڤەرەکانی خۆیاندا چاوەڕێی مەرحەمەتی سەنتەر بن، داخۆ چییان بۆ بڕیاردەداو چییان بۆ دەنێرێ؟.

ئەم هەڵوێستە سوننییە کۆپیکردنێکی کۆمیدی بەسەرهاتی مێژووی عیراقی نوێ بوو کە لە سەردەمی پادشایی، سەردەمی هەردوو عارفو هەردوو بەعسی بەکرو سەدامدا، بەدەستی سوننەوە بوو. بۆیە لە خەیاڵدانی سوننەدا هەموو مەرکەزییەتێك، یەکسان بوو بە دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام عیراقی نوێ دەفتەرو سجلی جیاوازبوو.

مەرکەزییەت لە عیراقی نوێدا بەڕێی هەڵبژاردنو دیموکراسیدا دەڕواو لەمەشدا شیعەکان هەمیشە براوە بوونو دەبن. سوننەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسیی عیراقی (فیدراڵ) یش، هەمووجار بە مایەی شۆكو شکستەوە دەهاتنەوە. گرفتی سوننە لە عیراقدا، گرفتی دەستنیشانکردنی هەڵەیە، چونکە تێگەیشتنی هەڵە، هەنگاوو کردەی هەڵەی بەدواوە دێت.

مێژوونووس د.کەمال مەزهەر لە کتێبی (چینی کرێکارانی عیراق) نموونەیەکی سەرنجڕاکێش دەهێنێتەوە کە یەکەم نارەزایی چینی کرێکارانی عیراق، دروشمی دابینکردنی کارەبای بەردەوامی بەرزکردبۆوە، لە کاتێکدا زۆربەی گەڕەکە کرێکارییەکان هەر کارەبایان نەبوو. مامۆستا مەزهەر ئەم دیاردەیە دەگێڕێتەوە بۆ کەمی هۆشیاری سیاسی، کە وادەکات چینێك خەبات بۆ خەڵکی تر بکات.

دوای نزیکەی سەدەیەك لە حوکمی سوننە بەو هەموو ئەزموونەوە، ئەم پێکهاتەیە لە عیراقی نوێدا مەحکوم بوو بەوەی خەبات بۆ پێکهاتەیەکی تر بکات. دوای دەیەیەك لە کەوتنی سەدام، ئینجا سوننەکان زانییان ئەوان خەباتیان بۆ زۆرینەی شیعە کردووە، چونکە عیراقی مەرکەزی لەرێی هەڵبژاردنو دیموکراسییەوە دەچێتە گیرفانی شیعەوە. وەختێك چاکو باشی فیدراڵییان زانی، دیتیان کە شیعە لە دەستووری فیدراڵی پاشگەزبۆتەوە، کوردیش بنمێچی مافی چارەنووسی بەرزکردۆتەوە.

لەو ناوەڕاستەدا سوننەی سەدەی بیستو یەك دۆش دامـاون. ئاخر وەك کرێکارانی سەرەتای سەدەی بیستەمی عیراق، دەستنیشانکردنەکەیان هەڵەبوو.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/٢/٩

# خوماری دوای داعش!

سەرۆك وەزیرانی عیراق-ی (فیدراڵ) بەشێوەیەکی مەرکەزی سەرکەوتنی وڵاتی بەسەر داعشدا راگەیاند، ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ لە (٢٠١٦/١٠/١٧) دەستییپێکردو رۆژی (٢٠١٧/٦/٢٩) کۆتاییهات. لەیەکەم رۆژەوە خەڵك و خوای ئەم وڵاتە جووت زەردێنەیە، (کوردستانو باقی عیراقی عەرەبی)، داوایان کرد لەپاڵ نەخشەی سەربازی، عەبادی نەخشەیەکی سیاسیش دابنێ بۆ مامەڵە لەگەڵ موسڵی دوای داعش کە ناونیشانیشە بۆ عیراقی دوای داعش کە تەنگەنەفەسی کەوتە نەخشە سەربازییەکەوەو ئۆپەراسیۆنی رزگاری لەچەند وێستگەیەك خاوەخاوی بەخۆیەوە دیت، هەموو داخوازیکارانی نەخشەی سیاسی بۆ چارەسەر وتیان؛ جارێ وەختی ئەم وەرزشە فیکرییە نییە، کابرا خەریکی شەڕە باسەرکەوێ و داعش لەڕووی سەربازییەوە تێکبشکێ پاشان گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسە سیاسییەش دێتە گۆڕێ. بێ ئاگا لەوەی لەبنچینەدا ئۆپەراسیۆنەکە بۆیە زۆری خایاند، چونکە لەپاڵ گۆشەنیگایەکی سەربازی، گۆشەنیگایەکی سیاسی نەبوو کەداخۆ دوارۆژی موسڵ چۆن دەبێت؟

ئەگەر گۆشەنیگای سیاسی هەبووایە، لەوانەیە شەبەنگی دانیشتووانی موسڵ بە ناوەندی شارەکەو قەزاو ناحیەکانی. بە ویلایەتی دەڤەری سوننەنشینیش، هەریەکە دەیزانی دەوری چییە لەشەڕو بەشی چییە لە سەرکەوتن و لەدەستکەوتەکانی موسڵی بێ داعشدا. ئەمما کە کەس نەیزانی چی لێ داواکراوەو چی دەدەنێ؟ پەرۆشی بۆ نەبەردیی رزگاری خاوتر دەبێ و دڵەڕاوکێ، لەئاییندە، جێی دڵنیایی دەگرێتەوە.

ئەمە بێگومان تەیفی کوردستانیش دەگرێتەوە کە لەسەرەتاوە داوایکرد رێکەوتنی سیاسی لەسەر چارەنووسی شارەکە بکرێت، ئینجا پێشمەرگە دێتە نەبەردییەکەوە، بەڵام چەند ساڵێکە، لەغیابی سەرۆك تاڵەبانی، داواکانی کوردستان لەبەغدا گوێلێگیراو نییە، عەبادی حکومەتی پێکهێناو لەسەر ناوی وەزیرەکانی کوردستانیش خۆی پەکنەخست، ئیتر تێگەیشت وەکو دەساڵی دوای پرۆسەی ئازادی عیراقی فیدراڵ نییە، کە بێ کورد هیچ سەرناگرێ، بەڵکو وەکو هەشتا ساڵەی عیراقی پادشایی و جمهورییە کە ئیشی لەسەر کوردی بەلەنگاز

پەکی نەدەکەوت. عەبادی شەڕەکەی بێ تەگبیری سیاسیی کورد کردو کەس لەگوڵ کاڵتریشی پێ نەگوت.

شەڕ تەواو، دەکرا کای کۆنی موسڵی سایەی داعش تێکەڵ بە شنەبای رزگاری نەکرێت، بەڵام چونکە مەترسییەکان هەر ماون، وەبیرهێنانەوەی پێویستی نەخشەی سیاسیی هەر (ئەهمیەتا خۆ) هەیە، وەکو برایانی باکوور دەیڵێن نها بەغدا لەخۆشی و ئاهەنگی سەرکەوتندا دەرفەتی نییە گوێ لەرەخنە بگرێت، بەڵام خۆ ئێمە نا، بەڵکو عەرەبی لەزمانی ئێمەو ئیمروئلقەیس وتویەتی (اليوم خمر وغدا امر). پێکی شادومانی لە بەغدایەکی ژێر سایەی کەڵچەری ئیسلامی سیاسیدا زۆر ناخایەنێ کە داوای ئەمری سبەی دەکات. داخۆ نەخشە سیاسیو فکرییەکە چییە؟ یەکەمیان ئەوەیە کە داعش نەما ئایا بەغدایەك لەتەوقیتی شەڕی رزگاریی موسڵدا کەسابەتی مەی و مەیفرۆشی قەدەغە کرد، دەتوانێ چارەسەری ریشەیی بۆ فەرهەنگی داعش بدۆزێتەوە؟.

ئەمری سبەی زۆر دژوارە، بەڕادەیەك خوماری پێکی سەرکەوتن بەتاڵ دەکاتەوە، حەویجە کەتنێکە بۆ پاژنەی ئەخیلی کەرکوك هەڵگیراوە. ئیستحقاقاتی کوردستانیش لەگەڵ بەغدا ئەو شتەیە کە عەبادی بە ئۆپەراسیۆنی شەڕ خۆی لێ نەبان کرد، بزانین جەنەڕاڵی شەڕ دەتوانێ جەنەراڵی ئاشتیش بێت و نەخشەڕێیەکی یەکلاکەرەوە بۆ کوردستان بە هەرێمو کەرکوکەکەیەوە، بۆ عیراق، بە شیعەی براوەی ئۆپەراسیۆن و سوننەی دۆڕاوی رەمزیی لەناونیشانی داعشدا، بدۆزێتەوە؟

زەحمەتە بەس، ئەستەمی یەکجارەکیش نییە.

زەحمەتە ئەگەر ئەندێشەی سیاسیی عیراق هەروا تاکرەهەندە سەیری دۆخی وڵات بکات، ئەستەمیش نییە ئەگەر پێداچونەوە بەتۆماری هەڵەی سیاسی چەند ساڵی رابردوودا بکرێت تا بزانرێت داعش دەرەنجامە، پێش ئەوەی دەرکەوتە بێت. ئەنجامە پێش ئەوەی هۆکاربێت.

ئەگەر بەغدای دوای موسڵی رزگار بەڕێی ئەستەمدا رۆیشت، ئەوا دەبێت بێژن: تا داعشێکی تر بە خواتان دەسپێرین، خواتان لەگەڵ!

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/٧/٣**

# بەغدادیبوونمان پێ دەفرۆشێ کە خۆمان بەغدادیین!

حکومەتەکەی عەبادی لەگرتنەبەری ڕێوشوێن و سزادانەکانی لەدژی کوردستاندا پێی زۆر ڕاکێشاو ئەوەش دەبێتە تۆوی سەرەتای ڕابوونێکی نوێی کوردستانی.

تەمبەڵیی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان لە تیمارکردنی ئەو برینانەی کە لەدوای ریفراندۆم هاتنە کایەوەو خۆلادانیان لە یەکخستنی سەرلەنوێی ریزەکان بۆ نوێکردنەوەی تیمی کوردستانیش بەڵگەیەکی سەرەتاییە بەوەی کە جموجۆڵی نوێی بزووتنەوەی کوردایەتی جوڵەو بزاوتێکی جیاواز دەبێت و پشت بە خواستە مێژووییەکان دەبەستێت، بێگومان ئاماژە نییە بەو کلك گرێدانە کاتییە، ئەگەر بێت و پشتی بە دانایی و سیاسەت و شەراکەتی دەستووریی ببەستایە.

وادیارە بەغدا پێی زۆر ڕاکێشاو زیادەڕۆیی کردو مەستی ئەو سەرکەوتنەیە کە خۆی دیاریی بیانییە وەك ئەوەی فوئاد عەجمی-ی بیرمەند وەسفیکردووە، هەروەها لەسایەی ئەو دەستلەپشتدانە ئیقلیمییەو ئەو بێدەنگییە نێودەوڵەتییەدا سەبارەت بەو گەمارۆیەی دەوری کوردستان، کە هەمان ئەو بێدەنگییە دیپلۆماسییەیە کە بەرامبەر مافو ئیستیحقاقە دیموکراسییەکان هەبوو سەبارەت بە پەکخستنی پەرلەمان و درێژکردنەوەی ناڕەوای سەرۆکایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان بە پاساوی ئەولەوییەتدان بە جەنگی دژی تیرۆریزمی داعش.

کوردستان شایەنی ئەو سزا بەکۆمەڵە نییە، بەپاساوی سزادان لەپای هەڵەیەك لە حساباتی سەرکردایەتی کورددا،هەمیشە بزاوتێکی سیاسیی لۆکاڵی هەبووە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دیاردەی ستەمکاریی لە کوردستاندا، لەو کاتانەی کە بەغدا بێدەنگ بوو لە مافە دەستوورییەکەی سەبارەت بە سەرکەوتنی ئیستیحقاقە کوردستانییەکان و پتەوکردنی دەسەڵات لەجیاتی پشتبەستن بە سەفقە سیاسییەکان، کەوابێ بۆچی سزای ئەم گەلە دەدەن کە بەشێوەیەکی شارستانیانەو ئاشتیخوازانە لەبارەی مافی چارەنووسی خۆیەوە قسەی خۆی کردووە؟ هەروەها چالاکانە بزاوتە جەماوەرییەکەی خستۆتەگەڕ لەزیاتر لەوێستگەیەکدا بۆ بەرگرییکردن لە مافەکانی بژێویی و دیموکراسیدا، لەو ڕۆژگارەی کە بەغدا خەریکی

موغازەلەو موجامەلەی ئەوانە بوو کە شەرعییەتیان کۆتایی هاتبوو.

رەنگە ریفراندۆمی یەکلایەنە بەگوێرەی دیدگای بەغدا بازدانێك بوو بێت بەسەر سەربانی دەستووردا، بەڵام هەر لەژێر بانی هەمان ئەو دەستوورەوە بەغدا چی کرد بۆ راکێشانی سۆزی گەلی هەرێمی کوردستان؟ ئاخۆ مادەی ١٤٠ی جێبەجێ کرد؟ ئایا چارەسەری پێشکەش کرد بۆ دۆسیێی نەوت و شەراکەت و ئەنجومەنی فیدرالی؟

یان ئاخۆ دڵی کوردی دایەوەو ئاشتی کردەوە لە پای زامەکانی هەڵەبجەو ئەنفال و پاکتاوی رەگەزی؟

ئایا ئەو حەشدە مەزهەبییە کە لە زەویدا فەساد دەچێنێت، پابەندبوونە بە دەستوورەوە؟ ناوبردنی ئەو کوردستانەی کە تەنانەت سەدامیش دانی پێدانابوو، بە باکووری عیراق هەر پابەندبوونە بەو دەستوورەوە کە دەوترێت کورد پشتگوێی خستووە؟

یان ئاخۆ ئەو پاکتاوی رەگەزییەی لە دوزخورماتوو کراوە کە گەیشتۆتە ئاستی کۆمەڵکوژیی‌و جینۆسایدیش بەشێکە لە دەستووری نیشتمانیی عیراق؟ یاخود ئەو گەشتە خێرایانە بۆ پایتەختی ئەو وڵاتانەی کە دان بە کوردی خۆیاندا نانێن بۆ زیندوکردنەوەی چەند پەیمانێکی سەعد ئابادی دێرین هەر بەشێکە لە پرۆژەی لەئامێزگرتنی گەلی کوردستان لەدوای ئەو گلانەی دوایی؟

چارەسەری تەنگژەکە لە کوردستان تەنها بە چارەسەری پچڕپچڕی سەربازیی ناکرێت بەجۆرێك کە جڵەوی سیاسییەکە لەسەر کەشتییەکە فەرامۆش بکرێت، بەبێ خستنەڕووی دەستپێشخەرییەکی سیاسی کە ببێتە مایەی پتەوکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە کەرکوك. ئەوە لەکاتێکدا ئەو چارەسەرە سیاسییە لە هیچکام لە موسڵ و ناوچەکانی خۆرئاوا پێشکەش نەکراوە لەدوای دەرکردنی داعش، سەرباری ئەوەی کە دۆسیێی داعش جیاوازە لە دۆسیێی هەرێمی کوردستان کە دۆسیێیەکی دەستوورییە.

ئاخۆ سیاسەتی بەغدا سیاسەتی چوونە ناوەوەی سوپایە؟ چ سوپایەکیش، سوپایەکی پشت بەستوو بە پشتیوانێکی تایفی بۆ هەموو ناوچەیەك بەبێ رووپۆشێکی سیاسیی عەقڵانی کە پێویست بەوە نەکات سوپا لە رۆژانی داهاتوودا بگەڕێنەوە سەر داروپەردووی ئەو چارەسەرانەی کە لەسەر بنەمای هەژموونی سەربازیی بنیات دەنرێت.

با ئیتر ئاماژەدان بە سزای بەکۆمەڵ و پێ راکێشان بۆ سوکایەتیکردن بەکورد بەس بێت، بەسە ئیتر لەخۆبایی بوون و زمان درێژی بەرامبەر گەلێك کە لەسەر زەویی مێژوویی خۆی دەژی و دەستدرێژیی نەکردۆتە سەر کەس.

چارەسەری لەخۆبایی بوونی بەشێك لە سەرکردە کوردەکان بەوە بەرزبوونەوەی لەخۆبایی بوونی بەغدادی نابێت لەدژی گەلێك کە رووبەڕووی دیکتاتۆرییەتی بەعس بۆوەو هاوبەش بوو لە بنیاتنانی سیستمی دیموکراسیی عیراق و لەسەروو ئەوەشەوە دەتوانێت رووبەڕووی

پڕۆژەی هەموو خواستێکی دیکتاتۆریی داهاتوو لە هەموو عیراق و کوردستانیشدا ببێتەوە، چونکە ئەو کێویێکە لە ڕوبەڕوبونەوەی ستەم.

ڕەنگە ئەمەش خزمەتێکی دیکە بێت بۆ شەریکە عیراقییەکان کە ئەمەی ڕوودەدات نایخەینە ئەستۆی ئەوان، بەڵام چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکەین لەگەڵ ئێمەدا بڵێن بەسە.

**ئەم وتارە بەزمانی عەرەبی لە ماڵپەڕی (ایلاف)دا بڵاوکراوەتەوە.**

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/١٠/٢٩**

# هاوڕێیانێك كە زیان بە تەندروستی دەگەیەنن

لە هەموو ئاراستە و بۆچوونەكاندا هاوڕێی دۆزی كورد هەیە، هەیانە دیدێكی فەلسەفییان هەیە بۆ مافی گەلی كوردستان لە دیاریكردنی رەهای چارەنووسی خۆی، وێڕای ئەوانەی پێشەوایەتی بزووتنەوەی كوردستان دەكەن، هەیانە لایەنگریی خۆی بەدیدی سیاسیو فیكری كوردو رازیبوونی بزووتنەوەی كوردستان بەجۆرێك لەباوكایەتی فیكرییەوە دەبەستنەوە، تا پشتیوانییەكەیان بەردەوام بێت، هەیانە زۆر پەیوەستە بە تیپەڕاندنی كورد بۆ دروشمەكانیان لە قۆناغەكانی تێكۆشانی كوردستانو وێستگە پڕپێچەكانیان بە درێژایی دەیان ساڵ لە خەباتیان بۆ بەدەستهێنانی مافەكانیان.

باشترین كەس لەوانە لە كاتی تەنگو چەڵەمەدا هاوڕێو لایەنگری دۆزی كوردستان بوون، ئەوانە وەكو چیاكانی كوردستان لە هەڵوێستە مرۆییە پرشنگدارەكانیاندا جێگیرو سەركەش بوون، وێڕای جیاوازییان لە بۆچوونەكانیانو رەخنەگرتنیان لەو هەڵوێستەی كوردستان، كە لە چارەسەری سیاسی دەدەن بۆ جۆرە فریاكەوتنێك لە هەرەتی تێكۆشاندا لە دژی سەركوتكردنو ستەمكاریی.

هاوڕێی كتوپڕ هەیە لە كاتی ئەوپەڕی نازو نیعمەتی كوردستانو زۆربوونی داهاتی نەوتدا دەركەوتنو هێندەی كورد خۆی لە چینی ئاوریشمی كوردی رازاوە بە رووپۆشی ئەفەندیو تەكنۆكرات، سوودیان لە دۆزی كورد بینیووەو لە پێگەی كۆمەڵایەتیو نیشتمانیی لە چینی كرانەوەی لە دەست دەرچووی ئەقڵیان نزیكترن، واتە بەپێی ناولێنانی میللی بۆ دەوڵەمەندەكانی سەردەمی ئەنوەر سادات سەرۆكی كۆچكردووی میسر، چینی پیاهەڵدەران.

بەڵام ئەو هاوڕێ كتوپڕانە تەنها چارەنووسیان ئەوەیە كە كورد پێش ئەوانی دیكە بزانێت هاوڕێی تەنگانە نینو دوا ناخۆشی كە لە دوای وێستگەی راپرسیی كوردستانو گەلەكۆمەكی سەربازیی تووشی بووین كە عەبادی سەرۆك وەزیرانی عیراق خودی خۆی لە دژی گەلی كوردستان بەرزی كردەوە.

هاوڕێی خراپ هەیە لە كاتی تەنگژەدا دەردەكەون، ئەوانە وەكو هاوڕێ كتوپڕەكان بێدەنگ نابن، بەڵكو بەرگی لایەنگرە راستگۆكان دەپۆشن، ئەوانە خۆیان لە خوێنی یوسف

بێبەری کرد.

هاوڕێیانی خراپ ئەوانەن کە لەسەر ناکۆکییە سەرەکییەکانی کوردستان دەژین، وەکو جیاوازیی لە دیدو ئاراستەی سیاسیو کتوپڕ، وەکو کاتی شکستی سیاسیو بچووکبوونەوەی کوردستان، ئەوانە مشەخۆرنو لەسەر شرۆڤەی شکستو تۆمەتبارکردنی یەکدی لە نێوان ئەوانەی لە دۆسێی کوردستاندا لە پێشترن، بە شرۆڤەکانیان لە هۆکاری نسکۆو هۆکارەکانی، جیاوازیو ناکۆکی نێوان لایەنە ناکۆکەکان قوڵتر دەکەنەوە.

لە نێوان ئەو هاوڕێ خراپانەدا، هەیانە بە ئاراستەی گەورەکردنی هەندێکو بچووك کردنەوەی هەندێکی تر کار دەکەنو هانی بەردەوامبوونی بە نەفرەتکردنو ململانێی گەورەیی دەدەن، لە بری ئەوەی هانی سەرکردایەتی کوردستان بدەن بۆ سارێژکردنی زامەکانو خۆئامادەکردنی بۆ بەرزکردنەوەی خەمی نیشتمان لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانو تێپەڕاندنی ئەو مەینەتییەی هۆکارەکانی ناوخۆیین، شانبەشانی گەلەکۆمەکی هەرێمیو بەسوپاکردنی مەزهەبیو نەتەوەیی کە بە بیانووی راپرسییەوە بەغدا پەیڕەوی کرد.

نامەوێت بە دیاریکراوی ناو بهێنم، چونکە ئەوەی دەمەوێت پێی بگەم هێندەی دۆزینەوەی هۆکارە، ناوزڕاندن نییەو یەکێك لەوانەی کە ماوەیەکی کەم نییە دەربارەی کوردستان دەنووسێت، بەڵام لە ناکۆکییەکانی نێوان حزبە کوردستانییەکان چەقۆ لە گەردنمان دەسوێو تاوێك بەو حزبدا هەڵدەداتو تاوێك چاوی لە کەناڵی ئەو حزب دەنوقێنێت، چاوپۆشی لە عەیبەی هەندێك دەکاتو هەندێکی تر تۆمەتبار دەکات، ئەوانە هاوڕێی گەلی کوردو بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی نین، هەروەها هاوڕێی عیراقی دیموکراسیو فیدراڵی نین، بەڵکو ئەوانە وەك مشەخۆر لەسەر زامەکانی کوردستانو ململانێ درێژخایەنەکانی نێوان کوردستانو عیراق دەژینو لە پێناوی بەردەوامبوونیانو پاشان بەردەوامبوونی کوێرەوەرییەکان لە ژێر ناوی پشتیوانی لە دۆسێی رەوای کورد، هەڵەی گەورەی هەندێك لە سەرکردە کوردەکان دەڕازێننەوە.

بەو کەسانە دەڵێین، خۆتان بە جلوبەرگی هاوڕێیەتی گەلی کورد دامەپۆشن، هەروەها پێیان دەڵێین وەکو ئەوەی لە کلتووری میللیدا هاتووە (یا غریب خلیك ادیب).

**سەرچاوە: لە سایتی ساراپرێس بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە**

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/١١/٧، وەرگێرانە کوردییەکەی بڵاوبۆتەوە.**

# کورد و عیراق لە مەنگەنەی هەڵبژاردندا

هەڵبژاردنی داهاتووی عیراق لەناو داروپەردووی بەشەڕداهاتنی پێکهاتەکان و بەریەککەوتنی قوڵی نێوانیان پێکدێت. لە دۆخێکدا دەکرێت کە خەریکە شیعە بادەی سەرکەوتنی خۆی دەنۆشێ بەوەی بەسەر سوننەو کورد دا سەرکەوتووە، لەبەرئەوە دەکرێ بڵێین ئەم هەڵبژاردنەی بڕیارە مایسی داهاتووی ساڵی ٢٠١٨ بەرپابکرێت، بە هەق هەڵبژاردنێکی شیعەییانەیەو بە دیزاینێکی ئێرانیانە دەکرێ. دیزاینی ئێرانیانە هەر ئەوە نییە ئێران یارمەتی سەرکەوتنی شیعەی داوە بەسەر کوردو سوننەو ئەمریکاش بەجۆرێك دەتوانین بڵێین ماوەی (٢٠٠٣-٢٠١٦) ماوەی ئەمریکایی عیراقی دیموکراتییە دوای سەدام و لە ٢٠١٨ شەوە مادەی ئێرانی عیراقی دیموکراتی دوای سەدام دەست پێدەکات، بەڵکو بە مانای ئەوەش کە دیزاینی ئێرانیانەی هەڵبژاردن بەو شێوەیە لە ناو یەك بازنەی دیاریکراودا کارەکتەرەکان لەناو خۆیاندا جێگۆڕکێیەکی سنووردار دەکەن، بەڵام بونیادی سیستەمەکە وەکو خۆیەتی.

هەڵبژاردنی داهاتووی عیراق بۆ شیعەی دەعوە ئاسا، یانی شیعەی ئیسلامی مسۆگەرە و پەراوێزی گۆڕانکاریی هەر ئەوەیە چەند کارەکتەرێك دەبنە بژاردەی ناچاری و دەبێ دەنگدەری شیعە ئیجتیهاد لە هەڵبژاردنیاندا بکەن.

ئەم سیناریۆیە رەنگە پێویستی بە چاپێکی تری سوننەو چاپێکی تری کورد هەبێت، کە تەوەرە بەندی شیعەو رەهایی دەسەلاتیانی قبوڵ بێت، نەك تەنها بە مانای زۆرینەی دانیشتوان و زۆرینەی دەنگدەری عیراقی، بەڵکو بە مانای ئەوەی بەشەکەی کورد و سوننەش بە فلتەری مەرجەعیەتی ئەواندا بڕوات. لە هەڵبژاردنی ٢٠١٤ ەوە سوننەی کێوماڵکراو بەرەو سوننەی ماڵیکراو پەیدابووە. ئەم هەڵبژاردنەی ٢٠١٨ بەشێکی بۆ دروستکردنی کوردی کێوماڵکراوە، کە ئیتر بەماڵیکردنی خۆی رازی بێت. شیعە حەزی لێیە کێوماڵی سەربازی دوای ریفراندۆم و پەروباڵکردنی کوردستان و کەرکوکەکەی بقۆزیتەوە تا لە هەڵبژاردنی داهاتوودا کوردی ماڵیکراو بکاتە ناونیشانی بەشی کورد لە دیموکراسی دوای مایسی ٢٠١٨دا. جا کوردی لاواز کە ناتوانێ یەکبگرێ و وەکو جاران لەو دیو حەمرین درزی ناکۆکیەکانی سواغ بدات، لەم هەڵبژاردنەدا دەکەوێتە دواوە و پیشبڕکێ لەسەر رازیکردنی

پرۆسەی سیاسی بە سپۆنسەری شیعە دەخەملێ و لەناو کوردیشدا پێشبڕکێی هەرزان دەست پێدەکات.

لە بنچینەدا دیموکراسی ماوەکیو خولی هەڵبژاردنی خولەکی بۆ ئەوەیە هەم دیموکراسی هەبێو هەمیش ئەگەر چارەسەری کێشەکانو پرۆسەی سیاسی گەیشتە بنەبەست، وێستگەی هەڵبژاردن ببێتە وێستگەی بۆنەی جووڵەپێکردنی مت بوون و مەیینی دۆخەکە. سا بەڵکو نەخشەی هێزەکانو ریزبەندی لایەنەکان بجولێنو گۆڕانیان تێدا بقەومێت، بەڵام لەدیموکراسی عیراقیدا، چونکە قۆناغی ململانێی پێکهاتەکان تێنەپەڕیوە، هیچ وێستگەیەکی هەڵبژاردن نەیتوانیوە شتێك لە ریزبەندی هێزەکان و ناونیشانیان بگۆڕێت.

بەڵکو هەر ئەندامێکی بازنەی هێزەکان وەك تەلەبەی تەمەڵ لەشەوی ئیمتیحاندا بۆی دەردەکەوێت سەعی نەکردووە و هەموو جارێك چەند دەرسێك بەخولێکی تری ئیمتحان دەسپێرێ.

کێشەی دوێنێ دەدات بە دەم هی ئەمرۆ و هی هەردووکیان بە دوو سبەی دەسپێرێت.

سەرەنجام دەریچەی هەڵبژاردنو وێستگەی سەندنەوەی متمانەو پێدانو پێدانەوەی متمانە لەجیاتی خوێن بە بەراکردنی قوڵپدەر و نوێ لەدەمارو لاشەی سیاسەتدا دەبینین پەستانی خوێن دەقەومێو کێشەکان کەڵەکە دەبن. بگرە لەبەر وەك خۆی مانەوەی کێشەی پێکهاتەکانو جەمسەرگیری مەزهەبی و نەتەوەیی، دەبینین ئەو کێشانە بۆ هەر پێکهاتەیەك دەبێت بە ماددەی هەڵبژاردنو بردنەوە و دۆڕانی ئەم هێز و ئەو هێزی تر، سەرئەنجام وەك خۆی مانەوەو هەوکردنی کێشەکانو گەورەبوونیان.

جا لەو ئاستەدا شیعە خوازیارە هەژموونو دیزاینی ئەمجارەیان پرۆسەی سیاسی وا لێبکات پێکهاتەی کوردو سوننە ماڵی ببنو نەتوانن بێ چارەسەر مانەوەی کێشەکانی خۆیان بۆ دەنگ کۆکردنەوەی زیاتر بەکاربهێنن، بەڵام خۆیان (سەرکەوتن) یان بەسەر کوردو سوونە بۆ قازانجی پێکهاتەی خۆیانو ریژەی خۆیان لەناو ئەو پێکهاتەیە بەکاربهێنن. لێرەوەیە چەرخی ئیرانیو ئاوابوونی خۆری دیموکراسی ئەمریکایی لە عیراق دەستپێدەکات. پێیان دەکرێت؟

هێشتا زووە قسەی کۆتایی بکرێت. یان بەلایەنی کەمەوە هەڵبژاردنی ٢٠١٨ بەیەکجاری ئەدگاری چەرخی ئێرانی بچەسپێنێت. بەڵام ئەوەی دیارە ئەوەیە گرەو لەسەر عەبادی بۆتە پەنجەرەی ئەمریکا کە هەندێك هەژموونی خۆی دەمەزەرد بکاتەوە.

عەبادیش چەندێ بەشی ئەمریکای پێوەیە ئەوەندەش ئێران خاوەندارێتی لێ دەکات. ئێران لە کارەکتەرەکانی تریشدا شەریکەو هەر کامێکیان پتەو بێت ئێران بەشی خۆی لێ دەوێت. ئەمە بۆ ئەمریکا وانییە ئەگەر عەبادی براوەی یەکەم نەبێت.

هەڵبژاردنی ٢٠١٨ وەکو جاران شتێکی کەم دەگۆڕێت لە تەرازووی هێزەکان، چونکە

پێکهاتەکانی بە رەسەنێتی خۆیانەوە بن یان بە فیلتەری شیعەدا بڕۆن هەر بە نەتیجە دەنگ بەپێکهاتەی خۆیان دەدەن، بۆ کوردیش هەروا دەبێ، بەمانا دەنگدەری کورد دەنگی خۆی دەدات، بەس دیار نییە نوێنەری کورد دەتوانێ سەنگی خۆی دەربخات یان نا؟

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/١١/٢٥

# یان گفتوگۆ یان موتارەکە

هەر شتێك زۆر لە راگەیاندن باسکرا و سەکۆی میدیا بوو بە شوێنی روونکردنەوە و رەد و بەدەلی، مانای وایە کەموکوڕییەکی جەوهەریی تێدایە.

ئێمە خۆمان لە راگەیاندن کار دەکەین. دەزانین سەکۆی راگەیاندن تەنها بۆ وروژاندن و خستنەڕووی کێشەکان باشە، بەڵام چارەسەرکردنی کێشەکان، راڕەوی سیاسەت و گفتوگۆی حەریفەکانی دەوێت. ئەمە بەسەر هیچ دۆسێیەکی سیاسیدا جێبەجێ نەبێت، بەسەر دۆسێی گفتوگۆی نێوان کوردستان و بەغدادا جێبەجێ دەبێت.

بەغدا بە حکومەت و وتەبێژ و دەستەبژێرەوە زۆریان وت. کوردستانیش هەروا زۆری جواب دایەوە. ئیتر کاتی دەستپێکی گفتوگۆیە. ناوبژیوانەکان کێن و چۆنن با دەستبەکاربن و شوێن و کاتی یەکەم کۆبوونەوە دیاری بکرێت. جێگە زۆرە بۆ گفتوگۆ، حەتمەن خولی یەکەمی هەر دەبێت لە بەغدا بێت، کە هەر دەبێ پایتەختی عیراقی ئیتیحادی بێت، نەك عیراقی موەحەد. ئەگەر دوای ئەوە میانە دروستبۆوە، کوردستانیش دەتوانێت زیمامدارانی کاروبار لە حکومەتی ئیتیحادی میوانداری بکات.

ئیتر گفتوگۆکان دەبێ دووربێت لە چاوی حەسوودی نەیاران و چاوی تیژبینی میدیاکاران، کە نەریتمان وایە بۆ داگیرساندنی جگەرەیەك ئامادەین دارستانێك بسووتێنین!!

زۆریان وت و زۆرمان وت، ئیتر یان کاتی گفتوگۆیەکی جددییە، یان مەسلەحەت تەوقوفە، تا یەومی نەفخی سوور، کە ئەوی ئەو دنیا خوا خۆی دەیزانێ و ئەوی ئەم دنیا پەیوەستە بە هەڵبژاردنی داهاتووەوە.

عەبادی وا ناوی لە دنیا دەرکرد کە دەخوازێ عیراق دابەش نەبێ و لەم زستانەدا قاپوتی دەستوور بکاتە بەر (هاوولاتییە کوردەکان)ی. حکومەتی ئێستای کوردستانیش چانسی دراوەتێ تا هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان لەجێی گشتمان هەمەکارە بێت، بە کاری گفتوگۆ لەگەڵ بەغداشەوە. هەردوولا لە پاڵ ململانێی یەکتریان مەحکومن بە ململانێ لەگەڵ کاتیشدا.

بۆیە ئیتر یان دەبێ بێدەنگ بن و موتارەکە بکەن، یاخود دوای دیالۆگی دەنگی بەرز دەست بە دیالۆگی ژوورە داخراوەکان و راڕەوەکانی سیاسەت بکەن.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/١٢/١٠**

# سێبەری هەڵبژاردن لە کوردستان تا بەغدا

رۆژنامەی مەدا، راپۆرتێکی نووسیوە لەسەر ئەگەرو نەگەری دواخستنی هەڵبژاردنی داهاتووی عیراق.
راپۆرتەکە لەسەر ئەوەیە عەبادی؛ حەزی لێیە لەکاتی خۆیدا بکرێت، مالکی-ش بەمەرجی سازکردنی حکومەتێکی نوێ لەگەڵ دواخستنێتی.
(نوێ) لە روانگەی مالکی-یەوە، یانی دووبارەکردنەوەی خۆکاندیدکردنەوە بەو ئیعتبارەی دووجار لەسەریەکی پێشووی دەستنویژی ناشکێ، چونکە چەند ساڵێکی حکومەتایەتی عەبادی تێکەوتووە. ئەمە لە کوردەواری خۆماندا شتێکی پێدەڵێن کە ناوهێنانی بۆ رۆژنامەی سیاسی دەست نادات.
بەودیو حەمرینیشدا، تای ململانێی هەڵبژاردنی عیراق، کوردستانیشی گرتۆتەوە، بەدوو مانا:
-کوردستان بەشداریی چۆن دەبێت لە هەڵبژاردنی عیراقدا؟، کە خۆی ئەم جارە جووت هەڵبژاردنە، هی ئەنجومەنی نوێنەرانو هی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش.
— هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان کەی دەکرێت؟ لەوادەی خۆیدا وەك سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بارزانی نامەی بۆ پەرلەمان نووسیووە بەهاری داهاتوو بکرێت؟ یان بەهۆی گوشاری ئۆپۆزسیۆن، لەناو شەقامدا، تەنانەت رەنگە پێشیش بخرێت؟. یاخود بەهارو سەیران دڵی هەمووان نەرم دەکاتو دیسانەوە وادەکەی دەکەوێتە پێنج قۆڵی سازانەوە؟ لەوانەشە سێبەری عیراقی مەرکەزی لەم بێ پارەییەی کوردستانو لەم مەیلەی ئۆپۆزسیۆندا کە باوەڕی بە حکومەتی ئێستای هەرێم نییە، وا چڕبێتەوە کە بەغدا بڵێ دووەکەی بەغداو ئەوەی هەرێم بە یەك خەرجی و بەناونیشانی یەك عیراقی دیموکراتەوە، یەك دەخەم؟
ئۆپۆزسیۆنی بێئومێد لە سیاسەتی دوو حزبی حوکمڕانی سەرەکی رەنگە ئەم بژاردەیەی پێ خۆش بێت. لەم حاڵەدا هەڵبژاردنی داهاتووی سەرتاسەری عیراق بە مانای یەکخستنەوەیەکی تری عیراق دێت.
ئەوەش کە ئێستا ناوی مالکی جارێکی تر کەوتۆتەوە ناوان و تەسویقی میدیایی بۆ

دەکرێت، نیشانەیەکی دیاری تای هەڵبژاردنەکانی عیراقە کە لە کوردستانیش لێکەوتەکانی دەرکەوتوون. ئەکرادە تازەکانی مالکی رەنگە لە داخی عەبادی بچنە هاوپەیمانی لەگەڵ مالکی. ئەکرادە کۆنەکانیش، بە وەسفی میدیای برایانی پارتی، لەگەڵ عەبادی لە شەڕ و لە دەعوان، چونکە هیچ قسەیەکی لەگەڵ کورد نەبردۆتە سەر، نە لە بودجەو مووچەو نە لەسەر دۆخی کەرکوك. لەبەر ئەوەشە رەنگە عەبادی قورسایی بخاتەسەر قوڵایی شیعەو پشتیوانیی ئەمریکاو رۆژئاوا. شەڕی داعش و شەڕی دژی کوردستانیش بکاتە دەسکەلا تا هەڵبژاردن بباتەوە. ئەم دوو کارتە بەدەست عەبادی-یەوە مەحکومە بە فاکتەری کاتەوە. تا هەڵبژاردن زووتر بکرێت تای سەرکەوتنەکانی عەبادی گەرمترە بۆ بردنەوەی. تا دوابخرێت سەرکەوتنەکانی کاڵ دەبێتەوەو کەموکوڕییەکانو پێشێلکارییەکانی لە دژی سوننەو خورماتوو لێی دەبێتە ملۆزم و سەری بردنەوەی دەخوات. رکابەرەکانی هەر لە مالکی تا حەشدی شەعبیی و عەلاوی و سەرکردەکانی سوننە دۆسێی پڕتری بۆ ئامادە دەکەن.

لە هەموو حاڵێکدا دۆسێی ناو ماڵی شیعەو راڕەوەکانی سیاسەت لە بەغدا یەکلاکەرەوە دەبن لە ململانێی هەڵبژاردندا. بەداخەوە فاکتەری کوردی تا خوا (مام جەلال)ێك، یان پەیڕەوێکی مام، بە کورد دەداتـەوە لە هەڵبژاردنەکاندا کاریگەر نییە. بەپێچەوانەوە هی سیاسەتی بەغدا کاریگەری دەبێت لەسەر کوردستان، تەنانەت لە دۆسێی هەڵبژاردنی هەرێمیشدا.

وتلك الايام تداولها بين الناس

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/١٢/٢٦

# ئامارەکانی هەڵبژاردن چی دەڵێن؟

دوێنێ لەسەر هەڵبژاردنی عیراق دواین، ئەمڕۆش درێژەی پێدەدەین.

چەند ئامارێك لەبارەی بەرکوڵی هەڵبژاردنەکانەوە نەخۆشییەکانی دیموکراسیی لە عیراق دەردەخەن، کە لە سەر عیراق دواین، بەشەکەی کوردستان کە سەد گرفتی هەیە، قسەکردنی ناوێت.

لەکۆی ٢٤ ملیۆن دەنگدەری عیراقی، تەنها ٤٤٪ یان تۆماری خۆیانیان نوێ کردۆتەوە. (٢٠٠) حزب و قەوارەش مۆڵەتی بەشداریی کردنی هەڵبژاردنی داهاتوویان وەرگرتووە کە بڕیارە لە ١٢ی ئایاری ساڵی داهاتوودا بکرێت.

بێگومان ژمارە بێدەنگە ئەگەر شەرحی نەدەینێ:

باوەڕمەندان بە پرۆسەی دیموکراسی، لەڕێی هەڵبژاردنەوە، لەخوار پەنجایە، باوەڕی ئەو حزب و قەوارەو کارەکتەرانەی تەماعیان لە کورسی و بردنەوەیە، ژمارەیان زۆرترە لەوەی بەغدای پایتەخت تەحەمولیان بکات. بەگوێرەی ئەم ژمارە دوو سەدییە هەر پارێزگایەکی عیراق ژمارەیەك حزبی بەردەکەوێت. ئەگەر لەبیرمان بێت، دوای هەر هەڵبژاردنێك قەوارەکان لەسەر دەستکەوت لێك جیادەبنەوەو حزبە رەسەنەکانیش هەرچەند ساڵ جارێك بە هەڵبژاردن و بێ هەڵبژاردن لێکترازانیان لێ دەقەومێت، کەواتە دەزانین سەر ستەیجی سیاسەتی عیراقی جیرە جیڕی دێت و بەحاڵ جێی کارەکتەرەکانی لێ دەبێتەوە. ئەگەر ئەم دیاردەیە لەگەڵ کزبوونی مەیلی دەنگدەران گرێ بدەین، نیشانەی ئەوەیە رێڕەوی پرۆسەی سیاسیی عیراق، پێویستی بە راستکردنەوەیە، ئەگەرنا ماوەیەکی تر وای لێدێت حەریفەکانی سیاسەتی عیراقی لەناو دیموکراسیدا قەرەباڵغ دەبن و لە میللەتیش کەس نامێنێت دەنگیان بداتێ و ئەوانیش نوێنەرایەتییان بکەن.

حەریفەکان لە بەغدا دەبنە عەسکەر کاشان، وەك مام جەلال هەموو جارێك لە تانەی پۆست و پلەدا باسی دەکرد. هەموو دەبنە ئەفسەرو جوندی نامێنێ ئەمری پێ بکرێت! جا لەبەغدا ئامانەی دوو قاتی هەیەو جێی عەسکەری کاشان دەبێتەوە، ئەدی پارێزگاو هەرێمەکان چی بکەن؟

دیوێکی ئەمە پەیوەستی دەستەبژێری سیاسییە کە ئەو هەموو کارەکتەرە هەیە خزمەتکردنی وڵات تەنهاو تەنها لە پلەداریی و پۆستدا دەبیننەوە.

ئەدی ڕێژەی پەرۆشیی دەنگدەران بۆ وا دابەزیووەو خوار نیوەیە؟

دیارە ئەمە بەشێکی پەیوەستە بە کەلتووری دیموکراسییەوە، بە تێگەیشتنی پەمەیی لەبارەی سەنگ و کاریگەریی بە پەلەی دیموکراسییەوە.

خۆشی پێچەوانەی بیری باو، دیموکراسی زۆر لەوە بەستەزمانترە کە بەزوویی گۆڕانکاریی گەورە بکاتو دونیای ناخۆشی ژیانی خەڵك ژێرو ژوور بکات.

خەڵك بەخەیاڵی شۆڕش ئامرازی دەنگدان بەکاردێنێ، کەچی ڕەوتی دیموکراسی و وێستگەی هەڵبژاردن ڕەوتێکی کیسەڵ ئاسایە. تەنها ئەو کاتە لە کەروێشکی شۆڕش دەباتەوە کە بینەرەکانی بە حەوسەڵە بنو باوەڕیان پێ بێت. خەیاڵدانی گۆڕانکاریی گەورە لە ئەندێشەی دەنگدەری عیراقی لە قۆناغی دیموکراسیی ڕاگوزەردا وایکردووە تووشی بێ ئومێدی ببنو لە دەنگدان تەوەللا ببن.

بنمیچی بەرزی خەیاڵدان وادەکات سەری بەرزی خەڵك بەر واقیعی نزم بکەوێت. لەم دۆخە ڕاگوزەرەدا هێزەکان مژدەی وا دەدەن کە چوارساڵی نۆبەتی هەڵبژاردن دەرەقەتی نایەت. (مەعقول چییە) کە لە بەرنامەی چوار ساڵدا بەڵێنی گێڕانەوەی شکۆی بەغدای زەمانی هارون ڕەشید بدەیت کە بەنی عەبباسی خۆیان بە ٢٠٠ ساڵ ئینجا ئەو زەمانەیان بەرپا کردووە؟

تا خەڵك بێ هیواتر دەبێت. هێزی پۆپۆلیستیش مژدەی زیاتر و زیاتر بڵاودەکاتەوە، واتا پەیوەندییەکە پێچەوانەیە، لەبەر هەندێ لەگەڵ بەرزبوونی پلەی بەڵێنەکان، بێ ئومێدی دەچێتە خوار پلەی پەنجاشەوە، بەمە دیموکراسییەکە دەورانێك پەرت و پەخش دەبێت تا فەرهەنگەکەی، دوای چەند دەیەیەك، جێگیر دەبێ.

لەسەر عیراق قسەمان کرد، نەك لەسەر کوردستان، بەڵام لەبەرئەوەی هێشتا کوردستان بەشێکە لە عیراق، کەوابێ وەك کەرەستەی لابوری تاقیگە، ئاوەکەیان لە یەك ئاستدا دەوەستێت.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/١٢/٢٧**

# مەتەڵی عیراق

پێکهاتەی شیعە لەڕێی سێ جۆر نوێنەرایەتییەوە خۆی دەردەخات کە هێندە گوزارشت لە فراوانبوونی پەراوێزی بەردەمیان دەکات، هێندە ئاماژەی تەنگژەو پەرتەوازەیی نییە. تەجرەبەی وێستگەکانی دیکەی حکومەتەکانی تر، لەدوای رووخانی سەدامەوە، دەریدەخات پەرتەوازەیی شیعە لە پشکی حکومڕانییان کەمناکاتەوە، بەڵکو وەك لابۆری تاقیگەکان چۆن ئاوی تێبکرێت نارژێ، لە یەك ئاستی دابەشبووندا دەگیرسێتەوە.

دوو ململانێکاری ئیقلیمیو نێودەوڵەتی، ئێرانو ئەمریکا، کە لە گۆڕەپانی عیراقدا نفوزدارن، دەکەونە ململانێیەکی واوە کە شیعەی زۆرینە وەبەرهێنانی تێدا بکات، کامیان زیاتر پێکهاتەی شیعە رازی بکات تا پردی پارێزگاری بژاردە سیاسییەکانی ئاوەدان بکاتەوە. ئەمجارەش پەرتەوازەیی شیعەکان هەر وای لێ دەکەوێتەوە کە دەستکەوتەکانیان پارێزراو دەبێو پریشکی ناکۆکییەکانیان بەسەر کوردو سوننەدا قلْپ دەبێتەوە.

دابەشبوونی ئەمجارەی شیعە بەسەر سێ ناوی جواندایە، کە لە ناوەرۆکدا هەمان هەژموونی ئەوان دووپات دەکاتەوە: فەتح و سائیرون و نەسر. واتا: (حوکمڕانو ئۆپۆزسیۆنو هێزی سەربازی).

-سائیرون شیعەی ناوەیە کە سەدر سەرۆکایەتییان دەکات، لەگەڵ رەوتی شەقامو نارەزایی تێکەڵبوونو لەهەڵبژاردندا یەکەمییان هێناوەتەوە.

-شیعەی حوکمدار، کە دووجار بەناوی دەوڵەتی قانوونەوە حزبی دەعوەی لە حوکم جێگیرکرد، ئەمجارە نەسری داوە بە عەبادیو قانوونی بۆ مالکی بەجێهێشتووە. عەبادی بە قەرەباڵغی سەرکەوتنی رەسمی بەسەر داعشدا گەلەکۆمەکێیەکی بۆ خۆی دابینکرد، هەرچەندە یەکەمی نەهێناوە، بەڵام سەنگی لە قبوڵی نێودەوڵەتی گەورەیە.

-شیعەی عەسکەری کە فەتح نوێنەرایەتییان دەکات. ئەمانە نوێنەرایەتیی حەشدی شەعبی و باڵی سەربازیی شیعە دەکەن، کە خوێنیان بۆ بەرەنگاری داعش خەرج کردووەو خۆیان وا دەردەخەن عیراقیان لە دابەشبوون پاراستووە. بەم جۆرە شیعەی ناوەوە (کە بەدەستەواژەی نەدیم جابری شیعەی ئەنسارن) هێڵێکن بەرامبەر شیعەی دەرەوە (موهاجرین)،

(که ئەمانە لە مەنفای بەرەنگاری بەعس بوونو لە ژێر چەتری ئەنجومەنی باڵادا بەدر و دەعوەیان پێدەگوتن). ئێستاش دوو گروپن (نەسر و سەدر). دەوڵەتی قانوونی مالکیش یەدەکە بۆ هەر لێقەومانێك.

ڕاستە هێشتا ساغنەبۆتەوە ئەم سیانە چۆن هاوپەیمانێتی دەکەنو کێ سەرکاریان دەبێت، بەڵام ئەوەی دیارە ئەمریکا عەبادی دەوێ و ئێرانیش بێ پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوە سەدری ناوێت. فەتحەکەی هادی عامریش لەسەر زەوی هێزی هەیەو حیسابی موستەحەقی خۆی لە پشکێکی سەنگینی ئەمنیو سەربازیی دەسەڵاتدا دەبینێتەوە.

ڕەنگە وابێ عەبادی سەرۆك بێتو سەدر باوکی ڕۆحانیو عامریش دەستی پۆڵاینی تەمبێکردن بێت بۆ هەر هێزێك دژی پشکەکانیماڵی شیعە بێت.

بۆ ئەوەی کوردو سوننەش نەبنە کارەکتەری ئۆپۆزسیۆن دەکرێ وا بکەن لقی چوارەمی پێکهاتەی شیعە (دەوڵەتی قانوون-ەکەی مالکی) لە گۆڕەپانی ئۆپۆزسیۆندا کاراو کاریگەر بێت.

کێ ئەم مەتەڵە هەڵدێنێ؟

ئەوە سوننەیە لەدوای کەوتنی سەدام هەر بچووك دەکرێتەوە، لێ دەروجیرانی عەرەبی عروبیو سوننەی عوسمانلی دەیانهێننەوە کایە، بەو حاڵەشەوە ئەمجارەش لاوازکراونەتەوە، بۆیە تازە مەگەر لەچوارچێوەی کەینوبەینی ئیقلیمی چارەسەری کێشەکانی ناوچەکەدا ڕۆڵیان بۆ مسۆگەر بکرێتەوە، کە بەشی عیراقیشی تێدابێت، دەنا لە ناوخۆی عیراق ژێرخانی هێزیان تەفروتوناکراوەو بەتەنیا وەك سوننی عیراقی نابنە هەقداری بەهێز.

ئەم باسە بۆ خەفەتخواردن لە سوننە نییە، کە هەشتا ساڵ خەفەتیان دایە کوردی بەلەنگاز، بەڵکو بۆ تەجرەبەو عیبرەتە، ئەگەر گەرەکمانە شتێك فێربین.

دوو ساڵی چووە کوردستان بە کۆمەڵێك زام و برینەوە هەوڵی هەڵسانەوە دەدات، بیرۆکە زۆرە بۆ ئەوەی گەڵاڵەنامەی هەبێت داخۆ چی بکات؟ بەس وەختی ئەوە نییە بیرۆکە بە تەجرەبەی هەڵەو ڕاست بسپێرین، بیرۆکەی سەددەرسەت ڕاستمان دەوێت، ئەم بیرۆکانە ئیرادەی کاری دەوێت کە بتوانێت برینەکان سارێژ بکات.

یەکبوونو بەرنامەی هاوبەش گرنگە، کۆبوونەوەکەی هەولێریش هەنگاوێکی لەجێی خۆیدایە، بەڵام هەموو شتێك نییە. دەتوانێ کۆدی مەتەڵ بکاتەوە. کە کۆد کرایەوە، دەزانین لەودیوو چی هەیەو دەبێ چی و چۆن کار بکرێت؟.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٨/٧/٥

# باشووری عیراق و دەردەدڵ

لە مامەڵەی کوردستاندا وا هەڵسوکەوت دەکەن کە لە هەموو شوێنێکی عیراق دۆخەکە باشە و تەنها لە کوردستان لاساری هەیە و گەندەڵی پایەدارە و دەستوور شێواوە و ئەمنییەت بۆ هاووڵاتی غەیرە کورد تەسك و تەنگە و هەموو شتێك خراپە. وا جارێکی تر قەومانی بەسرە و باشووری عیراق دەریخستەوە لەو شوێنانەی ڕاستەوخۆ خۆیان حوکمی دەکەن، چ وێرانەیەکە؟

لە ناوچەی ڕۆژئاوای عیراق، ناوچەی سوننە نشین، بەهانەیان ئەوەیە تیرۆر و تۆقان، قاعیدە و داعش هەبووە، بۆیە وا خزمەت و ئاوەدانی نییە، بۆیە وا دیموکراسیی و هاووڵاتێتی جێگیر نەبووە. بۆ کوردستان دەڵێن لە کەرکوك مافی تورکمان و عەرەب دەخۆن و هێزە کوردییەکان فراوانخوازیی دەنوێنن، کەچی وا لە بەسرە تا بناگوێی بەغدا، نارەزایی و بەرەنگاریی جەماوەریی هەیە، ئەی خۆ ئەوە خەتای کورد و خەتای داعشی نەفرەتلێکراو نییە. ئەوانە کە حوکمی لامەرکەزی و دەزگای هەڵبژێردراوی ناوچەی خۆیانیان پێناکرێت، بە چی ڕوویەکەوە عیراقێتی و نیشتمانپەروەرێتی بە کورد دەفرۆشنەوە؟ بە چ مەنتقێکی رەواییەوە حوکمی بەغدا دەکەن کە نە بەغدایان پێ حوکمێکی عادیلانە و فرەییانە کراو نە بۆ حاڵی مەزهەب و خێڵ و عەشیرەتی خۆیان کاریان پێ کراوە؟

ئەشهەدو مابیلا کوردستان هەڵەی هەیە، پەڵەی پێوەیە و بێ کەموکوڕی جەوهەری نییە، بەڵام ئەدی ئەوەی لای ئەوان لەچییەوە هاتووە؟ کوردستان هەڵەی هەیە کە بێ حیساب و کیتاب هەنجەتی سەردارانی عیراقی سەرخست و پاڵپشتی ئابووری و بودجەی خستە نێو تەونی جاڵجاڵۆکەی ئابووری سەربەخۆ و قیل و قاڵی برینی نارەوای بودجەوە، بەڵام ئەی خۆ زۆرینەی عیراق بودجەی نەبڕابوو، ڕیفراندۆمی نەکردبوو وا جەماوەری شیعە لێیان قیت بۆتەوە و جەماوەری سوننەش هەر بە جارێ لێیان تەوەللا بووە؟

ئەوەی لە بەسرە و باشوور دەقەومێت، لەڕووی هەقەوە، هەقە، ئەگەرچی لەڕووی شێوازەوە تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتێنێ و بەشێکە لە دیمەنی میللیگەرایی کە عیراق و ناوچەکەشی تەنیوەتەوە، بەڵام ئەسڵی هەڵە دەزگای حوکمڕانییە کە هەموو هەڵبژاردنێکی خولەکی و

بەو دەستووره ناوەڕۆك باشەی عیراقەوە، ناتوانێ نوێنەرایەتییەكی باش بكات، بەو هەموو سەروەت و سامانەی عیراقەوە ناتوانێ ئاوەدانی و بووژانەوە دابین بكات تا خەڵك لە تەمموزدا، چواردەی تەمموزی نەكەفێتەوە بیر. سەرانی رەسمیی عیراق ئەوكات عیراقێتی و نەوت و دەستووریان لەبیره، كە كورد دەست بۆ بڤەیەك ببات، دەنا وەكو دێتە سەر عەدالەت و عیراقێتی و گوزەرانی باشی میللەت، ئەوا عیراقیان لەبیر نییە.

هەروەها میللەتیش ئەوكاتەی سەرانی زۆرینە لە عیراق پێشێلی مافی كورد دەكەن، بەرەنگاریی حكومەتیان لەبیر نییە و لە ژێر لێوەوە پێیان خۆشە كورد ببێتە بنێشتە خۆشە. برایان! ئەگەر داواكانتان رەوایە، كە رەوایە، بۆچی عیراقێكی تایفەگەر و دژە كورد و دژە سوونەتان پێ ئاساییە، بەڵام جنوبی بێ خزمەت و بێ ئاوەدانی دەبێتە بلێسەی ناڕەزاییتان.

بێگومان لە كوردستانیش كەموكوڕی هەیە، بەڵام كوردستان بیانووشی هەیە كە بەشی زۆری چارەسەری كێشەكانی لە بەغدایە و بەغداش دەستی واڵا ناكات و كەموكوڕیی كوردستانی كردۆتە هەنجەتی زوڵم و زۆری بەرامبەر بژاردەی كوردایەتی، بەڵام ئەگەر عیراقێتی زیندووبێتەوە وەكو زیندووبۆتەوە، دوورنییە پریشك بازبدات و بگات.

برادەره باشە شیعەكانم پێم دەڵێن جنوب هەر نازانێ بەغدا زوڵم لە كوردستان دەكات و بودجە و مووچەیان بڕدراوە، ڕاستە، بەڵام راستتر لەوە ئەوەیە كە ئەوانەی دژی زوڵمن، دەبێ هەڵسانەوەیان گشتگیر بێت و دەبێ ئاگایان لە حاڵی زوڵملێكراوان بێت.

ئێستا ئەوی دیارە عیراق هەر تەنها لە بەرەنگاریی بەغدای پایتەختدا فیدرالییە، سێ فیدرالی بێئاگا لە یەكتری، سوونە بەجیا توندوتیژی دەكات بەرامبەر بەغدا، كوردستان بە تەنهاو گۆشەگیری سیاسەتی زۆربەی كات ڕاست و هەندێكجاریش هەڵە دەكات بەرامبەر بەغدا. جنوبیش لە ئاست بەغدا قسە ناكات، مەگەر ئەوكاتە نەبێت ڕەوشی خراپتر بەرۆكی خۆیان دەگرێت.

لەولاشەوە عەبادی، كە دۆخەكەی پێ چارەسەر ناكرێت، بێ چارە ماوەتەوە، كەچی چەند مانگێك پێش ئێستا ئامۆژگاری كوردستانی دەكرد كە باش مامەڵەی خۆپیشاندان بكات، لەكاتێكدا باعیسی بەشێكی كێشەكانی كوردستان سیاسەتی دژایەتیی كوردستان بوو، كە بەغدای عەبادی پەیڕەوی دەكرد.

حوكمی زۆرینەی شیعە بۆتە حوكمی زوڵم و زۆر بەرامبەر بە زۆرینەی شیعە، جا لەو حاڵەدا قەولە مەشهوورەكە پڕ بەپێستێتی (وای بە حاڵی دیگەران).

*كوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٧/١٥

# خۆپیشاندانەکانی باشووری عیراق..
# هەڕەشەو دەرفەتەکانی لەسەر کوردستان

**١**

دۆخی خۆپیشاندانەکان لە باشووری عیراق تا بناگوێی بەغدا کار لەسەر رەوشی کوردستانیش دەکات. چونکە هێشتا کوردستان بەشێکە لە عیراق. واش نەبێ هەر کاریگەریی هەیە. وا خەریکە کاریگەری هەمەچەشن لەسەر دراوسێکانی عیراق جێدێڵێ، ئیتر چۆن کوردستان خۆی لەو کاریگەرییانە دەبوێرێ؟

بوونی کاریگەری، چ ئیجابی و چ سلبی، جیاوازە لەوەی کورد بە ئیرادەوە کاردانەوە دروست بکات و هەوڵبدات دەرەنجامی ئەو خۆپیشاندانانە و دەرکەوتەکانی لەسەر دۆخی سیاسیی عیراق تەوزیف بکات و بە قازانجی خۆی کەڵکیان لێوەربگرێت؟

قازانجی کورد لە چیدایەو کە دەڵێین (کورد) مەبەستمان کام کوردە؟

جاران کورد یەك ناونیشان بوو، واتا ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان کە دەوترا بۆ ئەوەی قازانج بکات باشترە یەکێتی و پارتی هەڵوێستیان یەکبخەن تا بەهێزەوە دەسکەوت بۆ کوردستان و بۆ خۆشیان بچننەوە. کە ئۆپۆزسیۆن پەیدا بوو "گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ"، روانین بۆ بەرژەوەندییەکان هەر ئەوە نەما کە یەکێتی و پارتی بە یەکەوە یەکی دەخەن و گوزارشتی لێ دەکەن. وای لێهات پرسەکە لە دوو لایەنەوە بوو بە سێ گۆشە، یەکێتی و پارتی دووان و ئۆپۆزسیۆنیش بووە لای سێیەم کە زۆربەی کات بە سەرکردایەتیی گۆڕان بوو.

پێشتر یەکێتی و پارتی، چونکە قەدیمبوون لە ململانێ و لە یەکڕیزیدا زووتر لێك دەگەیشتن و ناونیشانی کوردیان یەك دەخست، لە سێگۆشەییدا دیسانەوە یەکێتی و پارتی زوو یەك دەبوون، بەڵام ئۆپۆزسیۆن هەموو یەکڕیزییەکی پەیوەست دەکردەوە بە دۆخی ناوخۆیی و ئاستەکانی ململانێ و رێکەوتن لەسەر پرسەکانی ناوەوە. بۆیە یان یەکێتی و پارتی دوای دانوستانێك سێیەمیان تێدەپەڕاند، یان ئەوانیش لەگەڵ پەککەوتنی گۆشەی

ئۆپۆزسیۆندا پەکیان دەکەوت. بۆیە کوردستان زیاتر مژولی ململانێی ناوخۆ بوو، تا شەڕی داعش هات کە کاریگەری دەرەوەی دووپاتکردەوە.

پاش ماوەیەك لە پەککەوتن، فاکتەری درزکەوتنە نێوان یەکێتی و پارتی-یش هاتە کایەوە، بەمجۆرە نە گۆشەی ئۆپۆزسیۆن هاتە ریزو نە ریزی یەکێتی و پارتیش وەکو جاران بە یەکریزیی مایەوە. کەمێك گۆشەی یەکێتی لە سێیەم (گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ) لە گۆشەی گۆڕان نزیك بۆوە و کەمێکیش پارتی لە (سێیەم) لە گۆشەی یەکگرتوو نزیك بۆوە. بەمجۆرە لێکترازانی گۆشەکان و لایەنەکان زیاتر بوون، بێ ئەوەی لێك نزیکبۆوەکان بتوانن کەڵك بە یەکتر، یان بە پتەوکردنی نوێنەرایەتیکردنی کورد لە بەرامبەر ئەویتردا (ئەویتری عیراق و ئەودیو حەمرین)، بگەیەنن.

بەمجۆرە لەوێ ڕۆژێوە تا ئێستا کە بەرواری بەسەرهاتی خۆپیشاندانەکانی باشووری عیراقە، کورد بۆتە چەند کوردێك کە ئاڕاستەی لێك جیان بێ ئەوەی پەراوێزی مانۆڕی کورد زیاد ببێت.

گۆشەی ئۆپۆزسیۆن نە خێر و بێری بۆ خۆی هەبوو، نە بۆ یەکڕیزیی کورد و نوێبوونەوەو فراوانبوونی نوێنەرایەتییەکەی و ئەبدەیتکردنەکەی. جا کە کورد چەند کوردێك بوو، بێگومان قسە لەسەر قازانجی کورد و لایەنی قازانج و تەوزیفکردنی بە قازانجی یەك لە کوردەکان، یان هەموویان، هەر دیسان جیاوازەو دەگۆڕێن.

ناهەقییە و خراپە هەموو تاوانەکە بخەینە ئەستۆی گۆشەی ئۆپۆزسیۆنەکە، چونکە هیچ نەبێ دوو لەو ئۆپۆزسیۆنە کەینوبەینی دۆستایەتی لەگەڵ دوو گۆشەکەی تر هەبوو، گۆڕان لەگەڵ پارتی، دوایی گۆڕان لەگەڵ یەکێتی، یەکگرتووش لەگەڵ پارتی، کۆمەڵیش ئەگەرچی جێژوانی حزبی نەبووە، بەڵام لە حکومەتی بنکەفراواندا، بەهەموو تێبینییەکانیشییەوە، تا دەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، هاوبەش بوو. ئێستا زەحمەتە بڵێین سێ هێزەکە (گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ) گۆشەی سێیەمی دوو گۆشەکەن کە پارتی و یەکێتین، چونکە گۆڕەپانی کوردستان وەك سێ گۆشەی بەرمۆدەیە، هەر جارەی قاچی لایەنێکی تیا دەچەقێ. ریزبەستنیش لەنێوان لایەنەکاندا بێ هیچ پاساو و ئەنگێزەیەکی ئایدیۆلۆژی و فیکری، زوو زوو گۆڕانی بەسەردا دێت و ژمارەشیان زیاد و کەم دەکات، کە بەم دواییە هاوپەیمانی و نەوەی نوێ-شیان هاتۆتە سەر و حزبی تریش بۆ وەزن و قافیە دێن و دەڕۆن. ئەگەرچی گۆڕان و پارتی بە تیلەی چاو لێك دەبوورن و یادی زەمانی پێش قەومانەکەی بازگەی دێگەڵە دەکەنەوە، بەڵام مەعلومە ریزبەستنەکەی لایەنەکان بەرامبەر یەکێتی و پارتی پتەوترە، بۆیە ئاساییە لە بەرامبەریشدا یەکڕیزبەستنی پارتی و یەکێتی جێگیر ترە. لە متبوونی لایەنەکان بە دیار سندوقەکانەوە، یەکێتی و پارتی نەخشەی بەرنامەی کورد لە دانوستاندنی ئایندە

دەکێشن، مەعلومە کەس لە لایەنە عیراقییەکان کەینوبەینی دانوستاندنی حکومەتیان لەسەر دوا وێستگەی خۆپیشاندانەکان پەکنەختستووە، ئیتر بۆچی کورد پەکی بخات؟.

ئێمە دەزانین یەکڕیزیی کورد بەشێوەی پارتی و یەکێتی چییە و چۆنە، چونکە کراوە و تاقیکردنەوەمان لەبەر دەستە:

کوردستان یەکڕیز و یەکهەڵوێست بێت و کورد گۆڕانکاریی دەرودراوسێ بۆ هەنگاوێکی تر لە شەترەنجی مەسەلە نەتەوەییەکە بقۆزێتەوە، مەسەلەکەی بچێتە پێشەوە بەو جۆرەی ئەدەبیاتی یەکێتی و پارتی لە پرسی نەتەوەییدا لەسەری کۆکن. ئەگەرچی ئەوەی یەکێتی و پارتیش بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام لەچاو بازنەی سێیەم زۆر باشترە. ئەمە دیارە و ناسراوە، ئەی "کورد" لە روانگەی دەرەوەی یەکێتی و پارتی کێیە و چۆن و قازانجەکەی چییە و چۆن دیاری دەکات؟

بۆ ئەمە سێ نموونەی مامەڵە دەهێنینەوە لە چەند وێستگەی کوردی تر. واتا کوردی دەرەوەی ستراتیژی چەند ساڵ پێکەوەیی پارتی و یەکێتی.

ئەم نموونەیە لە چەند وێستگە هەڵدەسەنگێنین و ئەنجامگیری ئەوە دەبینین کە ئەگەر یەکێتی و پارتی خۆیان ئەبدەیت بکەنەوە و گۆڕانکاریی ناوەکی لە خۆیاندا ئەنجام بدەن، دەبنە سەرمەشقی قۆناغێکی تریش و بگرە کوردەکانی تریش، لە دوای خۆیان، بۆ قۆناغێکی تر دەبەن.

لە ئەڵقەی دووەمدا: وێستگەی کاردانەوەی سێگۆشە لە بەرامبەر خۆپیشاندانەکانی باشوور و بەغدادا

## ٢

سێ وێستگەی رووداوی دەرەکی بە نموونە دەهێنمەوە کە ئاستی تێگەیشتنو مامەڵەی کورد، کوردی گۆشەی سێیەم دەڵێم، رووندەکەنەوە کە بەداخەوە تێگەیشتنێکی زۆر رووکەشانە بووەو لە قوڵاییەوە مامەڵەی نەکردووە. ئەمەش ئەو مەترسییە قوتدەکاتەوە کە رەنگە لە وێستگەی تریشدا هەر وا بکەین. کە وا بکەین مانای وایە ئەمجارەش ئەم دۆخە تازەیەی عیراق کاریگەری نەرێنیمان تێدەکاتو ناتوانین دەستپێشخەر بینو بەجۆرێك ئاڕاستەی بکەین کاریگەرییەکە لە قازانجی کورد بکەوێتەوە. بەڵام دیسانەوە دەبێ بڵێین کامە بەشی کوردو قازانجەکە چییە؟

بەداخەوە ئێمە یەك رەهەندی مژدەبەری خۆشی رەچاو دەکەین لە هەموو دەرفەتێکدا بۆیە لێمان دەبێتە هەڕەشەو بە خراپ قلّپ دەبێتەوە بە سەرماندا.

خوێنەرانی ئەدەبیاتی کوردی لە نەوەی رووناکبیرانی کۆتایی حەفتا لەبیریانە کە د.کەمال مەزهەر ئەحمەد مێژوونووسی گەورەمان لە (دور الكورد في پورە العشرين)

باسی ئەوە دەکات کە کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ گەیشتبووە کوردستانیشو راپۆرتی ئینگلیزەکان نووسیویانە کەسانێك هەن لە کوردستانیش پێیان دەگوترێ بەلشەفی. بەڵام لەوە بترازێ ناشپرسین ئێ کاریگەری ئەمە لەسەر کوردستان چی بوو، بە چاكو خراپ؟ لێرە مەبەست خراپو باش بیرۆکەی بەلشەفی نییە بە قەدەر ئەوەی پرسیار بکەین داخۆ کاریگەربوون بە رووداوو دەنگو باسی قەومانی مەمالیکی دوورو نزیك بەسە بۆ ئەوەی ئێمە کاراو کاریگەر بینو هەلومەرجی قەومانی دەرەوە بۆ خۆمان بقۆزینەوە؟

وانەکانی مێژوو پێمان دەڵێن ئەوە تورکو عەجەمو عەرەب بوون لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرخودی چاكو خراپیان کردو نامەیەکی گەیشتوو یان نەگەیشتووی شێخی نەمر بەدەست هاورێ لینین نابێتە وێستگەیەکی کاریگەرو رووداو خوڵقێن ئەگەر کوردەکەو کوردستانەکەی هەموو رەهەندەکانی رووداوەکان لێکنەداتەوە. هاتنی دەماودەمی دەنگوباسی ئۆکتۆبەرو بەلشەفییەکان بەس نییە بۆ بەلشەفی بوون یان نەبوون. هاتنی راستەوخۆی هەواڵو راپۆرتو پەخشی راستەوخۆی بەسەرهاتەکانیش لە زەمانی تەکنۆلۆژیادا ئەویش بەس نییە بۆ کاردانەوەی بەسوودو وەرگۆڕانی رووداوە دەرەکییەکان بەقازانجی (ناوخۆیی)و بازدان دروستکردن لە یاری شەترەنجەکە، یان یاری دامە بۆ کورد.

وێستگەی یەکەم: بەهاری عەرەبی لە تونسو میسرەوە بۆ کوردستان هات. لە حەڤدەی شوباتو رۆژانی دوایی وەکو دەڵێن، قسە لەسەر مافی خۆپیشاندان نییە کە هەر عەیبە مرۆڤێکی سەردەم بوێربێتو بڵێت کەس ئەو مافەی نییە. بەڵکو لێرە قسە لەسەر خوێندنەوەی پەیامەکەیە.

ئایا بەهاری عەرەبی کە لە دونیای عەرەبدا هەڵیکرد هەر ئەوە پەیامەکەی بوو؟ ئایا پەیامی ئەوەشی نییە ریزێك رژێمی عەرەبی کە هاوکاری رژێمە عروبییە سوننیەکەی بەعس بوون کەوتوونە غەرغەرەو وا یەك بە یەکی مەنزومەی عەرەبی کە لە دوای ئەنفال هەموویان حاشایان لە سیاسەتی سەدام دەکرد لە کورد کوشتن و ئێستا وا لە ناو دەچن؟ ئایا بەهاری عەرەبی هەر ئەو وێنایەی بۆ دەکرێت کە دەسەڵاتێك دەڕوخێو گەرەکە هی کوردستانیش بڕوخێ؟ چونکە وەك دەڵێن پۆلیس هەر پۆلیسە لە بەغدا بێت یان لە پشدەر.

ئەی بەرهەمی بەهاری عەرەبی لە سوریاو لیبیاو سەحرای سینا داعشی نەهێنا؟ کە دوایی داعش تا بناگوێی کوردستان هاتو بووە پاکانەی دروستکردنی حەشدی شەعبیش.

یانی بەهاری عەرەبی هەر دیاردە جوانەکانی نارەزایی گۆڕەپانی تەحریر بوو؟ وابوو تەنانەت بەشێوەیەکی کۆمیدی دەستکاری گوتەزاکەی مارکسیش کرا کە دەیووت مێژوو

دووباره نابێتەوە مەگەر بەشێوەیەکی کۆمیدی نەبێت. کەچی لەکوردستان جوگرافیا دەستکاری کراو گۆڕەپانی تەحریر گواسترایەوە بەر دەرکی سەرای سلێمانی. ئینجا بەو رەمزیەتەی بەرخودانو بەرەنگاری داگیرکەری عەرەبیو عیراقی ئینگلیزییەوە بەردەرکی سەرا کرایە (سەرای ئازادی).

بۆچی سەرای خۆمان رەمزی ئازادی نەبوو تا تەعریبی جولانەوەکانی خۆمان بکەین؟

ئەم کورتەیە بۆ پەندی مێژووە، دەنا هەردوو بەرە شتی زۆریان گوت لەسەر ئەو دەورانە.

وێستگەی دووەم: پەرەسەندنەکانی بەهاری عەرەبی دەرفەتێکی دا بە کوردی رۆژئاڤا کە سێ کانتۆن پێکبهێنن کەچی لە باشوور سیاسەتی کوردی دابەش بوو لە نێوان بەرپەرچدانەوەو سەنگەربەندی و گوشار خستنە سەر رۆژئاڤا لەلایەکو ستایش یان بەکارهێنانی مۆدیلی شۆڕشگێڕی رۆژئاڤا بۆ توانج لێدان لە مۆدیلی باشوور کە مۆدیلێکە رەگەزەکانی حوکمڕانی دوای دوو دەیە گرفتارەو ئیلتیزاماتی دەوڵەتداریشی لەگەڵ عیراقو دەرو دراوسێ هەیەو جیاوازە لە مۆدیلی گەنجانەو تازە سەرهەڵداوی کانتۆنەکان. گفتوگۆی بێزەنتی هەر لە بەراوردا مایەوەو نەچووە قۆناغی دروستکردنی تەکامول بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی هەردوو مۆدیلو پشتیوانیکردنی توخمە بەهێزەکانیان، بۆ قازانجی هەردوولا وەك دوو ئەزموونی کوردستانیی.

سێیەم وێستگە: وێستگەی ریفراندۆم کە لەجیاتی ئەوەی ناکۆکی لەسەر ریفراندۆم بکەینە دەرفەتی گفتوگۆ لەسەر چییەتی مەسەلەی کوردستانو دوارۆژی وڵاتەکەمان، کردمانە وێستگەی تەکفیری دووسەرە لەنێوان نەخێرو بەخێردا. نووسەران و کارەکتەرانی سیاسیمان تەکفیر، یاخود تەخوین کرد. جا ئەگەر ساتەوەختی دەنگدانی ریفراندۆم کارتی بەردەستمان بەڵێو نەخێر بێت، خۆ مینبەرەکانی گفتوگۆو سەکۆکانی رەسمیو نارەسمی حزبەکانو حکومەتو پەرلەمانو دانوستاندن رێگای سێیەمی هەبوو کە بە گفتوگۆ گەلاڵەی رێگای مامناوەندی بکەین و ئەدەبیاتی پەیپەری سیاسیشمان دەوڵەمەند بکەین.

هەمان ئەم سێ وێستگەیە بە هەموو زامو برینەکانی قۆناغی پێشووەوە نەریتو عادەتی خۆی وا خەریکە دەگوازێتەوە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ رەوشی باشووری عیراقو پرسیارەکە نابێتەوە ئەوەی ئێمە بپرسین چۆن ئەم دۆخەی عیراق بقۆزینەوە بۆ رێکخستنەوەی ماڵی کوردو خۆئامادەکردن بۆ هەڵسانەوەی سیاسەتی کوردی بەرەسمیو نارەسمییەوە بەرامبەر بە سیاسەتی بەغداو زۆرینەی شیعە کە لە فۆبیای ریفراندۆمەوە تۆڵە لە لاوازی کورد دەکاتەوە؟

پرسیار نابێتە پرسیاری ئەوەی چۆن لەدانوستاندا بە بەغدا بڵێین بودجەو مووچەو

لائیحەی مافەکانمان کوا؟، پرسیار هەر ئەو پرسیارە ڕووکەش و راستەوخۆو ئاسانەیە کە چۆن لێرەش وا بکەین سڵاو لە برایانی جنوب بکەین؟ بەڵام کەس ناپرسێ جنوب سڵاوی کرد کە خورماتوو پێشێل کرا؟ کە هەرێم بێ مووچە کراو ریفراندۆمی کوردستان کرایە دەرفەت بۆ پوکانەوەی کوردستانی دەستووری و ڕەنگە دۆخی عیراق سەربکێشێ بۆ گۆڕینی دەستوور، کە لە بەشی سێیەمدا وردتری دەکەینەوە.

پرسیار نابێتە ئەوەی وا جنوب دژی حکومەتە کە حکومەتێکی باکگراوندی ئیسلامیی شیعەیەو ئۆپۆزسیۆنەکەی مەیلی عەلمانییەو رەنگە ئەو تێبینییەش بڵێم هی ئێرە ئۆپۆزسیۆنەکەی ئیسلامییەو حکومەتەکەی دواهەناسەی عەلمانیەت دەدات لەناوچەیەکدا ئیسلامیی سیاسی دەخوازێت و بە نەتەوەخوازیش بڵێ جاهیلیەتەو بۆ گەنە، وەك بڵێی مەزهەبێتی، باشترو دیموکراسی ترە!.

لێرە لێکدانەوە وایە، جنوب دژی حکومەتەو دەبێ لێرەش دژی حکومەت بین، بەڵام خۆی لە جیاوازییەکی تر نەبان دەکات. لێرە دەسەڵاتی کوردی وەك خەڵکی جنوب عەلمانییەو تەیفی سەرەکی کوردیش وەك دەسەڵاتی بەغدای شیعە ئیسلامییە. جا با لە مەزهەبدا جیابن.

لێرە پرسەکە لە گۆشەنیگای ململانێی ناوخۆیی نێوان دوو ئیدارەو سێ ئیدارەو ململانێی لۆکاڵییەوە سەیر دەکرێت. لەباشووری عیراقیش دەستو پەنجەی ئیقلیمیو نێودەوڵەتیی تێدایە.

دەبێت لەم ئاستەدا بڵێین تکایە لێکدانەوەکان با رەشو سپی نەبن و ئەمەش پەیامێکە بۆ هەمووومان، بۆ هەموو ئاڕاستە و گۆشەنیگاکانمان.

لە بەشی سێیەمدا مەسەلەی کورد لە کوێیە؟، دەستوور هەڕەشەی لەسەرە؟.

## ٣

خۆپیشاندانەکانی باشوور هەر زوو جوغزی داخوازیی خزمەتگوزاری تێپەڕاندو رەنگی داخوازی سیاسیی قۆناغ بە قۆناغی لەبەرکرد. ئەمەش ڕێڕەوی هەموو بزاوتێکی جەماوەرییە کە زۆر بخایەنێتو دەریچەی چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە. هەر بزاوتێکی ناو شەقام و ئاڕاستەی جەماوەری کە زۆری خایاندو فراوان بوو، خەڵکی زۆر و داخوازی هەمەجۆری تێدەکەوێت. ئەوانەش زۆر دەبن کە خاوەندارێتی لێ دەکەنو چیرۆکی وێستگەکانی بەو جۆرە رەنگڕێژو ئاڕاستە دەکەن کە جێی ویستەکانی خۆیانی تێدا دەبیننەوە.

لافیتەی ترو پێشڕەوی تر لە کایەدا دەبن.

ئەوی باشووری عیراق لەم خەسڵەتانە بەدەر نییە، بەڵام ئەوی تازەیە لەم نێوانەدا

ئەوەیە پتر لەڕێڕەوێکی پەرەسەندووی بۆ دروستکراوە:
— ڕێڕەوی لۆکاڵی داخوازییە خزمەتگوزارییەکانی سەرەڕای تەنینەوەی داخوازییەکانو گرێدانەوەی پارێزگاو ناوچەکان پێکەوە.
- ڕێڕەوی گەشەی داخوازییەکان لە خزمەتگوزارییەوە بەرەو داوای سیاسی، لە داوای سیاسیی ناوچەییەوە بۆ داوای سەرتاسەری یان هیچ نەبێ داوای پەیوەست بە پایتەختەوە، بەغدا، کە گەرەکە پایتەختی ئیتیحادی هەمووانو ناوەندی کاکڵەی سیاسی عیراقی بێت.
- ڕێڕەوی ئاراستەی پێچەوانە کە ئیدارە لۆکاڵییەکان بەرامبەر بە بەغدا بەرزی دەکەنەوە کە ئەمە دەکرێ ناوی وەرگەڕانیشی لێ بنرێت لەکاتێکدا داخوازی لۆکاڵی خەڵك ڕووی لەئیدارە لۆکاڵییەکانە. ئەمانیش دێن دۆسێکان تێکەڵ دەکەنو خۆیان ڕوو لە داوا وەردەگێڕن بۆ بەغدا.
بێگومان بەغداش سەبەبکارە بە ڕەچاوکردنی ئەوەی:
- حکومەتە لۆکاڵییەکان هەر لەو حزبانە پێکدێت کە حکومەتی بەغدایان پێکهێناوە.
- بەغدا لە باشووریش کە لە دەستی خۆیدایەتی سیاسەتێکی مەرکەزی پەیڕەو دەکات کە ئیدارەی ئەویشی ئیفلیج کردووە، بۆیە ئیدارە لۆکاڵییەکان بەشێوەیەکی فۆلکلۆری حوکمڕانی دەکەن کە سەرەنجام لاساریی ئیداریو داراییو قاچو قوچکردنی لێ دەکەوێتەوە.
دەکرێت لێرە سێ نموونە لەڕێڕەوی پەرەسەندنی خۆپیشاندانەکان بهێنینەوە:
- داوای ئیدارەی پارێزگای بەسرە بۆ هەرێمی بەسرە وەك بەشێك لە چارەسەری کێشەی خزمەتگوزاریو بودجەو پێویستییەکانی بەڕێوەبردنی لامەرکەزی.
-داخوازیی دەستکاری دەستوور وەك بەشێك لە چاکسازیی سیاسی.
-وەرگۆڕانی ڕەخنە لە حکومەت بۆ ڕەخنە لە مەرجەعییەتەکان
داوای بە هەرێمکردنی بەسرە داوایەکی دەستووری و ئاتاجێکی ئیداری کێشەو گرفتە موزمینەکانی بەسرەیە کە زوو زوو سەرهەڵدەداتەوەو بەرژەوەندی حزبەکان لەئاستی عیراقدا پەکی دەخات، چونکە خیتابێکی یەکگرتووی خەڵکی بەسرە، یان باشوور بەگشتی، لەئارادا نییە کە ویستی بە هەرێمکردن بکاتە واقیعێکی بەرجەستە.
- ڕەخنەو نارەزایی لە مەرجەعیەت کە لە پانزە ساڵی رابردوودا تەزکیەی حزبەکانو دەستەبژێری شیعەی کردووە لەڕووی ئایدیۆلۆژیو مەزهەبییەوە، بێ ئەوەی توانای لێپێچینەوەی هەبێت لێیان لەڕووی ئیداریو داراییو هەڵسەنگاندنی خزمەتو کارەکانیان لەڕێی گەشەکردنی وڵاتو ئاوەدانکردنەوەیدا.
ڕەوتی خۆپیشاندانەکان کە خەریکە گەشە بە داوای عەلمانیو بەرەنگاری حزبە

ئیسلامییەکان دەدات، گەیشتە ترۆپکی خۆی، چونکە وا وردە وردە مەجەعیەتیش دەداتە بەر رەخنە، چونکە وەکو توانیویەتی ئەو حزبانە تەزکیە بکا و سەپۆرتی مەزهەبیان بکات نەیتوانیوە لادانو لاسارییەکانیان بەرپەرچ بداتەوە.

- رێرەوی رەخنەگرتن لەبنەمای پرۆسەی سیاسیو داخوازیی دەستکاریی دەستوور کە ئەویان راستەخۆ بەرۆکی پرسەکانی کوردیش دەگرێتەوە. چونکە ئەگەر داخوازیی خزمەتگوزاری لەباشوور هەر پەیوەندی بەخۆیانەوە هەبیو داوای بە هەرێمکردن زیانی بۆ کورد نەبیو بگرە مۆدێلی فیدراڵیی لەعیراق پێش دەخات کە مانۆری بەردەم فیدراڵیی کوردستانیش گەشە پێدەداتو ئەگەر تەوەللابوونی وردە وردەی خەڵك لە مەرجەعیەتیش کێشەی ناوخۆیی مەزهەبییان بێت، ئەوا پرسی دەستوور زەنگێکە دەبی هەموو کوردستان بەحکومەتو ئۆپۆزسیۆنیەوە ئاگایان لێی بێتو لە خەوی غەفڵەتی ململانێی ناوخۆییدا نوقم نەبن، بەڵکو پیاچوونەوە و تەگبیری بۆ بکەن، چونکە:

١- داوای دەستکاریی دەستوور لەداوایەکی دیموکراسی بۆ چاکسازی دەست پێدەکاتو مەرج نییە هەر لەوێ بووەستێ، بەڵکو ببێتە ویستێکی گشتگیری دەستکاریی کە مەسەلەکانی کوردستان بگرێتەوەو سەرلەبەری گرێبەستی دەستووری کوردستانو بەغدا هەڵوەشێنێتەوە.

٢-داوای دەستوور خۆپیشاندەران دەیکەن بۆ داخوازیی خۆیان، بەڵام لەکاتی گفتوگۆکردنو کۆمیتەو کۆمسیۆن بۆ پێکهێنانی، کەسانێکی تر پەیدا دەبن کە فریان بەسەر دیموکراسیو داواکانی خەڵکەوە نابێ.

٣-دوور نییە بەرژەوەندی حزبەکانو هێزەکانو مەرجەعیەتیش وا یەکبگرێتەوە پرسی دەستکاری دەستوور پێش پرسەکانی تر بخەنو سەرەنجام لەریزبەندی ئەولەویەتەکاندا رەخنە لەمەرجەعیەتو لەحکومەتو لەئیدارەی ناوخۆیی دوابخرێتو هەموویان بە دەستوورو دەستکاری بنەمای پرۆسەی سیاسییەوە بگیرسێننەوەو دەستووریش ئەوەیە کە دەیزانین و هەندێك داوای کوردستانی تێدا جێگیر کراوە کە رەنگە لەقەرەباڵغیدا شوێنەونی بکەنو فلتەرەکانی ناو دەستوورو فلتەرەکانی پرۆسەی سیاسیی هیچیان نەمێننو بزووتنەوەی نارەزایی لەحوکمرانی شیعە وەربگێرێت بۆ نارەزایەتی لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسیو بنەما دەستووریو سیاسییەکان کە ئەوە هەرەشەی راستەقینە دەبێت بۆ سەر کوردستان. کوردستانێك کە دوای شۆکی ریفراندۆم کە بنمیچی داواکانی گەیاندە سەربەخۆیی دەیەوێت زامەکانی سارێژ بکاتو هیچ نەبێ بچێتەوە خانەی دەستکەوتە دەستوورییەکانی لەفیدراڵیو لەداخوازییەکانی نەخشەی ١٤٠و بودجەیەکی هاوسەنگ.

بێگومان بێ خۆکۆکردنەوەی کوردستان و تێپەراندنی گیروگرفتە ناوخۆییەکان لەبەری ناوەندێکی کۆکەرەوەو پرۆژەیەکی کوردستانی لەودیوی حەمرین، ناتوانرێت بەرەنگاری

ئۆینی نەتەوەو مەزهەبی سەردەست بکرێتو لەبچووکترین گەمەی دامەو داشی شەترەنج لەنێوان لایەنەکاندا، دوورنییە داشو دامەی کورد بخورێتو یارییەکە وا قڵپ ببێتەوە کە کاریگەریی باشوور لەسەر کوردستان وا نەبێت کە لە بەسرەوە بگاتە کوردستان، بەڵکو راستەوخۆ لەبەغدا جوڵەی کورد مردار دەبێتەوەو ناتوانێ کوردستان بپارێزێت.

بێگومان هیچ جوڵەو بزاوتێکی سیاسیی بێ لایەنی ئیجابی نابێت کە بزاوتی جنوب بەڵگەیە لەسەر حوکمڕانی زۆرینەیەکی لوتبەرز لەبەغداو هەمیشە بەڵگەیە لەسەر گەشانەوەیەکی دیموکراسی لەکۆی عیراقدا، بەڵام ئەمە ئەو کاتە راست دەبێتو کاریگەری ئیجابی بۆ کوردستان دەبێت کە دینامیکییەتی سیاسەتی کوردستان بتوانێ لەچێوەی پرەنسیپی فرەیی ناوخۆیی‌و یەکێتیی نەتەوەییدا، لەچێوەی گەشانەوەی ژیانو گوزەران لەلایەکو ئاشتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لەلایەکی ترەوە خۆی ئەبدەیت بکاتەوە. بێ ئەمە کوردستان کارتێکراو دەبێ لەجیاتی ئەوەی بتوانێ کاریگەریی دروست بکات. بێ ئەمە ئەبدەیتکردنەوە بەداخەوە هەر وەکو باسەکەی جارانی کاریگەریی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو باشووری عیراقو بەسەرهاتەکانی ناوچەکە کار لەکوردستان دەکات.

*کوردستانی نوێ، رۆژانی: ٢٤-٢٦-٢٠١٨/٧/٣١ بلاوبۆتەوە

## فەسڵی چوارەم

# نڤیسکار لە دوسێی هەڵبژاردنی ناچاری عیراق و کوردستاندا

# دەربارەی ئەم نڤیسکارە

ئەم زنجیرە نڤیسکارە بەدواداچوونێکی هەواڵی دۆخی هەڵبژادنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و دوای ئەوەش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە.

نڤیسکار قەرار بوو بەدواداچوونێکی هەواڵی بەشی هەواڵی کوردستانی نوێ بێت لەسەر ئەو پێشهاتە رۆژانەیەی لە کوردستانی باشوور، عیراق یان لە جیهان روودەدەن و گەرەکە رۆژنامەی رۆژانە توانجێکیان لەسەر بنووسێت. سێ پێشهات وایانکرد ئەم نڤیسکارە کە سەرەنجێکی پەلەی موحەرریی لاپەڕەیە وەک وتاری سەرەکی و هەندێک جاریش وەک سەروتاری رۆژنامەکە دەربکەوێت:

-دۆخی هەڵبژاردنی کوردستان و عیراق کە پێویست بوو ڕای یەکێتی نیشتمانی کوردستان و رۆژنامەکەیان لەسەر بگوترێت لەناویشیاندا کەمپینی هەڵبژاردن کە هێزە سیاسییەکان دەخاتە پەنای لایەنگیری خۆیانەوە.

-شێوازی نووسینی بەندە کە دۆستان و ئەهلی نووسینی رۆژنامەنووسیی دەیناسنەوە و دوای نووسینیان (ئاشکرای) دەکەن.

-لەچەندین شوێن، سایتو پەیج و کەناڵی تەلەفزیۆنی ئەو وتارانە جارێکی دیکە بڵاو دەکرانەوە و کارگێران ناوی بەندەیان لەسەر دەنووسی کە ناچار بەندەش کۆمینتم لەسەر دەنووسین و دواجاریش لە ئەکاونت و پەیجی شەخسیم بڵاوم دەکردنەوە.

دیارە ئەوانەی سەرقاڵن بە کاری رۆژنامەنووسییەوە دەزانن وتاری بیروڕای شەخسی جیاوازە لە هی ناسنامەی رۆژنامەکە یان ناونیشانە جیاوازەکانی وەک بەش و ئیمزاکانی. هەموو جارێک نووسین بەناوە خوازراو یان رەسمی رۆژنامە حاشاکردن یان ترس نییە لەوەی ئیمزای شەخسی بۆ بەکاربێنی بەقەدەر ئەوەی دوورکەوتنەوەیە لە خودپەسەندی و ناوهێنانی شەخسی کە جوانترە زۆر دووبارە

نەبنەوە. بەتایبەتی لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا ڕای حزبی دەرکەری ڕۆژنامەکە یان ڕای ڕۆژنامەکە وەک سەروتار یاخود ڕای بەش و دۆسێکان نزیک و دوور لەیەک دەچن یاخود کەمێک جیاوازیش دەبن.

بەهەر حاڵ بەهەر ناوێکەوە بێت ئەم کۆنووسینانە ژینگەی هەلومەرجی سیاسی دەورانــی خۆیان دەردەخــەن بۆیە پێم چاک بوو، لە فەسلێکی تایبەتدا، بەم سەرنجەوە بڵاوی بکەمەوە.

# هەر پێکوتەیەتی

دۆخی چەقبەستووی دوای هەڵبژاردنەکانی عیراق زۆری خایاند، لە سێ ئاستەوە ئەنگێزەی زیاتر مانەوەشی بە چەقبەستوویی چڕتربووە:

* کەینوبەینی پێداچوونەوە بە دەنگدان لە ئامێرییەوە بۆ دەستی، تانەی لە دەستوریێتیو شەرعیەتی هەڵبژاردن دا.

* لابووری لەئاستی نزیکی چوار لیستە سەرەکییەکەی شیعە کە ناتوانن بەتەنیا کوتلەی گەورەی پێویست دابین بکەن.

* نارەزایەتییەکانی شەقامی باشوور کە تەوەلابوونی میللی لەحکومەت قوڵترکردەوە دوای ئەوەی ریژەی کەمی بەشداری بانگەوازێکی کپ بوو لەتەرجەمەی ئەو تەوەلابوونەدا.

ئەم ژینگە دەستوورییە، حزبییە، میلییە خراپە، کارێکی کردووە دستەبژێری زۆرینەی شیعە نەتوانێ بڕیارێك بدات.

لەبیرمان بێ چەند ساڵە سوننە گوللە بەر قاچی کەوتووەو جوڵەی پەکخراوە. کوردستانیش لەدەورانی ریفراندۆمەوە شڵەژانێکی گەورە تووشی شۆکی کردووە.

زۆرینەی شیعە لەبەر سێ هۆکاری سەرەوە دەستپێشخەری پێ ناکرێتو رێگەش بەکوردو سوننە نادات بۆ خۆیانو بۆ عیراق ببوژێنەوە، لەبەر ئەوە ئەو دۆخە تا ماوەیەکی تریش هەر پێکوتەیەتی.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٨/١

# بەڵێن لەکاتی زیادکراودا!

بە هەموو پێوەرێك حکومەتی عەبادی حکومەتی کاربەڕێکەرە وەکو هەر حکومەتێکی تر کە دوای تەواوبوونی ماوەکەی گەرەکە بنەوبارگەی بپێچێتەوە، بەڵام حکومەتی عەبادی کاربەڕێکەری توان سێشە.

یەکیان لەبەرئەوەی ماوەکەی تەواوبووەو دوانیان لەبەر گوشاری دووسەرەی شەقامو کۆلانەکانی خۆپیشاندان لەلایەكو ڕاڕەوەکانی پرۆسەی سیاسی وڵات لەلایەکی ترەوە، بە قەدەر دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتیش، دڵەڕاوکێ لەسەر دەرەنجامەکانی کاری ڕۆژانەی حکومەت دروست دەبێت.

لەڕەوشی وا پەژارەدا حکومەتو ئەندامەکانی خواخوایانە کەس ناویان نەهێنێ، بەڵام عەبادی وەك کوری چوارده ساڵ بەڵێنو سۆزی وا دەبەشێنێت بە شێنەییش جێبەجێ نابێت، چ جای ماوەی گوشار، کە وەك سەندویچی بەغدایی حکومەتی پێچاوەتەوە.

کۆنگرەی هەفتانەی عەبادی لەگەڵ میدیاکان ئەوەندەی تر فۆکسی خراپ لەسەر حکومەت چڕ دەکاتەوە. براوەکانی هەڵبژاردن خۆیان بۆ کەوڵکردنی کابینەی ئێستا ئامادەکردووەو شەقامیش لە هەرچی سیاسەتی ڕەسمیی هەیە، بێزارە.

ئەمە نیشانەیە کە ئەوی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان دەگوترێ ناکرێت، تەنیا خەزینی تورەیی زیاتر دەکاتو پانتایی بزەی ژەهراوی نەیارەکانی عەبادی چەند قات دەکاتەوە.

بەڵێنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان هەر نەیسە، گرنگ ئەوەیە ئومێدی لەسەر هەڵنەچنرێت.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٨/٨/٢

# پڕۆژەی ئەوانمان نەدی!

یەکێتی و پارتی خەریکن گەڵاڵەی پڕۆژەی هاوبەش بۆ روانینی کورد لەسەر حکومەتی داهاتووی عیراق ئامادە دەکەن. بنەمای روانینەکە لەسەر دوو دینگەی داوای کورد و پۆستی پێویستی کورد وەك ئیستحقاقی هەڵبژاردن و وەك رایەڵەی پێویست لەڕێی جێبەجێکردنی ئەو داوایانەدا دامەزراوە. واتا سەرەڕای هەموو بەربەستەکانی یەخەی کوردستانیان گرتووە لە دوای ریفراندۆم و لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە کە هەردووکیشیان تێکەڵی ململانێی ناوخۆیی هێزەکانی کوردستان بوون، ئەم دوو حزبە شتێکیان بە شتێك کردووە.

دەوترێ لە دەمی ئەویترەوە کار و کۆششی خۆت هەڵبسەنگێنە. جا بە گوێرەی ئەوەی هەندێك ئاڕاستەی سیاسی لە بەغدا رەخنەیان لە بنمێچی داواکارییەکان هەیە، کەواتا پڕۆژەی هاوبەش، پێداگریی تێدایە لەسەر پشکی کورد و هێشتا هەردوولا، سەرەڕای پریشك و زامەکان، سەنگەرەکەی کورد قایم دەکەن.

پرسیار ئەوەیە ئەی حزبەکانی تر چییان پێیە؟ پڕۆژەی گەڵاڵەکراوی یەکێکیان، یان هەموویان پێکەوە چییە بۆ گفتوگۆ لەبەغدا؟. ئەگەر هەنجەت ئەوەیە لەبەر خیتابی تەزویر لە گفتوگۆ تەوەللا بوون، ئەدی بە تەنیا، یان پێکەوە وەك بەرەیەك، چی بژاردەیەکیان بۆ کوردستان گەڵاڵە کردووە کە لەوەی یەکێتی و پارتی باشتر بێت، تا هەردووکیان ناچار بکەن لەبەر کوردستان بیکەنە بنەمای گفتوگۆ لەگەڵ هێزەکانی تر لە بەغدا؟.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٨/٥

# ناسنامەی شەنگال

تراژیدیا لەوە ناخۆشتر نییە کە ناوت وەکو قوربانیش، ناوێکی خوازراو بێت. کورد بیت و کرمانج بیت و ئێزدی بیت کەچی تراژیدیاکەت بە ناو و ناسنامەی ترەوە بناسرێت. لە راپۆرتەکاندا وەکو ئێزدییە عیراقییەکان ناوت بهێنن بێئەوەی وڵاتەکە بەرپرسیارێتی رەسمیی خۆی لە ئاستی تراژیدیاکەتدا بگرێتە ئەستۆ. یان هەر بە کورد ناوت بێنن بێ ئاماژە بە فرەیی ئایینی و مەزهەبی زێدی مێژووییان: کوردستان.

تراژیدیای شەنگال، تراژیدیایە لە ناوچە دابڕاوەکان قەوماوە. هەر داعش لێی بەرپرسیار نییە، جوگرافیای سیاسیش لێی بەرپرسیارە. جێبەجێنەکردنی دەستوور بۆ دیاریکردنی چارەنووسی شەنگال و دەڤەرەکانی دابـڕاو لە چوارچێوەی مـادەی ١٤٠ دا، بەشێکی تاوانەکەیان لە ئەستۆیە. ئەوانەی پرسی ناسنامەیان بە هەڵپەسێردراوی هێشتەوە. لێنەگەڕان دەستوور و دیموکراسی و راپرسی قسەی کۆتایی لەسەر خاوەندارێتی شەنگال بڵێن. کە خاوەندارێتی هەبێ، دەتوانرێت مەرجەعی خەڵکیش هەبێ و تاوانبارکردنی داعش و هەموو کەمتەرخەمەکانیش رێچکەی خۆی وەربگرێت.

فرەیی لە ناسنامە و ڕەهەندی جیا جیای ئینتما کە وڵاتی عیراق و کوردستانیشی پێناسراوە، ئەوکاتە دەبێتە هێزی کەلتووری و لێبووردەیی کە ژینگەی فیکری و ژینگەی دەستووری و بەڕەسمی ناساندن و دانپیانانی مافەکان و سنووری هەرێمەکان روون و رەوا و دادپەروەر بێت. ئەوانەی خۆیان لەم ئەرکە دەدزنەوە و ئۆباڵەکە هەر لە ئەستۆی داعش قەتیس دەکەن، فرمێسکی تیمساحییان هەیە و رێی چارەسەری کێشەکان پێنازانن کە وایکرد لە شەنگال بقەومێ و داعشیش کە خۆی ماك و ڕەگی تاوانی تێدایە گەرا بکا و بوێرێ پەلامار بدات.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٨/٦

# شکستی هێنا

ڕۆژبەڕۆژ سێبەری پڕوپاگەندە لەسەر دوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران کاڵدەبێتەوە. ئەوی گەورە کرا، خۆی بچووك دەبێتەوە. حزبەکان هەر نەیسە رکابەری یەکترین و لە غیابی ئاکاری ململانێی سیاسیدا هەروا بە یەکتری دەکەن کە کردیان.

هەر حزبێك خەزینی دەنگدەری خۆی هەیە کە دەبێ پاکانەی پاشەکشێی خۆی لە بەردەمدا ساغ بکاتەوە. لەجێی رەخنەلەخۆگرتن، وێنەی قوربانی بکات بە کەرەستەی یەدەك و لە هەڵبژاردنەکانی تردا جەماوەری پێ هان بدات تا دەنگی بۆ بدەن.

ئەی دامەزراوە رەسمییەکانی وڵات بۆچی نەیانتوانی ئەم دۆسێیە چاك ئیدارە بدەن؟ دەستوور و دامەزراوەی چاودێری پڕۆسەی سیاسی بۆ دەستەوەستان مانەوە لەبەردەم هەڵمەتێکی خاچپەرستانە لە دژی پڕۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسیی وڵاتیان خستە ژێر پرسیارەوە؟

پەرلەمان و دادگا و دامودەزگای دەوڵەت لە ژێر لێوەوە قسەیان دەکرد و بە کزی داکۆکییان لە پڕۆسەکە دەکرد. ئەگەر شەمزانی پڕۆسەی هەڵبژاردن دروست بووایە، هیچ نەبێ بە قەبارەی گەورەی باسکراو لەسەر تەزویر، ئەوا دەکرا بە رێوشوێنی یاسایی چارەسەر بکرێت و زووبەزووش برینەکانی دیموکراسی سارێژ دەکرا، بەڵام شپرزەیی دامەزراوە رەسمییەکان لە داکۆکیکردن لە دەستوور و دیموکراسی، پەڵەیەکی گەورە و هەروەها زامێکی قووڵ و ژوورەکییە کە هیچ حەکیمێك ناتوانێ نەخۆشییەکەی دەستنیشان بکات، چ جای ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٨/٧

# له هەڵبژاردن نەترساوین، تارماییەکەی چییە؟

تارماییەك بە ئاسمانی کوردستاندا دێت و دەچێ کە تارمایی کۆمۆنیزم نییە، تارمایی ئەگەرو نەگەری دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە. وەك تۆپی ئاگرین هەمووی لە باوەشی خۆی دووری دەخاتەوە و دەڵێ: من نیم. هەرچەندە بازاڕی سیاسەت لە کوردستاندا زۆر گەورە نییە و هەموو کەس، هەموو شتێك دەبینێت و دەبیستێت، بەڵام بۆ ئەوەی تۆپەکە زۆر هاتوچۆ نەکات، خراپ نییە بێژین یەکێتییەکان ئامادەن و مەشقی خۆیان وا دەکەن کە هەر دەڵێی سبەینێ هەڵبژاردنە.

ناخوازین پێش وەختی رەسمیی خۆی کەمپینی هەڵبژاردن رابگەیەنین، بەڵام هەر بۆ دڵنیایی ئەوانەی ئارەزوویان لە دیموکراسییە و بۆ دڵخۆشی هەڤاڵانی یەکێتیش دەڵێین: لیستی ١٠٥ بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ قوبادی مام جەلال، ئامادەی نەبەردیی دیموکراسیی هەڵبژاردنە و کەمپینی پێشووش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ئەزموونێکە لەبەرچاوە کە یەکێتی هەڵبژاردنی کوردستان وەك کەرنەڤاڵی ململانێی دیموکراسیی و مەدەنی دەبینێت. وەکو چۆن هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیش وێستگەیەکە لە ململانێی دیموکراسی بۆ پرسە نەتەوەییەکانمان لەگەڵ بەغدا.

تارمایی ئەگەرو نەگەری، کردن و دواخستنی هەڵبژاردن، وا دەرەوێتەوە و دیاریشە هەموو لایەنەکان توانج و تیلەبازی کەمپینی پێشوەختیان جاڕداوە. پێمان وایە یەکێتی بە تەگبیری شێنەیی و دڵنیایی زیاترەوە، تیمەکەی ئامادە دەکات.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٨/٨

# بەشی دواخستن نەماوە

عیراقییەکان، بە کوردستانییەکانەوە، هەقیانە حکومەتی تازەیان زوو بۆ پێك بێت و لەوە زیاتر دوانەخرێت. قیل و قاڵی ئەژمارکردنەوەی بەشێکی دەنگەکان بە دەست لە ڕێی داوای حزبە نارازییەکان و بە بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و پوختەی بڕیاری دادگای فیدرالی، بەشێکی زۆری کاتی خوارد و ئیتر بەشی ئەوە نەماوە گفتوگۆی براوەکان لەسەر پێکهێنانی حکومەت زۆر بخایەنێت.

لە ڕۆژی پەسەندکردنی ئەنجامی دەنگەکانەوە دەبێ لایەنە براوەکان، قۆناغەکان زوو بەڕێبکەن، فراکسیۆنی گەورە پێکبهێنن و سەرۆك کۆمار دیاری بکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆی کابینە زۆر چڕ بکرێتەوە.

ماوەی رابردوو هەموو لایەك دەمی هەموو لایەکی تاقیکردەوە. تامی زاری یەکتری دەزانن و لە نیەتی بەشی یەکتری ئاگادارن، بۆیە گرنگە قەرەبووی کات بەسەرچوون بکرێتەوە و حکومەتی ئێستا زۆر خۆی ڕانەهێنێ لەگەڵ سیفەتی کاربەڕێکەری.

ئەگەر بەهانە بۆ دواکەوتنی گفتوگۆکانی حکومەت ئەوە بێت گوایە خەڵك خۆپیشاندانی هەیە و گەرەکە بە وردی گفتوگۆ لەسەر شێوەی حکومەت بکرێت. ئەوا وتارێکی لاوازە، چونکە دەبێ نارەزایی خەڵك ئەنگێزەیەکی بەهێز بێت بۆ زوو کارکردن، نەك بە پێچەوانە.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٨/٨/١٢

# ئیرادە و ئیدارە

یەکێتی داوا دەکات ئیدارەی کەرکوك لە قۆناغی بە وەکالەت و بە کەفالەت بەڕێوەبردنەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینە لە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان کە کورد یەکەم و یەکێتیش لە ناو کورددا شەش کورسی هەیە و دووقاتی پێکهاتەکانی ترە. داواکە ڕەوایە بۆ ئەوەی ئیدارە لەگەڵ ئیرادەدا بگونجێت. ئێستا لەو شارە ئیدارە بەدەست کەسانێکەوەیە بە وەکالەت حوکم دەکەن. ئیرادەش بە کەفالەتی هەڵبژاردنی دیموکراسیی ئازاد کراوە، بەڵام ناهێڵن کاری خۆی بکات.

لە ئەسڵدا حاڵەتی نموونەیی ئەوەیە وەك قۆناغی یەکەم ئێستا ئەنجومەنی پارێزگای هەبوو پارێزگار دیاری بکات. کە وانییە باشتر بوو حکومەتی عیراق بە بڕیار پارێزگارێکی کورد دابنێت و بەشی پێکهاتەکانی تریش لە ئیدارە پارێزراو بێت.

بۆ قۆناغی داهاتووش پێویستە لێگەڕێین کەرکوکیش هەڵبژاردنی پارێزگاکانی تێدا بکرێت بۆ ئەوەی لە دەنگداندا ئیرادەی خەڵك بتوانێت ئیدارەیەکی گونجاوی نوێنەرایەتی بەرهەم بهێنێت.

هاوبەشەکانمان بە هەڵە و پەڵە لە تایبەتمەندیی کەرکوك دەڕوانن. تایبەتمەندییەکی سەلبییە کە ناهێڵێ دیموکراسی ناوخۆیی گەشە بکات و پێکهاتەکان ڕێگەی پێکەوەیی دوورمەودا بگرنەبەر، بەڵکو هەمیشە دۆخەکان بەکاتیی دەسپێرێت تا هەمیشە گرژی هەبێ و کەرکوك پێویستی بە بڕیاری بەغدا هەبێت.

ئیرادە و ئیدارە هاوجووت بکەن، دەنا هەمیشە بەکاتی و ساتی دەژین.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٨/٨/١٣

# ئەنجومەنی ئیتحادی

نیەتەکە لە سەرەتاوە وا بوو کە پاشقول لە پێکهێنانی ئەنجومەنی ئیتحادی بگرن. ئەنجومەنی ئیتحادی فلتەرێکی دیموکراتییە کە ڕێ لە زۆرینەی تایفەگەری دەگرێت بڕیاری چارەنووسساز لەسەر وڵات بدات، بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی پێکهاتەکانی تر. زۆرینە و کەمینە پرەنسیپێکی دیموکراتی چاکە، بەڵام کە زۆرینەی تایفەگەر بۆ سەپاندن و ئەندازەکردنی سیاسەتی خۆیان بەکاری دێنن، دەبێتە خۆسەپاندن.

ڕۆژی ٢٠١٨/٨/١١، بەڕێز د.فوئاد مەعسوم سەرۆك کۆمار لە دیدارێکدا وتی (پەرلەمان سوور بوو لەسەر گفتوگۆنەکردن دەربارەی پڕۆژەی ئەنجومەنی ئیتحادی)، چونکە پەرلەمانی ئێستا نەیویستووە ئەم ئەنجومەنە دەست بەکار بێت.

دەبوایە ئەم ویستە دەستوورییە لە نۆبەتەکانی پێشووی پەرلەماندا یاسای بۆ دەربچێت. ئەگەر ئەنجومەن هەبوایە پەرلەمانەکەی سەلیم جبوری نەیدەتوانی ئەو بڕیارە دوژمنکارانە دەربکات دژی کوردستانی دوای ریفراندۆم، چونکە ئەوکاتە ئەنجومەنەکە ڤیتۆی بەکار دەهێنا.

بێگومان پەرلەمان یاسای وای دەرنەکرد، چونکە مومکین نییە گۆشت بە پشیلە بسپێردرێت. کە ئەوانە وا تایفەگەر و شۆڤێنی بن، چۆن دەهێڵن فلتەری دیموکراسی هەبێت؟.

بۆیە لەخۆڕا نییە پێکهێنانی ئەنجومەنی ئیتحادی لەم خولەدا بۆتە داخوازییەکی کوردستانییەکان. دەبێ تیمی یەکێتی و ئەوانیتریش بیکەنە یەکەم کاری خولی تازە.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٨/٨/١٤

# دیموكراسی بە ویقار

جەنەڕاڵ راپۆرتی دوێنێی كوردستانی نوێ بانگەوازە بۆ كەمپینێكی هێمن و مەدەنیانە. بانگەوازەكە لە میزاجی ئەمڕۆی كوردەوارییەوە وەرگیراوە كە میزاجێكە حەزی لە زبری و یەكتر شكاندن و ناوزڕاندن نەماوە، یان ڕاستتر نەبووە، بەڵام ئەزموونەكانی هەڵبژاردن وای هێناوە. دوای ئەو ئەزموونە خەڵك بۆی دەركەوتووە دەكرێ دیموكراسی بە هێمنیش پەیڕەو بكرێت و بزاوتی سیاسی و ئیدارەدانی ململانێی نێوانیش شێوازی زۆرە بۆ خۆ نمایشكردن.

كەمپینی هەڵبژاردن بۆ بەرنامەی خۆناساندن و كەمەندكێشكردنی دەنگدەرە بۆ لای بەرنامەی لیست و حزب و كاندیدەكان. بۆ بەهارات و زەردەچەوەش لە پەنا ستایشی لیستی خۆتەوە نوقرچ لە لیست و بەرنامەی ئەویتر دەگریت، بەڵام وای لێ بێت هیچ نەبێ باسی بكەیت لە چاكەی خۆت، هەر خەریكی خراپەی نەیارەكانت بیت، وەك ئەوە وایە كە درامای كوردی وتەزای بۆ هەیە:

مولحەق لە سەنەد گەورەترە.

سەرنج لەسەر ماوەی زۆری كەمپین هەرچییەك بێت كاریگەری لەسەر كەمپینەكە نابێت، چونكە بۆ هەموو ركابەرەكانی دیموكراسی بە یەك تەوقیت دەستپێدەكات و بەیەك تەوقیت تەواو دەبێت، بەڵام بۆ كۆمەڵانی خەڵك ماوەی زۆر پێویستە میزاجی هێمنخوازی و ئۆقرەیی ململانێ ڕەچاو بكات. خۆ ئەوەش هەر ڕێنمایی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی كوردستانە.

با حزبەكان لەبەر خەڵكی ئەو ڕێنماییانەش جێبەجێ بكەن.

پشتی چەند خول لە هەڵبژاردن، دیموكراسی و كەمپینەكانی پێویستی بە پۆلۆلیستی و بوختان ویستی و زمان پیسی نەماوە. دیموكراسیی عزەتی نەفس و بە ویقارمان دەوێ. گەلەكەمان شایانی ئەوەیە.

*كوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٨/١٥

# گیرفان کە کون بوو!

(١٥) ساڵە هەواڵ دێ و راپۆرت دەڕوات کە عیراق ملیۆنان دۆلاری گەرەکە بۆ ئاوەدانکردنەوە. بە راست و بە چەپدا پارە دێت و کۆنگرە بۆ کۆکردنەوەی پارە و لێخۆشبوونی قەرزەکانی عیراق دەکرێت. کەچی دوا هەواڵ لەسەر زاری وتەبێژی حکومەتەوە ئێژێ (٨٠ ملیار دۆلاری ترمان گەرەکە)!.

ئاسانە هۆی ئەمە بگێڕیتەوە بۆ گەندەڵی، بە هەدەردانی سامانی وڵات. ئاسانە بڵێین بەغدا کە دونیای لەسەر گەندەڵی کوردستان تێگەیاندووە. خۆی لە دونیا لە پلە یەکەمەکانی گەندەڵییە و بە حیساب و کیتابی دەوڵەتدارییش بێت بەشە گەندەڵی کوردستانیش هەر لەسەر ئەو حسێبە!.

ئەم گوتارە بە وتارێکی نوقسان و کەم خوێ دەمێنێتەوە ئەگەر کەمتەرخەمییە گەورەکەی پێوە گرێ نەدرێت. عیراق بۆیە دایم و دەرهەم پێویستی بە پارەی تازە و نۆبەتی نوێی هاوکاریی هەیە، چونکە دۆسێ سیاسییەکەی پەرپوت و دڕاو و تەڕ و سووتاوە. ئاخر موسڵ و رومادی کە ئاوەدانکراوی سەردەمی قەدیمیش بوون، ئاوەدانکردنەوەیان بۆچی بوو، ئەگەر قاعیدە و داعش لە فەزای سیاسەتی چەوتی حکومەت و شکستی بەرپەرچدانەوەی ئیرهابدا تەشەنەیان نەسەندبایە؟.

ئەگەر حکومەت سیاسەتی راست و دروست بووایە، بۆچی باشوور وا بێ خزمەت دەبوو کە پێویستی بە پارەی تر هەبێت؟.

تەنها گەندەڵی هۆکار نییە، ئیدارەی حکومەتی بەغدا وادەکات بەردەوام ئەوی ئاوەدانی دەکاتەوە، تەفر و تونا دەبێت، ئەوی پێویستە تەواوی بکات، لەبەر نەپەرژانە سەر، پێی تەواو ناکرێت.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٨/١٦

# شیعە و شیوعی

نامەکەی هاوڕێ رائد فەهمی، فەتوای تەڵاقە لەگەڵ رەوتی سائیرون. فەهمی بە ئاشکرا ئێژێ: ئێمە ئیتر لە ئۆپۆزسیۆن نابین. لەسەر ئەو بنچینەی کە دەچینە حکومەتەوە، لەگەڵ لایەنەکان کەین و بەینی دانوستان بەڕێوە دەبەین. بەمجۆرە هاوپەیمانێتیی شیعە و شیوعی کۆتایی دێت و تەوقیتەکانیان لێك جیا دەبێتەوە.

هەزار و چوار سەد ساڵ زیاترە تیمی ئیمامی عەلی ئۆپۆزسیۆنە. نزیکەی هەشتا ساڵیشە تیمی هاوڕێ فەهد لە هەمان سەنگەری ئۆپۆزسیۆن جێی گرتووە. ئەمان ئیتر لە حەوسەڵەیان نەما و کاتێتی بزانن لە حکومەت و حوکمڕانی چ دەقەومێ؟.

ئەمە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، ئەگەرچی حزبی شیوعی خاوەنی درێژترین مێژووە لە هاوپەیمانێتی و هەڵکردن لە بەرەیەکدا بۆ ئامانجێکی هاوبەش، بەڵام دیارە خیتابی هولامی سەدر ناتوانێ لەسەر هەڵوەستەیەکی جێگیر بوەستێت. هەڵبەتە خیتابی هولامی بۆ کاتی نارەزایی و ئۆپۆزسیۆن بوون دەست دەدات، بەڵام بۆ جێگیری و رێکەوتن لەسەر بەرنامەی حوکمڕانی، باش نییە و سەر دەشێوێنێ. شیوعییەکانی عیراق ئەگەر لەسەر شەقامیش تۆزۆکەیەك میللیگەرایی دەرخواردی خەڵکیش بدەن، بەڵام سەرەنجام لە بەرنامەدا بەرپرسیارێتی و قۆناغبەندی کار رەچاو دەکەن. ئەوان چەند سەنگ و دەنگیان لە کەمی، یان زۆری بدات، دونیابینییەکی جێگیر دەخوازن. ئەوی سائیرون لە گۆرانی میللی دەچێ: نە نۆتەی تیایە و نە دابەشکردنی مۆسیقا. دیارە سەرەنجام ئۆرکێستراکەشی ئەشێوێنێ.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٨/١٩

# زمانی نەوت

ئەوەی نەتەوەی کوردی بەپێوە هێشتووە زمانەکەیەتی. زمان لەگەڵ نەتەوەکانی تر جیاوازی کردووینەتەوە. جیاوازییەکانی تر مەگەر ئەکادیمیست و لێکۆڵیاران بیزانن. دەنا نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموویان شیعەو سوننەن و هەمووشیان هەمەڕەنگیی ئایینو ئاینزاکانی تریان هەیە.

لە لێقەوماندا زمان پاراستوونی و لە فەرەحناییدا زمانی لووس، کە دەکاتە نەوت و موشتەقەکانی، شیرینین بۆ کاتی دەستڕۆیشتووی و چەوری.

هەفتەی رابردوو هەردوو زمان لە یەك دۆسێدا یەکیان گرتەوە.

زیمامدارانی نەوتی عیراق تەهوینیان بە زمانی کوردی کردو زیمامدارانی کوردیش لەسەر ئەمە هاتنە جواب: زمانی کوردی، وەك عەرەبی، فەرمییە و هەقی دەربڕین و سکاڵای هەیە.

وانەکە چییە؟ وانەکە ئەوەیە کورد لە ساڵی رابردوودا تووشی شۆکێك بوو. کە گرنگە هەردوولا، کوردستان و بەغدا، بزانن شۆکێکی کاتییە. بەغدا بۆ ئەوەی زۆر بوغرا نەبێ و لەبیری بێت پڵنگی بریندار تا زامەکانی سارێژ دەکات، توانای پەلاماردانی هەیە. کوردستانیش بزانێت کە سیاسەتی عەقڵانی دەسکەوتی زیاترە لە هەڵچوون و داچوون.

کتێبی مێژوو و ئەزموونی کوردستانیش وا دەڵێ: عەقڵانییەت و پشوودرێژی، زمانێکە حاشای لێناکرێت، رەوا و رەوانە.

زمانی نەتەوە و زمانی نەوت هەردووکیان لە دەستوور هاتوونەتە گۆ. موشەریع دەڵێ: هەقی هەمووﻻ لەوێ دیاریکراوە، جا ئەگەر وایە گرنگە بۆ سەرکەوتن لە کایەی وجودی نەتەوە کە زمانی کوردییە و کایەی زمانی نەوت کە سامانی کوردییە، کارێك بکەین زمانی سیاسەت و زمانی یاسا کارا بن و دەربڕی سکاڵا و داواکانمان بن.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٨/٢٦

# نەشتەرگەریی

لە باشووری عیراق وزەیەکی پەرتوبڵاو، بەڵام بەهێزی بەرەنگاریی ئیسلامیی سیاسی لە چاپە شیعییەکەی جوڵە دەکات، کە بەرەنگاریی حزبە شیعییەکان بکات. بێگومان هەر کەیفی بە ئیسلامی سونیش نایە.

فەزای بەغدا هێشتا ئاگای لە پرۆتستۆی باشوور نییە و دیاردەیەك سەریهەڵداوە کە کوشتنی پزیشکی ئارایشتە. سیان لەوانە کوژراون کە نەشتەرگەریی جوانکاریی دەکەن و سەنتەری ئەم کەسابەتەیان هەیە. زەحمەتە بوختان بۆ حزبە ئیسلامییەکان بکرێت کە ئەوان ئەم کارەیان کردووە، بەتایبەتی کە ئێستا سەرقاڵی نەشتەرگەریی حکومەتی تازەن و نایەنپەرژێتە سەر ستاتیکاو ئەدگاریان، ئەوەیان دوای مسۆگەرکردنی پۆست و پایە دێت، بەڵام ئەوەی هیچ گومان هەڵناگرێ ئەوەیە؛ فەزای ئیسلامگەرایی سیاسی کارێك دەکات دیاردە تازە بابەتەکانی وەك جوانکاری و نەشتەرگەریی ئەو بوارە خۆشەویست نەبێت و کارگێڕانی بشکوژرێن کەس لێیان ناپرسێتەوە.

عیراق چەند ساڵێکە کەیفی بە دکتۆرەکانی نایە. هەبوون لەسەر ناسنامەی مەزهەبیی کوژراون، هەبوون چەتەو گروپە رفێنەرەکان پارەیان لێیان دەخواست. بۆیە هەراسان بوون و چوونە دەرەوە، کە دۆخەکە وا خراپ بێت نەشتەرگەریی جوانکاری بۆچییە؟

شپرزەیی کۆمەڵایەتی، هەمووی لە ئەستۆی حزبە دینییەکان نییە، بەڵام ئەمانە پشکی شێریان لێی هەیە و بەرپرسیارییان دەکەوێتە ئەستۆ. دوای پێکهاتنی حکومەت جارێکی تر عیراقییەکان شۆك و هێدمە دەبیننەوە.

فەرهەنگی سیاسی و بەڕێوەبردن لەجێی جوانکاریی، نەشتەرگەریی گەرەکە. بۆ ئەوەی ژیان مەدەنی بێتەوە و کەس نەکوژرێ.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٨/٢٧

# دەق و داب

پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عیراق یەك ناونیشانی هەیە: کێ سەرۆك وەزیرانە! ئەوانی تر وردەکارییین کە تەواوکاری ئەو ناونیشانەیە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دوای پانزە ساڵ هێشتا داب و دەستووری سیاسی بەسەر دەقی دەستووردا زاڵە.

دەستووری عیراق بە دەق و بە رۆح و ناوەڕۆکەوە دەسەڵاتی دابەشکردووە، سێ سەرۆکایەتیی هەیە لە تەنفیزی و تەشریعی و بە حیساب دادگاو دادوەریش، دەستووری عیراق لە چەند جێ فلتەری هەیەو هەژموون رەتدەکاتەوە. حکومەتی ئیتیحادی و هەرێم و پارێزگاکانی هەیە، بەڵام ئەم دەستوورە شتێکەو ئەوی لە واقیعدا دەکرێ شتێکی ترە.

داب و دەستوورەکە دەڵێ کێ حکومەتی بەدەست بێ، پارەو پاوەرو پایەی بەدەستە. تا ناوی دەهێنرێ و دەکرێتە سەرۆك وەزیران رجاو تکا دەکاو دەپاڕێتەوەو بە هەموو کارو کاتێك رازییە. چی لێ دەخوازن ئیمزای دەکات، بەڵام دوایی چۆنی بووێ، وا دەکاو وا دەخوا.

لەبەر ئەو دیمەنە دووبارەیە، هەمووی شەڕی نازناوی سەرۆك وەزیرانێتی، چونکە مەعلومە دەسەڵاتەکان لای خۆی چڕدەکاتەوە. ساڵەکەی جەعفەری و عەلاوی، هەشت ساڵەکەی مالکی و چوارەکەی عەبادیش هەروامان پێ دەڵێت. سەرۆك وەزیران زاوای قیت و قۆزی زەماوەندی دیموکراسییە لە عیراق.

جا زۆری ئەوانەی وتمان لە حزبی دەعوە بوون و مانای وایە لە کەوتنی بەعسەوە دەعوە دەسەڵاتە، ئەگەرچی ئەوان کاتی خۆی ئیمزای رووخانی بەعسیان نەکرد.

لەبەرئەوە هەتا داب و دەستوور رێ بۆ دەقی دەستوور خۆش نەکا، دۆخەکە خولانەوەیە لە بازنەیەکی بۆشدا.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٨/٢٨

# یەکسانە بە بردنەوە

بنمیچی داواکانی خۆمان هەتا زیاد بێت باشترە. بۆ ئەوەی لە دانوستاندا بگەینە چارەسەری ناوەڕاست.

لەبەرامبەردا بنمیچی پێشبینیمان لەسەر سەلماندنی، دەبێ دیاری بکرێتو ئاسۆی بێ کۆتایی نەبێت. چەندی داوا بکەین رەوایە. چونکە هەر خۆی مەسەلەی کورد رەواییەکی رەهای هەیە، بەڵام خەسڵەتێکی هەرە دیاری مەسەلەی کورد لە وێستگەی ئەمڕۆ ئەوەیە؛ واقیع بین بێتو هەڵسەنگاندنێکی دروست بۆ تواناکانی خۆی بکات. دوای وێستگەیەك لەپاشەکشێ کە نەیارانی کوردستانیش قسوری ناکەن لە گەمارۆدانمان کێرڤێکی پێکوتەی باریكو ئەستوور لە تواناداری کورد هەیە. لەم دۆخەدا ناوهێنانی قۆناغەکە بۆ هەڵسانەوەو هەڵسەنگاندن زۆر گرنگە. وێستگەی داهاتوو لەپێکهێنانی حکومەتی داهاتوو ئەوەیە؛ هەرچیمان پێکرا لە بەدەستهێنانەوەی دەستکەوتەکان بیکەینو ئەویشی لەبەر دۆخەکە پێمان نەکرا، زۆر گرنگە دەستبەرداری نەبینو قۆناغبەندی بکەینو لەوێستگەیەکی تردا لەگەڵی تێهەڵچینەوە. ناسینی هەردوو بنمیچەکە گرنگە: بنمیچی بەرزی داوا رەواکانمانو... بنمیچی دەستنیشانکراوی ئەوی لەم دۆخە نەیارەی عیراقو لەم شۆکە کاتیەی کوردستاندا بەدەست دێت.

ئەمڕۆ کە دانوستانکاری کورد دەیەوێ بەیەکگرتوویی داواکانی کورد بێنێتە سەر مێزو لەولاشەوە سایدێکی تر لە شەقامی هاتوچۆی کوردستان بۆ بەغدا کراوەتەوە، وەبیرهێنانەوەی پرەنسیپێکی رکابەری تۆپی پێ زۆر سەرنجراکێشە: ئەگەر لە یاریگای خۆت نەبوویت، جەماوەر هی تیمی بەرامبەر بێو ناوبژیوانیش شتێ بەرتیلی وەرگرتبێ، دەرچوون بە یەکسانی سفر-سفر، وەك بردنەوەی یارییەکە وایە.

لەوێشەوە خەبات دەکەین بۆ ئەوەی بردنەوە، فیعلەن بردنەوە بێت.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٨/٢٩

# ململانێ و دەرەنجام

لە بنچینەدا دیموکراسی و هەڵبژاردن بۆ ئەوە دێن دوو ئەرك جێبەجێ بکەن: نوێنەرایەتی هەڵبژێردراوی ئیرادەی خەڵك و چارەسەری ئاڵۆزی سیاسی لەڕێی بە یاساییکردنی هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی هەڵبژێردراوی دەنگدانی خەڵکەوە.

لە عیراق ئەوە مەعلومە ئەمجارە چی ڕەدوبەدەڵێك لەسەر ئیرادەی نوێنەرایەتی کرا. عیراق لەنێوان ئەوانەی دەرچوون؛ واتا هەڵبژاردنیان بردەوە و ئەوانەی (دەرچوون)؛ واتا لە خولی ئێستای پەرلەمان کۆتاییان هات، دوو دیوی ململانێ قەوما کە پڕۆسەی دەرکەوتنی سازگاری نوێنەرایەتییان پەکخست. هەر ئەم شوختی پڕۆسەی نوێنەرایەتییە، کارێکی کرد ئەرکی دووەمی دیموکراسیش ئاڵۆز بێت. ئەوەندەی فاکتەری تری وەك هاوسەنگیی هێز، ڕۆڵی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و بارستایی ناوخۆیی وەك مەرجەعییەتە دینی و مەزهەبی و سیاسییەکان، خاوەن پشکی کاریگەر بوون، ئەوەندە فاکتەری نوێنەرایەتی پشکی نەبوو.

ئەمانە لە هەڵبژاردنەکانی تریش هەبوون، بەڵام بەهۆی شوخت تێکەوتنی قۆناغی یەکەمی نوێنەرایەتییەوە، ئەمجارە پێکهێنانی حکومەتەکە بەهۆی هەژموونی فاکتەرەکانی هاوسەنگی و ئیقلیمی و مەرجەعە سیاسی و دینییەکانەوە، خەریکە هیچ بەهایەك بۆ دەنگدان و هەڵبژاردنەکە نامێنێت.

هیچ دیموکراسییەکتان بینیووە ئاوا ئاڵۆز و باڵۆز بێت؟. شتی کەینوبەینی سیاسی بەسەردا بسەپێنرێت و ڕەچاوی هەموو توخمەکان بکرێت؟، ئایا ئەمە لە خەوشی پڕۆسەی (بنیاتنانەوە)ی وڵاتەکەیە، یان پێچەبەدەورە کردن و لاملەکردنی توخمەکانی دیفاکتۆیە کە وا دەکات دەرچووەکانی پڕۆسەکە وەك چوونە ناوەوەکان نەبێت؟

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٨/٨/٣٠

# مەسلەکی

باسی سزادانی فالح فەیازە بە بیانووی مەسلەکییەوە. بە بیانووی ئەوەی فەیاز لەجیاتی ئەوەی خەریکی کاروباری دامودەزگای ئەمنی وەتەنی و سەرپەرشتیاریێتی حەشدی شەعبی بێت، خەریکی کەینوبەینی پێکهێنانی حکومەتە. ئەم واقیعە لاساری فەیازیان نەسەلماند، بەڵکو تەماعی بێسنووری سەرۆك وەزیرانی ئێستا و سنوورداری بیرکردنەوەشی دەرخست. تەماعەکە ئەوەیە پێی خۆشنییە کەس رکابەری بکات لە پۆست و پایە، سنوورداری ئەندێشەی سیاسیشی ئەوەیە پێی سەیرە فەرمانبەرێکی خۆی تەماعی لە پۆستەکەی بێت.

هەموو دونیا گوێی لە ناوی فەیاز بوو، یار و نەیاریش زانییان کابرا رەنگە ببێتە پاڵێوراوی سازانی هەموو لایەنەکانی شیعە. کەمپینی عەبادی وەك فەرمانبەری بێ رۆح و گیان سزای دەدا و بیانووی ئیداری و مەسلەکی بۆ دادەتاشێ. ئەگەر فەیاز پارە بداتە کەمپینیش، کەمپینی ئاوای دەست ناکەوێت کە عەبادی بۆی کردووە. کەمپینی وا باشی دوو سەرەیە: فەیاز فەرمانبەرێکی وا بە سەبر و بە تەحەمولە کە بەرگەی گوشاری سەیر و سەمەرەی سەرۆك وەزیران دەگرێت. کەواتە حەوت پەراسووی بۆ ئیدارەدانی دەوڵەت هەیە. لە سەرێکی تریشەوە عەبادی وابێت کە کینەبەرێتی لەگەڵ فەرمانبەری خۆی بکات، کەوابێ هی ئەوە نییە سەری دەوڵەتی پێبسپێری تا سەری نەبڕێ، وەکو چەندێکە وایکردووە. عەبادی بەو بڕیارە مەسلەکییەی دەریکردووە، سەلماندی ئیدارەی دەوڵەت زۆر لە حاسیبە و کیتابوناو کیتابوکم فراوانترە، بەو وێستگەیەش زانرا هەر ئەوەندەی لێ دەزانێت.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٩/٢

# هەرێم تا حەمرین

ئەم چەند رۆژە چارەنووسی حکومەتی داهاتووی عیراق یەکلایی دەبێتەوە. دوای ئەوە راستەوخۆ کوردستان دەچێتە ناو قۆناغی ململانێی هەڵبژاردنی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و حکومەتێکی نوێی کوردستانیی.

واتا ململانێی هێزە کوردستانییەکان لە بەغدا لەنگەر دەگرێ، بەشی کورد و کوردستان لە چوارچێوەی خولی داهاتووی سیاسەتی عیراق، دیاری دەکرێت و لە هەمانکاتدا بێ پشوودان ململانێی ناوەکی دەستپێدەکاتەوە، لە چوارچێوەی عیراقدا هەر هێزە و لە بەغدا چی بەرکەوت، هەر ئەوەیەو بەوی بەری کەوتووە، دەبێ بەرپرسیارێتی خۆی لە خزمەتی کوردستان جێبەجێبکات. ئینجا لایەك لە کێبڕکێی هەڵبژاردن دەکەنەوە و لەم دیوی بان مەقان و دیوی پردێ لە چوارچێوەی هەرێمی رەسمیی دانپیانراودا (شەڕی) دیموکراسی بۆ پشك و دەستکەوت و پاوەری جێبەجێکردنی بەرنامەکەی دەکات.

لە بەغدا کوردستانیان مەحکومن بە یەکێتیی ریزەکان، لە هەرێمیش مەحکومن بە ململانێی دیموکراسی. لەنێوان یەکڕیزیی و ململانێشدا، لەنێوان بان مەقان و لوتکەی حەمرین، ناوچە دابڕاوەکان هەیە کە بەرپرسیارێتی مێژوویی هێزەکانی کوردایەتییە و ئەرکیانە لە یەکڕیزیی بەغدا و ریزبەندی ململانێی هەرێمدا، بە تیلەی چاو سەیری بکەن.

هێزەکانی کوردستانیی بۆ ئەوەی براوەبن لە بەغدا و لە هەرێم، پێویستە گۆڕەپانی کوردستانی دابڕاو لەبیر نەکەن. ئەرکی پێبسپێرن و ئەرکی بۆ جێبەجێ بکەن. باوکە دامەزرێنەرەکانی کوردایەتی وایان وتووە کە "کلیلی چارەسەری مەسەلەی کورد، هەر کەرکوکە و هەر کەرکوك دەمێنێتەوە".

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٩/٣

# دانیشتنی کراوە

هەموو کرانەوەیەك بەڵگەی ئاسۆ کراوەیی و کردنەوەی دەروازەی چارەسەر نییە. وەك دیاردەی کۆبوونەوەی کراوەی پەرلەمانی عیراق بۆ نموونە، بەڵکو نیشانەی بنبەستە.

ئەم دیاردەیە لە دوو قۆناغی چارەنووسسازی عیراقدا دووبارە بۆوە. جاری پێشوو لە وەختی خولی سێیەمی پەرلەمان، ئەمجارەش کە دوێنێ سەرەتای خولی چوارەم بوو. لەبەرئەوەیە رێکەوتن لەسەر پۆست و سەرۆکایەتییەکان ناکرێت و دەریچەی تر دانیشتنی پەرلەمان بە کراوەیی دەهێڵێتەوە.

جاری پێشوو، ساڵی ٢٠١٤، رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی شکاتیان لە پەرلەمان کردو شکاتەکەیان بردەوە. ئەمجارە دەنگی شکات نییە، چونکە لەوانەیە چارەنووسی رێکخراوەکانیش کە گۆڕانکاریی ناکەن، بەکراوەیی مابێتەوە!.

بەکراوەیی هێشتنەوەی کۆبوونەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لایەنە سیاسییەکان گەیشتوونەتە بنبەست، نە دەتوانن یەکتر ببەزێنن و نە دەتوانن لە یەکتری ببەنەوە و نە دەشتوانن لەسەر فۆرمێك داینەوێنن.

هەر دانیشتنەکانی پەرلەمان نییە کە بەکراوەیی ماوەتەوە. ململانێی نێوان شیعە و سوننە، کورد و عەرەب، هەمووشیان لەگەڵ هەمووشیان بەکراوەیی ماوەتەوە. ململانێی ئەمریکا و ئێرانیش لە عیراق هەر بەکراوەیی ماوەتەوە.

هەتا کۆی دیمەنەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێکوتەدا بێت، لە سوریا، تورکیا، ئێران، یەمەن و لوبنان، ئەوا پێدەچێت لە عیراقیش بەکراوەیی بمێنێتەوە.

لەبەرئەوە ئەم وتارەش دوا قسە ناکات و هەر بەکراوەیی دەمێنێتەوە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٩/٤

# بازنەی داخراو

کراوەییەکە بەردەوامە، گەیشتە رۆژی (١٥/٩) کە دەبێ لەو ماوەیەدا سەرۆکایەتیی پەرلەمان دیاری بکرێت. دوای ئەوە سەرۆك کۆمار سوێند بخوا. هەتا ئەمانە روونەدا کوتلەی گەورە و بچووك هەر ناوی مەجازی دەبن بۆ میدیاکان.

ئێستا لەنێوان سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك وەزیران دەبێ دۆسێی سەرۆك کۆمار بجولێنرێ. کە پۆستی کوردە و ئەوی پالێوراو پێشکەش دەکات یەکێتییە. بەواتایەکی تر فۆکسی قۆناغی داهاتوو لەسەر سەرۆك کۆمار دەبێت.

هەتا ئەم تەگبیرانە تەواو نەبێ، جارێ باس نایەتە سەر کابینەکە و پۆستەکانی، ئینجا نۆرەی بەرنامەی حکومەتەکە دێت.

لەناو هەموو هێزەکانی عیراقدا هیچ کامیان بەرنامە و دیدێکی ستراتیژییان بۆ عیراقی چوار ساڵی داهاتوو نییە. تەنها یەکێتی و پارتی زەحمەتیان کێشاوە و بەرنامەیان نووسیوە کە هێزە عیراقییەکان هەر دەڵێن زۆر کوردانەیە و تەنها داوای کوردی لەخۆگرتووە. وەك بڵێی خۆیان پرۆژەیەکی عیراقیانەیان نووسیوە و یەکێتی و پارتی لێیانی تێکدەدەن.

بەو هەموو تێبینییانەی کە شەقامی کوردستانی لەسەر ئەدای رەسمیی کورد هەیانە، کەچی وا یەکێتی و پارتی هەنگاوێك لەپێش کوتلە گەورە و بچووکەکانی عیراقەوەن.

ئەگەر گوشاری ئەملاولا لەسەر کورد بەردەوام بێت تا هەرچۆنێك بێت پاڵبدەن بە کوتلەیەکەوە، ئەمە مانای وایە سفر روانین لە عیراق زاڵ دەبێت.

کوردستان بەو شڵەژاوییەوە دەیەوێت بەرنامەی هەبێت. عیراقیش کە شڵەژاوە گەورەکەیە ئەگەرچی داعشی تێکشکاندووە، لەوەناچێت روانینی چوار ساڵی داهاتووی دارشتبێ. ئەمەش وایە کە سەرۆك وەزیرانی داهاتوو، هەر کەسێك بێت، ئەگەری دووبارەبوونەوەی سیناریۆکانی پێشوو کراوەیە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٩/٥

# فیدرالی بارمتەیی

سیاسەتی بە بارمتە گرتن، سیاسەتی باوە لە عیراقی فیدرالیدا. ئەمە بەر لە هەر شوێنێك لە باشووری عیراق و پەنجەرەی باشوور، بەسرە، ڕەنگی داوەتەوە.

بەغدای شیعە وەك پایتەختەکانی سەرەتای سەدەی بیست، حەزی لە ناوەندێتی و تەوەربەندییە دژی کەنارەکانی، هەتا ئەگەر ئەو کەنارانە لە جنسی خۆی بن، بەسرە و باشوور بۆ هێزە عیراقییەکان خەزینی دەنگ و داهاتن و پەیژەن بۆ گەیشتن لە کەناری پارێزگاکانەوە بۆ کەنارەکانی دیجلە.

ئەگەرچی عیراق فیدرالییە، بەڵام عەقڵییەتی سیاسەتمەدارەکانی تائێستاش مەرکەزییە. لە حاڵی وادا هەرێم و پارێزگاکانی، کە دەستوور مافی لامەرکەزی پێداون و لە ڕێی حزبەکانی مەرکەزەوە دیسانەوە دەبنە بارمتەی دەستی مەرکەز. حزبە عیراقییەکان کە لە هەڵبژاردندا ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبەنەوە، پارێزگار و ئەنجومەنەکانی پارێزگا وەك عومدە و پیاوماقوڵان لێدەکەن. بەرپرسن، بەڵام بە وەکالەت کارەکان بەڕێوەدەبەن و بڕیار و راسپاردەیان لە پایتەختی حزبییانەوە بۆ دێت. حزبەکانیش لە دەمی هەڵبژاردندا تەڵێکی باریك بە مەرجەعییەتەوە گرێیداون، بەڵام کە چنگیان لە دەسەڵات گیر دەبێت، زۆریش پابەندی مەرجەعییەت نابن. لەبەرئەوەیە ئەمڕۆ هەم میللەت و هەمیش مەرجەعییەت لێیان بەقینن.

ئەمە رەنگە تەفسیری ئەوە بکات کە بۆچی دەستوور فیدرالییە و هەر پارێزگایەك و حکومەتێکە، کەچی بەسرە و باشوور هەمیشە گلەیی بێدەسەڵاتی دەکەن.

حکومەتە لۆکاڵییەکانی باشوور، بارمتەی دەستی حزبە دەسەڵاتدارەکانی شیعەن کە بەغدا مەسکەن و مەفتەنی هەیبەت و هەژموون و دەخیلەیانە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٩/٦

# جووت گوشار

گوشار لەسەر یەکێتی و پارتی تا کاغەزی سپی بۆ یەك لە میحوەرەکانی دەستەبژێری شیعە ئیمزا بکەن، گوشارە لەسەر کوردستان بەگشتی. تایبەتمەندیی دوو حزبەکە نییە تا وا سەیر بکرێت ئەگەر ئەوان نەبن، گوشارەکە نامێنێ.

گوشارەکە، جووت گوشارییە، واتا ئیقلیمی (ئێران)، نێودەوڵەتی (ئەمریکا)، لەسەر هەردوولا بە ناونیشانی (یەکێتی و پارتی) و بە ناوەڕۆکیش لەسەر پرۆژەی سیاسیی کوردستانە بە حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆنەوە.

هێزەکانی گوشاریش لە ئاڵوگۆڕ و ریزبەندیی جیاجیادان، رێك ئەمەیە کە هاوڕێ شوان لای پێی دەوت: (هاوپەیمانێتیی نوێ، لێکترازانی نوێ، ئاڵۆز و باڵۆز لە هەموو جێیەك). جا لەوێدا کورد وەکو کوڕە کەچەڵەکە هەروا شاپی بەردەکەوێت، بەڵام خۆ لە فۆلکلۆری کوردیدا کوڕە کەچەڵەکە نمونەشە بۆ دانایی و ژیری لەنێو گەورەکاندا.

گوشار، گوشاری ئەمڕۆیە بۆ ئێمە، وەك گوشاری بۆردومانی کۆیە، بەڵام گوشاری کات و ساتیشە بۆ ئەوانەی گوشارەکەمان لەسەر دەکەن. ناوچەکە خۆی لە ململانێی نێوان جەمسەرە ئیقلیمییەکان لەناو خۆیان و لەگەڵ نێودەوڵەتیشدایە. سەبرێکی کوردی لەم نێوانەدا خۆپاراستنێکی ناچارییە. ئەوی دەتوانێ لەم مەیدانەدا رۆڵ بگێڕێ، میدیای کوردییە، چونکە دەستی ئاوالاترە کە بەشێك نەبێ لە گەشانەوەی ژیلەمۆی ناکۆکی کورد، کورد لە هەرێم و سەحنەی سەرتاسەری کوردستانیشدا.

میدیا دەتوانێ فەرهەنگی ئاشتی لە ناوخۆ و ژیری بۆ سیاسەتی هەمە ئاڕاستەی کوردستانیی، پەرەپێبدات، تا کورد نەکەوێتە ناو ئاڵۆز و باڵۆزی ریزبەندییە تازەکانەوە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٩/٩

# گرتە ڤیدیۆییەکە

گرتە ڤیدیۆییەکەی وێنای دەمەقاڵێی نێوان سەرۆك وەزیران و پارێزگاری بەسرە دەکات، بە دیوێکی گەشدا دیموکراسیی پەیوەندیی حکومەتی ئیتحادیی و حکومەتی پارێزگاکان ئاشکرا دەکات، بەڵام بە دیوێکی رەش، ئەمما رەشی قەترانیش، شکستێکی ئاشکرای ئیدارەدانی حکومەتی عیراق دەردەخات.

سەرۆك وەزیرانێك کە داوای دەکرد حکومەتی هەرێم خزمەتگوزاربێت تا خەڵك نارەزایی نەبێت، دیموکراسیش بێت کە نارەزایی خەڵك قبوڵ بکات، ئێستا تەحەمولی حەفت و هەشتی پارێزگاری هەڵبژێردراوی خەڵك ناکات لەیەك جەلسەی ئوسولی پەرلەماندا. لە شانسی پێشەوە رێکوپێکەو لەپشتەوە سەد پینەی هەیە. ئەوەی خۆی بۆ بەسرە پێی ناکرێت داوا دەکات لە سلێمانی بکرێت.

ئەم گرتەیە، گرتە نییە کە هەر شکستی عەبادی تۆمار بکاو تەواو، ئەگەر وابوایە چارەسەر دیاربوو کە یەکێکی تر لەجێی دابنرێت، بەڵکو کێشە ئەوەیە کە عیراق بە دەق فیدراڵییە، بەڵام بە دەقیقە و سات ئەم بەرگەی نەکردۆتە بەری.

پارێزگار مەئموری رۆتینییە کە هیچ ناگرێتە ئەستۆی خۆی و هەر چاوی لە بارانی بەخوڕی سەرەوەیەو خۆشی هیچ دەستپێشخەرییەکی نییە. عەبادی-ش دەرچووی خوێندنگەی بیرۆکراتی کیتابوناوکیتابوکمە کە گەرەکێتی ئاگای لە هەموو قەرارێك بێت و ئاگاداری هیچ جێبەجێکردنێك نەبێت.

ئەم دیمەنە لە کاتی ئاسایی تێدەپەڕێ و هیچی وا فەرق ناکات، بەڵام لە تەنگژەکاندا دەبێتە دەمەقاڵێی پەرلەمان و شڵەژانی ژیان و گوزەران، بەعدە خەراب ئەلبەسرە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٩/١٠

# لیستی (١٠٥) بۆ..

لەمڕۆوە لە رانیەی دەروازەی راپەڕینەوە، لیستی ١٠٥، لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتیی هەڤاڵ قوبادی مام جەلال، دەست بە خەباتی دیموکراتی و جەماوەری خۆی دەکات بۆ ناساندنی بەرنامەو ستراتیجی لیستەکە.

لیستی ١٠٥ هەڵقوڵاوی دیدی یەکێتییانەیە، پشتبەستووە بە ئەزموونی یەکێتییەکەی کۆمەڵانی خەڵك لە شۆڕش و لە حوکمڕانیدا. کە ئاوێتەی پێویستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواری کراوە و چوار ساڵی داهاتوو تیمێکی دڵسۆز دەخاتە خزمەتی تێکۆشانی پەرلەمانی و حکومەتییەوە.

لیستی ١٠٥ لە چوار ساڵی داهاتوو بۆ پتەوکردنی یەکێتیی ریزەکانی گەلی کوردستان بە ئامرازی دیموکراسی و هەڵبژاردن، دەخوازێت کوردستانییان لە دەوری ئامانجی خزمەتگوزاری و نیشتمانی ئەوتۆ کۆببنەوە کە بتوانرێت شێلگیرانە بەدیبێت. ئامانجی (بۆ.. ئارامی، هەلی کار، خزمەت).

بەرنامەکە گەرەکێتی گرفتەکانی چەند ساڵی رابردوو تێپەڕێنێت و ئاسۆی فراوانی گەشەپێدانی هەمەلایەنە دەست پێبکرێتەوە. چونکە گەلی کوردستان شایانی ئەوەیە چاکترینی بۆ بکرێت، پاشەکەوتی گوزەرانی وەك خۆی لێ بکرێتەوە و بگرە دوای ئەوەش چاوی لە رەوتی گەشەی بەردەوامە.

بەرنامەکە لە ناوجەرگەی واقیع و لەسەر رێبازی یەکێتی و سێ (خ)یکە دامەزراوە کە سەرۆك مام جەلال دەیووت: "پشت بە خوای خۆمان، خەڵکی خۆمان و خودی خۆمان دەبەستین". دوای ئەوەش چی زیاتر هات لە پشتیوانی هەلومەرجی خۆیی و بابەتی ئەوا خێری سەربارە.

بەرەو سەرکەوتنی ١٠٥، سەرکەوتنی خەڵکی کوردستان لە ئامانجی یەکێتی و یەکڕیزی و دیموکراسییەکی پایەدار و کوردەوارییەکی گەشەکردوو و ئاوەدان.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٩/١١

# لە هەڵبژاردندا، کۆتری سپی و شنەی باین

لە دەروازەی راپەڕینەوە، لیستی یەکێتی، راپەڕینی تازەی خەباتی مەدەنی و دیموکراسیی کوردستانی دەمەزەرد کردەوە. ئاپۆرای جەماوەر و جۆش و خرۆشی دەستپێکی کەمپینی یەکێتی بۆ ئەم هەڵبژاردنە سەرتاسەرییە، مژدەیەکی خۆشە بۆ یەکێتییەکان کە هەڵسانەوەی نوێی یەکێتی بەری خۆی داوەتـەوە و حزبەکەی مـام جەلال وەك لە شۆڕشی نـوێ و دامەزراندنی بناغەی ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا پێشڕەو بوو، وا لە راپەڕینی مەدەنی و دیموکراتی دەروازەی راپەڕینیشەوە مۆدێلێکی تازەی خەبات بەرپا دەکات. لیستی ١٠٥ بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ قوبادی مام جەلال و ئەندامێتیی تیمێکی کارا و ئازا و ژیر، سەرمەشقی ئەو مۆدێلە نوێیەیە کە ململانێی دیموکراسی لە کینەبەری و گرژی و سەنگەربەندیی توندەوە دەکاتە ململانێیەکی هێمن، شێنەیی مەدەنی ئەوتۆ کە بەشی کێبڕکێی ئازادانە لەلایەك و بەشی ئاشتی و هێمنایەتی و یەکڕیزیی گەلی کوردستانی لەلایەکی ترەوە تێدا بێت. خیتابی هەڵبژاردنی لیستی یەکێتی هەم خیتابی نوێ و جیاواز و تایبەتمەندیی خزمەتەکانی یەکێتییە و هەمیش زەمینە بۆ یەکڕیزیی و یەك سەنگەری گەلی کورد لەم قۆناغە هەستیارە، خۆش دەکات. تەرزی نوێی کەمپینی یەکێتی بۆ خزمەت و ئاوەدانی و هەلی کار، دڵنیاییە بۆ خەڵکی کوردستان کە دەشێ ململانێکاری دیموکرات بین و دەشێ یەکڕیزیش بین. ململانێی رەوا هەبێ و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بەهەر دوو دیوی حزبی و نەتەوەییەوە پارێزراو بێت.

بۆ پێشەوە بەرەو سەرخستنی لیستی ١٠٥.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٩/١٢

# بۆ هەلی کار

هەلی کار، هەر داوایەکی رووکەش و دروشمێکی هەڵبژاردن نابێت، بەڵکو ستراتیژێکی چەند وێستگەیی لیستی ١٠٥ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ قوبادی مام جەلال. هەڵقوڵاوی ئەزموونی حوکمڕانی وڵاتەکەمان و تەنگژەکانی چەند ساڵی رابردووە.

دەسەڵات و توانای دارایی حکومەتی ژیر و بەئەزموون، هەر ئەوە نییە لە بانق و دامەزراوە داراییەکان و سەرچاوەی بودجەی رەسمیی وڵات هەیە، بەڵکو داهاتی حکومەت ئەو داهاتەیە کە وڵاتمان هەیەتی لە بازاڕ و کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان. ئەم سەرچاوەیە ئەگەر سەرمایەگوزاریی تێدا بکرێت، سەروەت و سامانی جێگیر و لە بن نەهاتووی وڵاتە. ئەوی ئەم سەرمایە دابین دەکات، ژینگەیەکی لەبار و بازاڕێکی ئارام و حکومەتێکی خزمەتگوزارە کە بووژاندنەوەی بازاڕ و هەلی کار و کەسابەت و خۆبژێوی وا دابین دەکات پێویست ناکات حکومەت ببێتە دەزگایەکی بیرۆکراتی قەبە کە کەرتی فەرمانبەرانی هەڵایساو بێت و نەتوانێت مووچە و گوزەرانیان دابین بکات و بەرهەمی ئەوتۆشی نەبێ کە بە قەدەر لەشکری دامەزراوە بیرۆکراتییەکەی خزمەت بکات و مووچە و گوزەران دابین بکات. بەڵکو حکومەتی کارا لە ناو ژینگەیەکی لەباری بازاڕ و بزاوتی بازرگانی و ئابووریدا لەجێی مووچەی دڵەڕاوکێ، بە گوژمەی لەسەریەك هەلی کار بڕەخسێنێ و لە وەرزی جیاجیادا ئەم هەلی کارە جاڕ بدات و ژیانی چاك و باش بۆ هێزی کاری وڵات دابین بکات.

پرەنسیپی هەلی کار لە بەرنامەی لیستی ١٠٥ دا دەستبەرداربوون نییە لە کەرتی گشتی، بەڵکو پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و بازاڕە تا حکومەتی خزمەتگوزار بپەرژێتە سەر خزمەتگوزارییەکان و پڕۆژەی تەشغیلی و وەبەرهێنان.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٩/١٣

# پرسیاری بەردەم حکومەتی عیراق

پرسیاری بەردەم حکومەتی عیراق ئەگەر پرسیارێکی جەوهەری بێت، لەسەر ئەوە نییە کەی پێکهاتەکەی تەواو دەبێ و دوا ئیستحقاقی سیاسی و پشکی پێکهاتەکان چۆن رێکدەخرێت؟ لەسەر ئەوە زۆر وتراوە و نووسراوە. پرسیاری جەوهەری ئەوەیە؛ پەیام و پرۆگرامی ئەم حکومەتە بۆ عیراقی چوار ساڵی داهاتووە کە خۆی تەمەنی دەستووری کابینەکەیە، یاخود نا؟.

حکومەتی پێکهاتوو بەو کەفائەت و لیاقەتە پێکهاتووە کە لایەنەکان لەسەری ساغبوونەتەوە و گەرما و سەرمای ئەم دەورانەی هەڵگرتووە. هاوسەنگیی پێکهاتەکان، حزبەکان، تازە ئیتر لەمەودواش، هاوسەنگیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی گەڵاڵەیان کردووە. تاقیگەی کیمیاوی کە حکومەتی لەسەر دانراوە لەسەر تەوقیتی پایز و زستانی (٢٠١٨) و ئەوپەڕی (٢٠١٩) قوڕمیش کراوە، بەڵام حکومەت بۆ چوار ساڵە و ئەرکی چوار ساڵی داهاتووشی لەسەرشانە.

وا حکومەت هەیە، شەرعییەتی دابین بووە و بەپێی رێڕەوە دەستوورییەکان مۆری رەوایی لێدراوە، ئایا خۆی بۆ چوار ساڵی داهاتوو داناوە و پێشهاتەکانی چوار ساڵی دادێی لەبەرچاوە، یاخود بە کەشوهەوا و هاوسەنگیی سبەینێی سپاردووە؟.

چوار ساڵی داهاتوو ماوەیەکی زۆرە. بەشی زۆر لێقەومان و بەسەرهات دەکات. حکومەت بەدیدی ئەو لێقەومان و بەسەرهاتانەی دێن، خۆی تەیار دەکات؟، یان پێشبینی نییە و سیناریۆی روبەڕوبوونەوەیان بۆ زەمەن جێدەهێڵێ؟.

لە دوای کەوتنی سەدام، حکومەت بە ئاڵوگۆڕە، بە دەستوور و هەڵبژاردنە. بە هەموو عەیبەکانیەوە، دیارترین عەیبیشی ئاڵۆزی و خاووخلیچکی و فلتەرە پێچاوپێچەکانی پێکهاتنێتی. هەموو جارێك بەگوێرەی تەوقیتی پێکهاتنی، رادەگەیەنرێت بەس هەموو جارێك دەرەقەتی چوار ساڵ و لێکەوتەکانی نایەت.

تەجرەبەکان وا دەڵێن. ماوەی داهاتوو دۆسێی ئیقلیمی و ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دێنە سەر پلێت. حکومەتی عەبدولمەهدی چۆن سەودای پێدەکات و سەودای لەگەڵ دەکات؟.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/١٠/٣٠

# کولاندن و قەلاندن

کە تەواوکردنی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی لەبەر کێشمەکێشی حزب و لایەنەکان بە دوو حزبی یەکێتی و پارتیشەوە کەوتە قۆناغی دووەمەوە تا دوا ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێت، تەوقیتی دوو پرۆسەی کوردستان و بەغدا تێکەڵبۆوە. جارێکی تر ئەوی بەغدا کار لە کەینوبەینی پێکهاتنی حکومەتی هەرێم دەکا و ئەوی هەرێمیش کاردانەوەی لە بەغدا دەبێت. لە بەغداش گرنگتر دۆسیێ بێنازەکەی کەرکوك هەیە کە پێکوتەی سیاسەتی ناوخۆی کوردستان و سیاسەتی کوردستان و بەغدا لەبەرامبەر یەك، بۆشاییەکی هەلپەرستانەی بۆ پارێزگاری (بە کەفالەت) دروستکردووە تا دوا هەلی تەعریب بەکاربێنێت.

کەرکوك هەر نەیسە کە چەقی بەستووە و چاوەڕێی گەڕێکی تری ململانێی سیاسییە، ئەی هەرێم بۆ خاوەخاوێتی لە خۆڕێکخستنەوەی دۆسێکانی؟ بادینی وتەنی چەند بیکولێنی و بیقەلێنی هەر هێلکەیە. پرۆسەی سیاسیی چۆن بگیرسێتەوە هەر لەسەر ئەوە رادەوەسێت کە ئیستحقاقی هەڵبژاردن و هاوسەنگیی هێز و نەخشەی دابەشبوونی سیاسیی دوو دەیەی رابردوو دەبێتە بنەما. نە یەکێتی گەرەکێتی ئیستحقاقەکە فەرامۆش بکات و نە پارتیش نەشئەی ٤٥ کورسی تا سنووری وەتاقخستنی هێزەکان، یان وەتاقکەوتنی خۆی دەبات، تاڵە دەزوویەکی ورد و باریکە کە چوون پەڕینەوە بەسەر پردی سیراتدا، چاوتیژی و حەوسەڵەی پەڕینەوەی دەوێت.

لەبەر ئەم رەهەندانەی نێوان هاوسەنگی و ئیستحقاق کە جەبری واقیعی کوردستان دەیخوڵقێنێت، هەر دواخستنێك لە پرۆسەکە کە تەوقیتی پێویست بۆ گەڵاڵەی کابینەی نوێ تێبپەڕێنێت لەسەر حیسابی ئەرکە نەتەوەییەکە تەواو دەبێت کە لەگەڵ بەغدا چاوەڕێمان دەکات. کەرکوکیش لەسەر رێی چوونە بەغدامانە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/١١/٥

# پۆستەکان وەرگێڕانی شەراکەت بن نەك قەرەبوو

لە رووی دەستەواژە و گوتەزاوە ئەدەبیاتی سیاسی لە کوردستان بێ قوسوورە: شەراکەتی راستەقینە و ئیستحقاقی هەڵبژاردن و تەوافوق و زۆر ئەلفازگەل و ئەلقابگەلی شیرینی تر دەڵێینەوە، بەڵام لەکردەوەو رەفتاردا هەرئاڤا تەزی بە یەکتری دەفرۆشینەوە با ناوی مای باردیشی لێ بنێین. ئێمە هەموو ئەم داخوازییە باشانە لەو عیراقە دەخوازین کە بە ڕاست و چەپەوە، بە گەشبین و رەشبینەوە بە شۆڤێنی و نەیارێتی تۆمەتباری دەکەین، کەچی بنمیچی داواکانمان لێی وایە کە هەموو ئەم خیتابە باشەمان بە ناو و ناوەرۆکەوە رووبەڕووی کردۆتەوە، خۆشمان لە گۆرەپانی سیاسیی کوردستاندا ئاڵۆزمان کردووە و لە چەند وێستگەی سیاسیی ساڵانی رابردوو هەمان ئەو ناوە باشانە بۆ ناوەرۆکی نەگۆڕاو بەکاردێنین.

داوای بەشداری لە شەراکەت و لە بڕیاری سیاسی، ویستێکی سەنگینی ئەمڕۆی سیاسەتی کوردستانە، بەڵام هەموو جارێك تەنها بە ژمارەی وەزارەت و پۆست و پایە تەرجەمە دەکرێت. بێگومان پۆستەکان گرنگن، بەڵام پۆست بێ دەستکاری دیزاینی حوکمڕانی کە هەموو جار کۆپی دەوڵەتی قووڵ دووبارە دەکاتەوە مەحکومە بە شکست. شکست بۆ ئەوانەی پیادەی دەکەن و لە دەرەنجامدا هاوپەیمانەکەیان لە نیوەی رێ بێزاردەبێ و کەڵکی لێ نابینن و شکست بۆ ئەوانەش سەرەنجام وەك میوانی پرسە بەشداری دەبن تا ئەوەی شەریکی بڕیار بن. لەبەر ئەم دۆخەیە وا ئێستا لەهەردوو زۆنی جاران داوای بەشداری لە ئیدارەی ناوچەکانی یەکتری؛ لەیەکتری دەکرێت. ئەوە کە ئێستا مشتومڕ و گفتوگۆی لاقرتییە لەسەر ئەوەی ئیستحاقی هەڵبژاردن، کە مەعلومە ژمارەی کورسی لەدایکبووی کۆنترۆڵی زۆنێکە، دەیخوا یان ئیستحقاقی نفوزی ناوچە و هاوسەنگی هێز دەیخوا؟ سەرچاوەی ئەم مشتومڕە بێزەنتییە ئەوەیە لەناوچەی یەکتری میوانن و نە فیفتی فیفتی و نە یەکەمێتی یەکیان و نە جێگۆڕکێی دووەم و سێیەمیان نەیتوانیوە وەڵامدەرەوەی ئاتاجی ئەمڕۆی سیاسەتی کوردستانی بێت.

سندوقی یادەوەری زیندوو لەبیرێتی کە دەستەواژەی فیفتی فیفتی نە هی ئەدەبیاتی یەکێتی بوو و نە لەلووتکەی وەك یەکی ستراتیژیشدا هاوسەنگی لە پۆست و پایە هەبوو

تاوەکو نها بگوترێ ئەوی جاران نەما کە خۆی ئەو جارانە قەت هەر نەبوو. ئەوی وایکردووە لاسەنگی پۆستەکانی زەمانی مەجازی فیفتی فیفتی هیچ کەڵکی وای نەبێ دوو زۆنی چارەسەر بکات، ئەوەبوو شەراکەتی راستەقینەی بڕیار هەر نەهاتە کایەوە و ئەمەش لە وێستگەی چارەنووسسازدا وا وێناکرا بڕیار نا هاوسەنگە و دەرەنجامیش نامۆبوون بێت لە ئیدارەی دۆسێی ریفراندۆم و ئابووری سەربەخۆ و بەدواهاتووەکانی ئیستحقاقی کورد لە بەغدا لە پۆست و لە مافدا.

وەك چۆن دیزاینی حوکمڕانی لە عیراقی فرەپێکهاتەدا وایلێهاتووە کەم دۆسێی کوردی لەبەر دەڕوا و پێی دەجوڵێنرێ و کوردیش بە پەرتەوازەیی ریزەکانی سڵاوی ئەو رەوشە دەسەنێتەوە، ئاواش، لە کوردستانیش، بە وێڵکردن و دەستنەبردن بۆ بنەڕەتی کێشەکە کە نەبوونی شەراکەتە لە بڕیاری راستەقینە دەبینی زار تاقیکردنەوە و بەسەرکردنەوەی بێ بڕیاردان، دیمەنی سەرەکی جووڵەی سیاسییە.

دۆخی مەیینی ململانێی ماڵی شیعە کە ناکۆکی کوردیش لەپەراوێزیدا وەزارەتێکی یەکێتی بە بارمتە گلداوەتەوە، خەریکە سەر بۆ خۆکێشانەوەی عەبدولمەهدی دەکێشێت کە دایمەو دەرهەم یاداشتی کشانەوەی لە چەکمەجە داناوە، بەڵام دۆخی مەینی گفتوگۆی کابینەی تازەی کوردستان هێشتا لە پشتی هەوری نادیارە و نازانرێ بە زوویی پەڵەی خێر دەداتەوە، یان خەراجی بۆ شوێنێکی تر دەڕوا، کە پەیوەست دەکرێت بە پێکوتەی پرۆسەی سیاسیی کوردستانەوە؟.

هیچ شتێك دژوار نییە ئەگەر گفتوگۆیەکی جددی لەسەر بە کردەوە شەراکەت کردن بەرپا بکرێت کە پۆست و پایەکان تەرجەمەیەکی فیعلی بن، نەك ئەڵتەرناتیڤی خاتر جەمی بن.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/١١/١٩

# فەسڵی پێنجەم

## ١-پاشبەندی هەڵبژاردە

# پایەدار بۆ یادی حکومەتەکەی مەلیك مەحمودی نەمر

ئەمڕۆ یادی (٧٧) ساڵەی یەکەمین حکومەتی کوردستانی خوارووە کە لە ڕۆژی (١٩١٨/١١/١) مەلیك مەحمودی نەمر لەسلێمانی رایگەیاند.

هەڵبەتە یادکردنەوەی ئەو بۆنە نەتەوەییە لەم ڕۆژەدا کە تێیدا کوردستانو عێراق لەبەردەم دەورانێکی دوورودرێژی گۆڕانکاری پێشبینی کراودان، چەندین ماناو مەغزای سیاسی هەڵدەگرێو هەق وایە لەئاستیدا هەڵوەستە بکرێ.

بەنسیبەت کوردەوە دەشێ سەرنج لەو هەلومەرجە دژوارە ناوخۆیيو ناوچەییو نێودەوڵەتییە بدەین کە شێخی نەمر حکومەتەکەی خۆی تیا پێکهێنا، ئەو هەلومەرجەی کە نەیهێشت سنووری دەسەڵاتی خۆماڵی سەرجەم کوردستانی خواروو بگرێتەوەو دواتریش پاشگەز بوونەوەی ئینگلیزو لێدانی حکومەتەکەی بەدواوە بوو. هەڵبەتە سیاسەتی ئەو وەختەی زلهێزەکان لەبەرژەوەندییاندا نەبوو ئەو پێکهاتە نەتەوەییەی کورد پێ بگرێو فراوانتر ببێ، لەبریتی ئەوەش تا دەهات ڕەوتی هەڵسوکەوتەکانیان بەپێچەوانەی خواستو ویستی گەلی کورد بەئاراستەی لکاندنێکی زۆرە ملێیانەی کوردستان بە عێراقەوە هەنگاوی دەنا.لەکاتێکدا حکومەتەکەی شێخ پێش پێکهێنانی قەوارەی عێراق کەوتبوو، کە دەوڵەتی تازە پێکهاتووی عیراقیش دروست بوو هەرگیز خواستە نەتەوەییەکانی کورد لەلایەكو خواستەکانی شیعەی باشووری وڵاتی لەلایەکی ترەوە، تێیدا ڕەچاو نەکرا. هەرچەندە ڕاپەڕینی شیعە لە شۆڕشی بیستو بەشداری پێش وەختو پشتگیری گەلی کورد بە ڕابەری شێخ مەحمودی حەفید لەڕاپەڕینەدا فشارێکی ئەوتۆی بۆ ئینگلیزەکان دروست کرد کە هیچ نەبێ دەست لە حوکمڕانێتی ڕاستەوخۆی کوردستانو عێراق هەڵبگرن. بەڵام حوکمی مەدەنی عیراق تازە دروست کراویش، کە ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە ئاراستە دەکرا، بەکەمینەیەکی سوننی سپێردراو سەرەنجامیش بەدرێژایی مێژووی ئەم قەوارە لەرزۆکە دەسەڵاتی سوننی ئیمتیازاتەکانی بەشدرابوونی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری پاوانی خۆی کرد تا لەسایەی دەسەڵاتی بەعسییە عەفلەقییەکاندا کار گەیشتە سیاسەتی پاکتاوکردنو سەرکوتکردنی کورد لەکوردستانو شیعە لەباشووردا.

ئێمە لەکاتێکدا یادی ئەم سەروەرییە نەتەوەییە وەکو کەلتورێکی روحی دەکەینەوە پێویستە چاو لەئایندەیەك بکەین کە تێیدا کورد بە ئۆرگانێکی یەکگرتووی پتەوو تۆکمەوە، نەك بە ناوچەخوازیو پەرتو بڵاوییەو ئامادەباشی بۆ هەر گۆڕانێك کە لەعێراقدا روودەدا بنوێنێ. تاچیتر هەوڵو کۆششو خەباتی کورد نەکرێتە قوربانی هاوکێشە سیاسییە ناوچەییو نێودەوڵەتییەکان. هەروەها لەپێناو مانەوەی قەوارەی ئێستای عێراق بەیەکگرتوویيو دووبارەنەکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو کە جگە لە شەڕو شۆر هیچی دیکەی بۆ گەلانی عێراق تێدا نەبوو. پێویستە لەئایندەی دوای روخانی رژێمەکەی (صدام) ویستو خواستەکانی کوردو شیعە لەبەرچاو بگیرێنو بگرە لەحکومەتێکی دیموکراتیو پەرلەمانیو فیدرالی دا قەرەبووی دەیان ساڵ سیاسەتی تایفەگەریو شۆڤێنیستیان بۆ بکرێتەوە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ١٩٩٥/١١/١

# ئەبو غنێمی بەعس و خاکی میعادی دە هەزاریەکان

لە فلیمی (اسکندریە لیی؟)ی دەرهێنەری بەناوبانگی میسری یوسف شاهین دا، ژنێکی جوولەکە لە ئەسکەندەریە دەژیو دراوسێی ماڵە عەرەبەکانی گەڕەکی خۆیەتی. ژنە مێردەکەی دەمرێ و خۆی و منداڵەکانی دەکەونە گێژەنی هەوراز و نشێوی رۆژگارەوە. زەمەنی رووداوەکانی فلیمەکە زەمەنی بانگەوازی زایۆنیزمە بۆ چێ کردنی دەوڵەتی ئیسرائیل. ئیجرائاتە ماددییەکان بۆ چوونی جوولەکە لەهەر شوێنێکی دونیاوە بێت گەلێك زۆر بوو. ئەوەێ بەهەشت و سەرزەمینی میعاد بوو. ژنەی ئەسکەندەریە دراوسێ وەفادارەکەی جێ دێڵێ و دەچێتە خاکی میعاد، بەڵام چی ببینێ، لەپاڵ جیاوازی کردن لەنێوان جوولەکەی رۆژهەڵاتیو ئەوروپاییدا ژنە دەبینێ چۆن فەلەستینییەکان لەسەر خاکی باوباپیرانیان دەردەکرێنو ئاوارەی بێ ماڵ و حاڵ دەبن و لەجێگای ئەوان جوولەکە وێك نەچووەکان نیشتەجێ دەکرێن. لە پەرەسەندنێکی درامی دا فلیمەکە بەوە کۆتایی دێ کە ژنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەسکەندەریە، بۆ لای دراوسێ دێرینەکانی، و زمان حاڵی یوسف شاهین-یش ئەوەیە (جێ کردنی نیشتمانێك لەسەر حسابی دانیشتوانی ڕەسەنی نیشتمانێکی دیکە تراویلکەیەو هیچی تر)!

عەرەبی باشووری عێراق خەڵکانێکی چەوسێنراوی دەستی رژێمی تایفەگەری بەعسی شۆڤێنی عێراقن لەجێی ئەوەی تێبکۆشن بۆ ئەوەی لە نیشتمانی خۆیاندا سەروەرو خوشگوزەران بن، بەعس بە (١٠) هەزار دیناری تەزویر راپێچیان دەکا تا ماڵی کورد داگیر بکەن، ئێمە گەلێك جار دەمانگوت ئەمە سیاسەتی رژێمێکی هەڵنەبژێراوی خەڵکە نەك خواستی میللەتەکە، بەڵام لەبەرچاوی خۆم، لەراپەڕینی کەرکوکدا بینیم ئەوانە چۆن هەڵاتن، چونکە کەرکوك نیشتمانی ئەوان نەبوو، هەروا بینیشم چی تاڵانێکیان لەشارەکەم دا کرد دوای ئەوەی بە پاڵپشتی بەعس گەڕانەوە. ئێستا ئەوان لەم هەڵمەتی تەعریبەدا جارێکی تر بەخۆشحاڵییەوە لەجێی ماڵە کوردە دەرکراو نیشتەجێ دەبن. تەماشا کەن بەعس وای فریو داون کە کەسێکی وەك ژنە جوولەکەکەی (اسکندریە) یشیان تێدا هەڵناکەوێ.

ئای ئەم عێراقە چی وڵاتێکی نەزۆکە کە خەڵکەکەی لە پەراوێزی چەوتییەکانی رژێمەکەیاندا بە دوای دەستکەوتی پروپوچدا دەگەڕێن!

*هەفتەنامەی ئەمرۆ، رۆژی: ١٩٩٧/٦/٢٦

# لەسەر زەمین چوارین، لە ئەندێشەدا ناچار نین وابین

**لەژێر ئاسمانی لەکارکەوتوو و نووستووی خۆرهەڵاتدا بەدرێژایی چەندین سەدە، رەگەزێکی لەبیرکراو هەیە ناوی کوردە.**

سەروتاری یەکەمین ژمارەی گۆڤاری رۆژی کورد-١٩١٣.

چیرۆکی پێکهاتنی رێبازو بیری کوردستانی لە کوردستان شتێك جیاوازە لە پێکهاتنی رێبازو بیری نەتەوەیی لە نموونەی گەلانی تردا. لەنموونەی بیری نیشتمانیی فەلەستینییەکاندا دەیان سەنتەرو ناوەندی لێکۆڵینەوە بیرو ئەندێشەی رزگاریخوازی فەلەستینیان پێکهێناوە، ئەدەبیاتی سیاسیی فەلەستینییەکان بەهەموو رەوتو خوێندنگەکانیانەوە پێش دەستپێکردنی خەباتی سیاسیو رزگاریخوازیی فەلەستینییەکان کەوتووە، لەبەرئەوەی ئەدەبیاتی سیاسیی فەلەستین چی وتووەو چۆن رێبازەکەی دارشتووە، رەوتی خەباتی رزگاریخوازی فەلەستین بەو جۆرە قاڵبی گرتووە. لەوێدا بیرۆکە پێش کردار کەوتووە. بۆیە کردار شەرعیەتی خۆی لە ئەندازەی وەفاداری بۆ بیرۆکەکەوە وەرگرتووە.

ئەیقۆنەی بیرۆکە چۆن شکڵی گرتووە، دەبوایە کرداری فەلەستینی بەو جۆرە هەوڵی جێکردنەوەی خۆی بدات.

لەنموونەی کوردستانیدا تارادەیەکی زۆر دەستپێكو پەرەسەندنەکە جیاوازە، بەشێوەیەکی گشتی رێبازو ئەندێشەی بیرۆکەی کوردستانی لەناو واقیعی خەباتی سیاسیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا گەشەیان کردووە. تەنها دوو نموونەی بەرچاومان هەیە، کە پێچەوانەی ئەم رەوتە دەربخات، نموونەی نامیلکەی (العربو الاکراد) ەکەی مامۆستا برایم ئەحمەدو ئەدەبیاتەکەی (ژێ کاف).

(العرب والاکراد) ساڵی ١٩٣٧ لەلایەن برایم ئەحمەدی رووناکبیرەوە نووسراوە نەك برایم ئەحمەدی چالاکڤانو سەرکردەی سیاسییەوە، بۆیە لە دیدێکی ستراتیژییەوە رەهەندەکانی کوردستانێتی شیکردۆتەوە، گۆڤاری (نیشتمان) ی ژێ کافیش (١٩٤٣-١٩٤٤) هاوشانی دەستپێکردنی خەباتی

سیاسیی ئەم ڕێکخراوە کوردستانییە بیرۆکەو ڕەوتی ئەدەبیاتێکی کوردستانیی گەڵاڵە کردووەو هەوڵیدا لە کۆڕی کرداریشدا جێبەجێیان بکات.

بێ لەمە بەشی زۆری ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستانیی لە جەرگەی خەباتی سیاسیو چەکداریی شۆڕشەکانی کوردستاندا نووسراون، ملکەچی هەلومەرجی سیاسیی ڕێکخراو و حزبەکان بوون لەناو جوگرافیای ئاڵۆزی شۆڕشو بەریەککەوتنە ئیقلیمییەکاندا.

بۆیە کۆششو ماندووبوونێکی زۆری دەوێت تا لەناو هەموو بەزو چەورەی واقیعی داسەپاودا دەماری کوردستانێتیو ترپەی دڵی ڕێبازی نەتەوەیی سەرتاسەریی بدۆزینەوە. بێگومان ئەمەش لۆمەکردنی حزبەکانی کۆڕی تێکۆشان نییە بەقەدەر ئەوەی نیشاندانی کێماسییەکە لە خەباتی دەستەبژێری ڕووناکبیریی کوردیدا، کە نەیانتوانیوە لە دەرەوەی حزبەکانو پابەندییە سیاسییەکانیان لە مەیدانی خەباتدا ئەدەبیاتێکی ڕۆشنو ڕەوانی کوردستانیی بەرهەم بهێنێت. ئەدەبیاتێك ئاسۆ و ڕەهەندەکانی بیری کوردستانێتیو ڕێبازی نەتەوەیی سەرتاسەری دیاری بکاتو بیخاتە خزمەتی کوردایەتی کردارەکییەوە، ڕەچەتەکانی مولزەم بێتو پێوەری ڕێکخەر بێت بۆ جوڵەی هەر حزبو ڕەوشێکی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان. جاران ئەوە زەحمەتو دژوار بوو، چونکە کوردستانێکی ڕزگار نەبوو ببێتە شوێن پێ بۆ دەستپێك. چەند ساڵێکە ئەم مەیلە بۆ تێکۆشانی ڕووناکبیریی دەستی پێکردووە. ئەم گۆڤارەی بەردەستتان، هەوڵێکی نوێباوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەدەبیاتێکی کوردستانیی سەرتاسەر و پێکەوە گرێدانەوەی خەمی نەتەوەیی لەهەر بەشێکی کوردستاندا.

گرنگە ئەم گۆڤارە ئەم بیرۆکە کوردستانییەی خۆی لە بواری تیۆریو بواری هەڵسەنگاندنی کرداریشدا پەرەپێبداتو فەزایەکی کراوە بۆ ڕێبازی کوردستانێتیو نرخاندنی ئەزموونی کوردایەتی لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا دابین بکات.

لەسەر زەمینی واقیع کوردستان کراوە بە چەندین، هیچ مەجبور نین لەسەر کاغەزیش وا بین. نەتەوەیەك لەسەر کاغەز کە هەموو پارچەکانی خۆی پێکەوە بنووسێنێت، دەرفەتە بۆ ئەوەی لەسەر زەمینش یەك ببێتەوە، وەك خواو سروشت خوڵقاندویانە، چونکە دەستی نەیارانی سروشتو جوگرافیاو مێژوو، سەڵاحەدینی موهتەدی وتەنی " لە چوار مێخەیان داوە".

گۆڤاری (کوردستان دیبلۆماتیك) بەوەی کە دەبێتە گۆڤاری سەرتاسەر ئەگەر ئەم بەڵێنەی بباتە سەر بەخۆی نەزانیوە نەخشی هێزێکی نەرم لە ئایندەی کوردستاندا دەگێڕێت.

(کوردستان دیبلۆماتیك) لەسەرێتی بزاوتێکی دیبلۆماتی نوێ لە ئەدەبیاتدا بێنێتە بوون، کە دیبلۆماسی شەرمن نەبێت، بەڵکو ڕەوانو ڕەواو ڕاست بێت.

***گۆڤاری کوردستان دیبلۆماتیك ژمارە ٢ کانوونی دووەمی ٢٠١٤**

**ئەم دەردە دڵە لەسەر کێشەکانی ئەدەبیاتی کوردایەتییە کە هەر پێنج بەشەکەی ((مەسەلەی توتنەکە)) لەسەر ئەو ڕێبازە دەنوسێ و دەدوێ. لەبەر ئەوە بە چاکم زانی وەکو پاشە بەندێکی ئەرشیفی لێرە دا بڵاوی بکەمەوە.**

# بیرۆکەیەکی کۆنەپەرستانە

دەمەوێ لە ئەزموونی ئۆلۆمپیادەوە بیرۆکەکەم وەربگرم، هەرچەندە زەمەنی ئێستا زەمەنی مۆندیالەو هەرچەندە لە کوردستانو بگرە لە جیهانی سێیەمی مانەندی کوردستانیش مۆندیالو تۆپی پێ ناوبانگو خۆشەویستیی زیاترە.

بیرۆکەکەم لەسەر جەدوای جۆرەکانی خەباتو هەڵسوڕانی سیاسییە. جاران لە نەریتی کورددا، چونکە نەریتی نەیارانمان وابوو، هەر خەباتی چەکداری پێشی خەباتی سیاسیی دەدایەوە. ئەو کەپتە سیاسییەی ڕێگەی لە خەباتی نارەزایی شەقامو خۆپیشاندانی جەماوەری گرتبوو، وایکرد خەباتی شەقام گرەوی ناوداری بباتەوەو زیاتر لە جۆرەکانی تری خەباتی پەرلەمانیو خەباتی هاوپەیمانێتی نێوان گروپو دەستە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکان، سەنگی هەبێت.

کوردستانێك کە لە دیموکراسی و مافی نارەزایی بێبەش بوو لە هەموو ئاستەکاندا قورسایی خۆی خستۆتە سەر ئەم جۆرە خەباتە، کەچی ئەگەر جەردێکی دەسکەوتەکان بکەین بۆ هەر توێژێك یان هەر گروپێك کە ئەم خەباتە دەکات وا دەبینین دەسکەوتەکانی کەمترن لە نرخی ئارەقی نێوچەوانی ماندووبوونو کەمترن لە قوڕگ نووسانی دروشمەکانی (با بژیو با بڕوخێ). ئێستا قسە لەسەر مافی ئازادی ئەم جۆرە خەباتە ناکەم، ئەوە مافێکی بێ ئەملاولایە. بەڵکو قسە لەسەر جەدواو دەسکەوتەکان دەکەم. بۆ ئەم بیرە (کۆنەپارێزە) ناچارم پەنا بۆ مامۆستا مەسعود محەمەد بەرم کە ئەویش زەمانی خۆی بە کۆنەپارێزی تۆمەتبار کراو دەرکەوت بەشێکی هەڵسەنگاندنەکانی عەقڵانیی بوو تا ئەوەی کۆنەپارێزی. مامۆستا لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات ئەوی بە گفتوگۆو سەردانی سیاسییەکان کردی بە کەڵکتر بوو لەوەی ئەوانی تر بەشێوەی تر کردیان.

مەرج نییە من خوێندکارێکی ژیری مامۆستا بم کە بە نموونە هێناومەتەوە، بۆیە شەرحم دەوێ تا بیرۆکەکەم بگەیەنم. ناچار دەگەڕێمەوە سەر نموونەی ئۆلۆمپیادەکە. یارییەکانی ئۆلۆمپیاد وەکو ئەوەی سیاسەت فرە ڕەنگو فرە دەنگە، بەڵام هەموویان لە ژێر دوو خەسڵەتی سەرەکیدا کۆدەبنەوە تاکەکەسیو گروپی.

وڵاتەکان هەموویان حەزیان لە هەموو یارییەکانە، بە تاکە کەسیو گرووپییەوە، ئەمریکای لێ دەرچێ هەموو دونیا حەزیان لە تۆپی پێیە، بەڵام حەز شتێکەو جەدوای یارییەکە بۆ بردنەوەی میدالو جامی یارییەکان شتێکی ترە.

ئەو وڵاتەی حەزی لە میدالی زۆرە مۆدیلێك لە سیاسەتی وەرزشی پەیڕەو دەکات کە برەو بە یارییە تاکە کەسییەکان دەدات. ئەمە ئەگەر خەرجی زۆریشی بوێت خەرجییەکەی لە چەند یارییەکدا بار دێنێت، دەرەنجام میدالی زۆرو خەرجی کەم دەبێتە ناونیشان بۆ وەبەرهێنانێکی عەقڵانی. ئەم ئەزموونە بەراورد بکەن بە سیاسەتی وەرزشی سعودیەو خەلیجو هەندێك وڵاتانی تری دونیای سێ کە لەگەڵ بیستو دوو یاریزانی شینە زەلام تیمێکی ئیداری گەورەو گران دەنێرن بۆ ئۆلۆمپیادو لەو سەرەوە میدالی تەنکەشیان بە نسیب نابێت. باشە یاریزانی زۆر بەخێو بکرێت، یاخود کەمو پوختو خاوەن دەسکەوتی میدالی زێڕین؟

وەرنەوە بۆ کوردستان لە وەرزی مۆندیالدا، ئایا بۆ بزاوتی سیاسیی دیموکراتیو لە هەمان کاتدا خاوەن جەدوای سیاسیو دەسکەوتی باش ناکرێ لەگەڵ دیموکراسی (نارەزایی) دا دیموکراسیی سیاسیی راڕەوەکانو لۆبیکردنو دیموکراسیی هاوپەیمانێتیو دۆستایەتیو کەینوبەینی سیاسیش بەکاربێت. میدالی زێڕینو سەرکەوتنی رەوا لەوێ دەستەبەرترە. حەتمەن زۆر بەکارهێنانی وەرزشی جەماعی کەرنەڤاڵێکی رەواو دیموکراتییە، بەڵام مەرج نییە هەمان دەسکەوتی وەرزشی دەستەبژێری هەبێت.

لە بیرتان بێت ئەم هەرێمی کوردستانە بەرهەمی دوو قۆناغە شەڕی رزگاری کوێت کە راپەڕینی بەدواوە بوو لەساڵی ١٩٩١ دا، شەڕی پرۆسەی رزگاری عیراق لەساڵی ٢٠٠٣ کە کوردستانی کردە هەرێمێکی دانپێدانراوی دەستووری.

جا لە هەردوو شەڕی بوشی باوكو بوشی کوڕدا، لە تەواوی ئەورووپاو ئەمریکا خۆپیشاندانی جەماوەری کرا بۆ نەکردنی شەڕو شەڕەکەش هەر کرا.

هەرێمەکەمان بەرهەمی گوێنەدانی سیاسەتی نێودەوڵەتییە بە مافی رەوای نارەزایی، رەنگە لەبەر ئەمە دەسکەوتی ئەو جۆرە خەباتە کەمترە لە دەسکەوتی خەباتی کەینوبەینی سیاسی.

*رۆژنامەی ژیان، رۆژی: ٢٠١٨/٧/١

# کوردستانی قابیل-ی بەدیهاتن
# بۆ یادی کاك قابیل قادر محەمەد

بۆنەی دانیشتنەکە، رۆژەکەی و گروپەکەشم لە خەیاڵ نییە کە لەگەڵیان بووم. کۆمەڵێك کەرکوکی لە رێکخستنە حزبییەکان بوون، لە دەستەی پێشمەرگەکانی راپەڕینیساڵی ١٩٩١ بوون. ئەمانە دەوری یەکتریان دابوو لەسەر موفاوەزاتەکەی بەرەی کوردستانیو حکومەتی بەعس لەکۆتایی ئەوساڵە قسەیان دەکرد. لەباخچەی فراوانی ناو رانیە دانیشتبوون. منیش میوانی ئەو برادەرانە بووم. هەموویان زگورتی بووین .منیش ماڵو حاڵ وێران،.لە کەرکوك نیم و لە کۆڕەوی کوردان گەرابوومەوە. ئاخر منیش ئیتر کوردی هاوچارەنوس بووم و راکردووی دەستی ئەبو عەددای بووم. دایك و کەسوکار لە سەردەشت بوون و هاتبووم پرسیار لە چارەنووسی ماڵی تاڵانکراومان لە شۆریجە وکتێبخانەکەی خۆمو هەروەها دەوامی زانکۆش بکەم کە لە هەولێر ، لەزانکۆی سەلاحەدین، بوو.

یانی خۆم وا لە رانیە بووم، خەیاڵم لای سەردەشت، جێی ئۆردوگای ئاواریم ، هەولێر کە مەڵبەندی زانکۆی سەلاحەدین و کەرکوك، نیشتەنی لاوێتیم، بوو. لە هەر جێیەك پێیەکی خەم و خولیام بزماری داکوتابوو. برادەرەکم، کە میوانی مەجلیسی ئەو بووم، گوتی ئەوە کاك قابیلە، بیناسە. جەلالی —مارکسی-یە وەك ئەوەی کە خۆت حەزت لێیە. لەگەڵ قابیل لە مەجلیسەکە جیا بووینەوە. راستتر جیایکردمەوە و وەك مەلایەکی دانای خاوەن پەیامی رۆشن زەفەری پێبردم. وەك بڵێی سەیری ئاوێنە بکات، وەك سەدای خۆی ببیستێت، نەخێر وەك ئەوەی چاوی داخستبێتو ڤیدیۆیەك تۆمار بکات کە وێنەگرێکیش لەکایەدا نەبێت، قابیل ئاوا قسەی کرد.وەك لە مژدەبەرانی دەگێرنەوە.

ڕاستێکەی یەکەمجارە ببینم و ببیستم لەفزی شیرین ونەرمی دەنگ بۆ شەرحی سیاسەتو ئیستعمارو کوردستان بەکار دێت. ئەوی قابیل وتی، نەیوتەوە. من رۆژەکەی حوزەیرانی ١٩٩١ م لەیاد نییە. بەس تیشکی رۆژەکەی قابیل دای لەچاوم، دڵی سمیمو کەمەندکێشی کردم. ووتی:

کوردستان وڵاتی خۆمانە. چوار پارچەیە و پێنجەمی وا لای سۆڤێتەکانەوە و دەشماندەوێتەوە.

کوردستان داگیرو دابەشکراوە، پلەی پاشکۆیەتی هەیە کە پیسترین پلەی داگیرکردنە لە دونیادا

خەباتی گەلی کورد بۆ دەرکردنی داگیرکەران ڕەوایەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی دوور مەودای سۆشیالیست و یەکگرتنەوەی هەر چوار پارچە،خەونێکی شایانی خۆمانە.هەقمانە و ئەم هەقە هەر دەبەینەوە.

قابیل وەك حیکایەتخوانێك کە شانامە بخوێنێتەوە و لەدەنگییو لەرەنگیی سیمای سوارچاکانو شەڕی ئیمراتۆریا و دەنگی ئەسپەکانیانو شمشێرەکانیان ببیستیَ. ئاوا بیَ وچان کوردستانی کردە کێومالَی بەردەممانو نەخشەکەی لەسەر مێزی ئەندێشە دانا. قابیل لەوێدا بانگخوازێکی ڕەوانی نەتەوەیی ڕۆژهەلاَتی سەرەتای سەدەی بیست بوو.یەکەمجارە ببیستموببینم نەخشونیگاری کوردستان ئاوا لەبەردەستماندا بێت. سەیری بکەین و پێکەوەی گریَ بدەین، داگیرکەرانی کوردستان لیَ دەر بکەین.

من لەو ڕۆژە قابیلییەدا ئەدگاری ئەو دیمەنەم دی کە ئیتر هەر نەمدییەوە. لە هیچ ڕاپەڕین و ڕابوونو نەبەردییەکی سەربازیدا کە ولاَت ئاوا خۆمالَیوخۆمانی ببێتەوە ئەم ئەدگارەم نەدیووە و لەسەرم نەخوێندەوە. ئاوارەی ڕانیەو سەرگەردانی سەردەشتو کەرکوکو هەولێر بەخەیالَ فریووە کە دونیا شامیشەریفە و وا ئێستا کوردستانەکانی لای خۆیەتی.

قابیل قابلیەتێکی بیَ وێنەی هەبوو لە شەرحو شرۆڤەدا. مەلا بوایە یەکبینە دینی دەگەشانەوەو شاعیر بوایە دیوانی غەزەلی چاپ و پەخش دەبوو. مەلای کادیر و کادیری مەلا بوو لەوانەی هەموو شۆرشێکی نەتەوەیی پێویستی پێی بوو و هەموو بانگەوازێکی حاجی قادرانەگەرەکی بوو . قابیل پرسیاری نەدەویست تا قسە بکات و سەیلی ڕازی پەنهانی برژێتە سەر جوگەڵەی باخجەی نێوان . بەس من جوابم دەوێت تا تینوێتیم بشکیَ. کوردستانی قابیل کوردستانی چەپو دیموکراتو یەکگرتوو و سۆشیالیست بوو. یەکپارچە و یەك خاكو یەك خەڵك بوو. کوردستانی قابیل هیچی نەدەویست کە بەدی بێت، هەر خەباتی دەویست ئاسانترینو زەحمەتترین جۆرەکانی کۆششو بەرپەرچدانەوە. خەباتی سەهلی مومتەنیع. ئێمە گەراینەوە کوردستانی رزگار ، ڕێککەوت وابوو کاك قابیل کادیرەکەی کۆمەڵە و یەکێتی وەك فەسلَکراوێکی زانکۆش هاتە کۆلیژەکەی ئێمە: کارگێری و ئابووری. یەکتریمان نسیووە. دەمدی و دەیبینیم ، سلاَو ورێز و حورمەت هەر لە نێواندا هەبوو. بەس وا تێدەگەم ئەو هەر دانیشتنی کۆنینی لە یاد نەبوو. من لە یادم بوو، خوێنکارەکە لە یادی بوو.

دوای (١٧) سالَ کە چوومە پرسەکەی قابیل ئەو گفتوگۆیەم کەفتە بیر. سالێکی ویست تا هاتە سەر کاغەز تا ئەم ئیعترافە لەسەر مامۆستاکەم، قابیل، بنووسم.

*هەفتەنامەی (هەواڵ) لە کەرکوك، ڕۆژی: ٢٠١٨/٩/١٠

# کار بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی ئیتیحادی دەکات

لەناو دەستووری عیراقدا کە گرێبەستی سیاسیی نێوان عیراقییەکانە، پتر لە پەنجا بڕگەو ماددە هەیە بۆ ڕێکخستنو پیادەکردنی نووسراون "ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت"، لەناو ئەو ماددانەدا هەندێکیان یاسای بۆ دەرچووەو زۆری تریش ماون کە ئەنجومەنی نوێنەران یاسای بۆ دەرنەکردوون. لەوانەش یاسای تایبەت بە ئەنجومەنی ئیتحادییە، کە وەکو ژووری دووەمی پەرلەمان وایە، هەم دیموکراسییەکەی وڵات پتەودەکاتو هەمیش ڕەگی دیموکراسیی تەوافوقیو شەراکەتی حەقیقی دادەکوتێو بۆ ئیجتیهادی فەزای سیاسیو ململانێی کاتیی نێوان پێکهاتەکانی عیراق جێیناهێڵێت.

لە مادەی ٤٨ی دەستووری هەمیشەیی عیراقدا هاتووە: "دەسەڵاتی یاسادانان لە هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و فیدراڵی پێکدێت".

هاوکات لە مادەی (٦٥)دا کە باس لە پێکهاتەی ئەنجومەنی فیدراڵی دەکات هاتووە: "ئەنجومەنێکی یاسادانان بەناوی (ئەنجومەنی فیدراڵی) پێکدەهێنرێت کە ئەنداماکانی بریتییە لە نوێنەری هەرێمەکانو پارێزگا ڕێکنەخراوەکانی ناو هەرێمەکان، شێوەی پێکهێنانو مەرجی بەئەندامبوونو پسپۆڕییەکانو هەموو کاروبارەکانیشی، بەیاسایەك لە ئەنجومەنی نوێنەران پەسەند دەکرێت، بەو مەرجەی دەنگی زۆرینەی سێیەکی پەرلەمانتاران بەدەستبهێنێت".

لیستی ١٦٢ کە لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، کار بۆ دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە ئیتحادییە دەکات.

لە بەرنامەی لیستی ١٦٢دا بۆ ئەم هەڵبژاردنە بە دەق هاتووە: (کۆمەڵێك یاسای دامەزراوەی فیدراڵی هەیە، کە تا ئەمڕۆ نەدەرچوون و نەکاریشیان پێکراوە وەك ئەنجومەنی فیدراڵی (ژووری دووەمی پەرلەمان)، کە هاوسەنگی نێوان زۆرینە و کەمینە دیاری دەکات. ئەمەش بەڕای ئێمە باشترین چارەسەرە).

بایەخی ئەم ئەنجومەنە لەوەدایە کە لێناگەڕێت پەرلەمانی ئێستای عیراق بەناوی زۆرینەی دیموکراتیو زۆرینەی پەرلەمانییەوە ئەو یاساو بڕیارانە تێپەڕێنێت، کە لە قازانجی پێکهاتەیەك، یان دووانەو پێکهاتەیەکی تری وڵات زەرەریان لێ دەکات. ژووری دووەمی

پەرلەمان پێداچوونەوە بەبڕیارو یاساکانی ژووری یەکەمدا دەکاتو لێناگەڕێ زۆرینەی تایفی یان قەومیو شۆڤێنی، شتی وا بەسەر پێکهاتەی کورد بسەپێنێ، کە زیان بەبەرژەوەندیی نەتەوەییو نیشتمانیی کوردستان دەگەیەنێت.

ئەو فلتەرە وادەکات فراکسیۆنەکانی پەرلەمان هیچ نەبێ لە شتە جەوهەرییەکانی وڵاتدا بگەڕێتەوە بۆ پرەنسیپی تەوافوقو سازان، تا بڕیاری زۆرینە ئەگەر دراش تێنەپەڕێو نەسەپێندرێت. واتە ئەگەر کۆنگریسی عیراق (ئەنجومەنی نوێنەران) یاساو ڕێسا دەربکات، ئەوا سینات (ئەنجومەنی ئیتحادی) کە دەنگی پارێزگاکانو هەرێمەکانی وڵات هاوسەنگ دەکات، دەتوانێت دەستکاری تێدا بکات.

ئەم بڕگەیە لە دەستووری وڵات کە تیمی کورد بەتایبەتیش سەرۆك مام جەلال وەك پارێزەرێکی مافەکانی کوردستان لەدەستوور چەسپاندوویەتی، حسێبی مەیلی تایفیو نەتەوەیی زۆرینەی کردووە، کە ڕۆژێك دەخوازێ پاشەکشە بکاتو هەوڵی ئیحتیواکردنی کورد بدات. ئەگەر ئەنجومەنی ئیتحادی وەك لە دەستووردا هاتووە دابمەزرایە، زۆرینەی شۆڤێنیو باڵی تایفەگەریی بەهێزی ناو پەرلەمانی عیراق نەیدەتوانی لە کەیسی بودجەو ماددەی ١٤٠و ماجەرای ریفراندۆمدا هێرش بکاتەسەر کوردو کوردستانو ئابلۆقەی هەمەلایەنەی بەسەردا بسەپێنێت.

لیستی حزبەکەی سەرۆك مام جەلال، کە حزبی دابینکردنی تەوافوقو شەراکەتی راستەقینەو فلتەری دژە شۆڤێنییە، لەخولی چوار ساڵی داهاتوودا کار بۆ تەشریعکردنی یاسای ئەنجومەنی ئیتحادی دەکات. نوێنەرایەتیی یەکێتی لە پەرلەمانی عیراق ئەو بنەمایە بەپێی دەستوور جێبەجێ دەکەن.

دەنگدان بە (١٦٢) دەنگدانە بە ئەولەویەتی کوردستان لە پێکهاتنی ئەنجومەنی ئیتحادیدا.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٨/٤/١٦

# دەستوور و تەوافوق و بەهێزکردنەوەی کوردستانە

کاروانی لیستی ١٦٢، لیستی تاق و تەنیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەمڕۆوە بەرەو بەغدای پایتەخت بەڕێدەکەوێت و بەگوێرەی خشتەی ناساندنی کاندیدەکانی یەکێتی لەسەرتاسەری کوردستاندا هەڵمەتی دیموکراتی و نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان دەست پێدەکەن.

کاروانی لیستی ١٦٢ هەر کاروانەکەی سەرۆك مام جەلال و شۆڕشی نوێی گەلەکەمانە کە ستراتیژی قۆناغی دابینکردنی مافی چارەنووسە لە چوارچێوەی عیراقی دیموکرات و فیدرالدا بەوجۆرەی لە دەستووری تازەی عیراقدا جێگیرکراوە.

ئەمە وێستگەیەکی دیکەی خەباتی سیاسی یەکێتییە لەڕێی خزمەتی کوردو کوردستان کە وێستگەیەکی هەستیاری ژیانی سیاسیی عیراق و کوردستانیشە. وێستگەی مشتومالکردنی توانا و وزەی سیاسی و پتەوکردنی ریزەکانی کوردایەتییە، تا بتوانێت لە چوار ساڵی داهاتوودا بە تیمێکی بەهێزو بە ورە، بەژیری و پێداگر لەسەر دیموکراسی و دەستوورو پرەنسیپە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، داکۆکی لە ئیستحقاقە نەتەوەییەکانی کورد بەپێی بنەماکانی تەوافوق و شەراکەتی راستەقینەو جێبەجێکردنی رۆح و دەقی دەستوور، بکات.

ئەم وێستگەیە بۆ بەهێزکردنەوەی کوردستانە لەناو دیمەنی سیاسیی عیراق و تێپەڕاندنی دژوارییەکانی ساڵی رابردووە، کە هەوڵی هەمەلایەنە بۆ ئیحتیواکردنی سیاسەتی کوردستانی و پاشەکشەپێکردنی دیموکراسی و شەراکەت و تەوافوق لە ئارادا بوو.

تیمی بەهێزی یەکێتی بۆ بەغدا، تیمی بەهێزی کوردستانی لەناو پەرلەمانی داهاتووی عیراقدا هەمان ستراتیژی نەتەوەیی یەکێتی بە نەفەسێکی نوێ جێبەجێی دەکات و هەمان ویست و داخوازیی کوردایەتیی هاوچەرخ هەڵدەگرێ، بەرەچاوکردنی هەلومەرجی تازەو بەدیاریکردنی ئەولەویەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان و بەگەڕخستنی ئەنجومەنی ئیتحادی و دادگای دەستووری و یاسای نەوت و غازو هەموو ئەو ئیستحقاقاتانەی لەدەستووردا هاتووەو تائێستا جێبەجێ نەکراون.

کاروانی ١٦٢ هەر لەمڕۆوە بەڕێکەوتووەو لە ململانێی دیموکراسی و شارستانیدا کار بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەری کوردستان و ڕەوتی دیموکراسیی عیراق دەکات، تا وڵات بگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی دەستووری و دیموکراسیی خۆی و ڕێگە لەپاشەکشەپێکردنی گرێبەستی سیاسی (دەستوور)ی دوای قۆناغی خستنی بتی دیکتاتۆری و تایفەگەری و شۆڤێنیو بەعەرەبکردن، بگرێت.

کاروانی ١٦٢ کاروانی ئاوەدانی و ئازادیی یەکێتییە بە ئومێدی ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی سیاسی لە کوردستان و عیراق بەکەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی پێشوو و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان کە هیچ کاروانێکی گەورە بێ کەموکوڕی نابێت و گرنگ ڕاستکردنەوە و نیەتی خزمەت و خەباتی نوێیە.

کاروانی ١٦٢، کاروانی پێدانەوەی چانسێکی نوێیە بە کوردستانییانو بەعیراقییەکانیش تا دوور لە پاوانکردنی خیتابی شۆڤێنی و تایفەگەری، وڵاتێکی دەستووری دروستبکرێت، کە ڕێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان و ڕێز لە بنەما هاوبەشەکانی فرە نەتەوەییو فرەیی وڵات بگرێت.

بۆ ئەو مەبەستە لیستی ١٦٢ بەتینوتاوی ڕێبازی سەرۆك مام جەلال-ەوە لەکایەدایەو بەرەو بەهێزکردنەوەی کوردستان هەنگاو دەنێت.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٨/٤/١٥

# مورافەعەی کەرکوك ئامادەیە

لیستی١٦٢ تیمێکی بەهێزی بۆ ململانێی دیموکراسی و سیاسی لە پەرلەمانی عیراق و دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەتدا، ئامادەکردووە. کاندیدەکانی ئەو لیستە دیاریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن بۆ پرۆسەی دیموکراسی لە وڵات و جەنگاوەری ئازای خەڵکی کوردستانیشن بۆ بەرەنگاریی هەر هێز و لایەنێکی شۆڤێنی و تایفەگەر لە عیراقدا کە وێستگەی نەخوازراوی ساڵی رابردوو، دوای لێکەوتەکانی ریفراندۆم و ئۆکتۆبەری نەخوازراوی کەرکوك، بە مانای کۆتاییهاتنی دۆسێی گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر کوردستان و چارەسەری کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، لێك دەدەنەوە.

لیستی ١٦٢ پاڵپشت بە متمانەی جەماوەری کوردستان، پاڵپشت بە مێژووی تێکۆشانی سیاسیی یەکێتی و پاڵپشت بە کەلتووری مورافەعەی سەرۆك مام جەلال لەسەر کەرکوك لەناو جەرگەی بەغدا و پاڵپشت بە سیاسەتی ژیرانەی پرۆژەی دیاریکردنی سنووری پارێزگاکان، لە خولی یەکەمی دانیشتنەکانی پەرلەمانی داهاتوودا، نەبەردیی یاسایی و سیاسی لەسەر چارەنووسی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان بەپێی ئیستحقاقاتی مادەی ١٤٠ دەستپێدەکات و بڕگە بە بڕگە لەسەریان دێتە جواب.

لیستی ١٦٢ بۆیە گرنگە بۆ کوردستان، بۆیە گرنگە بۆ کەرکوك، چونکە لەم خولەدا گەرەکێتی چارەنووسی سیاسیی کەرکوك یەکلایی بکاتەوە، ئەگەر عیراقییەکان مەبەستیانە عیراقی فیدرالی و دەستووری، عیراقی ئیدعا و ریکلامی بازرگانی ئەوتۆ نەبێت لە ژێر ناونیشانەکەیدا بە جۆرێکی تر، تەعریب و تەرحیل درێژە پێبدات. دەبێ دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو شەڕە دیموکراسییەی یەکێتیدا نەرم بکەن.

لیستی ١٦٢ میراتی سیاسەتی ژیر، ئەمما شێلگیر، سیاسەتی سەبر، ئەمما سەبری ئینقلابی، کە سەرۆك مام جەلال بناغەکەی داڕشتووە و ناوی لێناوە (سیاسەتی نە لەباری ببەین و نە مرداری بکەینەوە)، میراتی ئەو سیاسەتە دەخاتەوە گەڕ و هەر دانیشتنێکی پەرلەمانی داهاتوو دەکاتە مورافەعەی نەخشە و بەڵگە و پێسەلماندن تا سەرەنجام تەفسیری دەستووریی لەگەڵ راستی مێژوویی جووت دەبنەوە و کوردستان، بە کاملی کوردستانەوە،

نەك بە نیوەی، دەبێتە بەشێك لە عیراقی بەڕاستی فیدرالی و بەڕاستی دیموكراتی، ئەوسا كەركوك بەڕاستی دەبێتە شاری پێكەوەژیان، نەك شاری تەرحیل و تەعریب.
لیستی **١٦٢** بۆ ئەم نەبەردییە، پاڵپشتیی خەڵكی كوردستانی دەوێت.
بە كەمپین و جۆشدان و دەنگدانتان، بۆ نەبەردیی كەركوك ئامادەبن.

***كوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٤/١٧**

# بەرەو هەڵبژاردن، بەهێزبوونی کوردستان لە عیراقدا

باشترین ستراتیژێك کە کەمپینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەڵبژاردنی داهاتوو لەسەری بڕوا، ستراتیژێکی هەڵقوڵاوی دابونەریتی سیاسیی یەکێتی خۆیەتی کە بۆتە بەشێك لە دروشمو وتەزاکانی یەکێتی.

یەکێتی لە ئەدەبیاتی خۆیدا دەڵێ: شەڕمان شەڕو ئاشتیمان ئاشتییە. سروودی مەشخەڵانی یەکێتی وایە:

لە ئاشتییا کۆتری سپیو شنەی باین

لە شەڕیشدا پڵنگینو رەشەباین.

بێگومان هەڵبژاردن (شەڕە) بەڵام شەڕێکی سیاسییەپڵنگو رەشەباش وەسفێکی سیاسییە. شەڕێکی دیموکراسییە کە بەکەرەستەو ئامرازی مەدەنی دەکرێت. هیمەتی پێشمەرگانەی دەوێت بەمانا سیاسییەکەی، نەك سەربازییەکەی. ماناکەیو کەرەستەکانو زمانەکەشی جیاوازە، بۆ گەشەی دیموکراسیو پەرەپێدانی خیتابی سیاسیی تازەیە. لەلایەکی دیکەشەوە رکابەرەکانی یەکێتی رکابەری سیاسین. بێگومان لە هەڵبژاردنی تایبەت بە عیراقدا ستراتیژی هاوبەشیش هەیە کە لە خوار ئەم ستراتیژە کوردستانییە هاوبەشەوە، یەکێتی ململانێکارو رکابەرێکی چالاكو ئازاو ئازاد، دەبێت شەرحی روانینەکانی خۆیو دەستکەوتەکانی خۆی بۆ کوردو کوردستان دەکات، رێگا لە کەس ناگرێ کە هەڵمەتی خۆی بکاتو رێگاش بە کەس نادات سنووری هەڵمەتێکی مۆدێرنو مەدەنیانە ببەزێنێ. بوختان ناکاتو بوختان لە کەس قبوڵ ناکات. رەنگە ئەم ستراتیژە بۆ کەمپینی هەڵبژاردن نەك هەر بۆ یەکێتیش، بۆ هەموو لایەنەکانی تریش دەست بدات.

بەرەو هەڵمەتێکی چالاك، بەڵام هێمن، گەرمو گوڕ، بەڵام بێ قیژە قیژ. بەرەو سەرکەوتنی کوردستان لە عیراقدا.

بەرەو بەدەستهێنانی زۆرترین دەستکەوت بۆ یەکێتیو بۆ نیشتمانی کوردستان.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٤/١٤

# "بەدەستهێنانەوەی ئایندەمان"

**(بەدەستهێنانەوەی ئایندەمان) دروشمی لیستی ١٦٢ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا، کە رۆژی ٢٠١٨/٥/١٢، لە سەرتاسەری وڵات، بە کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانییەوە ئەنجام دەدرێت.**

**١**

بەدەستهێنانەوەی ئایندەمان، مانایە بۆ رابردوویەکی پڕ کار و خەبات و دەستکەوت، مانایە بۆ واقیعی ئەمڕۆی ئەرکەکانی تێکۆشان کە روومان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانییە، بۆ ئایندەیەك کە ئیرادەی یەکێتییەکان لە چوار ساڵی داهاتوودا، بەرجەستە دەکات، واتا ئەم دروشمە گوزارشتە لە هەمان یەکێتی: دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەی.

لە رەوتی تێکۆشانی چەندین دەیەی کوردایەتیی پێشکەوتنخواز کە یەکێتی و شۆڕشی نوێ بەرجەستەیان کردووە. نەبەردی و سەرکەوتنی زۆر هەیە. هەروەها خەباتەکەمان تووشی نووچدانیش بووە، بەڵام چونکە ستراتیژ و ئیرادەی یەکێتی لەسەر دینگەی پتەوی (نەسرەوتن تا سەرکەوتن) بینا کراوە، هەموو جارێك یەکێتی رابۆتەوە و لەگەڵ ئەمیشدا کوردستان و کوردەواری کە ئەسڵی ئامانج و رەنجەکەی یەکێتی-ن، رابوونەتەوە و کاروانەکە بەردەوام بووە. لە شەوەزەنگی تاریکیدا کە بەغدای شۆڤێنی، وای زانی (دارخورمای تەعریب دەگاتە دوا سنووری کوردستان، کەچی رابەرایەتی شۆڕشی نوێ دارخورماش لەسەریان بڕوێ، شۆڕشیان پێ ناکرێت)، بەڵام یەکێتی بڵێسەی شۆڕشێکی نوێی داگیرساند، لە نووچدانی هەکاری و پیلانی هەمەجۆر، لە ئەنفال و کیمیاباران و سەردەمی پارتیزانی دوای ئەنفالیش کە هەموو دنیا، دۆستی بەغدای ئەوکات بوو، گەلەکەمان کۆڵی نەدا و بە رابەرایەتی یەکێتی و لەگەڵ یەکێتیدا راپەڕینی کرد. لە دوای راپەڕین و هەموو وێستگەکانی پەلاماردانی یەکێتی و گەمارۆدانی رەوتی کوردایەتیی پێشکەوتنخواز، گەمارۆدانی کوردستان و ئابڵوقەی چەند سەرەی ئابووری لەسەرمان، کاروانی خەبات تا رووخانی رژێمی

دیکتاتۆری و دامەزراندنی عیراقێکی نوێی دەستووری. رانەوەستا.

لە بەرەنگاریی تیرۆری قاعیدە و شەپۆلی تیرۆری داعشیشدا، گەلی کوردستان لە جەنگی دژی تیرۆر، بە هیممەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەتایبەتی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارێزراو و سەرفراز بوون و وزەی یەکێتی هەمیشە بەشی یارمەتیدانی بەشەکانی تریشی پێوە بووە. لە مقاوەمەتی کۆبانێ-دا، لە رەوتی درێژی خەباتی سیاسی و دیموکراسیی یەکێتیشدا، لە دەستپێشخەریی دیموکراسی و فرەیی و گەشەپێدانی هەمەلایەنەدا، هەمیشە زۆنی نفوزی یەکێتی، باسکی بەهێزی گەلی کوردستان بووە لە هەموو کایەکاندا. ئەم راستیانە بۆ خەڵکی هۆشیاری کوردستان لەبەرچاون، بەجۆرێ پاشەکشێ، یان لادانی کاتی، یان هەڵە لەم، یان لەو وێستگەیەی خەباتدا، کە بێگومان هەڵە و کەموکورِی روویانداوە. بەری چاوی تیژی خەڵك لێڵ ناكات و هەمووان دەزانن ئەوی کار و خەبات دەکات، هیممەت دەنوێنێ و هەڵەش دەکات و هەڵەش راست دەکاتەوە.

## ٢

کۆششی هەڵمەت، دەستکەوت دەهێنێ و ئیجتیهادی هەڵە و کەمتەرخەمیش هەڵوێستە و رەخنە و پێداچوونەوەی دەوێت.

لە دوای ریفراندۆم و لێکەوتەکانی و رووداوەکانی ئۆکتۆبەریش، بێگومان کوردستان و ئەزموونەکەی پاشەکشێیان کردووە و ئەم پاشەکشێیەش نرخی خۆی هەبوو. ئەوی یەکێتی جیادەکاتەوە ئەوەیە، هەڵەکانی دەبینێ و دەشبێ بیانبینێ و بە متمانە و ئیرادە و دەنگی خەڵکی کوردستان، راستیان دەکاتەوە.

یەکێتی هێزی هەڵقوڵاوی ناو جەماوەری کوردستانە و وزە و توانای خۆماڵی و خۆرِسکە و دەرمانی وزەبەخشی بێگانەی نییە، بەڵکو هەمیشە وەکو مامی گەورەمان لە لووتکەی سەرکەوتنیشدا دەیـوت؛ پشتمان بەستووە (بە خوای خۆمان، خەڵکی خۆمان و خودی خۆمان).

## ٣

یەکێتی لەم وێستگە تازەیەی تێکۆشانیدا، لە وێستگەی ئەم هەڵبژاردنە کە لە بنچینەدا بۆ ئاستی عیراق و بۆ ئیستحقاقە نەتەوەییەکەمانە، زیاتر لەوەی بۆ ناوخۆی کوردستان بێت. پشتبەستوو بە راست و رەوایی مەسەلەی کورد و کوردستان، پشتبەستوو بە تین و تاوی کۆمەڵانی خەڵك و دەنگی دلێریان لە رۆژی ٢٠١٨/٥/١٢، پشتبەستوو بە خودی خۆمان لە وێستگەی چوار ساڵی داهاتووی تێکۆشانی پەرلەمانی و سیاسیدا. کار بۆ ئەوە دەکات بە

وزەی دوێنێ و واقیعی هیممەتی ئەمڕۆ، ئایندەمان بەدەست بهێنێتەوە. هەیبەتی بڕیاردان بگەڕێنێتەوە بۆ کوردستانێکی بەهێز، شەراکەت بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، دەسەڵاتی هاوبەش بە هەموو جومگە ئابووری و سیاسی و یاساییەکانەوە، بەدەست بهێنێتەوە.

## ٤

یەکێتی؛ کار و خەبات دەکات، ئەوی کاریش دەکات لەو ڕەوتەدا نووچی کاتیی دەدات، بەڵام هەستانەوە و رابوونەوەی بەتینتری، ستراتیژە بەردەوامەکەیە. سەرکەوتنەوەی کوردستان دیمەنە سەرەکییەکەی تابلۆی تێکۆشانی یەکێتییە.

دواجار لیستی **١٦٢**، لیستی سەرۆك مام جەلال و تێکۆشەرانی ڕێگای رزگاریی کوردستان سەردەکەوێت، چونکە ئیرادەی ئایندەی هەیە، چونکە خۆکردییە، خۆ کوردییە.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/٤/١٨**

## فەسڵی شەشەم

# ٢-پاشبەندی هەڵبژاردە

گوڵبژێرێک لە نوسینەکانی ساڵی ٢٠١٦ کەپەیوەستی
هەلومەرجی ریفراندۆمی کوردستان و دۆخی ئەو کاتەی عیراقن

# هەرێمی هەڵەیە؟!

"دەوڵەتێکی کوردی لەئەفریقاش بێت، ئێمە دژی دەبین"، ئەمە گوتەزایەکی تورکییە کە لە نێو لێکۆڵینەوەکانی لە سەر مەسەلەی کورد لە تورکیا دەکرێن، زۆرجار دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەمە گوتەزایەك بوو بۆ تورکیای کەمالیستی کە پارتی دادو گەشەپێدان لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە بەڵێنی دابوو بەرەنگاریی زۆر وتەزای کەمالیستی ببێتەوە. نها سیاسەتی دادوگەشەپێدان وایە کە هەرێمێکی کوردیش قبوڵ ناکەن، نەك هەر دەوڵەت، بەتایبەتی ئەگەر هەرێمی کوردی ئەوە بێت کە ئێستا دراوسێی تورکیایەو پەیەدە دروستی کردووە.

سیاسەتی تورکیای ئەردۆگانی بۆ نیشاندانی مەترسی کانتۆنەکانی رۆژئاوا لە سەر تورکیا زوو زوو روونکردنەوە دەدات. (ناخوازین هەرێمێکی تر وەکو ئەوەی لە عیراقدا دروستبووە، لە سوریا دروست بێت)، ئەمە مانای چییە؟، مانای وایە تورکیا ئەم هەرێمی کوردستانەی باشووریشی بەدڵ نییە کە گرێبەستی نەوتی لە گەڵ هەیەو زوو زوو وەك دۆستێکی خۆی دەیناسێنێ.

سیاسەتی رەسمیی تورکیا وا شرۆڤەی ئەم هەرێمەی ئێمە دەکات کە لە غافڵگیریی ئەوان، یان راستتر لە غافڵگیریی سیاسەتی تورکیای پێش دادو گەشەپێدان، دروست بووە. کێ پێش دادو گەشەپێدان حوکمی دەکرد؟، ئیئتیلافە لەسەریەك گۆڕاوەکانی یەڵمازو چیلەرو ئەربەکان، یانی تێکەڵەیەك لە رەوتی عەلمانیو ئیسلامیی ئەربەکانی لە سایەی سوپادا. واتا ئاکپارتی دەیەوێ بڵێ هەرێمی کوردستان هەڵەیەکە پێش من کراوە، ئەگەرچی ئێستا خێرێکە ئەو لە بەرەکەی دەخوات.

ئایا ئەم دەربڕینە ئاکپارتییە دڵنیاکەرەوەیە بۆ کورد، بۆ کورد لە هەرێمی کوردستانو لە هەر شوێنێك کوردی لێیە؟

لە کانتۆنەکانی رۆژئاڤا گەڕێین کە کوردی رۆژئاڤا خۆیان خاوەندارێتی لێ دەکەن، لە خۆمان، لە هەرێمی کوردستان بپرسینەوە ئایا ئەم دیدەی ئاکپارتی بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان چیمان پێدەڵێت؟، دڵنیایی دەداتە ئێمە کە ئاکپارتی لە بیری دۆستایەتیدایە؟.

* **کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٦/٣/٣**

# کیمیای شەراکەت

پێرێ یەکێتیو پارتی کۆبوونەوە تا تەئکید لەسەر چەمکی شەراکەت لە حوکمڕانی عیراقی فیدرالدا بکەنەوە.

ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوە دەڵێ لەگەلێك جومگەدا ئەو شەراکەتە پێشێلکراوە. کۆبوونەوە لەگەڵ حزبەکانی تریش هەر بەو ئاراستەیەو بۆ ئەوەشە وەفد بچێتە بەغدا تا ئەم لاسەنگییە لەشەراکەتو ئەم پێشێلە ڕاست بکرێتەوە.

باشە تەرازوی ئەم شەراکەتە لاسەنگە لای کێیە؟ بچینە سەر کام وەیس تا بزانین خەتای کێیە؟.

وەیسی ڕاستەقینە دەبێ دەستوور و زیاتر لەپەنجا یاساکەی تر بێت کە لەناو دەستووردا وا ناوی هاتووە (ئەوەش بەیاسا ڕێکدەخرێ)، لەوێستگە گرنگەکانی ئەم دەستوورەش: دادگای فیدرالی، ئەنجومەنی فیدرالی، یاسای نەوتو گاز و ئەحکامە ئینتیقالییەکانی وەکو مادەی (١٤٠)ە . ئەم ناونیشانانە نەبێت عەرەبیەکەی کورد چەند باش بێت، ناونیشانی شەراکەتی پێ نادۆزرێتەوە. وە ئەگەر نا وەیسی دەستوور لەمەرجەعەوە دەبێتە مەزاری مردووان.

شەراکەت وا لەدەستووری پێشێلکراودا، دەستووریش هێز دەتوانێ کارای بکاتەوە، بەغدا بەم دۆخە شڵەژاوە ناتوانێ، یان ناخوازێ، هێزی کاراکردنی دەستوور بداتە بەر خۆی و هەر زوڵملێکراوانی وەکو کورد "کە دەستوور مافیانی دابینکردووە" دەتوانن تینی وەبەردا بخەن، ئەگەر تینی تێدا مابێ.

نهێنییەکە لای عەبادی و لای مالکی و لای سەدریش نییە، ڕەنگە هەریەك لەوان ژمارەو ناوێکی نهێنی کردنەوەیان لابێت، بەڵام ئەسڵ سندوقە ڕەشەکەی دەستوورە کە کۆدەکەی بزرکراوە.

ڕاستییەکەی چەسپاندنی دەستوور و زیندوو ڕاگرتنی شەراکەت لە بەغدا، بە کوردستانێکی بەهێز دەکرێت، کوردستانی بەهێز ئەوەیە پشتی قایم بێت لەناوخۆیدا، شەراکەتو سەداقەتو ڕەفاقەتی لەحوکمڕانیدا پتەو کردبێتو بۆ حوکمڕانی هەرێمی ئێستاو بۆ کوردستانی خوازراوی

سەربەخۆیش، پاشەکەوتی سیاسی ئەزموونی بیستو پێنج ساڵەی حوکمڕانی بۆ بخاتەگەڕ بەچاکی زۆرو خراپییەوە.

چەندی بلێی شەراکەت لەعیراقدا گرنگەو پێویستەو چەندی بتوانین دەبێ کۆدی سندوقی دەستوور هەڵبێنین، لێ تەنها کوردستانی سیاسەتی کاراو کراوە دەتوانێ کۆڕی شەراکەتی بەغدا گەرم بکاتەوە.

شەراکەت لەبەغدا چەند دوابکەوێت، هێشتا خەڵکی کوردستان تەفهومی دەکەن، چونکە دەزانن شەریکەکانی ئەودیو حەمرین دەستو پەنجەیان لەگەڵدا نەرم نەکردووەو مەعلومە بێ شەریکی بەرامبەریش شەراکەت ناچەسپێ، ئەمما دواخستنی شەراکەتی کوردستان، دواکەوتنی کاراکردنەوەی پەرلەمانو حکومەتو تەوافوق، پاساوی بۆ نییە، چونکە لەناوخۆدا شەریکەکان هەموو کوردنو هەموو کوردستانیین.

راستکردنەوەی لاسەنگی شەراکەت لەکوردستان ئەرکی وەفدی داهاتوومان بۆ بەغدا ئاسانتر دەکاو هێزی دەداتێ تا شەراکەتی ئیتحادیش بچەسپێنێ. هەر ئەوەشە کیمیای شەراکەت.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٦/٤/٦

# کێبەرکێ لەسەر خراپی؟

دەوڵەتانی ناوچەکە لە دۆخێکی وادان پێشبڕکێ دەکەن لەسەر ئەوەی کێ لەویتر خراپتر بێت، ڕەنگە ئەمە بەشێك بێت لە خەسڵەتی قۆناغی پەڕینەوە کە بۆتە بەشی ناچاری پایتەختەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

سەنعا خراپەو بەیروت لەو خراپتر، دیمەشق لە هەردووکیان خراپترو بەغداش کە لەدوای رووخانی سەددامەوە گوایە بووە ئەزموونی کەمەندکێش بۆ دەرودراوسێ، نها حاڵێکی هەیە کەس هیوای پێ ناخوازێ.

ئەم چەند پایتەختە وابن، بۆ پێشبینی بکەین قاهیرەو ریاز، ئەنقەرەو تاران لە باشیو هێمنایەتی خۆیان لانادەنو لەگەڵ یەکتریدا پێشبڕکێی سەقامگیری دەکەن، مادەم شوێنی تر لە جێی ئەوان شەڕو دەعوا دەکەن؟

پایتەختە ناوەندییەکان هەر نەیسە، نها لە عیراق سیاسەت پاشەکشەی کردووە، بەو جۆرەی پایتەختەکانی فیدراڵو هەرێم، بەغداو هەولێر، کەس حەسوودییان پێ نابات.

لە بەغدا دیموکراسی ئاڵۆزکاوەو خەریکە حکومەتی هەڵبژێردراویش سەرو بن دەکات، نوێنەران لە نێوان مانگرتنو کارکردندا لەقەلەقێتی، حکومەتی ئەمری واقیعیش لە چاوەڕوانی تەکنۆکراتدا دڵی لە کارکردن سارد بۆتەوە، کە لە بنچینەدا هەرخۆی کاری ساردو دەستکەوتی کەم بوو.

لە پایتەختی کوردستانیش دۆخەکە لە بەغدا دەچێ، یان ڕاستتر بەغدا ئێستا وەکو هەرێمە، خەریکە دەگاتە قۆناغی پەککەوتنی دەزگای پەرلەمان. لە کوردستان پەرلەمان پەکخراوەو لە بەغداش رووی لەوەیە پەکی بکەوێت، ئەگەرچی بکەرەکان جیاوازن، بەڵام ئاکامەکە یەك شتە.

هەردوو پایتەخت پێشبڕکێیانە لەناوخۆو لەگەڵ یەکیشدا کە داخۆ دۆخی کێ خراپترە؟ هەرێم سەقامگیرییە ئەمنییەکەی دڵخۆشکەرەیە، بەڵام لەملاوە موسڵی داعشو لەولاترەوە بەغدای حەشدی شەعبیو لەولاتریشەوە پایتەختە هەرێمییەکان کە ئاڵۆزو باڵۆزن، ئەمانە هەواڵی دڵنیاکەرەوە نین تا سەقامگیرییەکە بەشی ئەوە بکات کێشەکانی پەککەوتنی پەرلەمانو

نیوەکردنی حکومەتی بنکە فراوان بهێنێتە سەر تایم، سەرەنجام لە هەموو ئاستەکاندا پێشبڕکێیە لەسەر خراپیو خراپتر.

بێگومان چارەسەر چاکسازییە، بەڵام چاکسازییش نە لە بەغداو نە لە هەولێر سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر چەترێکی دیموکراسیو شەرعیەتی یاسایی پاڵپشتی نەکات.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٤/١٩ /٢٠١٦**

# جەنەراڵەکان، لە دیموکراسیو دادوەریدا

وتەزایەکی سیاسیی بەناوبانگ هەیە دەڵێ: (شەڕ زۆر لەوە مەترسیدارترە کە بۆ جەنەراڵەکان بەجێبێڵرێت).. بێگومان مەبەست لەم وتەزایە ئەوە نییە کە جەنەراڵەکان خەریکی شەترەج بنو هەقیان بەسەر شەڕەوە نەبێت. شەڕ هەر ئەوان دەیزانن‌و ئەوانیش قوربانی بۆ دەدەن‌و نیشانو ئەستێرەی لەسەر وەردەگرن. بەڵکو مانای ئەوەیە شەڕ چونکە هەمووانی تێوەدەگلێن‌و کوشتو کوشتاری خاس‌و عامی لێدەکەوێتەوە گرنگە بڕیارەکەی هەر لەدەستی سوپاو عەسکەردا نەبێت و تەیفێکی فراوانتر لێی بەرپرس بن.

لە ئەزموونی تێکۆشانی پێشمەرگانەی کوردستاندا کە سەربازێتی گیانفیدایی‌یەکی سەربڵندە. ئەفسەر گیان دەبەخشێ و کەبەشداری بڕیاری سیاسیش دەکات هاوبەشە نەك تاك وتەنیا

بڕیاری شەڕ بڕیارێکی سیاسیی‌و گشتییە، لەهەر وڵاتێکدا کەسێك یان ئەنجومەنێك بیدا هەر بە تەنها بڕیارێکی جەنگی نییە، بەڵکو سیاسیشە. ڕەنگەلەبەر ئەوەش بێت وڵاتە دیموکراتەکان وەزارەتـی جەنگ‌و بەرەڤانی دەدەنـە دەست کەسێکی مەدەنی تا ئەم ئاماژە سیاسییە باشتر بدرەوشێتەوە.

دەخوازم لە تەجرەبەی کوردستانەوە ئەو وتەزایە فراوانتر بکەم و بێژم کە:

-یەکەم: دیموکراسیش زۆر لەوە فراوانترە کە بە تەنها بەدەست پەرلەمانتارەکانەوە بێت. بەو مانایەی دیموکراسیی تەنها لە هەڵبژاردنی خولەکی پەرلەمان‌و ئەنجومەنی شارەوانییەکاندا قەتیس بکرێت. هەڵبژاردن یەك لە دەیان وێستگەی کاروانە دوور و درێژەکەی جێگیرکردنی دیموکراسییە. ڕاستە وێستگەیەکی چۆنایەتییە بەڵام دیسایشەوە تاکە وێستگە نییە. دیموکراسی هەم هەڵبژاردنی گشتی‌و هەم گەڵاڵەی بیری هەڵبژاردەی کۆمەڵە. نە ئاڵوگۆری بیروڕایە بە تەنها و نە ئاڵوگۆری دەسەڵاتیشە بە تەنها، هەردووکیان‌و هەموویانە پێکەوە. سەبارەت بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانیش ڕاستییەکەی هەتا بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لە شوێنی سروشتی خۆی دەگیرسێتەوە کە مافی چارەنووس‌و سەربەخۆیی کوردستانە، دژوارە مەزەندە بکەین هەموو پرۆسەی سیاسیی وڵات تەسلیمی دەزگا هەڵبژێردراوەکان

دەکرێت. چارەسەر لە دابڕینی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان نییە لە پرۆسەی سیاسیی ناوخۆیی بەڵکو چارەسەر پایەدارکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازییە لەرێی دیموکراتیزەکردنی زیاتری خودی بزووتنەوەکەوە تا هاوتەریب لەگەڵ دەزگا هەڵبژێردراوەکان ئەرکەکانی قۆناغی رزگاری نیشتمانیی جێبەجێ بکات.

-دووەم: دادو دادوەریش زۆر لەوە مەترسیدارترە کە تەنها بۆ فەرمانبەری مەسەلەکی دەزگا قەزائییەکان بەجێبهێڵرێت. سەروەرکردنی یاساو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەرکێکە تەنها لە سەرشانی دادگاکانو دادوەرەکان نییەو تەنها بە وانیش ناکرێت.

پێش هەموو شتێك پاکژکردنەوەی ژینگەی سیاسیی پێویستە بە تایبەتی لە قۆناغی دامەزراندنی قەوارەی سیاسیی و جێگیرکردنی ژیانی دەستووری دا. ئالودەکردنی دادگا بە کەیسی سیاسییو کەیسی بەرامبەرکی لە ئیعتباری دامەزاروەی یاسایی کەم دەکاتەوەو هیچ ئیعتبارێکی سەرباریش بۆ دامەزراوەی رەسمی سیاسیی دروست ناکات.

ئێمە لەسەرەتادابین، لە دۆسێی سەروەرکردنی دامەزراوەکانی وڵاتدا چیمان کردو چۆنمان کرد ئایندەمان لەسەر ئەوە رەنگرێژ دەبێت.

شەڕ هەر هی جەنەراڵەکان نییە، دیموکراسیی هەر یاری هەڵبژێردراوەکان نییەو دادوەریش ویستێکی گشتییە نەك تەنها پاوانی کارەکتەرکانی ناو دادگا بێت.

*کوردستانی نوێ، رۆژانە: ٢٤-٦/٢٥ /٢٠١٦

# شەوچەرەی سلێمانی و رۆژی رووناکی کوردستان

**١**

شەوانی رەمەزانی ئەمساڵی سلێمانی تەقسێکی تایبەت بوو کە لەگەڵ ئەم پایتەختە رۆشنبیرییەو ئەم ناوەندە تازەگەرەی کوردایەتیو کوردستاندا ئاوێتە بووە، شاری دەستپێشخەری لە تەنگژەو قەیرانی دارایشدا ژیانو زیندوێتی دەلاوێنێتەوە.

وێستگەی شەوچەرەی شار بۆ گۆرانی رەسەنو شیعری کلاسیکی، لە کافێی ئەمنە سوورەکە، بەشێکی دیمەنی جوانی دوای بەربانگە لە شار، "باست حەمە غەریب" پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی نوێی کوردستان گەشتی هەڵبژاردە بەناو دیوانی کلاسیکی حەمدیو مەحوی دەکاتو کەمێکیش رووی لە رۆژهەڵاتی کوردستانە تا شیعری سەید کامیل "ئیمامی" بۆ کچ گەلو کوڕ گەلی نەوەی نوێ بخوێنێتەوە.

"نوری روخسارت وەردەخە دەردی بێ دەرمانە شەو" کە لەرێی دەنگی حەسەن زیرەكو ئینجا لە دابەشکردنێکی نوێی تیپی زانکۆی سلێمانی لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو وێردی سەر زمانی هاوچەرخەکانی حەفتاکانو هەشتاکانی شۆڕشی نوێو یەکێتیو کۆمەڵەکەی بوو، نها لە رێی خوێندنەوەی "حەمە غەریب"ەوە بە گوێی نەوەی ئایفۆنو سێلفیش ئاشنا دەبێ، شیعر خوێنی باشو چاك ئەدگارێکی دیاریی بۆنەی ئاشنابوونەوەیە بە ئەدەبو فەرهەنگی کلاسیکیمان.

لە گرتەیەکی تردا مۆبایلەکەی "کۆژین" دەنگی لوقمان سەلیم تۆمار دەکات کە جگە لە گۆرانی "ئەمشەو تەمەن" گەشتێکی ناوازەش بە میراتی دەوڵەمەندی محەمەدی ماملێدا دەکات کە "هەڵوەدای چاوی رەشە تا جەزیرەو بۆتانێ".

**٢**

دیاردەی شەوە کلتورییەکانی سلێمانی لە وێستگەی ئوتێلی نۆژەنکراوەی فەرەح، ئاهەنگەکانی کافتریای زەردەشت لە رەمەزانی خێرو خۆشیدا چڕتربۆتەوە، لەهەندێك جێ

بەدەستپێشخەری گروپە رۆشنبیرییەکانی شار ریز لە هونەرمەندی بەهرەمەندو ناوی دیاری بواری مۆسیقا دەنرێت، لەسەر جادەی سەرەکی شەقامی سالم کە ئەستونێکی دیاری سێ کوچکەی بابانەو گۆرانی مەزن لەسەر ئەو گوتویەتی،

"بنوو لە قەبرکە تا موستەریح بە ئەی سالم

لەتۆ کوردترە ئێستاکە، نەزان هەتاکو عالم"

لەو شا رێگەیە شەوانە تا درەنگ تیپی مۆسیقای گەنجان ئاهەنگ دەگێڕنو کچانو کوڕانی شار بەهرەی هونەری خۆیان تاقیدەکەنەوە، ئەم هێزە کەلتورییە نەرمە بوو کە هانی ئەندامێکی وەفدی رۆشنبیری شاری سلێمانی دا لە کۆبوونەوەی رەسمی باسکردنی بودجەی راگیراوی پرۆژە رۆشنبیرییەکانی "پایتەختی رۆشنبیری"دا بڵێ: بتانەوێو نەتانەوێ، بمانەوێو نەمانەوێ ئەم پایتەختە رۆشنبیرییە بێ بودجەش شەوانە چالاکی فەرهەنگی خۆڕسکانە ساز دەدات.

شەوچەرەی شار وەك بەیروتێکی خنجیلانە، وەك ئەستەنبوڵێکی دێرینی پێش تەقینەوەو پێش هەژموونی داعش، بۆتە دیاردەیەکی گەشو رووناك لە دەورانی پەستانی خوێنی سیاسیو گێرمەو کێشەی تەنگژەی داراییو هەڕەشەی پێچەوانەی دیموکراسیو جەنگی تەبلیغاتی میدیا ئیستخباریەکانی دەمیان لە سیاسەتی کوردایەتی لە سلێمانی، کردۆتەوە.

## ٣

شەوانی سلێمانی بەهێزی نەرمی رووناکبیریی رووناك بۆتەوەو رۆژانیش جمەی دێ لە چالاکی سیاسیو ململانێی دیموکراسی، رۆژانی سلێمانی، رۆژانی پایتەختی رۆشنبیری و ناوەندی زیندوویی سیاسەتە، تەنانەت بۆ ئەو هێزانەی کەیفیان بە دەباشانەکەی، بە رێککەوتنو تەبابییەکەی، نایەت. سلێمانی بەم جموجوڵو زیندویەتیەی گوزارشتە لە مۆدیلێکی سیاسی کە تەجاوزی سنووری شارەوانی شارەکەش دەکات، بۆتە نیشتمانیی ئازادیو رکابەری سیاسی، تەنانەت بۆ نەیارە سیاسییەکانی مۆدێلەکەشی.

شەوانی سلێمانی ئاماژەن بۆ زیندوێتی فەرهەنگی کوردستانییو رۆژانیشی وا چالاکەو بە برەوە کە سەد میدیای جوانکارییو ئارایشتی رموسی ئەم دەزگای ئەمنیو ئەویتری ئیستخباری، دەرەقەتی نایەن.

لە پارشێوەوە بۆ بەربانگی، شاری شێخی نەمر، شاری سایەی مامە لە دەباشان، خەریکی جموجوڵو ئەفراندنو ئەندێشە سازییە بۆ ئایندە، لە پارشێوەوە بۆ بەربانگیش نەیارانی کوردستانیی سایەی دیموکراتیو یەك پارچەییو مافی چارەنووسو ریفراندۆمی تەواوەتی خاکی کوردستان، بە ناوچە دابڕێنراوەکانەوە، ئاشی درۆو بوختان دەگێڕنو مزگەوتی زرارێکن لە کوردایەتی کە بوونەتە زەربولمەسەل بۆ ناشرینی کاریگەری پارەو پاوەرو پڕوپاگەندەی

چەواشەکارانە.

ئەزموونی کوردایەتی لە سلێمانی دەڵێ کاتی خۆی لەسەرەتای پێکهاتنی دەوڵەتی عیراقەوە، لە سلێمانی دەستپێشخەری "کۆمەڵی زانستی" پێکهات بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمی خوێندنگەو کەم بایەخی دەوڵەت بە خوێندەواری، ئێستاش لە دەورانی تەنگژەدا، سلێمانی هەر دەستپێشخەری خۆڕسکانە دەکاتو کاری خۆی لەسەر هیچ پەك ناخات، پارەو پاوەرو پڕوپاگەندە بە دامێنی ئەم مۆدێلە لە کوردایەتی هاوچەرخو پێشکەوتنخوازانەیە ناگات.

* **کوردستانی نوێ، ڕۆژانی: ١- ٢/٧ /٢٠١٦**

# سێ ڕێڕەو لە بەغدا

وەفدی باڵای یەکێتی لە بەغدا وێستگەیەکی چاکی لە ئەبدەیتکردنەوەی پەیوەندیی نێوان کوردستانو بەغدا بڕی. لەگەڵ بەغدا جگە لە پڕۆژەی بەڕێز سەرۆك كۆمار، بۆ پێكهێنانی ئەنجومەنی سیاسی لە عیراق، لە سێ ئاستدا لەگەڵ بەغدا بەرخوردی کرد:

*بۆ پەیوەندیی نێوان کوردستانو حکومەتی ئیتحادی.

*بۆ دوارِۆژی پڕۆژەکانی ناوچەکەو دڵەڕاوکێی کورد لەمبارەیەوە.

*بۆ تەئکیدکردنەوە لەسەر پرەنسیپی یەکێتی لە مافی چارەنووسو راپرسی.

هەر سێ ئاست دۆسێی جیانو لە هەمانکاتیشدا ڕێڕەوی پێکەوە گرێدراون:

-ڕێڕەوی هەنووکەیی دەستووریی و چارەسەری سیاسیی و یاسایی کێشەکانی عیراق، بەوانەی هەرێمو بەغداشەوە. مادام تا ئێستا کوردستان بەشێکە لە قەوارەی عیراق.

-ڕێڕەوی پابەندێتی یەکێتی و حزبە کوردستانییەکان بە کۆدەنگی کوردستانیی لەسەر راپرسی بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی یەکجارەکی کوردستان بدرێت.

-ڕێڕەوی چارەنووسی گەلی کورد لە ناوچەکە، لە قۆناغی پۆست داعشدا مادام "داعش" گرفتێکی ئیقلیمیو نێودەوڵەتییە، بێگومان تەگبیرەکانی دونیای پۆست داعشیش ناوچەییە، نەك هەر عیراقی، بۆیە گەرەکە مەترسیی سەر کورد وەکو نەتەوە، نەك هەر لە عیراق، بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، بەتایبەتی رۆژئاڤا، برەوێنرێتەوە.

پێکەوە گرێدانەوەی ئەم سێ تەوەرە لە یەك سەردانی سێ رۆژیدا دینامیکیەتی سیاسەتی یەکێتی دەردەخات لە وەفاداری بۆ پرەنسیپی دێرینی مافی چارەنووس، لە واقیعی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسکەلای دەستووریو لە خەمی کوردستانێتی بە کردەوەی هێزە دەربەستەکان.

ئەم وێستگەیە لە سەردانەکانی یەکێتی بۆ بەغدا دووپاتکردنەوەی پەرۆشییە بۆ خاوەندارێتی لە پرسە گرنگەکانی کوردستان لەم دووڕیانو سێ ڕیانە سیاسییەدا کە تەنانەت سەرۆك وەزیران حەیدەر عەبادیش ئاماژەی بە دوو ڕێڕەوی کرد، مافی چارەنووس، لە عیراق یان لە سەربەخۆیی، بۆئەوەی بە گوێرەی ئەوە شەریکی باش، یان دراوسێی باش بین. راستە هەر

خودی حکومەتەکەی عەبادی هێشتا شەریکی لێ نەبینراوە، بەڵام هیچ پایتەختێکی تر ئەم ڕاشکاوییەی نەوتووە.

یەکێتی مادام شانی دایە بەر کاراکردنی ئەم سێ ڕێڕەوە، دەبێ بەدواداچوونی بۆ بکات.

لە ئاستی کوردستان، سەنگی خۆی بۆ کۆدەنگی لەسەر ئەم پرسانە بخاتەگەڕ.

لە ئاستی عیراقیشدا: تیمی دائیمی لە بەغدا هەبێ کە تەرخانی ئەم دۆسێیە بێتو دۆسێکە بۆ ڕێکەوتو بۆ سەردانی تری جێنەهێڵێ.

-لە ئاستی کەینوبەینەکانی ناوچەکەدا مادام خاوەنی ئەم بیرۆکە باشانەیە لەسەر دوارۆژی ناوچەکەو پەرۆشی بەشی کوردو کوردستانە لە تەگبیرەکانی داهاتوودا، گەرەکە بە قەدەر ئەم ئەرکە نەتەوەییە خاوەندارێتی لە دیپلۆماسییەکی رۆشنو پێداگری کوردی بکات، بە جۆرێك دراوە باشەکان، دراوە خراپەکان لە مۆنۆپۆلی سیاسیی دوور بخەنەوە.

ئەمانە هەر بە یەکێتی دەکرێت، ئەمما یەکێتییەك ناوەکەی بەخۆیەوە بێت (یەکێتی) بێت.

* **کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٩/ ٨/ ٢٠١٦**

# بەغدا و کەینوبەینی لۆزان

کەس گلەیی لە سیاسەتی عیراقی پادشاییو عیراقی کۆماری، هەموو کۆمارەکانی قاسم تا سەدام نییە، کە لۆزان پەسەند بکاتو سەعدئابادەکانی پێ ئاساییو خۆش بێت، بەڵام عیراقی فیدراڵی نابێو ناتوانێ بەشێك بێت لە سەفقەیەکی تەوەرە هەرێمییەکان لە دژی کوردو کوردستان.

ئەمە نە گرێبەستی قۆناغی دیموکراتی نێوان نەتەوەی کوردو عەرەب قبوڵی دەکاتو نە گرێبەستی دەستووری ساڵی ۲۰۰۵ چەتری شەرعی بۆ ئەمجۆرە سیاسەتە دابین دەکات، عیراقی فیدراڵی دەبێت عیراقێك بێت یەکێتیی ئارەزوومەندانەی رۆحی دەستوور جێبەجێ بکات کە عیراقێك بێت زیانمەند نەبێت بۆ عەرەبو زیانمەند نەبێت بۆ کورد.

عیراقی تازە بە دیموکراسی، بە هەڵبژاردنو دەنگی پێکهاتەکان، پێکهاتووە، سەرەڕای دەردو بەڵای تیرۆرو تەنگژەی سیاسی، بە تەنگژەی لەگەڵ هەرێمیشەوە، هێشتا دەبێ وەفاداری دەستوورو وەفاداری گۆڕانکارییە گەورەکەی خستنی رژێمی سەدام بێت لە ساڵی ۲۰۰۳ دا، کە گۆڕانکارییەکی وا بنەڕەتی بوو، بەهاری عەرەبیو گۆڕانکارییەکانی دوای ئەو بەدامێنی ناگات.

ئەم عیراقە تازەیە لەگەڵ کوردستانیش ناخۆشی هەبێت، هێشتاش نابێ لەگەڵ کورد وەك نەتەوەیەکی سەرەکیو رەسەنی ناوچەکە، ناخۆشی بکاتو ببێتە بەشێك لە لۆزانێکی تر کە تەوەرەی تورکی شتی بەسەردا بسەپێنێ. یان ببێتە سەعدئابادێکی تر کە تەوەرەبەندی وای لێبکات دژی جووڵانەوەی کورد بێت، وەك جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازانەی گەلێکی شایانی مافی چارەنووس.

بەغدای نوێ بۆ ئەوەی نوێ بێت، هیچ مەجبور نییە بچێتە ناو کەینوبەینی ئیقلیمیو نێودەوڵەتییەوە دژی کورد، بە کوردی رۆژئاڤاشەوە کە دوای باشووری کوردستان ئەویش وا ئەزموونێکی پێکەوەژیان پیادە دەکات کە زیانی نییە بۆ هیچ نەتەوەو گروپێك، بەپێچەوانەوە بەشێکی گرنگە لە تەوەرەی دژی تیرۆرو داعش.

بەغدای نویٚ لە تەجرەبەی کوردستانی باشوورەوە دەبیٚ ئەو قەناعەتەی لا هەبێت کە ئەزموونی کورد ئاشتیو پێکەوەژیانو ئیدارەیەکی دژەتیرۆرو دژە لاساری بەرهەم دێنێت. کە دەتوانرێت لە دابینکردنی ئاشتیو ئارامیو مافی پێکهاتەکانیشدا پشتی پیٚ ببەسترێت.
وەفدی یەکێتی لە بەغدا ئەمەی بە حزبو سەفارەتخانەکانی دەوڵەتە گەورەکانیش وت. لەویش گرنگتر بە خودی بەغداشی وت، پایتەختی فیدراڵی نابیٚ چاو لە پایتەختی تر بکات کە بەهاری عەرەبیش نەیهێنانە سەر هێڵی دابینکردنی مافو دادپەروەری.

*کوردستانی نویٚ، رۆژی: ٣١/٨/ ٢٠١٦

# دەربەستیی لە سیاسەت

لە هەموو سیاسەتێکی دەربەستو سەنگیندا، نەریتی پێداچوونەوەو پێویستیی پێداچوونەوە نەریتێکی نەك خەوشدار نییە، بەڵکو نەریتێکی زۆر باشەو بەڵگەی بە دەربەستیی ئەو کەسانەیە کە سیاسەت دەکەن، یان ئەو جۆرە سیاسەتە پەیڕەو دەکەن.

## سیاسەتی راستو دروست

پێداچوونەوەو راستکردنەوەی هەڵەو راستکردنەوەی هەڵەو کەموکوڕیی لە سیاسەتدا، یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی راستو دروستو سیاسەتی سەرڕاستانە، چونکە ئەو کەسانەی کە سیاسەت پەیڕەو دەکەن، بۆ شەئنی گشتی سیاسەت دەکەنو بۆ کۆمەڵگەو هاوولاتیی خۆیانی دەکەن، بۆیە کە دەبینن سیاسەتێك کەموکوڕیی تێدایە، پێداچوونەوەی تێدا دەکەن، بەر لەوەی لەوە بپرسن ئەم پێداچوونەوەیە بە جۆرێك لە پاشەکشێ لە قەڵەم دەدرێت، لەلایەن نەیارەکانیانەوە، یاخود لەلایەن کۆمەڵگەوە، یان لەلایەن وڵاتانی دەرودراوسێوە.

سیاسەتی دەربەست ئەو سیاسەتەیە کە کاتێك دەزانێت کە پێویستیی بە پێداچوونەوە هەیە، گوێ بەوە نادات کە کاردانەوەی ئەوانەی بەرامبەر چۆن دەبێتو چۆن ئەو پێداچوونەوەیە دەقۆزنەوەو وەکو پاشەکشەیەك وەسفی دەکەن.

لەبەرئەوە نموونەی ئەم پێداچوونەوەیە لە وڵاتانی دراوسێشمان دەبینین، بۆ نموونە تورکیا سیاسەتێکی هەڵەی گرتەبەر بەرامبەر بە تەنگژەی سوریاو هەر لە سەرەتاوە سیاسەتێکی هەڵە بوو، ئەنجامی ئەو سیاسەتە نرخێکی زۆری لەسەر کەوت، زۆر لەسەر خەڵکی تورکیاش کەوت، چونکە بۆ چەند ساڵ هەم پەیوەندییەکانی تورکیای لەگەڵ سوریا تێکداو پەیوەندییەکانیانی لەسەر ئاستی ئابووریشدا بەرەو پاشەکشێ برد، لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکانی تورکیای لەگەڵ کۆمەڵێك وڵاتی دیکەشدا تێکدا، کە ئەوانیش ئەجێندای تایبەتیی خۆیان هەبوو لەسوریا، بۆیە گرژییو ئاڵۆزییان لەگەڵ تورکیادا بۆ دروستبوو، بۆیە سیاسەتکردنی هەڵەی تورکیا لە سوریا تەنها کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی ئەو دوو وڵاتە دانەنا، بەڵکو تورکیای لەگەڵ چەند

وڵاتێکی دیکەشدا تووشی کێشەو ململانێ کرد، وەك پەیوەندییەکانی تورکیا- روسیا، تورکیا- ئەمریکا، بەڵام دوای زیاتر لەپێنج ساڵ لەو بە هەڵە سیاسەتکردنەی ئەنقەرە، کە بە نرخێکی زۆری دارایی و ئابووریی و تەنانەت گیانیی هاووڵاتییانی تورکیا لەسەر تورکیا کەوت، وێڕای هاووڵاتییەکانی، زیان بەر سوپاو هێزە ئەمنییەکانیشی کەوت.

## دەبوو ئەم پێداچوونەوەیە بکرێت

سەرباری ئەوە کە زانیان ئەم سیاسەتە هەڵەیەو بەرەو گۆشەگیریی زیاتریان دەبات و پێویستی ئەوە هاتەئاراوە کە پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، کردیان، راستە بەشێکی ئەم پێداچوونەوەو بەخۆداچوونەوەیە بۆ ئەوە بوو کە حکومەتی ئاك پارتی رزگاربێت لەو تەنگژەیەی تێی کەوتووە، بەڵام سەرەنجام ئەم پێداچوونەوەو پاشەکشەیە لەسیاسەتی هەڵەی پێشوو، قازانجی خەڵکی تورکیای تێدایەو خەڵکێکی زۆر دەستخۆشیی ئەم پێداچوونەوەیە دەکەن کە روویدا. رەنگە لەئایندەدا هەڵەی دیکەش بکەن، بەڵام دەبوو کە ئەم پێداچوونەوەیە بکرێت.

ئەمە ستایش نییە بۆ سیاسەتی ئێستای تورکیا، کە سیاسەتێکی هەڵەیە بەرامبەر بەکوردو بگرە یەکێك لە کێماسییەکانی سیاسەتی تورکیا ئەوەیە کە بۆ پێداچوونەوە لە هەموو بوارەکاندا ئامادەیی تێدایە، جگە لە پێداچوونەوە بە دۆسیێ کورد دا نەبێت، بەڵام ئەم پێداچوونەوەیە لە کۆی سیاسەتی تورکیادا، پێداچوونەوەیەکی پێویست بوو، کردیشیان.

لەبەرئەوە ئەگەر بێینە سەر ئەم پرەنسیپەو بمانەوێت لە سیاسەتی کوردستانیشدا بچەسپێت، هەقوایە پرسیار لەسەر ئەوە بکەین ئایا سیاسەتی کوردستانی لە دۆسیێ نەوت و چەند دۆسیێیەکی دیکەی وەکو گرژکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغداو سیاسەتی تێوەگلانی کوردستان لەسیاسەتی جەمسەربەندیی ناوچەکەدا، ئەمانە رەنگە هەمووی پێویستیان بە پێداچوونەوە هەبێت. بۆیە سیاسەتی دروست ئەوەیە کە سیاسەتی رەسمیی کوردستانی و سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بوارانەدا پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و زۆر ئاساییشە کە لە سیاسەتی نەوتی و ئابووریشدا کە قووت و ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانی پێوەبەندە، پێداچوونەوەیەك بکرێت لەوەی کە ئاخۆ لەگەڵ بەغدادا جۆرێکی دیکە لەپەیوەندیی دروست بکرێتەوە باشتر نییە بۆ خەڵکی کوردستان و ژیان و گوزەرانیان کە لەم شەڕی بەرامبەرەکێیە لەگەڵ داعشدا دڵسۆزییەکی زۆریان نواندو قوربانییەکی زۆریان داو خۆڕاگریی و بەرگەگرتنێکی زۆریان نیشانداوە.

## پێداچوونەوە بە سیاسەتی حکومەتی هەرێم

دیارە قسە لەسەر ئەوە نییە کە ئەم سیاسەتە هەڵەو پەڵەکەی لەکوێوە هاتووەو کێ لێی بەرپرسیارە ئەوە هەڵدەگرین بۆ کاتی خۆی، کە بتوانرێت بەشێنەیی تر لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت،

خۆ رەنگە بەشی زۆری ئەمەش هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ دابەزینی نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا، چونکە لەوکاتەی کە سیاسەتی فرۆشتنی نەوت بەسەربەخۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەستیپێکرد، واڕێکەوت کە نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا بەشێوەیەکی پێشبینی نەکراو دابەزیی، لەبەرئەوە ئەو نەوتەی کە هەرێمی کوردستان دەیفرۆشێت ئەو پێداویستییانە پڕناکاتەوە کە داڕێژەرانی سیاسەتی نەوت فرۆشتنی سەربەخۆ لە هەرێم پێیانوابوو کە دەتوانێت دابینی بکات، لەبەرئەوە زۆر ئاساییە کە ئێستا سیاسەتی کوردستانیو سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەیەك بکاتو هەوڵ بدات گفتوگۆو مشتومڕ لەسەر ئەگەری دیکە بکات بۆ سیاسەتی نەوت کە بتوانێت چارەسەرێکی گونجاوو هەنوکەیی هەبێت بۆ بارودۆخی کۆمەڵی کوردستانیو کێشەکانیو لەئایندەشدا دەکرێت بە جۆرێکی دیکە سیاسەتی نەوتی دابڕێژێتەوە، بەجۆرێك کە هەم سەربەخۆییشی تێدابێتو هەم ئەو پێداویستییە رۆژانەیەو گوزەرانی خەڵکیش دابین بکات.

بۆیە ئێمە هەموو روومان لە سەرکردایەتیی سیاسیو دەستەبژێری ئابووریی کوردستانە کە گفتوگۆی جدیی لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەنو بزانن کە سیاسەتی نەوتیو ئابووریمان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە یاخود نا، هەر لەژێر رۆشنایی ئەوەی کە ئایا پەیوەندییە سیاسییەکانیشمان لەگەڵ بەغدا پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە یان نا؟

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٩/٤ /٢٠١٦

# به پێوەرەکانی کوردایەتی بیپێون

هەتا مەرجەعێکی دەستوریو یاسایی بۆ کوردستان دادەنرێت، لە پرسی رۆژانەی ژیانی کوردستانیان لە عیراقدا دەستوور حەکەم دەبێتو لە پرسی نەتەوەییو چارەنووسیی نیشتماندا پێوەرەکانی کوردایەتی بەو جۆرەی بۆتە نەریتێکی دەیانساڵەو بەو شێوەیەی باوکە دامەزرێنەرەکانی کوردایەتی لەسەری ڕاهاتوون، حەکەمی ناکۆکییەکانمان دەکەنو مەرجەعی جێی دەستوورمان دەبێ.

گەرەکە حزبە سیاسییەکانی کوردستانو کۆمەڵی مەدەنیو رەوتە سیاسییە جیاجیاکان ئەم دادوەرە قبوڵ بکەن، بەتایبەتیش گەرەکە حزبە رەسەنو دێرینەکان لەم بوارەدا لە هەمووان زیاتر پابەندی مەرجەعیەتی کوردایەتی بن بەو ئیعتبارەی بە ئەندازەی رەسەنبونیان جێ پەنجەیان بە تەلاری ئەم مەرجەعیەتەوە دیارەو خۆیان بینایان کردووە. دونیابینی خۆیانی بەسەردا زاڵەو بە گوێرەی ئەزموونی ئەوان ڕەنگرێژ بووە.

ئەگەر ئەمڕۆ لە تەنگژەی سیاسیی کوردستاندا، هەر بۆ نموونە، چەند دیاردەو دەرکەوتنێك وەربگرینو بیخەینە بەر تیشکی مەرجەعیەتی کوردایەتی داخۆ بە چ ئاکامێکی باشو خراپەوە لێی دەردەچینو دەبێ حزبەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان چی لەبارەی ئەو دەرەنجامەوە بڵێن کە لە مەنگەنەدانی هەڵوێستەکانیان لە پێوەری مەرجەعیەتی کوردایەتی دەیخەنە دەرەوە؟

## ئایا کوردایەتی لووتبەرزی قبوڵ دەکات؟

ئایا بزووتنەوەی کوردایەتی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بەو هەموو ئازارو مەینەتیەی لە وێستگەکانی تێکۆشانی سەد ساڵی رابردوودا تووشی هاتووە، بەو هەموو داخو زاخەی سیاسەتی بەهێزەکانو زاڵمەکانی دژی کوردن لە جەستەی نەتەوەی کوردیان کردووە.بزووتنەوەیەکی لووتبەرزی بێ باکو بێ پەروایە لەبەرامبەر پێشهاتو دەرهاویشتە سیاسییەکاندا؟ ئایا بزووتنەوەی کوردایەتی بەو هەموو ئەزموونەی رابردووییەوە گەرەکە وانەی

وای وەرگرتبێت کە بە حەملی کازبو تەراویلکەی بەهاری درۆزنانە فریو نەخواتو بە دوو خونجەی درۆزنانە نەخەڵەتیٚ کە پێی وایە بەهاری هێناوەتە سەرچۆکان، یاخود بە پێچەوانەوە هەر دەبیٚ دەرسەکانی رابردوو، هەڵەکانی پێشوو دووبارە بکاتەوە؟

ئایا پاراستنی هێزی کوردایەتیو وەزەی گەلی کوردستان لە هەموو وێستگەکاندا بە جۆرێك ئەو هێزو وزەیە لە نەبەردی ڕاستەقینەدا خەرج بکرێت نەك لە شەڕی لابەلای دروستکراوی تەوقیتی نەیارانی کورددا مانای سڵکردنەوەو ترس دێت، یان مانای پەرۆشیو دەربەستی دێت کە ئەو وزەیە لە شوێنی خۆیو لە نەبەردی ڕاستەقینەدا خەرج بکرێت. ئایا سیاسەتی دروستی کوردایەتی ئەوەیە بیٚ بۆنەو بە بۆنە دوژمنانی لە خوانەترسی کورد لە خۆمان بوروژێنینو دواییش بە نرخێکی گران ئەو گایە وروژاوە دامرکێنینەوە ئایا لووتبەرزی کە خەسڵەتی خراپی دەوڵەتەکانو ئیمپراتۆرێتە گەورەکانەو بە ئەزموونی مێژوویی ئەو لووتبەرزییە روخاندوونیو لە ناوی بردوون خەسڵەتێکی باشە بۆ کوردایەتی و بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێری خەڵکی کوردستان؟ ئاخر ئەو لووتبەرزییە دادی ترزلەکان(زلهێزەکان)و خواپێداوانی خوانەناسی نەدا، تۆ بڵێی دادی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە بەلەنگازەکان بدات کە ئێستاش، بەم هەموو فەرشی سوورو بالیۆزخانەو قۆنسڵخانەو بە هەموو فۆکسەی میدیایی جیهانییەوە جگە لە چیاکانی هیچ دۆستێکی ڕاستەقینەیان نییە؟

ئایا رەخنەگرتن لەو لووتبەرزییەی لێرەولەویٚ دەیبینین کە هەڕەشە لە هەسارەکانی تریش دەکات ترسنۆکیو چاو بەرەو ژێرییە یان بەردەوامی لەسەر لووتبەرزی توشی هەڵدێری شکستو چاو بەرەو ژێری داگیرکەرانمان دەکات؟

ئاخر ئەی کوردایەتیو هێزەکانی ئەگەر وزەیەکی چاکیشمان هەیەو ئەگەر لە خۆڕا دیتنو باوەڕێکمان بە خۆشمان هەیە بۆ لە یاری میکانۆ و شەڕی پلەیستەیشندا خەرجی دەکەین؟ بۆ لە شوێنی خۆی خەرج نەکرێت بەو جۆرەی خوێنی پیٚ بەخشراو رەنجی بۆ رەخساوی حەڵاڵو زوڵاڵ بێت؟

ئەم هەموو سەنعەتەی دوژمن دروستکردنو ریٚ گرتن بە رێبواری سەرەریٚو تەشقەڵە کردن بە یارو نەیار لە چیدا دادمان دەدات ئەگەر رۆژی راستەقینەی خۆی بۆمان نەخرایە گەڕو نەمانتوانی بە کاری بێنن، ئەو کاتە چی بکەین؟

## سیاسەتی یان هەموو شت یان هیچ؟

ئایا کوردایەتی کە بە سەدان پێچاوپێچ و زەمینەی نالەباریو توولەرێی زەحمەتیدا هاتووە، خۆی پاراستووەو وزەی بۆ وێستگە جیاجیاکانی خەبات دابین کردووە، چاك دەکات کە سیاسەتی یان هیچ یان هەموو شتێك پەیڕەو بکات، ئایا قۆناغبەندیو ڕەخساندنی زەمینە بۆ هەر وێستگەیەك بەشێك نەبووە لە دابونەریتی کوردایەتی بۆ ئەوەی مومکینە بەدەست بێتو

ئەوی ماوە کۆششی دیکەی بۆ بخرێتە گەڕ؟ ڕێی تێدەچێ کە وێستگەی چۆنایەتی بێتە پێشەوەو بازی گەورە بدەین، بەڵام ئەگەر دەسکەوتێك بە نرخێکی کەمتر بێتەدی بۆ دەبێ خەرجییەکی زۆری بۆ بکەین؟ بۆ دەبێ (هیچ) لە پێناو(هەموو شتێك) ی بەدەست نەهاتوودا لە دەست بدەین، بەتایبەتی ئەگەر قۆناغبەندی لەسەر حیسابی کاتو رەنجو ئامانجە دوورەکان نەبێت؟

## ئایا هەڵڵای میدیایی جێی تەگبیری سیاسیی ورد دەگرێتەوە؟

ئایا ئەگەر سیاسەتی کوردستانیی تەگبیرەکانی خۆی ئاشکرا نەکاتو بە وردی و بێدەنگی و لە سێبەردا سیاسەتەکانی خۆی بسەپێنێو موزایەدەو هەڵڵای میدیایی لەسەر نەکات باشتر نییە لەوەی دونیا لە خۆمان تێبگەیەنینو پێش لەباربوونی زەمینە هەموو کاغەزەکانی ئاشکرا بکەین.

ئایا داواکاری ئەوەی نهێنی پارێزو ئەمنیەتی بزووتنەوەی کوردایەتی دابین بکەینو نەیخەینە بازاڕی مشتومڕی میدیاییو ناوەندی میدیاییو هەڵڵای سیاسییەوە کە بەشێکیان هی نەیارانی کوردنو کەس خاوەندارێتییەکانیان ناناسێت ئەمە کارێکی هەڵەو داوایەکی رۆمانسی کۆنەپەرستانەیە؟ ئایا دزەپێکردن و دزاودزکەوتنی هەنگاوە سیاسییەکانمان هەمیشە لە مێژوودا زەربەی گەورەی لێ نەداوینو پێش گەڵاڵەی سیاسیەتەکان لەنیوەی ڕێدا پووچەڵی نەکردووینەتەوە؟

## سیاسەتی یان ئەوە، یان ئەوە بەشێکە لە کوردایەتی؟

ئەگەر پێوەرەکانی کوردایەتی رەچاو بکەین قەت بووە کوردایەتی یەکسان بێت بە ستەم، بە بارمتەگرتنی ویستو داخوازی خەڵك لە پێناو ویستو ئاواتێکی تردا. بۆ دەبێ ئێمە هەمیشە ئەم داخوازی لەبەرامبەر ئەویتردا دابنێین هەنگاوەکانی کوردایەتی. ئەندێشەی کوردایەتی پچڕپچڕ بکەین؟ بەڵێ ڕاستە کە هەموو ئاواتەکان پێکەوە بەدی نایەن، ئازادی نەتەوەییو ئازادی تاکەکەس بە دیموکراسییو خۆشگوزەرانی بە قۆناغ بەدی دێن، بەڵام ئایا رەوایە ئێمە لە دەستمان بێت بەشێکی ئەو ئامانجانە بەدی بهێنین کەچی لە خەڵکی بشارینەوەو لە هاووڵاتیانی خۆمانی قەدەغە بکەین بە بیانووی ئەوەی کاتی نییەو ئامانجی گەورەتر لە پێشە؟ ئایا ئەمە هەنگاونانە بە شوێنی کوردایەتی فراوان و هەمەلایەنەدا کە ئازادیو کوردایەتی و دادپەروەری پێکەوە گرێدراوە یان هەنگاونانە بە شوێنی بزووتنەوەی عروبەدا کە بزووتنەویەکی تەسکبینی نەتەوەی دراوسێی عەرەب بووو شکستی خوارد، چونکە بۆ هەموو داوایەکی میللەتی عەرەب بڕوبیانووی فەلەستینی دەهێنایەوە و کەچی فەلەستین هەر رزگاری نەبوو. ئایا زەرورییە ئێمەش فەلەستینێك بە بارمتە بگرین بۆ ئەوەی قەت

فەلەستینی خۆمان، کوردستان، رزگاری نەبێت؟
ئایا بە بارمتەگرتنی خەونەکان خوو خدەیەکی کوردایەتییە یان هی چاولێکەری نەتەوە سەردەستەکانە؟ ئەم نموونانە بە پێوەرو مەرجەعەکانی کوردایەتی بپێون بزانن ئەوەی ئێستا دەگوزەرێو سیاسەتی زاڵە ئەوە کوردایەتییە، یان لە کورتی دەدا؟

*کوردستانی نوێ، رۆژانی: ٩/٣٠ - ٢٠١٦/١٠/١

# ئەدی پەرلەمانی کوردستان؟

یەکێك لەو بنەمایانەی تیۆرسینانی دیموکراسیی پشتی پێ دەبەستن تا بیسەلمێنن ئەم شمەکە لەناو هەموو شمەکەکانی بازاڕی حوکمڕانیدا باشترینە. ئەوەیە کە دەڵێن دوو وڵاتی دیموکراسی ناکۆکییان لێ ناقەومێ، یان ئەگەر هەشیان بێت کەمترین ململانێیە، چونکە حکومەتو دامەزراوەکانیان هەڵبژێردراوی گەلنو بە بەرپرسیارییەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن، بەڵام عیراقو تورکیا پێچەوانەی ئەم تیۆرە هەنگاو دەنێن.

پەرلەمانی هەڵبژێردراوی هەردوو وڵات کێشەیان لەگەڵ یەکتری هەیەو بەرەنگاریی یەك دەکەن. بێگومان خەتا، خەتای پەرلەمانی تورکیایە کە دەنگی بۆ درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی تورکیا لە عیراق، لە هەرێمی کوردستانو لە موسڵ، داوە، بەڵام خەتا هی هەرکێ بێت وا ئێستا دوو دامـەزراوەی دیموکراسی بڕیاری یەکتری ڕەتدەکەنەوە. با تەنانەت ئەم بڕیارەیان بە دیموکراسیو بە ڕێوشوێنی دیپلۆماسیو سیاسی سپاردبێت، ئایا ئەمە دەریدەخات بەرژەوەندیی سیاسیی ناسیۆنالیستی لە پێش بژاردەی دیموکراسیو دامەزراوەکانیەوەیەتی؟، یان بیرمەندانی ڕەوتی دیموکراسی مەبەستیان ئەوەبوو دیموکراسی ململانێکان نەرم دەکات، نەك لەناوی دەبات؟، واتا ململانێی عیراقو تورکیا هەردەمێنێت، مادام بەرژەوەندییەکانیان جیاواز بێت؟، بـەڵام ڕەنگە هۆکارێکی بۆ ئـەوەش بگەڕێتەوە دیموکراسی بە ئەزموونی تورکیاو دیموکراسیی تازە سەرهەڵداوی عیراق، هەردووکیان، کەموکوڕییان هەیەو لە پرسی نوێنەرایەتیی تەواودا بریندارن.

ئاخر شوێنو جێی ناکۆکی هەردوولا، کوردستانو موسڵ کە دەکاتە جوگرافیای جارانی ویلایەتی جارانی موسڵ، هی هەردووکیان وەك نەتەوەی حاکمی تورکو عەرەب لە عیراقو تورکیا، نەبێت، بەڵکو هی گەلی کوردستانە، ئەو گەلەی لە تورکیا حاشای لێدەکەنو هەشە، ئەو گەلەی لە عیراق ١٥ ساڵێکە فیدراڵی وەرگرتووەو هێشتاش لەگەڵ بەغدا ململانێیەتی، یانی ناوچەی ململانێیان پێشینەیەکی مێژوویشی هەیە جگە لە ڕەهەندە جوگرافییەکەی.

مەعلومی هەمولایەکە دیموکراسی زۆر لەوە گوناهترە دەرەقەتی ململانێ مێژووییەکان

بێت، دیموکراسی کاری بە ململانێ ئەمڕۆییەکانەوە هەیە، هەر چۆنێك بێت ئەوەی لەم نێوەندەدا ناوی نییە پەرلەمانی کوردستانە کە هەم بۆ پرسە هەنووکەییەکانی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستانو هەمیش بۆ ئەو ململانێ مێژووییەی ناسنامەی کوردستانیش پەکی خراوە. ئەوانەی پەرلەمانی هەرێمیان پەکخستووە بۆ ململانێکانی ئەمڕۆ، واتا لەبەر سەرئێشە هەنووکەییەکانی دیموکراسی پەکیان خستووە، بەڵام ئەوەتا لە کێشە نەتەوەییەکانیشمان دووریان خستۆتەوە تا نەتوانێت بپرسێت ئەرێ تورکیا کە بە دوو قۆناغ هاتە کوردستان:

-قۆناغی ململانێی ناوخۆیی ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨.

-قۆناغی کەینوبەینی موسڵی دوای هاتنی داعش.

چۆن ئیزن بدرێت بێ ئەوەی ئامادەگییەکەی ببێتە کارتی ململانێی بەغدا لەگەڵ ئەنقەرە؟.

*کوردستانی نوێ، رۆژی ٦/١٠ /٢٠١٦

# ئەژدیها و مارەکە

لەسەر رستەی شۆڕشگێڕی ف.ك لینین نووسینی زۆری هەیە. بە وانە دەڵێ کە لەساتەوەختی کرداری شۆڕشگێڕیدا لە کۆڕی خەبات نابنو بەشێنەیی رستەی شۆڕشگێڕی دەڵێنەوە، ماوجی تۆنگ لەسەر هەمان ریتم تەرجەمەیەکی چینی ئەم رەخنانەی لینین دەکات. لە ئەفسانەی چینەوە نموونەی ئەو نیگارکێشە دەهێنێتەوە کە ناوی بەهەموو دونیادا بڵاوە گوایە ئەژدیهای خۆش دەوێو نیگاری ئەژدیها بابەتی سەرەکی تابلۆکانێتی، ئەژدیها شارەو شار بە دوای ئەم عاشقە پەروانەدا دەگەڕێ تا دەیدۆزێتەوە. پەرۆشە تا خۆی پێ بناسێنێ، کەچی نیگارکێش کە ئەژدیها دەبینێ لە ترسا هۆشی لای خۆی نامێنێ. ماو ساتەوەختی شۆڕشگێڕی بەو ئەژدیهایە دەشوبهێنێ کە وێڵی دوای عاشقە شۆڕشگێڕەکانێتی، کەچی خاوەنانی رستەی شۆڕشگێڕی بە دیتنی ئەژدیهای شۆڕشگێڕی لە هۆش خۆیان دەچن.

سەد ساڵە لە کوردستان چاوەڕێی هەلومەرجێکی وا دەکەین، هەژانی گەورە لە ناوچەکە رووبدات، جا ئێستا خەریکە رووەداتو مەسەلەی کورد لە سێ بەشی کوردستاندا جوڵاوە، کەچی هەن لەم ساتە وەختە شۆڕشگێڕییە دەترسن کە ئەژدیهای گۆڕانکاری سەریداوە لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تومەز لای ئێمە ئەژدیها هەر خۆشەویستی ناو تابلۆکانەو حەز ناکەین بە دیداری شادبین. نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە، کە قاڵبووی کەینوبەینەکانی دەورانی مێژوون دەزانن ئەمجارە هیلالی کوردستان شەوق دەداتەوە هەموویان دەستیان داوەتە تەگبیر بۆ ئەوەی بەکەمترین زیانەوە لێی دەرچن. هەموویان دەترسنو دەشیانەوێ رسکی ئەم گۆڕانکارییە بکەن، راستە لەم پرسەدا تەنها ناوی ئەردۆگان دێت، باعیسی ئەمەش ئەوەیە ئەردۆگان بەدەنگی بەرز بیردەکاتەوە، بۆیە ترسو تەماعی ئاشکرایە. کەچی ئێمە گەرەکمانە ئەردۆگان بێدەنگ ببێتو پێمانوایە بە نهێنی بیربکاتەوە باشترە تا لە خەوی غەفڵەت رامانچڵەکێنێو نەمانخاتە بەردەم واقیعی پێویستی وەخۆکەوتن.

ئێستا لەم دەرفەتەدا کە خواپێداوانی ناوچەکە لە بەشی زۆری خۆیان رازی نینو ئەژدیهای گۆڕانکاری هاتووە، کاتێتی بە فیعلی خێوی کوردی لە قومقومەکەی بێتە دەرەوە.

به قسەی هـاوڕێ لینینو هـاوڕێ مـاو دەستم پێکرد، بـەڵام بە کەلتورە دەوڵەمەندە خۆماڵییەکەی کوردایەتی پێشکەوتنخواز، بەوتەیەکی مام جەلال؛ کۆتایی پێ دێنم. مام لەسەر حاڵو باری شۆڕشگێڕیو ساتەوەختە شۆڕشگێڕییەکەی لەم چەشنە وتوویەتی:
نە لەباری ببەین، نە مرداری بکەینەوە.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ١٠/٢٦ /٢٠١٦**

# مەهێڵن (کوردایەتی) بشێوێ

سەرەتا حزبایەتی کەوتە ناو حەوزی پەلامارو ڕەخنەوە ئینجا دامەزراوەکانی حوکمڕانی. دوایی بووە پێشبڕکێ کێ پێشتر پەرلەمان نەفی بکاو کێ زووتر دامەزراوەی سەرۆکایەتی وڵات یەکسان بکات بە هیچ. ئینجا حکومەتو دواتر دادگاو دەزگاکانی کە ناوبژیوانی دەکەن لەنێوان دامەزراوەکاندا. ئەگەر خۆم تاوانبار بم دادگا بێ لایەن نییەو ئەگەر خۆم خەڵك تاوانبار بکەم دادگا عەیبی نییە. ئەگەر بڕیارەکان لە قازانجی خۆمو ئەحبابم بێت ئەوا بڕیاری چاکنو ئەگەریش پێچەوانەکەی بێت بڕیاری تەعەسفی و لایەندارن. ئەگەر هەڵبژاردن بە دڵی خۆم بوو ئەوا دیموکراسییەو ئەگەر وا نەبوو ئەوا تەزویرو گومانە.

ئێستا ئیتر گەیشتینە دۆخێك هەموومان گومان لە هەمووان دەکەن. دین فشەی بە دونیا دێتو دونیاش دینی پێ ئەفسانەیە. مامۆستای ئایینی ڕووناکبیر تەکفیر دەکاو ڕووناکبیریش مامۆستای ئایینی بە (بێ تەفکیری) تۆمەتبار دەکات. دەستێکی ڕەشیش ئەوانو ڕۆژنامەنووس دەنێرێتە ئەو دیوی دونیا تا لە قیامەت حیسابی خۆیان پاکتاو بکەن. گومان لە فەلسەفەی گومانکردن بۆ گەیشتن بە یەقینو ڕاستی وا وەرگەڕا بۆتە گومان کردن لە هەموو شتێکی جوان لە ژیانماندا. دۆخەکە گەیشتۆتە ئەوەی هەڕەشە لەسەر کوردایەتیو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان هەبێت. بە ڕەخنەگرو بە حوکمدارەوە کارێکمان کردووە کوردایەتی، کە ڕۆحی کوردبوونە، ڕۆحی بوونی سیاسیی کوردو جەدوای جوڵانەوەی سیاسییو دیموکراتیمانە وەك کەڵتەیەکی کۆن سەیر دەکرێتو لای نەوەی نوێ بۆتە ئەسپەکەی تەڕوادە بۆ شاردنەوەی گەندەڵیو ستەمی سیاسیی. ئەمە هەڕەشە گەورەکەیە کە گەرەکە دەستەبژێری سیاسییو ژیرەکانی سیاسەتی کوردستانی لە ئاستیدا هەڵوەستە بکەن.

تکایە با کەس خۆی لەم دۆخە بێ بەری نەکاتو قسە بۆ حزبایەتیو ململانێو تۆمەت بەشینەوە نییە. ئەمە تاوانێکی گشتییە هەمووان، بزانینو نەزانین، بەشداریمان لە ئەنجامدانیدا کردووە. لە وەختێکدا هەرکەسەو پێشبڕکێیەتی خۆی بێ تاوانو هەموو تاوانێك بکاتە ئەستۆی ئەوانی تر، دەبێ بۆ شکاندنی غرورو لووتبەرزی دەستپێشخەری بکەینو بێژین، بەندە پێش

ئەوانی تر، بچووکەکان پێش گەورەکان، بەشدارین لەم تاوانەدا. ئەزو ئێمەو ئەوانو ئێوە بووین وامان کرد کە:

-رەخنەمان گەیاندە ئێسقان. لە داخی ئەندازیارێکی گەندەڵ چاومان لە هیمەتی سەد ئەندازیاری پاکو بێگەردو نیشتمانپەروەر نوقاندو کاری باشمان نادیدە گرت، چاکو خراپمان یەکسان کرد لەگەڵ یەکتریداو ماڵمان وا شێواند کە فەرقی کەس نەکرێت، بێ ئاگا لەوەی کە دز خۆی ماڵی شێواوی دەوێت.

-دیموکراسیان گەیاندە بەرەڵایی بێ ئاگا لەوەی داعش ماوەو تەعریب ماوەو هەڕەشە لەسەر کوردستان تەواو نەبووە.

-لە هەندێك جومگەدا هەیبەتی حوکمڕانیمان نەهێشتو لە هەندێکی تردا مەرکەزیەتو هەیبەتی حوکمڕانیمان وا گەورە کرد کە هەموو هاووڵاتیەك لە حزبو حکومەتو سەرکردە بترسێتو پیرۆزباییەکانی گەلمان وا وێنا کرد کە یەکسان بێت بە کوردایەتیو بچووکترین رەخنەو تێبینیمان خستە بابی ئامادەی تەخوینو ئاژاوەگێرییەوە، ستەمکاریمان کردۆتە نیشتمانپەروەریو دیموکراتخوازی بە لاوازو زەلیلی دەزانین. گیانی لێبوردەییو قبوڵکردنی ئەوی دی لەلایەن کەسانی چاکەوە، وەك لاوازیو گێلی دەخوێنینەوە.

-لە ستەمکار دەترسینو گاڵتەمان بە سیستمو یاسا دێت. هەقمان پێ فشەیەو هێزمان پێ هەقە.

یاساشکێنی بە نەخشو نیگار دەزانینو یاسا سەروەری هەندێك بە غەشیمیو خراپە لە قەڵەم دەدەین.

پێداگری لەسەر دەسەڵاتو حوکمڕانی بە هێز دەزانینو کەڵەگایی بە جورئەت دەزانینو ئاڵوگۆڕی دەسەڵات وەك فەوزاو شاری بێ حاکم دەناسێنین.

کارێکیان کردووە کوردایەتی بێ غلوغەش بە فلکلۆر دەزانینو چەواشەکاریو عەوام فریوی بە سیاسەتی مۆدێرنو هاچەرخ دەزانین. واقیعیەت بە خیانەتو پەرگیری بێ مانا بە پێداگریو هەڵوێستی ڕاشکاو دەزانین. زۆرینە بە عەیبەو زۆرداری بە سیاسەتی باو لە قەڵەم دەدەین. ئەوەی کێشەکان قووڵ بکاتەوە لێپرسینەوەی لێ ناکەینو ئەوەی هەوڵی چارەسەریان بدات دەیشکێنینو پەلاماری دەدەین بێ ئاگا لەوەی فەلسەفەی ژیان وایە کە ئەوانە هەڵە دەکەن کە کار دەکەن و ئەوان بێ هەڵەن کە تەمبەڵو بێ کارو خاوەن ورتەورتن.

کورد بە بارمتەی داگیرکەران دەگرینو ئەوی داوای جێبەجێکردنی یاساو دەستوورو بەڵێنەکان بکات دەیکەینە جاشی ئەمو ئەو. دزی گەورە موحاسەبە ناکەینو بۆ ئەوەی غروری خۆمان رازی بکەین کە موحاسبە دەکەین وردیلە دزی بێ ئاگا فەلاقە دەکەین.

میدیامان یان سێبەری ستەمکار یان هەتاوی سیاسەتمەداری بێ بارە. تەپڵ بۆ میدیای پۆلپۆلیستی لێ دەدەینو میدیای سەنگینو پابەند بە بەهاکانەوە بە تەقلیدیو مردوو دەناسێنین.

لە سەد ئاو دەدەینو تەڕ نابینو دووڕوویی بە براگماتیزم لە قەڵەم دەدەین.

خۆمانی تیا نەبین تێکی دەدەینو خۆمانی تیا بین بەری نادەین و دەستبەرداری نابین. هەموو دامەزراوەکانمان سووك کردووە، ئینجا دەڵێین ئەم دامەزراوانە بۆ کاری خۆیان ناکەن؟

چی ماوە لە رۆحی ئەم میللەتە کە بیبەین، ئەندێشەو یادەوەریو رۆحی نەتەوە ماوە کە کوردایەتییە.قەینا تێدەگەم حکومەتو پەرلەمانو سەرکردە دێنو دەرۆن، ئەمما کە رۆحی نەتەوە براو کون کون کرا چی باقی دەمێنێتەوە بۆ کوردو کوردستان؟ ئاخر کوردایەتی بۆ بەبارمتە بگرین؟ کە هێشتا لە سەد یەکی خاکی کوردستان نەبۆتەوە مۆڵکی کورد بۆچی کوردایەتی نابووت دەکەین؟

ئاخر بەدیلی ئەم ئەندێشەی سەد ساڵە باوکە دامەزرێنەرەکان کاری لەسەر دەکەن بە چی دەگۆڕنەوە؟ بە بیری داعش، بە بیری بەرەڵاییو لیبرالیو بیری گەرەكو هزرو ناوچە، بە بیری ستەمکاریو ئەمارەتی کەنداویو بیری تەخوینو تەهوینی؟

ئاخر ئەگەر بخوازن ئەوی دەرمیو نابووت دەبێ بینای بکەنەوە کام سەرمایەی مەعنەویو کام ئەندێشەی خۆماڵی یاریدەتان دەدات؟ جگە لە کوردایەتیو جگە لە رۆحی کوردبوون کە ئێستا وا یارو نەیار شمشێریان لە روویدا هەڵکێشاوە؟

*کوردستانی نوێ، رۆژانی: ٩-١٠/١٢/ ٢٠١٦

# بیکەینە دەرفەتێکی نەتەوەیی

هاوپەیمانی نیشتمانی عیراقی کە ڕەوتی شیعەی دەسەڵاتدارە لە عیراق پرۆژەیەکی بۆ "چارەسەری نیشتمانی" کێشەکانی عیراق خستۆتە روو کە ناوی (تەسوییە) یان یەکلایی کردنەوەی نیشتمانی لێ ناوە. دوای گفتوگۆی زۆرو زەوەندی خۆیان لەسەر ئەو پرۆژەیە خستویانەتە بەردەم رای گشتیو داویانەتە نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عیراقیش.

پرۆژەکە دوورو درێژو هەروەها قەرەباڵغیشە، بەڵام شتی نوێشی تێدایە کە گرنگترینیان بە نێودەوڵەتی کردنی پرسی عیراقە. دانپیانانی ژێربەژێرە بە شکستی پرۆژەی حکومڕانی (١٥) ساڵی رابردووی عیراق کە ئەوان رۆڵی سەرەکیان تێدا گێراوە. بانگەوازی سوونەو کورد دەکەن لە پەنا دەستووریشەوە کە گرێبەستی نێوان عیراقییەکانە، ڕێککەوتنێکی تریش بکرێت. وادەی زەمەنیشیان بۆ ئەم نەخشە ڕێگایە داناوە.

پرۆژەکە شتی چاکو شتی خراپیشی تێدایە، کە گرنگە هێزە کوردستانییەکان: یەکێتی، پارتی، گۆڕان و ئیسلامییەکان تاووتوێی بکەنو بیروڕای لەسەر گەڵاڵە بکەن. هەر لە ئێستاوە ناکۆکی کوردستانیشی لەسەر دروست نەکرێت، بەڵکو یەکێتییەکی کوردستانی لەسەر دروست بکرێت تا پرۆژەیەکی کوردستانی لەبەرامبەر ئەوی شیعەو بێگومان ئەوی سوننە هەبێت و لەسەر پێ بین.

ئەگەر کورد هیوایەکی بە عیراق با دوای گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژەیە بکاتە سەرەتای چەسپاندنی (عیراقێکی) باشتر، ئەگەریش باوەڕی پێی نەماوە و کاتی ماڵئاوایی دۆستانە هاتووە، هەر ئەم پرۆژەیە خۆش دەکرێت دەرفەتێکی وا بخوڵقێنێت چونکە ماکی بە نێودەوڵەتی کردنی کێشەکانی عیراقی تێدایە لەسەر دەستی کێ؟ لەسەر دەستی زۆرینەی شیعە لە عیراقدا.

یەڵڵا کوڕگەل هەر لە ئێستاوە خۆتان بۆ هەردوو ئەگەر بە پرۆژەیەکی کوردستانییەوە ئامادە بکەن، لە جیاتی ئەوەی درەنگانێك ئەم وێستگەیە ببێتە مایەی ناکۆکی تری کورد- کورد بابیکەینە مایەی یەکێتی نەتەوەیی و ماکی یەکلاییکردنەوەیەکی مێژوویی کوردستان و بغداد.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٩-٢٠١٦/١٢/١٠

# یەك كوردستان.. لەگەڵ بەغدا

کوردستانی فیدراڵ بە کەرکوكو ناوچە دابڕێنراوەکانیشەوە وێستگەیەکی چۆنایەتییە لە ڕەوتی تێکۆشانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرەو مافی چارەنووس. خەباتی دژوار رووی لە قۆناغێکی باڵاتری مافی چارەنووسە، کە پاشەکشێی بۆ نییە، سەر وەختی قۆناغی دوای راپەڕینو سەردەمی کۆتاییهاتنی دوو جەمسەری، کە ئاسۆی ئایندەی جیهانی لێڵ نیشان دەدا، یەکێتی وەك ئاوێنەی بەر هەتاو ئامانجی روونو بەرچاوی رۆشن بوو کە کاروانی تێکۆشانی کوردایەتی پێشکەوتووخواز رووی لە هەورازە، بە شێنەییو بە لێبڕاویی، بەڵام راوەستانو لادانی کاتیو بەلارێدابردن قبوڵ ناکات، هێشتا بەعس مابوو، خەڵکی کوردستان لە دژواریو ناخۆشیدا گوزەرانی دەکردو هەشبوون پاسیڤ بوون، کە یەکێتی مافی چارەنووسی کردە دروشمی یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردنی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا، پەرلەمانی کوردستانو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی بەرجەستەکردنی مافی چارەنووس بوو لە وێستگەی فیدراڵیدا. کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئەوکاتەی عیراقیش، لە کوردستانو لە تاراوگە، ئەم بژاردە کوردستانییەی یەکێتی-یان قبوڵکرد، تا ئەوەی لە دەستووری عیراقدا، وەك مۆدێلی حوکمڕانی لە وڵاتێکی دیموکراتیدا جێگیرکرا.

بۆ یەکەمین جار لە مێژووی گەلی کوردستانو سیاسەتی دەوڵەتانی ناوچەکەدا تێزێکی کوردستانیی، کە خاوەنەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لە دەستووری وڵاتدا پەسەندکراو ڕەهەندی دانپێدانانی نیشتمانیو نێونەتەوەییشی وەرگرت.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سیاسەتی ژیرانەی قۆناغبەندکردنی ئامانجە نەتەوەییەکان، کە تا ئێستا باشی هێناوە، لەگەڵ تێکۆشانی هەموو کوردستانیانو حزبەکانی گۆڕەپانی خەبات، دۆسێی ناوچە دابڕاوەکانو دەستەبەری ئابووریو زۆر دەستکەوتی تریشی کردە دەقی دەستووری، کە ئەمە رێگەی راستو دەربەستی تێکۆشانی نەتەوەییو دیموکراسییە، ئەوە کە هێشتا تەواوی ئەم ویستە دەستوورییانە جێبەجێ نەبوون، لە بەهای یاساییو دەستوورییان کەمناکاتەوەو ناشبێت وزەو ورەی تێکۆشان بۆ بەدیهێنانیان پەکبخات. بەتایبەتی کە ئەو

دەسکەوتە دەستوورییە بەرهەمی تێکۆشانێکی کوردستانییو ئەندێشەی هەڤاڵ مام جەلال-ە، وا ئێستاش بۆتە پابەندییەکی دەستووری کە بەغداش ناتوانێتو ناخوازێت لێی پاشگەزبێتەوەو گەرەکە وەك یەك هەرێمی فیدراڵ مامەڵەی لە تەکدا بکات. بۆ ناوخۆی هەرێمیش لەسەر سیاسەتی ناوخۆی کوردستان خۆی وەستاوە کە چۆن ئیدارەیەکی نا ناوەندێتی تایبەت لە چوارچێوەی یەك کوردستانی فیدراڵدا پەیڕەو دەکات، بێگومان ئەمەش جیاواز دەبێت لەو پارێزگایانەی لە چوارچێوەی هەرێمێکدا رێکنەخراون. چونکە ئەوە دوو حاڵەتی جیایە.

ئەمڕۆ زیاتر لەهەر کاتێکی تر راستیی سیاسەتەکانی یەکێتی دەردەکەوێ، کە چارەسەری کێشەکان لە پێداگریی دەستووریو رێکەوتنە لەگەڵ بەغدا، تا ئەوکاتەی زەمینەی وێستگەیەکی باڵاتری مافی چارەنووس دەڕەخسێت، گەڕانەوە بۆ رێکەوتنیش لەگەڵ بەغدا، گەڕانەوەی کوردستانە وەك یەك یەکەی جوگرافیو فیدراڵیو وەك یەك یەکێتییەکی نەتەوەیی، کە پێداگریی دەکات لەسەر تەواوێتیی خاکی کوردستان بە ناوچەکانی تازە بە خوێنی پێشمەرگە رزگارکراویشەوە، بێگومان بۆ چارەسەری کێشەکان لەگەڵ بەغدا، رێکخستنەوەی ماڵی کوردستانیو یەکێتیی ریزەکانی گەلی کوردستانو ئەبدەیتکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانیو پرۆسەی دیموکراسیشمان پێویستە، بۆ ئەوەی یەك کوردستان لەبەر رۆشنایی دەستوورو پێگەی کوردستان لە رزگارکردنی عیراقو ناوچەکە لە تیرۆری داعش، شایستە سیاسی، داراییو ئابوورییەکانی میللەتەکەمان بەدەستبهێنێت.

سیاسەتی یەکێتی، کە لەسەرەتاوە بانگەوازی هەموو لایەکی بۆ کردووە، ئەوەیە:

-نە پەرگیری بەرەو هەڵدێری پەلەپەلی ئامانجە دوورەکان.

-نە پاشەکشێ پێکردنی قۆناغبەندی مافی چارەنووسی تەواوی گەلی کوردستان بەرەو کەرتکردنی پارێزگاکان کە ئەوە دەستووریش رێی پێ نادات‌و جۆرێکیشە لە خەوشی پاشەکشێ لە بەردەم رای گشتیی عیراقییەکانو لە بەردەم کاروانی خەباتی نەتەوەییشماندا.

-نە نادیدەگرتنی ویستو داخوازییەکانی مووچەو گوزەرانو شایستە رەواکانی تری هاووڵاتیانو فەرمانبەرانو مامۆستایانو باقی توێژەکانی تری کوردستان، کە تەنگژەی دارایی لەسەریان کارییە.

دۆخی دژواری ئەمڕۆ، دروستیی بانگەوازەکانی یەکێتی دەردەخەنەوەو یەکێتیش بەو ئاراستەیە دەربەستیی خۆی لە بەرامبەر چارەنووسی نەتەوە، نیشتمانو هاووڵاتیان دووپات دەکاتەوە، وزەی حزبو لایەنەکانی کوردستانیش بەشی ئەو ئەرکە هەمەلایەنە دەکات، کە هیچیان لەسەر حسابی ئەوی تریان نەبێت.

یەکێتی بۆ ئەوە دروست بووەو سیاسەتیش بۆ ئەوە دەکات، کە تێکۆشانی هەمەلایەنە بۆ (خەڵك)و (خاك)ی کوردستان لەسەر دینگەی سەرخستنی پرۆژەی کوردایەتیو سەرفرازیی کۆمەڵی کوردەواری پەرەی پێبدرێت. بەجۆرێك نە لەباری ببەینو نە مرداری بکەینەوە.

ڕێگای ڕاست ئەم ڕێگایەیە، نە ڕێگای تۆمەتبەخشینەوەو نە ڕێگای پاشەکشە لە ئامانجەکان، بەڵکو تەگبیری هاوبەش بۆ چارەسەری کێشەکانی کوردستان، یەك کوردستان، لەناوخۆی و لەگەڵ بەغداش.

*سەروتاری کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٦/١١/١٦

# دیسان یارییەکە تەواو؟

**١**

خەڵکی بەهار دەکات بۆ ئەوەی دیموکراسی بێنێت، لەعیراق بەهار بۆ لەناوبردنی دیموکراسیو دەستبەسەراگرتنی پڕۆسەی حوکمڕانییە.

ئەزموونی بەهاری عەرەبی دەڵێ، لەپێشدا جەماوەر داوای لابردنی حوکمڕانی ستەمکاری دەکرد بۆ هێنانە پێشی حکومەتێکی دەستووریو هەڵبژێردراوی دیموکراتی کە ئەگەر ئەرکەکانی رایی نەکرد بەگوێرەی دەستووری دیموکراتی بیگۆڕنو حکومەتێکی تری لەجێ دابنێن.

هەموو دەستووری وڵاتە عەرەبییەکان بگەڕێی وەك ئەوەی عیراق دیموکراتی نابن، جەماوەر لەوێ بەهاریان کرد تا دەستوورێکی وەك ئەوەی عیراقیان هەبێت. هێشتا لەمیسرو تونس یەکێکی وایان بەنسیب نەبووە، وا لەعیراق "راپەڕینی سەدرییەکان" دیموکراسیو دەستوورەکەیان لابرد.

**٢**

بەڵام بۆچی دیموکراسییەکەی عیراق بەو هەموو باشییەوە نەیتوانی پڕۆسە سیاسییەکە بپارێزێت؟

نەیتوانی، چونکە ئەو هێزانەی نها سەدر کودەتای بەسەردا کردن وەفاداری دەستوور نەبوون، بەتایبەتی زۆرینەی هێزە شیعییەکان دەستووریان لەمانای خۆی بەتاڵ کردەوەو لەقۆناغبەندیکردنی دەستووریشدا گوڵبژێرو بژاریان دەکرد، ئەوی بەدڵی خۆیان بوایە پێشیان دەخستو ئەوی لەدژیان بوایە پەکیان دەخست، لەولاشەوە سوننەکان هەم دەیانخواست لەپڕۆسەی سیاسی بنو، هەمیش لەڕێی "چالاکی چەکدارییەوە" گوشار بخەنە سەر هاوبەشەکانیان، جا لەنێوان زۆرینەیەکی گێچەڵ پێکەر بەدەستوورو سوننەیەکی هەڵوێستی "دوو زەردێنەیی" بڵێی فاکتەری کوردیش بێ گوناە دەربچێت؟ بێگومان کوردیش کەموکورتی هەبوو، لەلایەك

خیتابی لەکوردستان توندو گۆشەگیر بوو، لەلایەکی دیکەشەوە لەبەغدا هەنگاو بەهەنگاو پاشەکشێی لەپێگە پێشکەوتووەکەی خۆی دەکرد.

دەستوور دەقێکی مردووە ئەگەر زیندووەکان نەیبزوێنن و نەیخەنەکار، تەنانەت پەرلەمانی هەڵبژێردراوو حکومەتی هەڵبژێردراویش داماوو زەلیلە، ئەگەر کارەکتەرەکان نەیخەنەکارو بۆ خزمەتی گشتی هەڵینەسوڕێنن.

ئەگەر قۆناغبەندی بکرابایە لەجێبەجێکردنی دەستوور، لەپێشدا ئەحکامە ئینتیقالییەکانی وەك مادەی ١٤٠ جێبەجێ دەکران، لەپێشدا ئەنجومەنی ئیتیحادیو دادگای دەستووریو مەنزومەی دیفاعی عیراقی بە پێشمەرگەشەوە، پتەودەکرا، لەپێشدا یاسای نەوتو گازو دابەشکردنی دەسەڵات رایی دەکرا، لەپێشدا دیموکراسیی پێکهاتەکان دابیندەکراو ئینجا دەچووینە سەر دیموکراسی زۆرینەو کەمینەی سیاسی، کە ئەوە نەکرا بارودۆخ دادەڕزیو داعش دێت، کە داعش دێت تەیاری سەدریش قەڵەو دەبێتەوەو دەبێتە هەڕەشە لەسەر پڕۆسەی سیاسی، وەکو ئێستا وایە.

## ٣

پڕۆسەی سیاسی عیراق مەحکومی سێ مەرجەعیەتە، بۆیە فەراغ دروست دەبێو لەو فەراغەوە هەموو خراپیو ناجۆرییەك دزە دەکەنە ژوورەوە.

-مەرجەعیەتی دەستوورو دیموکراسی.

-مەرجەعیەتی ئاینیی لەنەجەف.

-مەرجەعیەتی کەشوهەوای شەقام دوای بەهاری عەرەبی.

دیمەنی دوێنێی پەرلەمان کۆمیدیای تێکەڵبوونی ئەو سێ مەرجەعە بوو:

-عەبادی لەترسی مەرجەعیەتی ئاینی چاکسازی دەکات، نەك لەترسی دیموکراسی.

-پەرلەمانی عیراق بەگوێرەی ئالیەتی خاوی دەستوور دەیەوێت مامەڵە بکات.

-سەدر بەگوێرەی میزاجی گشتی "بەهاری عەرەب" مامەڵە دەکات کە ئەم بەهارە دەخوازێ میزاجی گشتی ئاراستەی سیاسەت بکات، نەك میزاجی خاوخلیچکی پڕۆسەی دیموکراسی.

هیچ مەرجەعییەتێك کاغەزی ئەویتر ناخوێنێتەوە، بۆیە ئەوە قەوما کە قەوما.

رۆژی لابردنی مورسی-تان لەبیرە؟ سەرۆکێك لە کۆشك بوو، محەممەد مورسی کە "بەهەڵبژاردن هاتووە".

-خەڵکێك لەناو جادە بوون کە سوپایان تەفویز کردووە سەرۆکی ئیخوانییان بۆ لاببات.

-سەرۆکی هەڵبژێردراو بە بەهاری جەماوەر هاتو بە بەهاری جەماوەر رۆیشت.

دیمەنی ئەو شەوە لە گۆڕەپانی تەحریر دیمەنی پێکدادانی چەند شەرعیەتو مەرجەعیەتێك بوو.

دیمەنی دوێنێی پەرلەمانی عیراقیش دیمەنی پێکدادانی چەند شەرعیەتێك بوو کە چیتر ناتوانن پێکەوە هەڵبکەن.

خۆ چارەسەرەکە ئاسان بوو، هەڵبژاردنی پێشوەخت تا نەخشەی سیاسی بگۆڕێت، بەڵام هەمووان دەیانزانی نەخشەکە هەروەکو ئێستا دەردەچێتەوە کە نەخشەی هاوسەنگی پێکهاتەکانی شیعەو سوننەو کوردە.

هەمووان دەیانزانی کە شەڕی داعش ڕێگە بە خەرجی دارایی و خەرجی سیاسی هەڵبژاردنێکی تر نادات، کە هەمان نەخشە دووبارە بکاتەوە.

ئەم "کودەتایە" خەرجی هەرزانترە، هەم پارەی تێناچێ و هەمیش نەخشەکە بۆ گروپێك ساغ دەکاتەوە، ئەما گوایە دوای ئەوە چاکسازی دێت، ئەوا دەبێت بڵێین ئەم هیوایە هیوایەکی دژوارە، چونکە چاکسازی لە دیموکراسییەوە دەست پێدەکات و هەر چاکسازییەك چەترێکی شەرعیەتی دیموکراسی نەبێت، وەکو دیموکراسییەك وایە چەتری شەرعیەتێکی یاسایی نەبێت.

بێ ئەم هاوسەنگییە روومان لەتەواو بوونی عیراقە، یان وەکو نوێنەرە قەدیمەکەی سەدام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، محەمەد دوری وتی: یارییەکە تەواو.

# کۆی دیمەنەکە بە خزمانەوە

## ١

کۆی دیمەنە سیاسییەکەی ناوچەکە یارمەتیدەرمان دەبێت لەدیمەنی سیاسیی عیراق تێبگەین. تا ئەمریکاییەکان لە عیراق بوونو بەهاری عەرەبی رووی نەدابوو، عیراق خۆی چەقی سیاسەت بوو، فاکتەرە ناوخۆییەکانو هاوسەنگی هێزی لایەنەکان رووداوەکانیان ئاراستە دەکردو لە ململانێی پێویستی ناوخۆییەوە گەلاڵەی چارەسەری مامناوەندیش دەکرا. لە وەتەی ئەمەریکا رۆیشتۆتەوە، دۆخەکە گۆڕاوە. جاران عیراق دەتگوت لە تاقیگەدایە، کە فاکتەری ئەمەریکی دەیتوانی هەموو توخمەکانی تر بێ لایەن بکات بۆ ئەوەی توخمە عیراقییەکە تاقیکردنەوەی خۆی ئەنجام بدات. لە ساڵی ٢٠١١وە کە ئیتر ئۆباما سوپاکەی بوشی لە عیراق کێشایەوە، ئەمە نەما. بەهاری عەرەبیش باهۆزێکی هێنایە نێوانەوە، هەلامەتێکی بچووکیش توخمە عیراقییەکان تووشی پژمین دەکات. سەیر ئەوەیە ئەو بەهارە هێشتا لە سوریا بەرهەمێکی نەداوەتەوە، وا عیراق لەگەڵ دەرهاویشتەکانی بەرخورد دەکات.

## ٢

وەك ساتەوەختێکی زێڕین وابـوو، کە دوای کەوتنی سـەددام عیراق چەقی رووداوو بەسەرهاتەکان بوو، لە یاریگای قامیشلو بڵێسەی راپەڕینێکی کورد کڵپەیدا. دوای پەسەندکردنی دەستوورەکەی هومام حەمودی سەرۆکی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، لە ساڵی ٢٠٠٥دا، لوبنان کەوتە هەژانو دیموکراتخوازەکانی لوبنان بە سوریای ئەسەدیان وت: بکشێوە. لە میسری موبارەك هەڵبژاردنێکی نیمچە ئازاد کرا کە ئیخوانە قەدەغەکراوەکان نزیکەی سەد کورسییان هێنا، تەنانەت لە ئوردنیش کرانەوەیەکی سیاسی تێبینی دەکرا. لووتکەی کاریگەرییەکان لە تورکیا دەرکەوت کە پارتی دادو گەشەپێدان خاوەنداریێتی لە چارەسەری پرسی کورد کردو رەوش لە ئێرانیش شەپۆلی سەوز لە ساڵی ٢٠٠٩ پێش بەهاری عەرەبی کەوت.

## ٣

که "بەهاری عەرەبی" کەوتەڕێ، هەموو ئەو پەرەسەندنانەی دەرەنجامی تیشکدانەوەی دیموکراسیو ئەزموونی عیراق هاتەکایەوە، پاشەکشێیان کرد. عیراق، که خۆی چەقی بەهارێکی راستەقینه بوو، له کارلێکەوە بووە کارلێکراو. قەوماوەکانی سوریاو یەمەنو میسرو بەحرین دژە شەپۆلیان ناردەوە بەغداو رومادیو تەنانەت بەردەرکی سەرای سلێمانیش. عیراقی بکەری سیاسی بووە کارتێکراو. بۆیە ئێستا بۆ تێگەیشتن له دیمەنی عیراق گەرەکە کۆی دیمەنی ناوچەکە ببینین.

به حیساب بەهاری عەرەبی دیموکراسیی خۆڕسك بوو، گوایە لەوەدا له دیموکراسییەکەی عیراق جیابوو که لوولەی دەبابەی ئەمەریکا بەرپای نەکردبوو، کەچی وا ئێستا وردە وردە دەردەکەوێت ئەوەی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی به ئاشکرا له عیراق کردیان، له پشتەوە، به دنەدان له پایتەختە عەرەبییەکانی بەهاری عەرەبیدا هەر ئەوەیان کردووە. ئەوی عیراق (دیموکراسیو ئەزموونەکەی ) هاورێی کۆچکردوومان پرۆفیسۆر فوئاد عەجمی ناوی لێنابوو "دیاری بێگانه"، بەو مانایەی خەڵاتی بەلاشو حەلاش قەدری نازانرێت، لێ ئەوی بەهاری عەرەبیش، وەك دیاری پەنهانی بێگانه، زوو بەهەدەرچوو و رووی له خەزان کرد.

کۆی دیمەنی ناوچەکە کار له عیراقی دەم رەشەبا دەکەن. شیعەی عیراق به تەنها نینو له کۆی دیمەنەکەدا شیعەی دراوسێی دوورونزیك هەن. سوننەش، ئەوەی له بەغدا سیاسەت بەرپا دەکاو ئەوی له موسڵ داعشیزم دەلاوێنێتەوە، تەنها نییەو هاوپەیمانی تورکو کەنداوی هەیە.

کوردیش هەر کوردەکەی سلێمانیو هەولێر نینو له کۆی دیمەنەکەدا قەندیلو کۆبانێو سوری ئامەدیش دیارن.

کۆی دیمەنەکە کارەکتەری زۆری تێدایە، که وایکردووە عیراق پردی لەگەڵ دەرەوە زۆر بێو دەرەوەش پردی بۆ ناوەوە ئاوا کردووە. ساین ئەحمەد داود ئۆغلۆ بەم جۆرە حاڵو بارە دەڵێ: ئێمە هەموو خزمو کەسوکاری یەکترین.

## ٤

وەك جارانی ئەفغانستانی دوای سۆڤێت، که بۆ چارەسەری کێشەیەك له ئێران تا تۆران، له کازاخستان تا لەهستان دەبێ قسەی تێدا بێت.

بۆ تێگەیشتن له شانۆگەریی ناوچەی سەوز، پێویستە سەیری درامای زۆر خیانی موسڵ بکەین. چەند لایەنو چەند هێز خاوەنداریێتی له رزگارکردنی موسڵ دەکەن، ئەوەندە هێز کار له عیراقی کارتێکراو دەکەن.

کۆی دیمەنەکە ببینن.

## دۆسیێی دووەم

## کوردایەتی و حزبایەتی لە ناو قەیراندا

# بەهاکانی زەڵێ

ئەم دۆسێیە لەسەر کاروباری حزبایەتییە وەك دامەزراوەی سەرەکی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانە. دامەزراوەیەك ئێستا پڕ کێشەیە و لەگەڵیشیدا بزووتنەوەکەش کێشەدارە. هەڵبەت لەو دوو دەیەی رابردوودا وەکو لەسەر سیاسەتی کوردستانیم نوسیووە لەسەر حزبایەتیشم نووسیووە. دیارە کارەکتەی سەرەکی حزبایەتی نووسینەکانم یەکێتییە وەکو رەخنە لەسەر دیاردەکانی کوردایەتی دەنووسم حزبایەتی و یەکێتیش دەگریتەوە. لە نامیلکەی (تێبینیەکانی حوزەیران) بەشێکیم بڵاوکردەوە. دەکرێ گوڵبژێرێکی ئەم دۆسێیە بەشی دووەم بێت.

# هەڵکەوتنی بواری فێربوون دەبێ ئاستی هۆشیاری بەرزبکەنەوە

-دەبێ سەرەتا بپرسین ئەو شێوازانەی پێشتر پەیڕەو دەکران چی بون؟
ئەندامانی کام ڕێکخستنو کام حیزب؟

لەناو ڕێکخستنێکی وەکو یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا شایەدی دوو قۆناغی لێك جیاوازین لەکاری ڕێکخستنو بەو پێیەش لەشێوازی هۆشیارکردنەوەو ئاڕاستەکردنی ئەندامانی ڕێکخستندا.

هەردوو قۆناغ دەرهاویشتەی هەلومەرجە سیاسییەکان کە کاریان لە ی.ن.ك و ڕێکخستنەکانیشی کردووە.

-قۆناغی یەکەم پێش ڕاپەڕینو قۆناغی دووەم دوای ڕاپەڕین.

ڕەنگە لەناو هەموو قۆناغێکیشدا وێستگەی جیاجیای کاری ڕێکخستنو پەروەردەکردنی ئەندامان هەبوبێت بەڵام بەگشتی فاسیڵەی نێوان ئەم دوو قۆناغە لەباری هەلومەرجی سیاسییو کۆمەڵایەتیو فیکرییەوە بایی ئەوەندە فراوانە کە بێ ترس لەتێکەڵیو قۆناغەکان دەتوانین دەستنیشانی بکەین.

لەقۆناغی یەکەمدا، یەکێتی حزبێکی تێکۆشەری میللەتێکی ژێردەستەی ڕژێمێکی تۆتالیتارە کە هەموو بزاوتێکی سیاسیو ڕێکخراوەیی کورد ڕەتدەکاتەوە. ئەمەش مانای وایە یەکێتی لەقۆناغی تێکۆشانی شۆڕشگێڕییەو ڕێکخستنەکەشی ڕێکخستنی حزبێکی شۆڕشگێڕی قەدەغەکراوە. ئەگەر ئەوەشی بخەینە سەر کە یەکێتی حزبێکی چەپخوازەو لەقۆناغی یەکەمدا بەتەواوی ئەم خەسڵەتە لەشێوەی ڕێکخستنو پەروەردەکردنی ئەندامەکانیشیدا ڕەنگی دابۆوە ئەوا دەتوانین شقڵو شێوازی ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕی نهێنیو پۆلاییینو تۆکمە بهێنینە بەرچاوی خۆمان. بەڵام ئەوەی وایدەکرد ئەم نهێنی کارکردنو پۆلاییینی ڕێکخستنەکەی بەرەو گۆشەگیری نەیباو فەزای ڕژێمی توتالیتاری بەفەزای حزبێکی توتالیتاری نهێنی نەگۆڕدرێتەوە سروشتی ئەو بزوتنەوەیە بوو کە یەکێتی لەپێناویدا دەستی دابۆوە خەبات. بزوتنەوەی کوردایەتی خۆی لەخۆیدا بزوتنەوەیەکی میللی بنکە فراوانەو سەرەڕای نهێنێتی کاری حزبایەتی بەڵام بەهۆی ئەکتیڤی یەکێتیو بەهۆی لەباری

هەلومەرجە شۆڕشگێڕییەکەوە دەرفەتێکی باش بۆ گەشەکردنو فراوانبونی ڕێکخستنەکان بەو پێیەش دۆزینەوەی شێوازی جۆراوجۆری ئاراستەو پەروەردەکردنی ئەندامانی رەخساند. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بوونی ئەندامێتیو فراوانبوونی ڕێکخستنەکە لەدوای راپەڕین گۆڕانی گەورەی بەخۆوە بینی کە ئەمەش قۆناغی دووەمە.

لەم قۆناغەدا شێوازی کاری ئاشکرا لە کوردستانێکی ئـازاددا هاتەکایەوە لەگەڵ فراوانبوونی بنکەی ڕێکخستنو هاتنە ریزی هەزاران ئەندامەوە، هەر لەسەرەتای راپەڕینەوە تەنانەت پێش ئەوەی (ئەو گۆڕانکارییە زۆرە بەسەر بوارەکانی ژیاندا بێتو دنیا بەو شێوەیە بچووك ببێتەوە) پرسیاری ئەوە هاتەکایەوە کە داخۆ ئەو شێوازانەی پێشتر لەپەروەردەو ئاڕاستەکردنی ئەندامان پەیڕەوی دەکرا هەڵسوڕاوی جارانی ماوەو بەکەڵکی ئەمڕۆ دێت. یاخود نەخێر؟ بەواتایەکی تر پێش ئەوەی هەست بەو گەشەکردنەی دونیاو (وەك دەڵێن بوونی دونیا بە گوندێکی بچووك) بکەین ئێمە لەکوردستان بەتەمای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بووین کە ئایا لەگەڵ گەشەکردنی سیاسیی لەکوردستانو گواستنەوەی ڕێکخستنەکان لە قۆناغی قەتیس بوون لە گوندە بچووکە ئازادکراوەکانو خۆحەشاردان لەتۆڕی ڕێکسختنە نهێنیەکانەوە بۆ قۆناغی پەلهاویشتنو بڵاوبوونەوە لەشارە ئازادکراوەکاندا دەبێ شقڵو شێوەی ڕێکخستنو ئاڕاستەکردنی چۆن بگۆڕین. ئێمە وا دە ساڵە، نەك تەنها ئەم چەند ساڵەی دوایی، گفتوگۆ لەسەر ئەم باسە دەکەین هەڵبەتە گومان خستنە سەر شێوازەکانی پێشتر پەیڕەوی دەکران بەمەبەستی پرسیارکردنو دۆزینەوەی شێوازی نوێیە کە ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڵگەی زیندوێتی ڕێکخستنو حزبێکە کە بەردەوام پرسیار لە جەدوای شێوازەکانی پێشووی بکات.

بەندە لەگەڵ ئەوەدام کە شێوازی نوێ بگیرێتە بەر بەڵام تا سەروسەکوتی ئەم شێوازە نوێیانە دەردەکەون، لەگەڵ ئەوەدام شێوازە کۆنەکان لەجیاتی تەفروتوناکردنیان گەشەیان پێ بدرێت.چونکە کارێکی دروست نییە ئەوەی لەدەستمانەو لەسەری راهاتووینو دەسکەوتی ڕێکخراوەیی هەبووە بۆمان هەروا بێ ئەلتەرناتیڤێکی تۆکمەو ئەدگار روون دەست بەرداری بین ئەمە باسێکی هەستیارە بۆیە گرنگە بگەڕێینەوە بۆ ئەوەلیاتەکانی:

-حزب پێکهاتەیەکە کە کۆمەڵێك تێکۆشەری سیاسیی خۆڕسکانەو بێ زۆرەملێ لەپێناو ئامانجێکی سیاسیدا کۆدەکاتەوە.

-ئەم حزبە ناسنامەو ماهیەتی هەرچۆنێك بێت، شێوازێك لە کاری ڕێکخراوەییو تۆڕی پێکەوە گرێدانی ئەندامەکانی پەیڕەو دەکات بەو جۆرەی ئەم ئەندامانە لێك نزیك بن بۆ ئەوەی:

-راوێژ رابگۆڕنەوە لەسەر پرسە هاوبەشەکانو زانیارییەکانی یەکتری تەواو بکەن.

-گیانی هەڤاڵێتی بەزیندوویی‌و هەستی هاوئامانجی لەگەڵ یەکتری بهێڵنەوەو پەرەپێبدەن.

-هەڵوێست لەو پرسە هاوبەشانە وەربگرن بەپێی ئاستی بەرپرسیارێتییە کەرتە جیاجیاکانی هەیکەلی حزبەکە ئەرك‌و فرمانەکان دابەش بکەن‌و بەرنامەی بڕیار لێدراو جێبەجێ بکەن.
-لێپرسینەوە لەوەی جێبەجێکراوە بکەن‌و بەرنامەو سیاسەتی نوێ دابنێین.
-حزب پەرە بەم تۆڕی رێکخستنەوەی خۆی بدات لەباری چەندایەتییەوە زیادکردنی جەماوەو لەباری چۆنایەتیشەوە (پەرەپێدانی توانای ئەندامەکانی).
ئەم ئەوەلیاتە لەهەموو حزبێکدا لەشکڵ‌و شێوەی پەسەندکراوی پەیڕەو و پرۆگرامی حزبیدا دادەڕێژێ‌و کاری لەسەر دەکرێ. شێوازی پەیرەوکراو لەئاڕاستەکردن‌و پەروەردەکردنی ئەندامانداندا ئەگەرچی لەوردەکارییەکاندا زۆر جیاواز بن بەڵام لەهێڵە گشتیەکاندا چوون یەکن. بەمەرجێ هەلومەرجی کاری حزب‌و رێکخراوەیی ئازاد بێت. مەسەلەکە هەروایە.
-بەشە جیاجیاکانی رێکخستن هەریەکەو بەپێی داڕێژراوی خۆی‌و شێوازی پەسەندکراوی کۆنگرەی حزب، کە ئەندامەکانی بڕیار لەم شێوازە دەدەن. ئەرکی پەیوەندی هەڤاڵێتی رێکدەخات. کۆبوونەوە هەیە هی شانە، هی کەرت، هی کۆمیتەو کۆبوونەوەی فراوانتریش یان خولی فێرکردن‌و پەروەردەکردن بەهەموو جۆرو ئاستەکانیانەوە، ئەمانە هێڵی گشتین‌و لەهەموو سەردەمێکدا هەن.
وای دەبینم کۆبوونەوە هەر کۆبوونەوەیە، شێوەی پەیوەندی‌و دۆستایەتی نێوان هەڤاڵان، وەك ئەوەی نێوان ئەندامانی کۆمەڵ، سەرەڕای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی درەنگ گۆڕانی بەسەردادێت بەم پێیەش ئەوەی لەم پەیوەندییەدا رەنگە بگۆڕێ بابەت‌و باس‌وخواستی پەیوەندییەکەیە، بابەت‌و خواسی هۆشیارکردنەوەی سیاسیی‌و ئاڕاستەکردنی ئەندامانێتی. چونکە هەر کۆبوونەوەیە، هەر پێکەوەبوونی هەڤاڵانە گیانی تێکۆشانی حزبایەت جۆش دەداتەوەو هەڤاڵان لەسەر پەرەپێدانی خۆیان‌و پەیەپێدانی حزبەکەیان دەهێنێتەوە جۆش‌وخرۆش مەبەستمە بڵێم لێرە گرفت لەهێڵی گشتی شێوازە پێشتر پەیڕەکراو یان تازە پەیڕەوکراوەکان نییە. بەڵکو گرفت ئەوەیە بەرنامەی پەروەردەکردنەکە چییەو شێوازی گەیاندنی چۆنە؟ گرفت ئەوەیە چی بەئەندامان دەدرێ‌و ئامرازی گەیاندنی ئەم شتە، ئەم هۆشیارییە سیاسییە نوێیە چۆنە؟ ئایا ئەوەی بەئەندامەکە دەدرێ شتی نوێیە. بیروباوەڕی نوێیە کە ئەو نایزانێ‌و نەیبیستووە؟ یان زانیاری نوێیەو لەئۆرگانەکانی سەرەوەی حزبەوە دێتە خوارەوە؟ ئایا لەکۆبوونەوەی حزبیدا کە تائێستا شێوازی گونجاوی پەیوەندی هەڤاڵێتییە جا ئیتر کۆبوونەوە هی شانە بێت یان هی مەڵبەندە گەورەکان ئەم شتە نوێیانە چۆن پێشکەش دەکرێت بەشێوازی گفتوگۆی کراوەو پێك سەلماندن یان بەشێوازی مامۆستا بۆ خوێندکارەکانی لەسەردەمێکدا کە خەریکە ئەو جۆرە فێرکردنە لەبواری پەروەردەشدا دەگۆڕێ؟ وایدەبینم ناتەواوییەکە لەشێوازی تەلقینی هۆشیارکردنەوەیدایە نەك لەو داب‌ونەریتەی حزبایەتی پێ دەناسرێتەوە لەدونیادا.

ئەم تێبینەیە بەپێویست دەزانم چونکە هەندێك جار بانگەواز بۆ ئەفرۆزەکردنی شێوازە کۆنەکان بەشێکە لەهەڵمەتی دژایەتی کردنی حزبایەتی. بەشێکە لەبەرنامەیەکی تەمبەڵ کە دەخوازێ شێوازە لەسەر راهاتووەکان لاببات‌و مسۆگەریش نییە کە پابەندی شێوازە تازەکان دەبێت.

*پێم وایە زانیارییە جۆراوجۆرەکانی‌و هەڵکەوتنی بواری زیاتر بۆ فێربوون‌و خۆرۆشنبیریکردن نابنە جێگرەوەی شێوازە ئاساییەکان بەڵکو دەبنە مایەی بەرزبوونەوەی خۆڕسکانەی هۆشیاری ئەندامانی کۆمەڵ بەهۆشیاری ئەندامانی هەر رێکخستنێکیشەوە. واتا کاری رێکخستن ئاسانتر دەکەن. دەبێ دڵخۆشبین کە ئیتر رێکخستن وەختێك ئەندامێك وەردەگرێ لانی کەمی رۆشنبیری هەیەو بەو رەوشە تازەیەی بڵاوبوونەوەی زانیاری‌و هەڵکەوتنی بواری فێربوون بەردەوام ئەندامەکانی رۆشنبیرتر دەبن.

دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ شێوازە پەیڕەوکراوەکانی رێکخستن هی وڵاتی پێشکەوتوو یان دواکەوتوو، سەرەڕای جیاوازی ئەو شێوازانە، تەنها بۆ هۆشیارکردنەوەی سیاسیی یان رۆشنبیرکردن نییە. بەڵکو بۆ گۆڕینەوەی بیروڕاشە، بۆ تەئکیدکردنەوەی هەڤاڵێتی‌و هاوپەیوەندیشە، بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی رێکخستن‌و حزبە لەپێشهاتەکان‌و لەو سیاسەتانەی حزب دەیگرێتەبەر. مرۆڤ با زانیاری هەبێ، با رۆشنبیر بێت، هەرگیز ئەمە ناکاتە بەدیلی کۆبوونەوەو رەچاوکردنی شێوازەکانی حزبایەتی. بەڵکو پێویستە ئەم زانیاریانە لەگەڵ هەڤاڵانی تاوتوێ بکات، بەپشت بەستن بەو پێشینە رۆشنبیرییەی هەیەتی پێشهاتەکان بخوێنێتەوەو هەڤاڵەکانی لێ ئاگادار بکاتەوە.

*هۆیەکانی گەیاندنی نوێ هێشتا بەتەواوی لەهەموو شوێنێکی وڵاتەکەماندا بڵاونەبۆتەوە. بەتایبەتی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت ژمارەی کۆمپیوتەر لە مەڵبەندەکان کەمن، لەهەندێك کۆمیتەکانی دەرەوەی سلێمانی لەوانەیە هەر نەشبن. باوەڕ ناکەم جگە لەمەڵبەندی سلێمانی هیچ مەڵبەندێکی تر ئینتەرنێتی هەبێت.سەتەلایت هۆیەکی خۆرۆشنبیرکردنەو هەمان ئەو پرەنسیپەی بەسەردا جێگیر دەبێ کە لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا باسم لێوەکرد. دیسانەوە دەیڵێمەوە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەوڵاتی ئێمەدا سنووردارە بەڵام نەك تەنها لەژمارەی بەکارهێنان‌و بەکارهێنەراندا بەڵکو دەتوانم بڵێم تائێستا ٩٠٪ بەکارهێنانەکانی کۆمپیوتەر لەکوردستان بۆ تایپکردنە، رۆڵی تایپیستێك دەگێڕێ‌و هیچی تر.

ئەگەر ئینتەرنێت بڵاوبێتەوە بەوجۆرەی لە وڵاتانی دونیادا هەن ئەوا رەنگە هەندێك کاری پۆستەی حزبی‌و پەیوەندی بۆ دیاریکردنی رێوشوێنی کۆبوونەوە یان چالاکییەکی حزبی بگرێتە ئەستۆ و لەئەستۆی هەڤاڵانی تری لاببات. بەڵام هەرگیز نابێتە جێگرەوەی خودی چالاکییەکە. نابێتە جێگرەوەی ئەو گیانەی لەهەڤاڵێتیدا هەیە. لەبیرمان نەچێ سەرەڕای پێشکەوتنی هۆیەکانی پەیوەندی هێشتا پەیوەندی راستەوخۆی ئینسانی، پەیوەندی‌و

یەکتردیتنی ئەندامانی کۆمەڵ گەرمایی جارانی ماوە. چ جای بۆ حزب کە هەڤاڵێتی تێیدا خۆی بەمەبەستێکی سیاسییو نیازێکی ئاڕاستەکراوە. ئەگەر ئەمە وا نەبوایە لەدونیای پێشکەوتوودا حزبایەتیو بەو پێیەش گەمەی سیاسەت هەر نەدەمان. مرۆڤەکان، بەتایبەتی ئەوانەی ئامانجی سیاسییو کۆمەڵایەتی هاوبەشیان هەیە. بەئیختیاری خۆیان گەرمایی پەیوەندییە رێکخراوەییەکەیان دەپارێزن مەگەر رێکخراو یان حزبەکەیان تووشی سستیو لاوازیو ساردبوونەوە بێت کە ئەوەیان باسێکی ترە.

*(چۆنایەتی) ئاواتو ئامانجێکی تەندروستی هەموو رێکخستنێکی زیندووە. بەڵام (چەندایەتیش) ئەگەر باش هەڵسوڕێنرێ دەسکەوتێکی رێکخراوەیی خراپ نییە لەکوێ تۆ بەناوی پاراستنی (چۆنایەتی) یەوە پاڵ بەژمارەیەکی زۆرەوە بنێتو رێکخراوەکەت لەدۆستایەتی ئەوان بێبەش بکەیتو لەکوێ وایان لێبکەیت سەرەڕای ئەوەی نەگەیشتوونەتە قۆناغی (چۆنایەتی) هەروا، لەرێی خوا، پشتیوانی سیاسەتەکانی حزب بکەن.

راستە (چەندایەتی) هەندێك جار کادرو ئەندامی نەوعی چالاك بزر دەکەنو لەوانەیە هەندێك دەرکەوتو دیاردەی دزێو لەناو رێکخستن بخولقێنن، بەڵام ئەمە لەرێی ئیدارەدانی وەستایانەی رەوشی ناو رێکخستن چارەسەر دەبێتو زەمەنیش دەستەبەری چارەسەرکردنی ئەو (چەندایەتییە) دەکات کە هیچ ئومێدێکی لێ ناکرێت.

بۆگۆڕینی (چەندایەتی) ئەندامانی رێکخستن بۆ (چۆنایەتی)، ئەوە رەنگە باسێکی دوورودرێژ بێت کە بەڕاستی لەتوانای خاوەنی ئەم دێڕانەدا نییە ئەو (شێوازو رێگاو میتۆدو بەرنامەیە) دەست نیشان بکات.

بەڵام ئەز لێرەدا دەپرسم بۆچی ئەم سووربوونە زۆرە لەسەر ئەوەی (چەندایەتی) بکەینە (چۆنایەتی)؟ بەندە وا لەو دێڕە دەڕوانم کە بخوازین هەموو ئەندامانی (چەندایەتی) بکەینە ئەندامی نەوعی. ئەمەش لەگەڵ سروشتی ژیانو رێڕەوی ئەزموونی حزبایەتی لەهیچ شوێنێکی دونیادا ناگونجێ. دەبێ ئێمە رێژەیەك دیاری بکەین کە پێمان وابێ ئەو رێژەیە گەواهی سەرکەوتنی بەرنامەکەمانە. بۆنموونە ئەگەر رێکخستنێك بەپێی میتۆدو بەرنامەیەکی دیاریکراو لە ٧٠٪ یان کەمتر یان زیاتر (بەپێی هەلومەرجی ئەو حیزبە لەناو نەخشەی سیاسیدا) (چەندایەتی) بە (چۆنایەتی) بکات ئەوا سەرکەوتوو بووە. واتا لێرەدا گرنگە بەو بەشەی بەدەستی دەهێنین رازی بین چونکە ئەم رێژەییە لەگەڵ سروشتی ژیانو بزوتنەوەی حزبایەتیشدا گونجاوترە.

لەڕاستیشدا وا چاوەڕوان دەکرێ ئەندامی رێکخستن کە دەبێتە ئەندام گەیشتبێتە قۆناغی چۆنایەتی. بەڵام ئەم گرفتی هاوکێشەی نێوان (چەندایەتیو چۆنایەتیدا) عادەتەن تووشی حزبە دەسەڵاتدارەکان یان حزبە خاوەن ئەزموونو پێگە سیاسییە جەماوەرییەکان دێت. رەنگە بەشێکی ئەم گرفتەش لەوەوە هاتبێ کە حزبەکە هەموو جەماوەرەکەی، هەموو دۆستانی

حزبەکەی بەئەندامی فیعلی حزبەکەی دەزانیو مەیلی ئەوەی هەیە لە ئۆرگانێکدا رێکیان بخات.

لەمیانی جێبەجێکردنی ئەو مەیلەشدا پرسی ئەوە دێتە کایەوە چۆن ئەم ئەندامەی کە لەباری حزبییەوە پەروەردە نەکراوە بکەینە (هەڤاڵێکی فیعلی) ئاخر هەڤاڵ ئەو (هەڤاڵە) پشتیوانی سیاسەتە گشتییەکانی حیزب دەکات نەك هەموو وردەکارییەکی رێکخستنی حزبی!

رێنوێنی یەکانی هەڤاڵ مام جەلال سەبارەت بە گەشەپێدانی کاری رێکخستن:

پێویستە شێوەی کاری رێکخستن گەشەی پێ بدرێتو بگونجێندرێت لەگەڵ سەردەمەکەمان بە:

١-کردنەوەی سەنمتەری رووناکبیریو پەروەردەیی تواناو کەفائەتو بەهرەو هتد.

٢- لەو سەنتەرەدا کۆمپیوتەر، ئامرازی مۆسیقا، ئامرازی ؟؟شێوەکاری هەبن.

٣-بەشی وەرزش هەبێتو گەشەی پێ بدرێت.

٤-بەشی کۆمەڵایەتی هەبێت بۆ سەیران، کۆبوونەوەی خانەوادەییو شاییو شینو حفلاتی گۆرانیو مۆسیقا.

٥-بوونی تیمی گۆرانیو شانۆگەری نیشاندانی فیلمی تەسقیفیو فیلمی خەباتی دێرین لە شاخو شار، نیشاندانی فیلمی بەکەڵك بەهۆی ڤیدیۆوە.

٦-بەستنی کۆڕو کۆبوونەوەی گشتی بۆ بۆنەو رووداوە گرنگی یەکان.

٧-بەستنی سیمینار بۆ هۆشیارکردنەوەو راهێنان بەگیانو ژیانی ئەم سەردەمە.

٨-کردنەوەی یانەی کۆمەڵایەتی بۆ هەڤاڵان.

دروست کردنی تیمی شانۆ، مۆسیقا، تەمسیل، هتد.

***گۆڤاری رێبازی نویێ: ژ٢٦ ساڵی ٢٠٠٢**

# بەهاكانی زەڵێ

پانتایی سەرزەمینی زەڵێ تەنگ‌و تەسكو دوور لە پێداویستی ژیانی شارستانی بوو، لە كوردستانی سەرتاسەردا ئەو پانتاییە تاقە پارچەی ئازادكراوی كوردستانی نیشتمان بوو، لە دەستپێكی خەباتو شۆڕشەوە زەڵێ دەستەخوشكی بۆ پەیدا بوو، ئاوایی و دەڤەری تر بوونە ناوچە رزگاركراوەكانی كوردستان. زەڵێ هەروەك مانگی ئیلهام بەخشی دەستپێك مایەوە.

زەڵێ نیشتمانی سەرەتای بەها و پرەنسیپەكانی یەكێتی و بزووتنەوەی نوێیی رزگاریخوازی گەلی كوردستان بوو.

تەواوی كوردستانی باشوور و تەواوی عیراق وەكو بەعس دەیگوت (من زاخو لحد الفاو) پاماڵی دەست رژێمی دیكتاتۆری بوو. شەرقو غەربی دونیا، رۆم و عەجەم پشیی پشییان بۆ رژێمی بەعس دەكرد، نەوتی دزراوی كوردستانو هی عیراقیش خەرجی چەكو تەقەمەنیو ماشێنی جەنگیی فاشییەكانی دابین دەكرد، بەڵام چونكە زەڵێ بەهاو چەمكو پرەنسیپی هەبوو، چونكە شۆڕشو یەكێتی كیتابو دەفتەرو دیوانیان هەبوو، زەڵێ لە عیراقی بردەوەو قەندیل بەغدای هەژاند.

خاڵێكی سەر سنووری رەسمی عیراق كە بستێكی بچووكی كوردستانی گەورەیە زۆرانبازییەكەی لە بەغدای شۆڤێنی تایفەگەرو مەركەزی بردەوە.

بەهاكانی زەڵێ نەریتی كوردایەتی پێشكەوتنخوازو شۆڕشی دادپەروەرییو دیموكراتخوازی بوو، بیروباوەڕی مام جەلالو ئەدەبیاتی شۆڕشی نوێ بوو. لە بەها نزمەكانی بەعسی بردەوە كە تۆپو تەیارەو سەروەتو سامانی بەتاڵانبراو پارێزگاریی لێ دەكرد.

بەهاكانی دیموكراسیو فیدرالیو مافی چارەنووس جوگرافیای عیراقی تەنیەوەو سەرەڕای پاشەكشێ و لادانەكانی عیراقی ئەمڕۆ، دەستوورەكەی بەو بەهایانەی زەڵێ رەنگڕێژ كردەوە. فەرماندەی ناو چەقی زەڵێ، خۆی بووە سەركۆماری ناو چەقی بەغدا.

ئەو كاتە كورتبینەكان پێیان وابوو بەغدای هێزدار كێوماڵی زەڵێو بەهاكانی دەكا، بەڵام بە سەبری ئینقیلابی درێژخایان بەهاكانی زەڵێ نەبەردی راماڵینی تەواوی عیراقی سەرخست.

ئەمە وانە گەورەكەی مێژووی هاوچەرخی كوردستانو رەوتی ململانێی عیراقی نوێیە.

كە هێزی بەهاکانو ڕەوایی مەسەلەی کوردستان بەسەر بەهاکانی هێزدا زاڵ دەبێو دەیباتەوە.

لەم پێکوتە کورتەی ئێستادا، بەهاکانی زەڵێ لەباریدایە تینوتاو بداتەوە بە کوردایەتی و مافی چارەنووس. کارێك بکات وەکو جاران بەهاکانو بیروباوەڕو چەمکە ئاوەدانەکانی کوردایەتی پێشکەوتنخواز زاڵببنەوەو بیبەنەوە.

لەوانەیە وابێتە بەرچاو بەهاکان سڕبوون، وشەکان ساردوسڕو مردوون، لە ڕاستیدا وشەکان هەر ورەکان گیانیان وەبەردا دەخەنەوە.

خوێنەری بەڕێزو یەکێتییە جێی ئومێدەکان، بیهێننەوە بەرچاوی خۆتان: ڕۆمانێکی سوارچاکانی زووت لەبەر دەستدایە. ڕۆمان وشەکانی کپو بێدەنگو بێ جولەن. لەگەڵ خوێندنەوەدا پەیتا پەیتا ئەسپەکان حیلەیان دێ، سوارچاکەکان جولەیان تێدەکەوێو تۆزی ڕەوتی تیژڕۆ داستان دەجولێنێت. بەهاکانی زەڵێ وان، پانتایی بچووکن، زۆر نابەن دەتەننەوە. ئیقلیمگیرن دەبن.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/٥/١٩

# مەترسییەکانی سەر حزبو حزبایەتی لە کوردستاندا

١

## گوشاری دەرەکی داگیرکەران

حزبایەتی لەهەر دوو بەرەی ئەوروپا (رۆژئاوا دیموکراسیەکەیو رۆژهەلاتەکەشی، یان قۆناغە شۆرشگێرییەکەی رۆژهەلاتی ئەوروپا)، وەلامـدەرەوەی پێویستییەکە، پێویستی گەشەی بژاردەی هەلبژاردنی دیموکراسیو ئالۆگۆری دەسەلات کە وردە وردە فراکسیۆنی بەرژەوەندییەکانو ململانێی هەلبژاردنو ململانێی سیاسیی، رووی حزبێتی و خۆرێکخستن لە چوارچێوەی حزبێکدا کرد.

لە نموونە شۆرشگێرییەکەی کە دواتر بووە نموونەی رۆژهەلاتی، سۆڤێتی، بەلەشەفی، ستالینانەی حزبایەتی، ئەویش دەربڕی پێداویستی خەباتی نهێنی، یان شۆرشگێری، بوو.

لە نموونەی کوردستاندا، (لێرە باسی نموونەی چەپی سەرتاسەری ناکەین) حزبایەتی وەلامـدەرەوەی پێویستی دامـەزراوە دانانە بۆ کوردایەتی. جا ئیتر کوردایەتی لە حالەتی خەباتی ژێرزەمینی یان شۆرشی چەکدار، یان لە حالەتی کرانەوەی کاتیی رژێمە سەروەرەکانی سەر کوردستان بێت، حزبایەتی لە دۆخی وا دا پێویستییەکی نەتەوەیی جێبەجێ دەکات. بە واتایەکی تر پێویستییە بۆ کەینونەی سیاسیی گەلی کوردستان لە حالێکدا هەموو دامودەزگا سیاسییەکانی تر بە گوێرەی پێداویستییەکانی داگیرکەرانو دەولەتی نەتەوەی سەردەست دیزاین کراوە.

رەنگە حزبو باقی دامەزراوەکانی تری بزووتنەوەی کوردایەتی لەو هەیکەلە سیاسییە دەگمەنانە بن کە کورد بۆ پێویستی خەباتی سیاسیی خۆی دروستی کردبێت. لەبەر ئەوە ئاساییە حزبی کوردی وەك شتێکی کوردانە، با تەنانەت چاولێکەرییەکی رۆژئاوایی یان بەلشەفیش بێت، زۆرترین گوشاریی نەیارانی کوردی لەسەر بێت بۆ: قەلاچۆکردن، هەلوەشاندنەوە، درزتێخستن، دابەشکردنو بەلارێدابردن. ئەمە ستایشکردنی حزبی کوردیو گەورەکردنی لە خوتوخۆرایی مەترسییەکانی سەر حزبی کوردی نییە، بەقەدەر ئەوەی

تەشخیشکردنی واقیعێکە وایکردووە حزبی کوردی هەمیشە گرفتدار بێت لە قۆناغی جیاوازی خەباتی کوردایەتیدا. بەم مانایە حزبی کوردی گوزارشتە لە رەوتو رێبازی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، ئەگەر یەك حزبمان هەبیٚو گوزارشتە لە رەوتە جیاجیاکانی ئەو بزووتنەوەیە، ئەگەر چەند حزبمان هەبن.

## ٢

## مەترسی ناوخۆیی-دەرەکی

مەترسییەکی ناوخۆیی-دەرەکیش هەیە کە ئەویش بە دەوری خۆی هەڕەشەیە بۆ سەر حزبایەتی لە کوردستان.

ناوخۆییە چونکە هەڕەشەکە لە ناوخۆی وڵاتە. دەرەکیشە سەبارەت بە حزب، حزبەکان، چونکە لە دەرەوەی حزبەکانو لەناو پرۆسەی سیاسیدایە.

یەکەم-جۆرێك لە نەهلستی (عەدەمیەت) هەیە کە حزبایەتی لەناو پرۆسەی سیاسیی دیموکراسیدا رەتدەکاتەوە، ناوبانگی دەزرێنیٚ وا وێنای دەکات کە کۆتو زنجیرە، دیموکراسییو ئازادی پیشێل دەکات.

هەنجەتی ئەمانەو ڕەخنەکانیان لە کێشەو گرفتەکانی حزبی کوردیو ئەزموونی حزبی کوردییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئاخر حزبی کوردی وەکو چۆن سەرکەوتنەکانی کوردستانی هەیە، ئاواش بەرپرسیاری کێماسییو شکستەکانیشە.

کێشەکانی حزبی کوردی لە ناوخۆیو لەگەڵ یەکتریدا بۆتە دەسکەلا بەدەست نەهلستییەکانی نێوەندی رۆشنبیریی کوردییەوە کە هیچ خەسڵەتێکی باش لە کاری جەماعی حزبایەتی نەبینن. ئەمە وا دەکات ئەو رۆشنبیرانە هەڵسەنگاندنێکی بابەتی بۆ رۆڵی حزب لەناو کایەی سیاسیی کوردستانو ئەندازەی خەتاو کەموکوڕیو رێژەیی رۆڵی هەر حزبێك لەو بەستێنەدا، نەکەن.

دووەم:-پرۆسەی سیاسیی لەناو ژینگەی دیموکراسیی راگوزەردا هەمیشە جۆرێك لە کەموکوڕی دروست دەکات کە لە جیاتی حزبایەتی تەقلیدیو خاوەن هەرەمی بەرپرسیارێتیو بەرنامەی تۆکمە، رەوتی سیاسیی کاتی، ئیئتیلافی فشۆڵی سەردەمی هەلبژاردنو لیستی هەڵبژاردنی وا کە لە تەوەرەی کەسایەتی سیاسیی دیاریکراو دەخولێتەوە، جیٚ بۆ خۆی بکاتەوە. ئەم دیاردەی لیستو ئیئتلافی بان-حزبو رەوتی سیاسیی فشۆڵ لە ئەزموونێکی دیموکراسیی سەقامگیری ئەوتۆ کە حزبەکان پتەو بنو نەریتی ئاڵوگۆری دەسەڵات لە ناویان (لە ناوخودی حزبەکان)و لەناو پرۆسەی سیاسیی دا جێگیر بێت، ئاساییە، بەڵام لە حاڵێکدا ئەمانە نەبن دیاردەی ئیئتلافەکان، رەوتە سیاسییە فشۆڵەکانی سەردەمی هەڵبژاردنو لیستی تەوەرە کەسایەتییەکان دەبنە بەڵاو سەرەخۆرە بۆ دیموکراسییەکی سەقامگیرو هەڵبژاردنێکی

خولەکی وا کە جەدوای بۆ دەوڵەمەندکردنی کەلتوری سیاسییو ئاڵوگۆری حوکمڕانی هەبێت.

سێیەم: ئیئتلافەکان لەکاتی هەڵبژاردن پێك دێنو دوای هەڵبژاردن لێك جیا دەبنەوە. هیچ بەرپرسیارێتییەکی مۆراڵی لە ئاستی سەقامگیری سیاسیی، لە ئاستی دەوڵەمەندکردنی کەلتوری دیموکراسیی ناگرنە ئەستۆ. ئەگەرچی پێکهاتنی لیستە کەسییو کەسایەتییەکان دیاردەیەکی دیموکراسییە، بەڵام لە غیابی نەریتی پتەوی حزبایەتیدا دەبنە جێگرەوەیەکی لەرزۆکی حزب. خوردیلە ململانێو موزایەدەو موناقەسەو پەرشو بڵاوی دەکەنە وێنەی باوی پرۆسەی پەرلەمانیو لەناو کۆی کایەی سیاسیدا. ئەم جۆرە دەرکەوتانەی کاتی هەڵبژاردن لە لیستو رەوتو ئیئتلافەکان هیچ بەرپرسیارێتییەك لەبەرامبەر جەماوەر، تەنانەت لەبەرامبەر دەنگدەری هەمیشە گۆڕاویش، ناگرنە ئەستۆ. چونکە ئەمانە حزب نین کە جێگیر بن، بارەگایان هەبێو لێپرساوێتی رەسمی هەڵبگرن، موحاسەبە بکرێنو سزا وەربگرن بەڵکو ئەمانە هەر نۆبەتێکی هەڵبژاردن ناو دەگۆڕن، شوێن دەگۆڕنو هەر وێستگەیەکی سیاسیی بە بەرنامەو دیدێکی ناجێگیرەوە دێن. سیاسەتمەدارو سیاسەتی رۆژنو هیچ کەڵەکبوونێك بۆ کەلتوری دیموکراسیی دروست ناکەن. کارێکیش دەکەن ئەو کاتەی گوایە پێکەوە لەگەڵ روناکبیرانی نەهلستی بەرەنگاری حزبایەتی تەقلیدی دەبنەوە، کەچی رەوتی میللیگەرایی وا دروست دەکەن کە بە ئەندازەی نزیکییان لە جەماوەریتیو دیموکراسیی، بە ئەندازەی ئەوەش نزیك بن لە جۆرێك لە فاشیزمو تەوەرەسازی لە دەوری کەسایەتیو کەسایەتییەکانی سەر شاشەو ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لەجیاتی ئەوەی لایەنی خراپی هەرەمێتی نادیموکراسیی ناو خودی حزبەکان چارەسەر بکەن، پێکهاتە سیاسییەکان لە لایەنی باشی هەرەمێتی حزبایەتی وەك نیشانەی بەرپرسیارێتیو ئەزموون بێبەش دەکەن. لەجیاتی ئەوە پێکهاتەیەك جێگیر دەکەن کە یەك کەسایەتی ستوونی هەبێو ئەوانی تر (هەر جەماوەر) بن. دیارە ئەمەش وێنەیەکی کاریکاتۆری پەیوەندی زەعیمو جەماوەرە لە نموونە نازییەکەیدا.

ئەم رەوتە لە حزبایەتی وەك خودی فەزای دیکتاتۆری رژێمە دیکتاتۆرەکانن، مەترسین بۆ سەر حزبایەتییەکی تەندروستو سەرەنجام رێگەش نادەن کێشە دەروون حزبییەکانیش بە قازانجی گەشەپێدانی حزبەکانو لەوێشەوە حزبایەتیو ململانێی حزبایەتی لە هەر وڵاتێك لە کوردستانیش بێگومان، برۆن.

## ٣

### مەترسی دەروون حزبی

جیاوازی لە پێکهاتنو چیرۆکی گەشەکردنی حزبو حزبایەتی لە کوردستان، بەهەموو تایبەتمەندییەکانیەوە، نە دەبێ بکرێتە بیانوو بۆ خۆدزینەوە لە ئەرکە دیموکراسییەکانی

نوێکردنەوەو چاکسازی حزبیو نە دەشبێت بکرێتە باعیسی نائومێدی بەجۆرێك حزبایەتی سەقامگیر جێی خۆی بۆ ئەنارشیزمی سیاسییو ئیئتیلافە بێ پەروا، بێ سەروبەرە، بێ مەنزومە فیکرییەکانو لیستە کاتییەکانی وێستگەی هەڵبژاردنەکان چۆڵ بکات. بەڵام بۆ ئەوەی حزبایەتی ئەو دوو جۆرە لە مەترسییو هەر جۆرێکی تری مەترسی بۆ سەر ئەم نەریتە سەنگینەی دیموکراسیی چارەسەر بکات پێویستی بە چارەسەری گیروگرفتە بونیادییەکانی خۆی هەیە.

ناکرێو ناشێ بونیادی حزبی کوردی وا لەڕو لاواز بێت لە وێستگەی جەوهەریدا مەناعەی زاتی بەرامبەر لە رێ لادانو بەلارێدابردنو لاوازکردن نەبێ. توخمە پێکهێنەرەکانی توانای بەرهەمهێنانی وزەی پاراستنی ئامانج، شێوەی کارکردن، نەریتی دیموکراسیی ناوخۆیی نەبێتو هەر فاکتەرێك لابەلا ویستی وێڵی بکات ئەمی حزب نەتوانێ بەرگە بگرێت.

١-دەگوترێ سەرمایەداری بێ سەرمایەدار، سۆشیالیزم بێ سۆشیالیستخوازەکان نابێ. ئێ بێگومان دیموکراسییو ململانێی دیموکراسیش بێ حزبی دیموکراتی ناکرێو سەرناگرێ. دیموکراسی ناوخۆیی زامنی گەشەی دیموکراسیی ناو پرۆسەی سیاسییو هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی گەمەی هەڵبژاردنو ململانێی حزبەکانە. حزبی خاوەن پێکهاتەی پتەو زامنی پرۆسەیەکی دیموکراسیی ژیارییە لەناو کۆمەڵگەو وڵاتدا.

٢-چارەسەری دیاردە خراپەکانی لێك ترازانو دابڕانو پاکتاوکردنی نەرمی حزبی بە گەشەپێدانی ژیانی تەندروستی دەروون حزبیو پشووی دیموکراسیی دەبێت. راستە حزب یانەی فیکری نییە، بەڵام غیابی فیکرو نەبوونی جیاوازی مەکتەبی فیکری لەنێوان حزبەکاندا کارەساتێکی گەورەیە کە هیچ نرخێك بۆ حزبایەتی و ململانێی حزبی ناهێڵێتەوە. لە ڕاستیدا ئەو وتەزایە هەڵەیە کە نەبوونی جیاوازی فیکری لەناو فراکسیۆنە حزبییەکاندا وەك نیشانەی ئیجابیو خێرو فەڕ لە قەڵەم دەدرێت، گوایە ئەمە بەڵگەی (رووکەشی و ناقووڵی) کێشە حزبییەکان بێتو سەرەنجام هەڵگری ئومێدی چارەسەری کێشەکانە مادام گوایە قووڵ نین! بەپێچەوانەوە، ئەمە دەرکەوتێکی خراپە کە دەیسەلمێنێ جیاوازی ناو حزب لەسەر پاوەرو پارەو بارستاییە، ئەم دۆخەش هیچ شەڕێکی مەغلوبە یەکلایی ناکاتەوە. لە کاتێکدا دەبێ خۆزگە بە ململانێی فیکری بخوازرێت چونکە دەشێ لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا فیکرو ئەزموونی حزبی دەوڵەمەند بێت. لەوانەشە لەو رێیەوە کێشەکانیش چارەسەر ببنو حزبەکان لە ترازانو پەرتبوونیش بپارێزرێن.

٣-لە غیابی فیکرو هێڵی فیکری تۆکمەو نەریتی حزبی جێگیردا قەوارەی حزب لە جیاتی ئەوەی کار لەسەر کۆمەڵگەو بەهاکانی بکات بە پێچەوانەوە بەهاو نەریتە جاهلیەکانی ناو کۆمەڵگە، کاری خراپ لە ئاراستەکردنی دەکەنو بە دەردەکانی ناو کۆمەڵگەوە ئالودەی

دەكەن، لە جیاتی ئەوەی ئەو دەردانەی ناو كۆمەڵگە چارەسەر بكات.

-/غیابی دیموكراسیی ناوخۆیی وا دەكات حزبەكان تووشی پەستانی خوێن، پەستانی نەوەكان ببن‌و وەك ئاوی مەنگ ڕەنگیان بگۆرێت‌و بۆنیان ناخۆش بێت.

هەندێك جار سەركردایەتی موخەزرەمی حزب بە دانانی قورسایی لەسەر دیموكراسیی دەرەوە، لەرێی كاندیدكردنی بزێوەكان، رازی كردنی ناڕازییەكان بە پۆست‌و ناوینشانی پەرلەمانی‌و دەوڵەتی، كێشە دەروون حزبییەكان پەك دەخاو دوا دەخا. واتا جۆرێك لە هەناردنە دەرەوەی تەنگژەی دیموكراسیی ناوخۆیی حزبی بۆ ناو دونیا فراوانەكەی كۆمەڵ‌وپرۆسەی سیاسیی وڵات پەیرەو دەكات، چونكە ناو كۆمەڵ‌و پرۆسەی سیاسیی وەك قەوارەی دەروون حزبی حەریفانە نییە تا مل نەداو چارەسەری جەوهەری بۆ كێشەكان بخوازێت.

بەمە سەركردایەتی حزب تەنگژەی پێویستی گۆڕانكاری لە حزبەوە دەگوازێتەوە بۆ كۆمەڵ‌و فەزای پرۆسەی سیاسی.

٤-هەڵەیە كێشە دەروون حزبییەكان هەر لە كێشەی سەر، یان سەركردەی حزب قەتیس بكرێت. بێگومان ئەوە دۆسێیەكی گرنگە ئەگەر وەك ململانێی سەركردەو رەمزە دیارەكانی حزب سەیر بكرێت، بەڵام لە بیرمان نەچێت لە پاڵ ئەویشدا ململانێی ناوەندەكانی هێز هەیە كە بەهۆی بەهرەمەندبوون لە توانای دارایی، سەرمایەی رەمزی هێزو دەزگای قودرەتمەندی جیاجیا بەشێكن لە ململانێ‌و كێشەكان‌و تەنانەت لە دۆخی ململانێی ناوخۆییشدا. ململانیكان قەتیس دەكەن‌و لێناگەرێن شێوەی جەدەلی حزب‌و كێبركێی تەندروست بگرێتە خۆی. بەڵكو ئەو ناوەندانەی هێز لە وەختێكدا ململانێكان وەكو دیاردەیەكی دیموكراسیی نیشان دەدەن، كەچی بە قەتیس كردنی ئەو ململانێیانە لە بازنەیەكی بەرتەسكدا ململانێی دیموكراسیی تەندروست مۆنۆپۆل دەكەن. لەنێوان گەورەكاندا ئیدارەی دەدەن‌و یەك بژاردە دەخەنە بەردەم (خوارەوەكان) كە ئەویش پاشگری‌و بوونە بەشێك لە یاری گەورەكانەو هیچی تر. تەبعەن بێ هیچ خەزینێكی فیكری یان سیاسیی پێویست بۆ ململانێی ناو هەناوی حزبی سیاسیی. بە جۆریك تاقە رێگا لەبەردەم خوارەوەكان هەر ئەوە دەبێت: یان بوونە بەشێك لە ململانێكان، یان پارانەوە لە هێزدارەكان بۆ چارەسەری كێشەكان لە سەرەوەو رێككەوتنی گەورەكان لەسەر لانی كەمی یەكگرتوویی‌و پێكەوەیی، گوایە نەبادا قەوارەی حزب بكەوێ و پتە بێ. بەمەش ململانێی دەروون حزبی پێویست بۆ گەشەی حزبی نامێنێ‌و ململانێی (لێواری تەنگژە)، كە هەر ساتێك شایانی تەقینەوەیە، جێی دەگرێتەوە.

٥-ئەم ژینگەیە بێ ئومێدی‌و نەهلستی حزبی‌و بێ پەروایی لە گیانی هەڤاڵبەندی و پێكەویی پەرەپێدەدات‌و كارێك دەكات كادیری حزبی بژاردەی بكوژ بگرێتەبەر، واتا یان لێك ترازان، یان وازهێنان، یان سەرهەڵگرتن‌و یان بوونە نەیاری حزب‌و پەیوەست بوون بە رەوتی ئارناشیزم‌و فەردانیەت‌و ئەنانیەتەوە. كە ماشەڵڵا لە كوردستان زۆرن و كەم نین. جا لەكاتێكدا

حزبایەتی بریتییە لە کەڵك وەرگرتن لە کۆششی دەستەجەمعی، سەرەنجام لەم دۆخە حزبییە نا تەندروستەدا دەبێتە قەوارەی پەکخستنی وزە تاکە کەسییەکان.

لە دۆخی وا دایە کادێری ناوەنجیو خوارەوە تووشی دیاردەی (قەیرەیی) دەبێت کە نە لە ریزبەندی حزبایەتی پێش دەکەوێتو نە رێگە دەدا نەوەی دوای خۆی شانسی خۆی لە کایەی چارەنووسو ئایندەدا تاقی بکاتەوە.

٦-زیرۆکردنی کێشەکانی حزب بە ژیاندنەوەی نەریتی حزبایەتی، وەفاداری بەرامبەر وادەو رێوشوێنی کۆنگرەکانو قبوڵکردنی کۆنگرەو کۆنفرانسو کۆبوونەوە گشتییەکان دەبێت وەك جێگرەوەی تەندروستی مۆنۆپۆڵکردنی حزب کە رێگا بۆ لادانو ترازانو کەم کاریگەری هەر حزبێك لەناو پرۆسەی سیاسییدا خۆش دەکات.لەکاتێکدا هەموو ئەو شتانەی لێی دەترسینو گوایە بەهۆیەوە کۆنگرە دوا دەخرێت رۆژانە بە بەرچاومانەوە روودەدەنو ئەوی باعیسی دواخستنی ئیستحقاقی حزبییە هەر روودەداتو گرفتەکانیش هەو دەکەن.

رەوینەوەی ئەو مەترسییانە گرنگە، چونکە دامەزراوەی حزب تاقە دەرفەتی دامەزراوەی کوردستانییە لە هەلومەرجێکدا دامەزراوەی تر بە دیزاینی نەیاران کراوەو دەکرێنو کورد جگە لە حزب هیچ دامەزراوەیەکی کاریگەری سیاسیی تری نییە کە شانازی پێوە بکات و بڵێ بەشێکم لە دونیای هاوچەرخ. لێرەوەیە چارەسەری گرفتە دەروون حزبییەکان پرسێکی گەورەی بەرپرسیارێتی گشتییەو دەبێ هەمووان خۆیانی لێ بکەنە خاوەن.

جا وەك دەزانین حزب خۆی دەکاتە خاوەن لە هەموو پرسەکانی کۆمەڵگە. هەڵبەت بۆ ئەوەی ئەو خاوەندارێتییە باش جێبەجێ بکات گەرەکە کۆمەڵگە لەسەر کێشە دەروون حزبییەکانی حزب قسەی هەبێو بەرپرسیارێتی گشتی خۆی جێبەجێ بکات، وەگەرنا دیموکراسی کوردستایی هەر لە قۆناغی دارەڕا دەمێنێتەوە. پێ ناگاو زۆر ئاسان لەناو دەبرێ، پێش ئەوەی ئەرکەکانی بۆ کوردایەتیو بۆ پرۆسەیەکی سیاسیی تەندروست، جێبەجێ بکات.

بە پەککەوتنو لەناوچوونی هەر حزبێکی کوردیش عەدادی ئەزموونو یادەوەری خەزێنی سیاسیی ئەو حزبە کە بۆ خزمەتی کوردستان خەزینێکی گەورەیە، سفر دەکرێتەوە. مەگەر دەستەبژێری کوردستانی بۆ هەر ئەرکێکی نوێ سەرلەنوێ لە سفرەوە تێهەڵبچێتەوە. ئاخر نەتەوەی خواپێداو شتی وا ناکات. چۆن نەتەوەی داماو وا دەکات؟

*دووتوێی ساڵۆنی کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/١٢/١٠

# دەزگای (ڕێبازی نوێ) تان پێ چۆنە؟
# پرۆژەیەك بۆ راگەیاندنێكی نوێی یەكێتی

نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤ ئەم پرۆژەیەم لەسەر پەرەپێدانی ڕاگەیاندنی یەکێتی نووسی کە لەسەر بنچینەی دامەزراندنی دامەزراوەیەکی تری ڕاگەیاندن بینا کرابوو. ناوی دامەزراوەی "ڕێبازی نوێ"م بۆ پێشنیاز کردبوو بۆ ئەوەی مێژووی دێرین بە هیوای دوارۆژی ڕاگەیاندنێکی باشتر ببەستمەوە. هەروەها ناوەکە وایە کە بێ ئەوەی بە ڕەسمی ڕاگەیاندنی یەکێتی بێ هەموو کەس بزانێ هی یەکێتییە.

پرۆژەکەم نارد بۆ چەند هەڤاڵێکی ساحێب نەزەر لە سەرکردایەتی یەکێتیو هەندێك لە خاوەنانی ئەزموون لە ڕاگەیاندنی یەکێتیدا.

لەگەڵ هەر کەسێك گفتوگۆم کرد دەمگوت شار کە کۆنو قەرەباڵەغ بوو وڵاتان شارێکی تری بە تەنیشتەوە دروست دەکەن. با ئێمە شارێکی نوێ بۆ ڕاگەیاندنی یەکێتی دروست بکەین. هەر هەڤاڵێك ڕەخنەیەکی هەبوایە لە کاری راگەیاندن وەکو درەید لەحام، لە فیلمی (راپۆرت) دا، دەمگوت: هەمووی لە راپۆرتە پرۆژەکەدا هاتووە، جا چونکە راوێژی بەلاش بوو کەس لێمی نەکڕیو باوەڕیان بە ریشی سپی بیستو پێنج ساڵەی کاری راگەیاندنم نەکرد.

لەوانەیە دۆخی ڕاگەیاندنی یەکێتیو دۆخی پارەدارکردنی ڕاگەیاندن لە کوردستان وا گۆڕا بێت کە ئەم پرۆژەی منیش دوای سێ ساڵ، بۆ ئەمڕۆ دەست نەداتو لە چاو بیرۆکەی نوێ هەر زۆر کۆنەپەرست بێت. هێشتا ڕەوشە داراییەکە واخراپ نەبوو، بۆیە گەشبین بووین بە مانەوەی زۆری کەناڵەکانمان، بەڵام ڕەنگە ئێستا ڕەنگە پێویست بکات لەوە کورتتری بکەینەوە. لەو ماوەیەدا کەناڵی حوریەو ڕۆژنامەی ئیتیحادو چەندین رادیۆی ناوخۆیی نەمان، ڕەنگە ئەمڕۆ هی تریش زیادبن نازانم!

پرۆژەکە وا نووسرابوو بۆ پوختکردنەوەی راگەیاندن بێت، ڕەنگە ئێستا پوختکردنی زیاتری بوێت، لەبەرئەوە ویستم دەستکاری بکەم و بیرۆکەی نوێی بخەمە سەر، بەڵام دواجار وتم ئەو

کات چۆنم گوتووە ئەم کات وا داینمەوە.

حەتمەن ئەم سەرەقەڵەمانە کەمێك بە دڵی خاوەن روانگەی نەریتی لەناو ڕاگەیاندنی یەکێتی نابیو گەنجەکانی ئەمڕۆش کە لە من باشتری دەزانن پێی رازی نابن. جا وەرن پێشی خەنو ڕەشی کەنەوەو ڕەتی کەنەوە. ئەوی بە زارەکی گوتتان کە کاتێ پرۆژەکەتان خوێندوە نها بیخەنە سەر کاغەز بەڵکو خێرخوازێك، وەك زەمانی سەرۆك مام جەلال، لەگەڵمان حەلو فەسەڵێکی دەکات.

ئەم پرۆژەیە لەسەر چەند بنچینەیەك دادەمەزرێت:

١-راگەیاندنی ئێستای یەکێتی بەم هەیکەلەی ئێستای خۆیەوە ئەرکی مێژوویی خۆی کۆتایی پێ هێناوە.

٢-ئەم راگەیاندنە چەند توخمێکی سەرکەوتووی هەیە لە کەناڵەکان، لە میدیاکارانو نووسەرانو کادێرو تەکنیکارەکانی.

٣-ئەم توانا مرۆییو ماددیو مەعنەویانە دەتوانن لە چوارچێوەی هەیکەلێکی نوێدا ئەبدەیت بکرێنەوە. بەڵام لەم چوارچێوەی ئێستاو لەم ژینگە تەقلیدییەدا ئەو توانایە ئەگەر نەپوکێنەوە ئەوا، یان خۆیان دووبارە دەکەنەوە یان دەڕۆن بۆ دامەزراوەی ترو لە دەست یەکێتی دەردەچن.

٤-ئەم شێوە کارەی ئێستای راگەیاندنی یەکێتی لە رووی لانی کەمی بەرهەمهێنانی سیاسیی، ئیعلامیو تەنانەت لانی کەمی خۆژیاندنو پەیداکردنی سەرچاوەی داهات تا سەر نابێت و دارایی یەکێتی دەرەقەتی ژیاندنی ئەم ئیمبراتۆرییە پان و پۆڕە نایەت.

٥-زۆریو بۆریو پەرتوبڵاوی لە دامەزراوەکان لە بەشەکانو لە ژمارەی کارمەندانی بن دیوارو جیهازی بیروکراتی ئیدارە رێگر دەبێت لە هەر پوختەکردنەوەو سازدانەوەیەکی راگەیاندن تەنانەت ئەگەر بەرنامەیەکی (طموح) و ژیرانەش هەبێت بۆ چاککردنی.

٦-بەشێك لە دامەزراوەکانی راگەیاندنو بەشەکانی مەکتەبو ناونیشانەکان وەکو ئیستیحقاقی حزبی، سیاسی، ناوچەییو وەکو جۆرێك لە راهاتنو تەقلیدیەتی لێهاتووە چۆن دەستیان لێ بدرێت چاك نابن.

٧-لە جێی چاککاریو پاچکاری لەم دامەزراوەی ئێستا هەیکەلی دامەزراوەیەکی دیکەی راگەیاندن بە گوێرەی ئەرکەکانی قۆناغو پێویستی یەکێتی بۆ راگەیاندن دابنرێتو دابمەزرێتو پاش داڕشتنی هەیکەلەکە بە بڕیاری سیاسیی توانا باشەکانی راگەیاندنی ئێستا(توانا مرۆییو مەعنەوییەکان، کەرەستەو دەرامەتو داهاتەکانی راگەیاندنی ئێستای بۆ نەقڵ بکرێتو ئەم گواستنەوەیەش بە گوێرەی پێویستی دامەزراوە تازەکە بێت.

٨-ماوەیەکی دیاریکراو بۆ دروستکردنی هەیکەلە تازەکە دابنرێتو تا تەواو دەبێت ئەم راگەیاندنەی ئێستاو کەناڵەکان کارەکانی خۆیان بکەنو لەگەڵ تەواوکردنی هەیکەلی نوێدا

بە گوێرەی سەقفی زەمەنی پرۆسەی نەقەلەکە بە نەرمیو شێنەیی بێ هیچ زیانو بەریەککەوتنێك جێبەجێ بکرێت.
٩-هەیکەلەکە بەپێی پرەنسیپی گونجاندن لەگەڵ پێویستیەکانی یەکێتی لە بواری راگەیاندن دابڕێژرێت نەك گونجاندنی یەکێتی لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەفرادەکاندا.
١-سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی تواناکان (اعاده توزیع الکافات).
ب-سەرلەنوێ دارشتنەوەی هەیکەلەی دەزگای راگەیاندن (اعاده الهیکله).
ج-سەرلەنوێ پەروەردەکردنی توانای کادیران (اعادة تأهیل الكوادر).
١٠-ئەم پرۆژەیە دوای تاوتوێکردن، چاککردنو پەرەپێدانی ببێتە بڕیاری سیاسیی یەکێتیو جێبەجێ بکرێت.
دەزگای (ڕێبازی نوێ) بۆ راگەیاندنو رۆشنبیریی
یەکەم کۆمەڵەی چاپەمەنییەکان:
-رۆژنامەیەکی رۆژانە (دەکرێ ناوی کوردستانی نوێ ی بۆ بەکار بێتو وەکو خولی دووەم بێت).
-گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسیی.
-گۆڤارێکی هەفتانە بە زمانی عەرەبی.
دووەم- کۆمەڵە تەلەفزیۆنییەکان:
-تەلەفزیۆنێکی گشتی، هەمەرەنگو دراما.
-تەلەفزیۆنێکی هەواڵیو سیاسیی.
سێیەم: کۆمەڵەی رادیۆکان:
رادیۆیەکی گشتی سەرتاسەری بە کرمانجیو سۆرانی.
رادیۆیی محلی لە ئاستی پارێزگاکان:
١-رادیۆی سلێمانی.
٢-رادیۆی کەرکوك.
٣-رادیۆی هەولێر.
٤-رادیۆی دهۆك.
٥-رادیۆی گەرمیان.
چوارەم-کۆمەڵەی سایتو سۆشیال میدیا.
١-سایتێکی گشتی کە بەشی ئەم زمانانەی تێدا بێت:
-کوردی سۆرانی.
-کوردی کرمانجی.
-عەرەبی.

-ئینگلیزی.
-فارسی.
-تورکی.
بەشی کوردی ئەم سایتە وەکو ژووری بەرهەم هێنانی هەواڵو راپۆرت بێت بۆ هەموو کەناڵەکانی دەزگاکە.
-بەشەکانی تریش هەواڵو راپۆرتی بەشە کوردییەکە+هەواڵو راپۆرتی گرنگی کەناڵەکانی دەزگاکە وەربگێرێت بۆ سەر زمانەکانی تر، بە مەرجێك ئەو وەرگێردراوانە تەنها ئەوانە بن کە بۆ خوێنەرانی ئەم زمانانە گرنگن.
٢-تۆرێکی سۆشیال میدیاکە:
-چەندین پەیجی جیاجیای تێدابێت.
-چەندین پەیجی تویتەری تێدابێت.
ئەم پەیجانە بکرێت بە دوو بەشەوە:
-ناڕاستەوخۆ بۆ داکۆکی کردن لە یەکێتی لەبەردەم هێرشەکاندا.
-راستەوخۆ بۆ برەودان بە کەناڵەکانی راگەیاندنی یەکێتی.
-پەیجی تایبەت بە ریکلامکردن بۆ تەلەفزیۆنەکانی یەکێتی وەکو گۆڤاری الاذاعة والتلفزيون
٣-خزمەتگوزاری مونیتەرینگ:
-انصات بە عەرەب.
-انصات بە ئینگلیزی.
-انصات بە فارسی.
چوارەم-گروپی پەیمانگەی پێگەیاندنی رۆژنامەوانیی بۆ:
أ-پێگەیاندنی رۆژنامەنوس.
ب-دیزاینەرو دیکۆریستو مۆنتێر پێگەیاندن.
ج-پێگەیاندنی بێژەرو پێشکەشکاری بەرنامەو پەیامنێربۆ کەناڵەکان.
د-کۆنتاککردن لەگەڵ پەیمانگاکانی پێگەیاندنی میدیاکار لە کوردستانو عیراق و دەرەوە بۆ پێگەیاندنی کادیرانی راگەیاندن بە گوێرەی پێویستی کەناڵەکان.
ە-پێگەیاندنی چاپکارو ناردنی گباع بۆ خولی پێگەیاندن بۆ چاپخانەکانی یەکێتی.
هەیکەلی ئیداری دەزگاکە.
ئەنجومەنێکی هەماهەنگی کە پێکدێت لە:
أ-سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن.
ب-جێگرو ئەندامانی کە پێکدێت لە بەرپرسی کەناڵەکان.

ئەنجومەنی هەماهەنگی بەرنامەی ساڵانەی کەناڵەکان دادەڕێژرێت.
-هەماهەنگی لەنێوان کەناڵەکانی دەزگاکە دروست دەکات بۆ کەڵك وەرگرتن لە خزمەتگوزارییە گشتییەکانی یەکتری، بۆ ریکلام کردنو ناساندنی یەکتری.
-هەفتانە کۆبوونەوە دەکات بۆ داڕشتنی سیاسەتی هەفتانەو پەکخستنی خیتابی ئیعلامی کەناڵەکان.
-کەناڵەکان سەربەخۆیی ئیداریو دارایی خۆیان دەبێتو بەشێوەی لامەرکەزی کار دەکەن.
کەناڵەکان:
١-کەناڵەکان هەر یەکەیان کۆمپانیایەك بۆ خۆیان دادەمەزرێنن بۆ ریکلامو تەسویقو بۆ (چاپخانەش) بە نیسبەت رۆژنامەکەوە، توانای دارایی لەو بودجەی یەکێتی بۆیان تەرخان دەکات+ریکلامو داهاتی تریان، تەنها بۆ پەرەپێدانی کەناڵەکانی خۆیان دەیخەنە گەڕ.
٢-هەر کەناڵەو رۆژانە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کەناڵەکە دەکات بۆ دانانی بەرنامەی رۆژنامە بۆ (رۆژنامەو گۆڤارەکان کۆبونەوەوەی دەستەی نووسەران دەبێت).
تێبینی گشتی:
١-دەزگای (رێبازی نویێ) وەکو دامەزراوەیەکی گشتی تۆمار کراو کار دەکات کە یەکێتی پشتیوانی ماددیو مەعنەوی دەکات. سەرۆکو جێگری ئەنجومەنەکەو بەرپرسی کەناڵەکان لەلایەن مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو ئەنجومەنەکەوە دیاری دەکرێت، بەڵام وەکو دامەزراوەیەکی میدیایی موحتەریف کار دەکات کە وردە وردە هەوڵی خۆبژێوی بدات+ پاڵپشتی ماددی یەکێتی.
٢-گروپەکان لامەرکەزیەتی کار پەیرەو بکەن بۆ خولقاندنی گیانی پێشبڕکێ (مونافەسە)
فەلسەفەی راگەیاندنی یەکێتی:
لەسەر سێ پایە کاردەکات:
١-کاری فرۆفیشناڵی راگەیاندن لە وەختی شێنەیدا.
٢-داکۆکی لە سیاسەتی یەکێتی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ.
٣-بەڕێوەبردنی کەمپینەکانی یەکێتی لە کاتی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکاندا.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٧/٤/١**

# یەکێتی بۆ هاوخەباتی ناوخۆیی و ناوکۆیی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بۆ یەکێتی ریزەکان،

بۆ دیموکراتیزەکردنی کوردستان،

بۆ سەرخستنی پرۆژەی رزگاری نەتەوەو نیشتمان دروست بوو. دۆستو هاوخەباتی ئەوانەیە کە ئەو ئامانجانەیان هەیەو نەیاری سەرسەختی نەیارانی ئەو ئامانجە پیرۆزانەیە.

هەر کەسو لایەنێك نەیارێتی ئەو ئامانجانە لە خۆی شك نابات ئەبێ بێ خەم بێت کە یەکێتی دوژمنی نییە، هەر کەسو لایەنێك بۆ ئەو ئامانجانە تێدەکۆشێو لە مەیدانەکەدایە دەتوانێ بێ خەم بێت کە یەکێتی دۆستو هاوپەیمانێکی بەهێزێتی.نەیارێك کە نەیاری دیموکراسیو کوردستانێتیو یەکسانیو دادپەروەریو مافی چارەنووسەو مەزەندەی دۆستایەتی لە یەکێتی بکات یان خۆی فریو دەدات یان گەرەکێتی یەکێتی فریو بداتو پێی وایە دەتوانێ ماسکی درۆ لەدیداری یەکێتیدا لەبەر بکات، هەڵەو پەڵەیەو شاش لە یەکێتی تێگەیشتووە. ئەگەر هەبن لە کەسەکانو لایەنەکان ئامانجی پیرۆزی کوردستانیو دیموکراسیو مافی چارەنووسیان هەبێت کەچی لەگەڵ یەکێتی تووشی بەریەککەوتنو پێکهەڵپڕان بێن ئەوا دیارە هەڵەیەك هەیەو هەڵەیەك کراوەو شاشییەك لە وێنەکەو هەڵسەنگاندنی هەبووەو هەیە کە دەبێ ڕاست بکرێتەوە.

هێز لەکوردستان تا بمێنێو ڕەوایی هەبێو شایانی مانەوە بێت دەبێ ئەو ئامانجە پیرۆزانەی هەبێ کە یەکێتی هەیەتی، با بە ئیتجهای جیاو ستایلی جیاوازیش کارو خەباتی بۆ بکات. هێز لە کوردستان وا بێت یەکێتی لە گەڵیایەتیو خۆی دەکاتە هێزێکی سەربارو سەر ڕاست بۆ دۆستایەتیو هاوئامانجی.

هێز لە کوردستان بەوە دەکەوێتو خۆی قاو دەدات لە شانۆی ڕووداوو بەسەرهاتەکان کە ئامانجەکانی شایانی سەرهەڵدانو پێکهاتن نەبێت.

ئەمانە بنەمان لای یەکێتیو بۆ ئەو بنەمایانەش یەکێتی دۆستو یارە. بەپێچەوانەوە مام گوتەنی: ئەوەی دۆستایەتیمان بکات دۆستایەتی دەکەینو ئەویش نا، سەری دای لە تاشەبەردەکانی کوردستان.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٨/٦/١**

# کۆنگرە داخوازی منداڵانەیە!

ڕەنگە وابێتە بەرچاو کە داوای بەردەوامی بەستنی کۆنگرە بێ لێکدانەوەو تەخمینو تەقدیری دۆخی ململانێو بەریەککەوتنی کتلەکان داوایەکی "منداڵانەیە" چونکە داوای وا هەر داوایە. یان بۆ خۆنمایشکردن یان سپێردراوییە تا گروپەکان یەکتری پێ بێزار بکەن.
خاوەنانی تێزی "داخوازی منداڵانە" لەو کاتەی ئەم دەستەواژەیە بۆ توانجو تیلەبازی بەکار دێنن بە خۆیان نەزانیوە ڕاستییەك دەسەلمێنن. ڕاستی ئەوەی فیعلەن ئەم داوایە منداڵانەیە. ئاخر خەسڵەتی داوای منداڵانە گەڕانەوەیە بۆ کەمێك لەبەرائەتو پاکێتی، بۆ کەمێك لە پرەنسیپو ڕاستی کە گەورەکان ئەوەندە زاخ چووە بەدڵیانا لە دەستیان داوە. منداڵێتیو بەرائەتو ڕاستیگوتنی ئەوەی ((من پاشام بە ڕووتی بینیو ئەوە درۆیە کە دەڵێن جلەکەی بەری جوانو شایانەو باڵاپۆشێتییە)) ساتەوەختێکی جەوهەرییە بۆ وێستگەیەکی دیکەی پەرەسەندنی جوڵانەوەی ژیان، ژیانی سیاسیو گشتی وڵاتو کۆمەڵگە. داخوازی منداڵانە گەڕانەوەیە بۆ پرەنسیپەکان پێش ئەوەی ڕاستیو دژواری ژیان ملی پرەنسیپەکانی چەماندبێتەوەو بۆ بەرژەوەندی نارەوای ئەمو ئەو ملی بادا بێت.
ئەسڵ لە کاری حزبەکان هەڤاڵێتی ئارەزوومەندایە، ئەسڵ لە خەباتی حزبەکان پێکەوەیی بۆ ئامانجی هاوبەشو پێگەوە گرێدانەوەی هێزی تاكو هێزی هەمووانە تا جوڵەی سیاسیی پەلەتر بێتو بەرهەمی بەدیهاتوو بەهێزتر بێت.
ئەسڵی بەشداری لە حزبایەتی ئەگەر لەوڵاتی ئاساییە ئەوەیە ئەم کاری دەستەجەمعیە بەقەدەر گەشەی سیاسیو پێگەینی ژیانی مەدەنی گەشە بکاتو شتێك دیموکراسی بێت. ئەسڵ لە حزبایەتی ئەگەر لە وڵاتی خاوەن کێشەو گرفت بێت لە گەڵ داگیرکەران ئەوەیە حزبی شۆڕشگێر بێت. ئەگەر دیموکراسییەکەشی پێرفێکت نەبێت هیچ نەبێ شۆڕشگێربوونی، عەداڵەتی شۆڕشگێڕیو پرەنسیپەکانی ئەوەی تێگەیاندبێت کە بژارکردنو کۆکردنەوەی باشترین وزەو تواناکانی لە جوغزی کۆنگرەو پلنیومو کۆبوونەوەی فراواندا پێداویستییەکی شۆڕشگێڕیو ئیرادەیەکی خێرە بۆ گەشەی حزب لەپێناو ئامانجەکانیدا. ئەگەر تەنانەت

حزبەکە زۆریش دیموکراتی نەبێت، یان دیموکراتی لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەدگاری نەبێت. لەهەموو دەرکەوتەکانی حزبدا کۆنگرە هەقەو پێویستە بۆیە منداڵانەیە.
حزب هی گەورەکانە، هی خاوەن قاڵبوویی‌و ئەزموونە کە بەربەستەکان دەبینن‌و رەچاوی دەکەن. بەڵام حزبی گەورەو حزبی گەورەکانیش جاربەجار قسەی هەقی پێویستە. قسەی بەرائەتی منداڵانی گەرەکە کە بەرژەوەندییە مەیوەکان رەچاو نەکات. رەچاوی دۆخی چەقبەستن‌و گەچبەستن‌و تەکەلەس نەکات‌و شتێك بجولێنێ.
گوتنی داخوازی منداڵانە مانای وایە هێشتا حزب سەرەڕای ئەزموونی بردنەوەو شکستی، لادان‌و سەرکەوتنیشی هێشتا بەرائەتی خۆی لەدەست نەداوە.

*رۆژنامەی هەواڵ، رۆژی: ٢٠١٨/٦/٢

# دیاردەی هاوتەریبی

زەرورەتیبەستنی کۆنگرەی نوێکردنەوەی یەکێتی تەنیا بۆ بای باڵی دیموکراسیو زیادکردنی ژمارەیەکی تازە نییە بۆ سەر ژمارەی کەمی کۆنگرەکانی یەکێتی.

ئەو پێویستیە پێش کۆچی دوایی سەرۆك مام جەلالیش هەبوو، بەڵام زەرورەتی کۆنگرە لەمرۆدا هەر بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەم نییە، بەڵکو بۆ:

*سەر رێگاخستنەوەی پەیکەری دەسەڵاتو هەرەمی حزبیو گۆڕینی چەمك و ئەندامێتی یەکێتییە کە ئێستا جۆرێك پێوە دیارە.

*زیندووکردنەوەی تایتڵی هەڤاڵێتیو ئەندامێتی یەکتێتییەکانە کە تەکەتولو باڵباڵێنەکانی رابردوو مستەکۆڵی زۆری لەفەرهەنگی هەڤاڵێتی داوە.ئێستا هەڤاڵێتی لەناو یەکێتی کراوەتە قوربانی وەلائی گروپەکانو سەیرکردنی هەڤالان وەك غەیرەو نەیار.

کۆنگرە هەروەها بۆ رێکخستنەوەی تواناو دەسەڵاتە لەگەڵ پەیڕەوی حزبیو گونجانیانە لەگەڵ ناونیشانو سنوری دەسەڵاتی دامەزراوەکانو بەرپرسیارێتییەکان. چەقبەستنی دامەزراوەکانو زۆر مانەوە لەدەسەڵاتو لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان، بێ چۆڵکردنو بێ گۆرانکاریو مت بوونو مەینی هەرەمی دەسەڵاتەکان کارێکی کردووە دامەزراوەی بەرامبەرو ناونیشانو بەرپرسیاریەتی هاوتەریب دروست ببێت.

لەهەر رێکخراوەیەکی ئیداری، هی دەوڵەتی بێت یان رێکخراوەی حزبی، ئەگەر گۆرانکاری روونەداتو ئۆرگانەکان بە سروشتی پێویستی گۆڕان، یان بە ئامرازو نەخشەڕێی هەڵبژاردنو دیموکراسی ناوخۆیی، نوێنەکرێنەوە ئەوا پەستانی رێکخراوەیی دروست دەبێتو بەگوێرەی نفوزو دەسەڵات دامەزراوەی هاوتەریب دێنێتە کایەوە، کە رەنگە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆو شەرعیەتی حزبی بێت، بەڵام وا قیعێکەو دروست دەبێت.

نابێت هۆکاری ئەو هاوتەریبیە لە نفوزو دەسەڵاتەکان تەنها بخرێتە ئەستۆی لاساریو هەڵاوسانی دامودەزگا حزبییەکانەوە.

ئەو کارە لە کۆڵخۆکردنەوەی هۆکارەکانو باش دەستنیشان نەکردنی کەموکوڕیو کێماسییە

حزبییەکانە. هەموو دیاردەیەکی هاوتەریبی لەدامەزراوەکان نیشانەی خراپ بەکارهێنانی نفوز، یان ئارەزووی لاساری کردن نییە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی نوێنەکردنەوەی بەرپرسیارێتیو مشتومالْنەکردنی رێوشوێنی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانە.

نەکردنی کۆنگرە و چەقبەستنو زۆر مانەوە لە بەرپرسیارێتی، یان پەرەپێنەدانی هەیکەلەی دامەزراوەکان، بەگوێرەی پێویستی سەردەم، هۆکاری سەرەکی هاوتەریبیو قەرەباڵغی بەرپرسیارێتییە.

هەموو زەمانێكو قۆناغێك بەرپرسو بەرپرسیارێتیو هەیکەلەی دامەزراوەیی قۆناغی خۆی، دیسان بەگوێرەی پێویستی سەردەم، دروست دەکات.

گۆنگرەکانو پلنیۆمەکانو تەنانەت ووْرك شۆپەکانیش بۆ ئەوە باشن جەدوای دامەزراوەکانو سنوری بەرپرسیارێتیو ئالْوگۆڕی بەرپرسیارێتی هەڵبسەنگێنین، بۆ ئەوە باشن وزە تازەکانو خواستو هیوا تازەکان، دوای دەمەزەردکردنەوەیان، بکرێنە چوارچێوەی دامەزراوە رەسمییەکانەوە..

بزوتنەوەی ژیان، بەبزوتنەوەی ژیانی سیاسیشەوە، راناوەستێ، بەڵکو بەردەوامە. رووباری گۆڕانکاری کە بەتەوژم دێت راناوەستێو ئەگەر رێرەوی ئاسایی بۆ نەکرێتەوە لادانەکانی قەدبڕ دەبێو جۆگەلەی تر دەکاتەوە.

هۆکاری سەرەکی دروستبوونی دیاردەی هاوتەریبی لەدەسەلاَتەکان لەحزبدا لەبەر ئەوەیە دامەزراوە شەرعیەکان کەمتەرخەمن لەخۆ نوێکردنەوە، بۆیە پێکدادانی دەسەلاَتەکانو بەریەککەوتنی ئاراستەی کۆنو نوێ دەبینین لەجیاتی ئەوەی ئاوێتەبوونیان بەرهەمی چاك بداتەوە. ئەمە شەرعیەت دان نییە بە لاساری بەڵکو دەستنیشانکردنی هۆکاری سەرهەڵدانێتی

بەستنی کۆنگرەکان لەکاتی خۆیدا، گۆرانکاری لەبەرپرسیارەتیەکانو گۆڕانکاری سەردەمیانە لە هەیکەلەی حزبیو دامەزراوەکانی باشترین رێگەیە بۆ گەشانەوەی بەهای هەڤاڵێتیو ناشتنی تەرمی تەکەتولو تەکەلوس بێ ئەوەی حزب لەتوانا کۆنو تازەکانی بەتاڵ بکرێتەوە.

هەر بەوە شەرعیەتی حزبی لەژەنگهێنانو وزەی نوێی حزبایەتیش لە لادانو داڕزان پارێزراو دەبن.

***ئەم وتارە لە گەڵ وتاری (کۆنگرە داخوازی منداڵانەیە) بەشێکە لە زنجیرە وتاری (وەرزی دووەمی تێبینییەکانی حوزەیران).**

***سایتی مەودا پرێس، رۆژی: ٤-٦-٢٠١٨**

# مەسەلەی چینایەتی لەناو یەکێتی-دا

ناونیشانەکە چاو خەڵەتێنەرە. وایە کە مانای ئەوە بدات بەدەستەوە کە دەیەوێت باسی پرسی چینایەتی بکات لەروانگەی یەکێتییەوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەم وتارەم بۆ روانگەی یەکێتی نەنووسیووە. بۆ ناوەرۆکی واقیعی حاڵی جیاوازی چینایەتی لەناو یەکێتی نووسیوە.هەڵبەتە جیاوازیی چینایەتی بەمانای شرۆڤەکردنە کۆمەڵایەتییەکە نا بەتەنها، بەڵکو بەمانای تێکچوونی شیرازەی حزبو حزبایەتی لەرووی رێکخراوەیی، پلەبەندی بەرپرسیارێتی، نفوزو رەوایەتی دەسەڵاتو بەلارێدابردنی وزەی ماددی یەکێتی بۆ رێچکەی پەیداکردنی پاوەری سیاسییو دەسەڵاتداری. ڕاستە کە ئەم دیاردەیە، دیاردەی جیاوازی لەتواناو نفوزو پاوەری ماددیو سیاسی، لەناو هەموو حزبە کوردستانییەکان هەیەو زەقە، بەڵام بوونی شەرعیەتێکی تێرو بەپێی پێویستی نییە بۆ داپۆشینی هەبوونو بۆ پاساودانەوەی لەرێ لادانی حزبی لەناو یەکێتیدا. لێرە ئێمە لەسەر دیاردەی جیاوازی توانای دارایی کە جیاوازی چینایەتیش دەخولقێنێ قسە ناکەین وەك دیاردەیەك کە دەبێ لەڕووی لەقاودانی گەندەڵی دارایی و پەیڕەوکردنی شەفافیەت کاری بەرپەرچدانەوەی بۆ بکرێت. بێگومان ئەوە گرنگە، بەڵام ئەوە بەشێکە لە هیمەتێکی گشتی بۆ بەرەنگاری گەندەییو گەندەڵی لە کۆی کایەکانی دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا، هی حکومەتو هی حزبو هی دامەزراوە گشتییەکان. ئێمە قسە لەسەر جیاوازی نارەوا لە دەسەڵاتی دارایی دەکەین کە سەرەنجام دەسەڵاتی سیاسییو پاوەرو نفوزی نارەوا ئەدات بە هەندێك کاراکتەری سیاسیی لەسەر حیسابی ناوونیشانو ناوەرۆکی کارو پلەبەندی بەرپەرسیارێتیش کە زۆر جار ئەو ناونیشانانە بە زەرورەت دەسەڵاتی دارایی دابین دەکەنو دەشێ لاساریشیان بەدواوە بێت.

لێکدانەوەیەکی هەڵەیە ئەگەر پێمان وا بێ ئەم جیاوازییە چینایەتییە بۆیە هەیە چونکە حزبەکانی ئێمە نیشتمانین نەك چینایەتی بۆیە جیاوازی چینایەتی لەنێوان ئەندامەکانیش هەیەو ئاساییە. ئەم گوتەزایە ئەو کاتە ڕاست دەبێت کە حزبەکانی خاوەن پەیکەری بەرەیی وا بن کە ئەندامەکانیان خۆیان لەبنچینەدا دەوڵەمەندو هەژارو مام ناوەنجی بن نەك دوایی

بەهۆی حزبو نفوزییەوە وایان لیٚ بیٚت.
ئەم لاسارییە کە ناونیشاندارەکانو خاوەن پلەکان دەیکەن گەندەڵییەکی داراییو بەلاریٚدابردنی دەرامەتو دەسەڵاتی داراییە. بەڵام لەدەرەوەی ئەم ناونیشانانە بوونی دەسەڵاتی دارایی بەدەست هەندیٚکەوە کە ناونیشانو پلەبەندییان ئەو مافەیان ناداتیٚ دەسەڵاتی داراییشیان هەبیٚ، سەرەنجام سەرئەکیٚشیٚ بۆ پەیداکردنی نفوزی سیاسیو بەلاریٚدابردنی رەوتی دابونەریتی حزبیش.
ئەم دیاردەیە زۆر بەزەقی لە رۆژگاری تەنگژەی دارایی وەك ئیٚستای وڵاتدا بەزەقی دەردەکەویٚت کە هەوڵدەدات دەلالاتو پەنجەمۆرو پشتیوانی بکریٚتو دابین بکات بۆ کەسانیٚك کە نفوزەکەیان لەناکاو هەڵتۆقیوەو دەسەڵاتەکەشیان بەقەدبڕی پەیدا بووە.
ئەمە وەك ئەوە وایە لە بزاوتی کۆمەڵایەتیو سیاسیی گشتیدا ببینیٚت کەسانو کارەکتەرانیٚك هەن بەهۆی دەوڵەمەندییەوە دیٚنە ناو کایەی سیاسەت یان بەهۆی کایەی سیاسییەوە دەوڵەمەند دەبن کە ئەمە لە رەوتی ئەزموونەکانی هەر حکومیٚك بینراوە. بەڵام لەناکاو پایەداربوونی داراییو پاوەر پەیداکردنی سیاسیی کاریٚك دەکات حزبەکان شیرازەیان بشیٚویٚ وەك چۆن کۆمەڵگە لە قۆناغی ئینتیقالیدا، لە چەرخی کرانەوەی بیٚ حیسابو کیتابدا دەوڵەمەندی لەناکاو و ئەستیٚرەی لەهیکرای لیٚ پەیدا دەبیٚت وەك ئەوەی لەسەردەمی ئەنوەر ساداتدا سەداح مەداحیان پیٚدەوت، یان بە دەوڵەمەندەکانی زەمانی کرانەوە ناسراو بوون.
لەدیاردەی حزبایەتی کوردستاندا دوو حزبی کوردستان لەبارترن تووشی دەردی "دار الملوك" ببن کە دەکاتە دەردی حوکمڕانی کە وا دەکات کەسانیٚك لەناو حزبدا ئینتەلا بکەن کە هیچ هونەریٚکیان لە خۆیان نیشان نەداوە. ئەم دیاردەیە لەناو حزبە هەژارەکانی دەرەوەی فەرمانڕەوایی کەمتر هەیە بەڵام مانای ئەوە نییە روونادات یان کە چوونە دەسەڵات تووشی (داو الملوك) نابن. هیندە هەیە کەس ناتوانیٚ تۆمەتی پیٚشوەختە بڵیٚتو ناو لەپی هەژارەکان بخویٚنیٚتەوە کە سبەی دەوڵەمەند دەبن، جا بۆیە با لەڕیٚوە قاچیان بشکیٚنین. ئەوی داو المولکی هەیە نیشانەکانی زەقترن کە حزب دادەرزیٚنیٚو هەرەمی ریٚکخستن تیٚك دەداو گۆرانکاری دراماتیکی لەناوچەکانی نفوز دروست دەکات بیٚ ئەوەی نیشانەی ئاڵوگۆری تەندروستی دەسەڵاتی ناوخۆی حزب بن.
وا بەزەقی دەبینین لەم چوار ساڵەی تەنگژەدا کادیرەکانی ناوەڕاست گوزەرانیان چۆنەو پاوەریان لە حزبدا تا کویٚو هی تریش لەکویٚیە؟
چارەسەری ئەم گرفتە جەوهەرییە هەر چارەسەریٚکی داراییو ئیداری نیە، بەڵکو پیٚش هەموو شتیٚك بژاردەیەکی سیاسییە بۆ ریٚکخستنەوەی حزبایەتیو نویٚکردنەوەی بەها گشتییەکانی.

*سایتی شارپریٚس/ ئەیلولی ساڵی ٢٠١٨

# پایەدارکردنی کادیری ناوەندی لە حزبدا

یەکێك لە سیماکانی نوێبوونەوەی حزبو لە نموونەی یەکێتیشدا بونیاتنانی نەریتێکی یەکێتییانە کە بۆ قۆناغی تازەی تێکۆشانی دەست بدات. پەرەپێدانی رۆڵی کادیری ناوەندە. داخوازی رەوا بۆ پەرەپێدانی رۆڵی کادیری ناوەند بۆ ئەوە نییە لە وێستگەیەکی کاری حزبیدا ئەم چەمکە بۆ ئەوە بەکار بێت کۆمەڵێك کادیری ناوەندی بچەنە سەرکردایەتیو پۆستە باڵاکانو ئیتر ئەم باسوخواسە بپێچرێتەوە. بەتایبەتیش لە دۆخێکدا کە بەهۆی دیاردەی دواکەوتنی کۆنگرەوە زیاتر لە چەند نەوە لە کادیری ناوەندمان هەیە و لەبەر دەرگای کۆنگرە، ئەرکو هەقی خۆشیانە، ڕاوەستاون تا ئیستحقاقی کەڵەکەبووی خۆیان ببینن رۆڵبگێرن. لە ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی حزبەکەیان، بەڵکو چەمکی پەرەپێدانی رۆڵی کادیرو سەنگ پێدانی لە هەڵسوڕانی حزبدا ببێتە مەسەلەیەکی ستراتیژیو نەریتێکی بەڕێوەبردن. بانگەواز بۆ لابردنی ستەمی حزبی لەسەر کادیری ناوەندی نابێ هەر تەکتیکی دەوری کۆنگرە، پلنیۆمو وێستگە حزبییەکان بێت بەڵکو ئەبێ ستراتیژێکی نوێکردنەوەو نیازێکی بونیاتنانەوە بێت. یەکێتی هەر پێویستی بە کادیری ناوەند نییە لە وێستگەی کۆنگرەدا شاباشیان بەسەردا هەڵبدرێت. کادیری ناوەندی ئەڵقەی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتیو بنکردایەتی، نێوان حزبو جەماوەرەکەیەتی. ئەگەر حزب وەکو دیاردەیەکی گشتی ناو کۆمەڵ چاو لێبکرێتو خۆشی (کۆمەڵێك) یان هەیکەلو رێکخستنێکی ئیداری بێت کە ئامانجی سیاسی هەیە. ئەوا کادیری ناوەند وەك چینی ناوەڕاست وایە لە کۆمەڵگەی حزبدا. هەر کۆمەڵگەیەك ئاشتی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگی خۆی لەرێی مانەوەو پتەوبوونی پێگەی چینی ناوەڕاست دەپارێزێ. هەر حزبێکیش بخوازێ ئاشتی ناوخۆی خۆی بپارێزێو رێوشوێنێکی نەرم بۆ ململانێکانی ناوخۆی بدۆزێتەوە. ئەوا پەرەپێدانی رۆڵی کادیری ناوەند سەمام ئەمانێکی جەوهەرییە بۆ ئەم پرسە. کەس وا خۆشباوەر نەبێ کە لە باشترینو تەندروسترین حاڵەتەکانی حزبایەتیدا ململانێی ناوخۆیی حزب نامێنێ. بەڵام سەروەرکردنی رۆڵی کادیری ناوەندو پاراستنی کەسایەتی دەتوانێت ئەم ململانێیانە کەنالیزە بکات. رۆڵی کادیری ناوەندی

هەروەها لەوەشدا گرنگە کە هەیکەلەی حزب جۆرێك لە ئاسۆیی بوون بە خۆیەوە ببینێت. ڕۆڵی ئەندامانی حزب لە بڕیاردانو فلتەرکردنی بڕیارە ستراتیژییەکاندا بەو جۆرەی باشترین گوزارشت بێت لە ڕاو سیاسەتی حزبو کۆمەڵگەش فراوانتر دەکات هەم هەرمییەتی پێویستی حزب دەپارێزیو هەمیش سەکردایەتی بە کۆمەڵو وازیکردنی زۆرترینی ئەندامانی حزبە لە بڕیاردانو ئەرکو فەرماندا، فەراهەم دەکات. کادیری ناوەندی لە ڕۆڵی ئاسۆیی حزبدا حزب گەشە پێیدەداو لەهەمان کاتیشدا خاوەندارێتی لە حزبو ڕەوتی حزب دیموکراتیو میللی تر دەکاتەوە.

بانگەواز بۆ خاوەندارێتی کردنی کادیری ناوەندی لە خۆیو لە حزبەکەی سەرەتایە بۆ قانوونیمەندکردنی دەسەڵاتی سەرکردایەتی حزبو پابەندبوونی بەوادەی کۆنگرەو پەیڕەو و پرۆگرامی حزبو پاراستنی لە لادانو تەمەرکزی دەسەڵاتو پاوەری سیاسیو ماددی لەدەست ناوەندێك کە لەبەر ئەو دەسەڵاتەیە دەستەبەردار نابێتو ئالۆگۆڕی پێگەو ڕۆڵی حزب ناکات.

ئاشتی کۆمەڵایەتی و کارایی کۆمەڵگە بە سەنگ و ئامادەگی چینی ناوەراستەوە بەندە و حزبی سیاسییش بە ڕۆڵی کادیری ناوەڕاستەوە. هەر حزبێك کادیری ناوەڕاستی فەرامۆش یان دەستەمۆ یان پەڕوباڵکرد خۆی مەحکوم دەکات بە ناکارایی و پەککەوتن.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٧/١٢/٧

# گەرەکە قادەی فیعلیش بن

منیش وردیلە بۆچوونم هەیە لەسەر دۆخی یەکێتی و وتارەکەی کاك ئازاد جندیانی دەکەمە بیانوو بۆ خستنە روویان.

جاریٚ لە ناونیشانەکەیەوە دەست پێدەکەم کە دەشیٚ وەك سەرکردەکانی را دروستکردن بیکوردێنین.

ئەوانە ئەو کەسانەن لەبەر کۆمەڵێك ئیعتباراتی سیاسیی، یان کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەتوانن لە ناو یەکێتی و لە جوغزی دۆستان و بازنەی نفوزیدا رایەکی گشتی لەسەر بابەتێك دروستبکەن، کاریگەرییەکی پەنهان یان ئاشکرایان لەسەر گەڵاڵە بوونی میزاجێکی گشتی لە وێستگە جیاجیاکانی دێنە بەردەم یەکێتی، هەیە.

ئەم میزاجە گشتییە لە ناوەندی ئەم دەستەبژێرییەوە، بەهۆی نفوز یان هاورێیەتی و دۆستایەتی سەردەکا بۆ سەرەوە، بۆ لای سەرکردایەتی بڕیار و شۆڕ دەبیٚ بۆ خوارەوە، بۆ لای بنکەی بەرینی ئەندام و هەوادار و لایەنگرانی یەکێتی و سەرئەنجام بە ئەندازەی ئەو نفوز و ئیعتبارە، بڕیاری دەرچوو لە سرکردایەتییەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم (بیروڕا) گەڵاڵە کراوانەوە.

هیوادارم لە شیکردنەوەی چەمکی سەرکردەکانی را دروستکردندا کورتم نەهێنابیٚ بۆ ئەوەی هەقم هەبیٚ کە بپرسم ئایا وێنەکە لە واقیعیشدا وایە؟ یان هیچ نەبیٚ نزیکە لەم دەستنیشانکردنە تیرۆرییەوە؟

ئێمە کە لەناو یەکێتیدا دامەزراوەیەکمان نەبیٚ بۆ (راوێژپێکردن)یان بۆ گەڵاڵە کردنی راوبڕیار کە بدرێتە سەرکردایەتی و ئەویش لە بڕیارداندا کەڵکی لێوەربگرێت، ئیتر حەتمەن دەبێت ئەم چەمکی (سەرکردەکانی را دروستکردن)ە لە واقیعی ژیانی سیاسیی و قۆناغەکانی خەباتیدا دروست بووبێت (هەر بەراستی واشە). واتا قاعیدەکانی را لە بنچینەدا (هەڵسوڕاوانی) گۆڕەپانە جیاجیاکانی خەباتی یەکێتیشن و بەو ئیعتیبارە مەعنەوییەوە، نەك تەنها بە بیروڕا (ژیرەکانیانە)وە، لەناو یەکێتیدا گویٚ لیٚ گیراون.

کەوابێ، قادەی ڕەئی لای ئێمە ئەو ناونیشانە مەجازییەی جندیان-یان بەدەست نەهێناوە لەبەر توانیستێکی فیکری یان ڕووناکبیری یان سیاسیی کە دەشێ لەمەدا زۆر کەسی تریش چانسیان هەبێ خاوەن فیکر و توانای ڕووناکبیریی بن. بەڵکو قادەی ڕەئی دیارە هەڵسوڕاوی پراکتیکی چالاکی یەکێتیشن بۆیە حیساب بۆ بیروڕایان دەکرێ. ئەم قادانەی ڕەئی ئێستاش لە وێنەکەن، بەڵام لە واقیعدا ڕووبەرووی سێ گرفتیش بوونەتەوە:

- لە هەندێك سیاسەت و وێستگەی گرنگدا سەرکردایەتیی یەکێتی بەقسەی نەکردوون، یان پرسە گورگانەیەکی پێکردوون و لە جێبەجێکردنیشدا سیاسەتێکی تریان پیادەکردووە. بێگومان زۆر کەس دەتوانێ بڵێ جا سروشتی خاوەن بڕیار ئەوەیە کە دەشێ گوێ لە ڕاوێژبگرێت، بەڵام مەرج نییە بەقسەی بکات. ئەمە ڕاستە بەڵام ئێمە لە وەسفی خەسڵەتی قادەی ڕەئیدا باسی ڕاوێژکارێکی مەکتەبی یان بیرمەندێکی ستراتیژیی سەنتەرێکی بیرکردنەوە ناکەین، بەڵکو ئێمە باسی ئەو قادەی ڕەئییانە دەکەین کە میزاجی گشتی دەخوێننەوە و بەڕاکانیان کار لەسەر میزاجی گشتی دەکەن. بۆیە دەبێت سەرکردایەتی خاوەن بڕیار حیسابی موجەرەدی ڕاوێژکارێکی مەکتەبی بۆ بیروڕاکانی قادەی ڕەئی نەکەن، بەڵکو حیسابی ڕاوێژو ڕەئییەکی زیندووی لە واقیعەوە هەڵقوڵاوی بۆ بکەن، چونکە ئەگەر وانەبێ بڕیاری سەرکردەکانی ڕەئی، بەم مانایە ڕۆڵیان لە دروستکردنیدا هەبووە. واتا مەسەلەکە وای لێدێت بڕیار لە شوێنێك و میزاج لە شوێنێکی تر.

- قادەی ڕەئیش، ئەمە ڕەخنەیە لێیان، ئەوانیش بوونە بەشێك لە جەمسەرەکانی تەکەتول بۆیە بە گەومانەوە مامەڵە لەگەڵ بیروڕاکانیان دەکرێت و وەکو بەشێك لە جهودی تەکەتول سەیرکراوە دواجار لەگەڵ هەڤاڵ جندیانی-م کە دەبواو دەبێ پەیوەندی ئەم قاعیدانەی ڕەئی بەسەرکردایەتییەوە، باشتر ڕێکبخرێت، ئەمما لەوەش گرنگتر ئەوەیە کاتی ئەوەش هاتووە ڕێ بۆ ئەوە خۆشبکرێت قادەی ڕەئی هەندێکیش ببنە قادەی کارو کردەوە و بڕیاردانیش. تاهەر ئەگەر ڕاکانیان دروستە خۆیان باشتری جێبەجێبکەن و ئەگەریش خراپە ئەوەندە نەڵێنەوە و الله من وراو القصد.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١٠/٤/٦

# یەکێتی پێویستی بەچییە؟

یەکێتی پێویستی بەچییە بۆ دەربازبوون لەدۆخی ئێستای؟ ڕەنگە هەر یەکێك بدوێنیت شەرحی حاڵێکت بۆ بکات و بنچینەی پێویستی یەکێتی لەڕوانگەو پێگەو خەیاڵدانی خۆی لەسەر ئەم حزبە بەرەییە فراوانە بۆ دیاری بکات، ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە، چونکە یەکێتی یەك دیدی نییە، بەڵکو یەکێتی، یەکێتی دیدە جیاوازەکانە کە لەناو یەك قەوارەدا یەکێتییەکیان پێکهێناوە.

بەڵام دەستنیشانکردنی پێویستی یەکێتی بەتەنها بەس نییە بۆ دەربازبوون لەدۆخی ئێستا، ئەوی گرنگترە لەدەستنیشانکردن چەند بابەتێکی ترە کە هی مۆراڵی و هی دیاریکردنی ئەولەویاتەکانە، لەمەشەوە دەتوانین قسە لەسەر دانانی نەخشەڕێگایەك بۆ چارەسەر بکەین.

بابەتی مۆراڵی دەکەمە سەرەتا، چونکە بەڕای من ئەم بابەتە مافی خاوەندارێتیمان دەداتێ لەیەکێتی و مافی گفتوگۆو ڕەخنەگرتنیشمان بۆ تۆختردەکاتەوە.

بابەتی مۆراڵی ئەوەیە ئێمە دان بەبەشی خۆماندا بنێین لەکەموکوڕی و لەوەی یەکێتیمان گەیاندە ئەم ڕۆژەی ئێستا کەباسکردنی ڕێوشوێنی دەربازکردنی ببێتە واقعێکی تاڵ، بە ڕای من هەر کادیرو هەر کارەکتەرێکی یەکێتی پێویستی بەساتەوەختێکی ڕاستگۆیی هەیە کەبەجورئەتەوە بەشی خۆی لەکەموکورتییەکان دیاریبکات و ڕەخنە لەخۆی بگرێت پێش ڕەخنە لە خەڵکی تر.

مرۆڤ چەند بەدوای هەڵسەنگاندنێکی بابەتییدا بگەڕێت و هەوڵبدات هەموو دیوەکانی دیاردەی هەڵسەنگێنراو ببینێت، مادام خۆی کارەکتەرێکی بچووك یان گەورەی کایەکەیە هەڵسەنگاندنەکەی کامڵ نابێت و ناچێتە دڵەوە، ئەگەر دەست نەخاتە سەر کەموکوڕیی خۆشی یان هیچ نەبێت لەڕووی پرەنسیپیشەوە بێت دان بەوەدا نەنێت کەدەشێ و بگرە بەفیعلی ئەویش بەشداربێت و بەشدارە لەهۆکارەکانی تەنگژەکە.

بەڕای بەندە خاڵی جەوهەری لێرە کەیەکێتییەکان لەباڵی دەرچووی ناو یەکێتی جیادەکاتەوە هەر ئەمەیە کە ئەوان لەپرۆسەی ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی یەکێتیدا خۆیان بێبەریکرد

لەکەموکوڕییەکان و شانی خۆیان لەهەر بەرپرسیاریێتی و دەستتێداهەبوونێك خاڵیکردەوە، بۆیە ئەگەر قەرارە یەکێتی بەجۆرێکی تر خۆی ڕێکبخاتەوەو خۆی لەم دۆخە تەنگژاوییە دەربازبکات، دەبێت هەر یەکێك لەئێمە دەستنیشانی بەشی خۆی بکات لەکەموکوڕییەکان، ئەمە پرسێکی مۆراڵییە، بەڵام لەهەمان کاتدا پرسێکی حزبی و سیاسی گرنگیشە.

لێرە قسەم لەسەر ئەوە نییە زنجیرەیەك دانپیانانی جەماعی بخرێتەسەر پەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان یان لەشاشەی تیڤییەکانەوە هاووڵاتی ئاسایی بەپرسی رەخنە لەخۆگرتن و ئیعترافاتەوە مژوڵ بکەین، بەڵکو قسەم لەسەر ئەوەیە هەر یەکێك لەشوێن و پێگەی خۆیەوە، لەڕێی کەناڵی حزبی و دامەزراوەیی حزبی خۆیەوە پرۆسەی رەخنە لەخۆگرتن بخاتە چوارچێوەی پرۆسەی رەخنەگرتنێکی گشتییەوە لەسەر ئەدائی یەکێتی تا مەنزومەی رەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی بابەتییانەی یەکێتی مەنزومەیەکی گشتگیرو هەمەلایەن بێت، نەك پرۆسەیەکی ناکامڵی وا بێت هەر لایەنەو تۆپە ئاگرینەکەی بۆ باوەشی ئەویتر تێبگرێت، سەرەوە بڵێم خەتای خوارەوەیەو خوارەوەش خۆی بەفریشتەی بێدەسەڵات نیشانبدات، یان ئەم دامەزراوەیە ئۆباڵەکە بخاتە ئەستۆی ئەویترەوەو ئەوی دیش بڵێت خەتای ئەوی ئەولاترە.

ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنە وێنەی گشتی هۆکارەکانمان ناداتێ، مەسجێکی مۆراڵی ناگەیەنێت و دەروونی یەکێتی و هەڤاڵەکانی ناو یەکێتی لە سەلبیات و کەموکوڕیی پاکناکاتەوە. رەخنە لە خۆگرتن لە سیاقی رەخنەیەکی گشتی لە ئەدائی یەکێتی ڕێگەخۆشکەرە بۆ پێداچوونەوە وتێهەڵچوونەوەیەکی نوێ چونکە ئەوی رەخنە لە خۆی دەگرێت ڕێگا بۆ رەخنەگرتنی خۆی دەکاتەوە. رەخنە لەخۆگر دواجار هەڵسەنگاندنێکی بابەتیمان دەداتێ.

# هەندێك بیروڕای کۆنەخواز
# بۆ کۆنگرەی حزبێکی پێشکەوتنخواز

**١**

لە هاوڕێ شوان لای سەرۆك وەزیرانی جارانی کۆماری میللی چینیان پرسی: دوای نزیکەی دووسەد ساڵ لە بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی، راتان لەسەر ئەم شۆڕشە چییە؟ شوان لای سەری داگرت و دوای تۆزێك بیرکردنەوە ئینجا وتی: هێشتا زووە قسە لەو بارەیەوە بکەین.

جا ئەگەر ئەمە جوانترین گوزارشت بێت لەسەبری ئینقلابی چینییەکان، ئەوانەی بە نەفسی نۆژداری دەرزی ئاژن سیاسەت دەکەن، یان نوکتە و تانە لێدان بێت لەو شۆرشە بورژوازییەی بە پێی شیکدنەوەی مارکسییەکان قۆناغێکە لە گەشەی مرۆڤایەتی، نەك کۆتایی شارستانیی، ئەوا هیچ لەو مەسجە نەرموونیانەی ناگۆڕێت: دەبێ لە هەڵسەنگاندندا لەسەرخۆ و شێنەیی بین و لە هەندێك پرسدا بڵێین هێشتا زووە قسە لەو بارایەوە بکەین.

چینییەکان هێشتا پەلەیان نییە لە گوتنی رای کۆتایی لەسەر شۆڕشێکی دووسەد ساڵ لەمەوبەر،بەڵام ئەمە ریگای لەوە نەگرت خۆیان شۆڕشێکی تر بەرپابکەن. بەمشێوەیە وانەیەکمان دەست دەمەوتێت: ئیشەکانی خۆمان لەسەر دوا هەڵسەنگاندن پەك نەخەین.

ئەگەر ئەمە وانەیەك بێت لەبەردەستی هەموو تێکۆشەرانی کوردایەتی، خۆچ یەکێتییەکان لە خەڵکی تر لەپێشترن. ئەمان کە یادگاری شیرینییان لەگەڵا نوونەی چیندا هەیە دەتوانن لە باوەڵەکە دەیان دەرسی وا هەڵێنجێنن: بە حیساباتی مێژوو رنگە زووبێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو شۆڕشەکانی کورد، بەشۆرشی نوێشەوە، رەنگە زووبێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو وێستگەکانی خەبات لە (یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟) یەوە تا (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەرەو کوێ).

بەڵام ئەوەی ئەرکی ئەمرۆیە، نەك سبەینێ، دیاریکردنی پێویستییەکانی خەباتە بۆ قۆناغی داهاتوو تا یەکێتی هەمیشە مانێکی بە جەوهەر و زیندوو و کارگەریی هەبێت.

ئێمە چی بکەین بۆ ئەوەی یەکێتیی هەر یەکێتی بێ و لە هەمان کاتیشدا لە یەکێتییەکیەی دوێنێ نەچێ؟ چۆن ئەم حزبە درێژە پێدەری هەمان ڕێباز و نیاز بێت و لەهەمان کاتیشدا دابڕانێك لە ڕابردوو دروست بکات؟ لێرەدا هەندێك پێشنیاز دەخەمەڕوو کە پێموایە دەست دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی ئەمڕۆی یەکێتی تا ڕێگەی ڕاست بۆ سبەینێ بدۆزینەوە. ناشچمەوە سەر هەڵسەنگاندنێکی یەکلاکەرەوەی رابردوو مەگەر بۆ هەڵێنجانی پەند و وانە نەبێت بەو ئیعتیبارەی (هێشتا زووە قسە بارەیەوە بکرێت).

بەهێزکردنی یەکێتی

بەندە بۆ هەڵسانگاندنی ئەمڕۆی یەکێتی، هەڵسەنگاندنێك بەقەد پێویستی سبەینێ، (چەمکی بەهێزکردنی یەکێتی) دەخەمەروو: ئەمە باشتر دەزانم لە چەمکەکانی ریفۆرم، چاکسازی، نوێبوونەوە و بەخۆداچوونەوە و ...هتد.

ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی کەیفم بەم دەستەواژانەی تر نایەت بەڵکو لەبر ئەوەی ئەم دەستەواژانە زۆر بەکارهاتوون و خەریکە دەنگدانەوە و رەنگدانەوەی خۆیان لەدەست دەدەن و هەندێك جاریش دەرگا لەبەردەم ناکۆکی و لاوازیی دەکەنەوە. تازە چەمکی (ریفۆڕم) لەسیاقێکی دیاریکراودا بووە چەمکی دەستەیەك لەو کارەکتەرانەی ریزەکانی یەکێتییان جێهێشت و ڕێگایەکی دیکەیان بۆ خۆیان گرتەبەر.

(چاکسازی و نوێبوونەوە و بەخۆداچوونەوە)ش ئامانگەلێکی پیرۆزن و دەبێ چەمك و ڕێبازی کارکردن بن. لە هەموو کات و زەمانێکدا و نابێ قەتیسکراوی مەقتەعێکی زەمەنی بن. لەبەر ئەوە وادەزانم چەمکی (بەهێزکردنی یەکێتی) لەباریدا بێت باشتر گوزارشت لە ویستی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە و چاککردنی دۆخی یەکێتی بکات، چونکە:

یەکەم:- ئەم چەمکە هەم گوزارشت لە ئامانجێکی دیاریکرا و دەکا و هەمیش لە هەناوی خۆیدا بانگەوازێکە بۆ بەهێزی و تەوەلابوون لە هەموو ئەو سیاسەت و ڕێگە کارەساتبارانەی یەکێتییان بەرەو لاوازی و هیلاکی بردووە. یان وەکو مەحمود دەروێشی شاعیری فەلەستینی دەڵێت (هەموو ئەو ڕێگایانەی بۆ هەموو بۆ هەموو ماڵێکیان بردین، تەنیا دەرگای ماڵی خۆمان نەبێت). واتا:

دووەم: چەمکێکە دەرفەت بۆ ویستی نوێبوونەوە و چاکسازی دەکاتەوە و ڕێگە لەبەردەم گەرەلاوژێ و تۆمەتبارکردنی یەکێتی و سوککردنی بەناوی رەخنە و ریفۆڕمەوە دا دەخات. چونکە دەشێ بەشێکی هەرە گرنگی بەهێزبوونی یەکێتی لە چاکسازیکردن و رەخنەگرتن لە کەموکوڕییەکانی بێت. بەڵام بەشێکی دیکەش کەکار بۆ یەکێتی دەکەن و بەناوی رەخنەوە تەواوی رەوتی خەبات و تێکۆشانی یەکێتی و جەدوای مانەوەی دەخەنە ژێر پرسیارەوە. لەڕاستیدا لێرە ئەم جیاکارییە بە مەسەلەیەکی گرنگ دەزانم. جیاکردنەوەی نیازی چاککاری لە نیازی پاچکاری کە لە ژێر پەردەی هەڤاڵێتی و دۆستایەتییدا هیچ سەروەری و جەدوایەك

بۆ یەکێتی ناهێڵێتەوە و سەرمایەی ڕەمزی و ماددی ئەم حزبە تێکۆشەرە لە بازاڕی میدیای ئەهلیدا کە بەسەد داو بە تۆڕی نەیارانی یەکێتییەوە گرێدراوە، هەڕاج دەکات.

ئەم چەمکە بۆ بەهێزکردنی یەکێتیی لە نێوان هەردوو چەمکی (ڕەخنە) لە یەکێتیی و ستایشی (یەکێتی) پێشنیازی ڕێگەیەکی تر دەکات کە ئەویش گێدانەوەی ڕەخنەیە بە ئیرادەی کاردانەوە. ئەمەش دەکرێت لەم ڕێیەوە بێت:

١- بووژاندنەوەی ئەو ناوەند و دەزگایەنەی یەکێتی کە دەرفەت دەکاتەوە هەموو ڕەخنەیەك بگیرێت و بگاتە شوێنێکی خۆی و زووبەزوو چارەسەربکرێت. بەمەش هیچ بیانوویەك نامێنێت بۆ پەخش و بڵاوکردنەوەی ژیانی ناوخۆیی حزب لەبەردەم یار و نەیاری دەرەوەی پێکهاتەی یەکێتییدا.

٢- وەك پیشنیازکراوە کە یەکێتی هەیکەلی ڕێکخراوەیی خۆی دەگۆڕێت بەجۆرێك ئەنجومەنی (ئەزمونکاری) ناوەند ببێتە شێوە پەرلەمانێك بۆ داهاتوو. دەشێ ئەمەش مانای ئەمە بگەیەنێت کە هەردەبێ دەزگای سەرکردایەتی و چەند دەزگایەکی دیکەی کاکردن لە ناو یەکێتی ببنە دەزگای تنفیزی (ڕاپەراندن). بەمەش هەر لەناو خودی ئۆرگانەکانی یەکێتییەوە دەبینە خاوەنی:

١- دەزگای چاودێریکردن و بەدواداچوونی ئەدائی یەکێتییەکان.

٢- دەزگای ڕاپەڕاندنی کارەکان.

جا ئەم دوو دەزگایە لەسەر چ شێوەیەك بگیرسێنەوە ئەوا ئیرادەی یەکێتییەکان بڕیاری لێدەدات. بەس ئەوەی لێرەدا بە گرنگی دەزانم ئەوەیە دەبێ فۆڕمەڵەیەك بدۆزینەوە بۆ پێکەوە گرێدانەوەی کار و ڕەخنە لەناو یەکێتیدا، بەجۆرێك ئەم دوو ئەرکە بچنە خزمەتی یەکێتییەوە و چیتر دەستبەرداری ئەو پۆلێنکردنە هەڵیە بین کە یەکێتی بکاتە دووبەش: ڕەنجدەرانی کارکردن و (ڕەنجبەران)ی ڕەخنەگرتنی بێ کردەوە.

## ٢

## بنمیچێکی ماقوڵ بۆ پێشبینیی

بابەتی دووەم کە دەزخوازم لەسەری بووەستم، بنمیچی پێشبینیمانە لەسەر وێستگەکانی ماوەی داهاتووی نزیك لە ژیانی سیاسیی یەکێتییدا. بەتایبەتیش لە سێیەمین کۆنگرەدا کە چاوەڕێدەکرێت لە حوزەیرانی ئەساڵدا ساز بکرێت.

یەکێك لە ڕێگەکانی چاککردنی دۆخی یەکێتی بەستنی کۆنگرەیە، بەڵام یەکێك لە ڕێگا هەرە چاکترینەکانیش ئەوەی بنمیچێکی بەرزی پێشبینی بۆ ئاکامی کۆنگرەکە دانەنێت، دەبێ پێشبینییەکانمان ماقوڵا و لەجێی خۆیاندا بن، ڕاستە ۆنگرە بۆ حزبێکی وەکو یەکێتی کە دەساڵە کۆنگرێسی خۆی نەکردووە، بایەخێکی گەلێك گەورەی هەیە، بەڵام کۆنگرە

هەرچۆنێك بێت یەكێك لە وێستگەكانی ژیانی حزبی یەكێتییە نەك كۆتایی وێستگەكان و پێویستە ئێمە ئەم رەوشە وا نۆرمالا بكەینەوە كە بەستنی كۆنگرەی دەوری حاڵتە ئاساییەكە بێت و نەبەستنی جێی رەخنە بێت.

بەم پێیە هەڵسەنگاندنێكی هەڵە دەكەین و داوایەكی نا بابەتی دەخەینەڕوو ئەگەر چاوەڕێ بین كۆنگرە لە كون فەیەكونێكدا هەموو شتێكی ناو یەكێتی بگۆڕێت بەتایبەتیش گۆڕینی سەركردایەتی. راستە كۆنگرە گەورەترین دەسەڵاتە و لەڕووی ئالییەت و ماف و رێوشوێنی دەنگدانەوە دەتوانێ هەموو سەركردایەتی بگۆڕێت، بەڵام ئەم گۆڕینە مانای لابردن ناگەیەنێت، بەڵكو مانای مافی گۆڕین دەگەیەنێت كە دەشێت یەكسان بێت بە گۆڕینی هەموو سەركردایەتی و دەشێ یەكسان بێت بەسەرلەنوێ متمانە بەخشین بەهەمان سەركردایەتیی، یان بەسەركردایەتییەكی تێكەڵا لە هی ئێستا و نوێ.

شەرعییەتی گۆڕین مانای رەوایی بەخشین بەنەزعەی رامالین ناگەیەنێت. ئەم بیروڕایە لە كادێرێكی خوارەوە بێت باشترە لەوەی سەركردایەتی نەخشەی بۆ بكێشێ یان گۆڕینێكی دراماتیكی لەسەركردایەتی رووبدات یاخود بە پێچەوانەشەوە یەكێتییەكان بنمیچێكی بەرزی پێشبینی دابنێن كە دواتر نەیەتەدی و تووشی شۆكێكی سیاسیی و رێكخراوەیی بین، لە جێی ئەوە با یەكێتییەكان بیر لە لەمپەڕ بۆ دەسەڵاتی رەهای سەركردایەتی بكەنەوە چ لە باری دیموكراسییەوە، بەستنی كۆنگرە لە وادەی خۆی، چ لە بواری ئیمكانیاتی بڕیار و ئیمتیازیاتەوە كە وایكردووە سەركردایەتی بوون خەونێك بێت، بۆ ئیمتیاز لە جێی ئەوەی ئەركێك بێت بۆ رێبەرایەتی كردن و خزمەتی زیاتر. دەبێ ئەو دۆخە چارەسەربكرێت كەوا دەكات مەیلێك لەناو سەركردایەتی هەبێت بۆ مانەوە لەو (ئەركە زەحمەتە) و وا لە كادرانی خوارەوە دەكات هەڵبەیەكی بێ شوماریان هەبێت بۆ چوونە سەركردایەتی، ئەم لەمپەڕە رێكخراوەییە، لە پەیرەو یان لەدابونەریتێكی سیاسیی تازەدا بێت، دەتوانێت بۆ ئەم كۆنگرەیە و بۆ كۆنگرە و وێستگەكانی داهاتووی ژیانی رێكخراوەیی یەكێتیش ببێتە ئامرازی دابینكردنی گواستنەوەیەكی نەرمونیانی دەسەڵات و ئاڵوگۆڕی بەرپرسیارێتی بەجۆرێك رێگە بۆ تەوژمی نوێ و خوێنی نوێ بكاتەوە و رێگەش لەوە نەگرێت ئەم سەركردە یان ئەو سەركردەی كارای ئێستا لەم كۆنگرە خۆی هەڵبژێرێت و دەربچێت یان لە كۆنگرەیەكی تردا، جارێكی تر، تێهەڵچنێتەوە، مەگەر ئێمە بڕیار نییە ئیتر دوای سێیەمین كۆنگرەش، لە هەلومەرجێكی تر و لە وادەی دیاریكراوی خۆیدا چوارەمین كۆنگرەش بكەین؟

هەڵبەت دەزانم لە دۆخێكی ئیحتقان، خوێنپەستانی رێكخراوەیی وەكو ئەمڕۆدا كە ئیستحقاقی چەندین نەوەی پێگەیشتوو لە ناو یەكێتی كاتی هاتووە و خەریكە هی هەندێكیشیان تێدەپەڕێ، باسو خواسی وا جۆرێكە لە بیروڕای (كۆنەپەرستانە) كە ئیتر كاتی بەسەرچووە.

بەڵام مەگەر لە قۆناغەکانی رابردووشدا بەرەنگاری لە بەرامبەر رەوتێك کە لە پەنا وشە جوانەکانی ریفۆرم و گۆڕینەوە دەگەی رێکخراوەیی لە یەکێتیدا، دیسانەوە جۆرێك نەبوو لە (جۆرەکانی بیروڕای کۆنەپەرستانە)؟ کەچی هەمووان، هەموو یەکێتییەکان، شانیان دایە بەر ئەو ئەرکە حزبی و نیشتمانییە و سڵیان لە ناو و ناتۆرەی نابەجێ نەکردەوە؟

هەڵبەتە بانگەوازی گۆڕینی دراماتیکی سەرکردایەتی، کوڕ، یان کچی، هەلومەرجی تایبەتی خۆیەتی، هەلومەرجی پاشەکشێی یەکێتی لە وێستگەی هەڵبژاردندا کە ئەمە بە پلەی یەکەم و تا ئەندازەیەکی زۆر ئەو سەرکردایەتییە لێی بەرپرسیارە کە سەرکردایەتی (پێشکەوتن و پاشەکشێکانی) یەکێتی کردووە و دەکات. بەڵام لێپرسینەوەی ناو کۆنگرە دەتوانێت قەبارەی ئەو بەرپرسیارێتییە بۆ هەر ئەندامێك دیاری بکات. ئەگینا وەکتری مەیلی پێشوەختی رامالین نابێتە هەڵسەنگاندنێکی بابەتی، بەڵکو تەڕو وشك پێکەوە دەسوتێنێ: زوڵم لە هەندێك سەرکردایەتی کە قوسوریان نەکردووە و دەرفەتی خۆدەربازکردن و خۆ دزینەوەش بۆ هەندێك هەڤاڵ و لێپرسراوی خوار سەرکردایەتیش دەکاتەوە کە راستە بڕیار بەدەست نەبوونە، بەڵام کەمتەرخەم بوون لە راییکردنی ئەرکی سەرشانیان و ئەوانیش بە قەبارەی خۆیان بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە سەرشان.

لەبەر ئەوە، لە کۆنگرە، پێشبینیمان بۆ ئاستێکی ماقوڵی گۆڕانکاریی باشترە لە بنمیچێکی بەرز، یان بە پێچەوانەوە گەمارۆدانی ویستی نوێبوونەوە و گۆڕانکاریی بەچەند تەگبیرێکی لەسەرەوە بۆ داڕێژراو و لە خوارەوە جێبەجێکراو لەلایەن کارەکتەرە ناڕاستییەکانی تەکەتولەوە.

*کوردستانی نوێ، رۆژانی: ١٨-٢٠١٠/٤/١٩

# یەكێتی و جیاوازییە فیكرییەكان

## ١

كۆبوونەوەی یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستان لە ڕێی ئاماژەیەكی هەڤاڵا مام جەلال- ەوە هاتە سەرباس و خواسی بابەتە فیكرییەكان و بایەخی بووژاندنەوەی ڕێبازی فیكری یەكێتی و مشتومالكردنی لە بەز و چەوری زیاد، ئەوەی مام جەلال داوای كرد گەڕانەوە بوو بۆ (جیاوازییەكانی ) یەكێتیی لە ئاست ئەوانی تردا بە جۆرێك كادری یەكێتی بە جیاوازییە فیكرییەكانیشەوە بناسرێتەوە.

ئەو بیرۆكەیە دوو دیوی لەخۆ گرتووە تەیار بوون بە فیكر و،جیاكردنەوەی یەكێتی لەوانی تر، هەردووكیشیان تەواوكاری یەكترین.ئەوەی فیكری هەیە ڕێبازێكی تایبەتی هەیە و ئەوەی جیاوازیش دەخوازێ هەر لە ڕێی فیكرەوە ئەم جیاوازییە زەق بكاتەوە و كاری لەسەر بكات، ئەگەر ئەم جیاوازییە فیكرییە نەبێ خۆ هەمووومان كوردین و كوردستانیین، ئیتر حزب بۆ هەبێت و ململانێی سیاسی لەناو كایەی دیموكراتیدا بۆچی تاو بدات؟ بەڕای بەندە هەر سیاسەتێك لە ڕابردوو لە ئێستا و ئایندەش بوبێت و ببێتە مایەی كاڵبونەوەی جیاوازییە فیكرییەكان سیاسەتێك بووە بۆ پاكتاوكردنی یەكێتی و بۆ سڕینەوەی دیاردەی حزبایەتی لە كوردستاندا، زۆر كەس وا لە مەسەلەی فیكری و ڕێبازی جیاوازی فیكری دەڕوانن كە خەم و خولیای دەستەبژێرێكی ڕووناكبیری یان كۆمەڵێك ئەفەندی دەستەپارچەن كە لە واقیعی عەمەلیدا هیچیان پێ نییە بۆ یەكێتی و دەخوازن لە ڕێی داس و خواسی فیكرەوە خۆیان لە هەڤاڵەكانیان جیاواز نیشان بدەن، لە كاتێكدا نیەت لە دەرخستنی جیاوازی فیكری یەكێتی خۆجیاكردنەوەیە لە حزب و ڕێكخراوەكانی دیكەی سەر گۆرەپانی كوردستان كە ئەوانیش هەقیانە لە یەكێتی جیاواز بن و دنیابینییان لە هی یەكێتی نەچێت.

سیاسەتی بەهێند وەرنەگرتنی فیكر و جیاوازییە فیكرییەكان سەردەكێشێ بۆ نەمانی جەدوای سیاسی و فیكری یەكێتی و سەرەنجام تایبەتمەندی یەكێتی و یەكێتییەكان ناهێڵێ و دەبێتە هەنجەت بۆ نەمانی ئەنگێزەی فیكری و بیروباوەڕ لە هەڵبژاردنەكانی خەڵكدا.

بە پێچەوانەی بیرۆکەی باوەوە خۆجیاکردنەوەی فیکری ڕێگایەکە بۆ فراوانی و گەشەی حزب، چونکە خەڵك دەزانێ دوای چی و دوای کێ کەوتووە؟

هەرچی جیانەکردنەوەیە بە بیانووی پانوپۆڕی سیاسییەوە ئەوا شێواوی و شڵەژانی سیاسی دروست دەکات و حاڵی وا دەبێتە مایەی پەرتبوونی ڕیزەکانی حزب و ڕیزەکانی میللەت. چونکە حزب و حیزبایەتی بەپێی مەبنا فیکرییەکان جیانەکراوەتەوە بۆیە ئەو جیاوازییە فیکریانەو تایبەتمەندیەکان لەناو خودی یەکحزب و یەك ڕێکخراودا دێتە بوون، واتە لە جێی ئەوەی حزبەکان بەپێی جیاکاری فیکرییەوە لەیەکتری جیابن، ئەندامانی حزب لەناوخۆیاندا لێك جیا دەبن چونکە جیاوازی فکری سوونەتی ژیان و جیاوازی بیرکردنەوەی سیاسییش سوونەتی هەموو پرۆسەیەکی سیاسی تەندروستە ئەگەر لە شێوەی خۆجیاکردنەوەی حیزبەکاندا ڕێی پێنەدرێت ئەوا لەناو حزبێکدا پاڵەپەستۆ دروست دەکات.

بەپێی دەرەنجامی سروشتی جیاوازی فیکری و ڕێبازی حزبی نێوان ئەم حزب و ئەو حزب دەتوانین ئیدعا بکەین کە تەحەزوب، بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی باوەوە، یەکسان نییە بە تەعەسوب، بەڵکو تەحەزوب و خۆجیاکردنەوەی حزبێك لەوی تر خۆی لە خۆیدا ناوەڕۆکێکی دیموکراتی هەیە، چونکە خۆجیاکردنەوە لە شێوەی حزبێکدا دانپیانانێکی ڕاستەوخۆیە بە بونی ئەوانی تر کە حزبی تر و قەوارەی جیاوازی فیکری و ڕێبازی سیاسییە.

سەیرکردنی تەحەزوب و ململانێی حزبی وەك هۆکارێك بۆ توندوتیژی و پێکدادان تەماشاکردنێکی سەرپێیانەیە بۆ تەجرەبەی ململانێ لە وڵاتی کوردەواری و وڵاتانی مانەندی کوردەواریدا، ئەسلی ئەو کێشەیە لە حزبایەتی کردندا نییە، بەڵکو لە شێوەی ئیدارەدانی ململانێکە و دابونەریتی سیاسی زاڵی ناوسیاسەتە کە هەندێکی لە فەرهەنگ و بنەچەی کۆمەڵایەتییەوە هاتووە .

جاران سەرکۆنەکردنی جیهازی حزبی بەهۆی ئەو تەماشاکردنە سەرپێییە و هەندێك جاریش بەهۆی دنەدانی نەیارانی کوردەوە بوو کە قەت کەیفیان بە هیچ دیاردەیەکی مۆدێرنیتەی سیاسی لەناو کوردستاندا نەهاتووە، بەڵام لەم چەند ساڵەدا سەرکۆنەکردنی حزبایەتی بەشێك بوو لە بەرنامەیەکی سیاسی بۆ لەکەدارکردنی حزبایەتی و جێگرتنەوەی بەگردبوونەوەی پانوپۆڕی بێ گیان کە ئامرازن بۆ جۆرێك لە نەهلستی سیاسی و پاساودانی ڕێکخستنی عەوام فریودەر. لەناو گردبوونەوەی وادا جگە لەوانەی دیاردە خراپەکانی بەرجەستەی حزبایەتی لە بایەخی دیاردەی جیاکردنەوەی حزبایەتی جیاناکەنەوە، هەندێك هەلپەرستی سیاسیش هەبوون کە ناجێگیری فیکری و دوودڵی وناپابەندێتی فیکری و سیاسی خۆیان بە کرانەوە و گوایە جۆرێك لە لیبرالیزمی سیاسی بەخەڵك دەفرۆشنەوە، لە ڕستیدا تەجرەبەی حزبایەتی لە کوردستان ڕێك دەریدەخات خاوەندارێتی لە فیکرێکی دیاری کراوو ئەوپەری دەربەستییە بۆ جاوازی فیکری و دانپیانانە بە فیکر و ئاراستە سیاسیە جیاوازەکان.

ئێ نابێ مرۆڤ جارێ خاوەنی فیکرێك بێت و لەوانی تری جیابکاتەوە ئینجا لێبوردەیی فیکری و سیاسی هەبێت؟

ئاخر لێبوردەیی فیکری و سیاسیمان بۆچییە کە جارێك بە بیانووی ئەوەی هەموو خوشك و برای یەکین و جارێکی دیکەش بەوتەزای "ئایدۆلۆژیا باوی نەماو" هیچ جیاوازییەك برەو پێ نەدەین.

## ٢

لە دەستنیشانکردنی بایەخی جیاوازی فیکری و جیایی ڕێبازی حزبییەوە دێنە سەر جیاوازییە حزبیەکانی یەکێتی لەگەڵا ئەوانی تردا، واتا ئەوەی وادەکات ئەندامێکی یەکێتی جیابێت لە ئەندامی حزبێکی تر یان دەبێتە مایەی ناساندنەوەی (یەکێتییەکان) لە هەر کوێیەك دەردەکەون و لەهەر جوڵەیەکی سیاسی کەلە کوردستانێکی پڕ بزاوتدا دەقەومێت.

حزب وەك کائینێکی زیدوو وایە کە بەڕابردووی و دەورووبەری و چییەتی خۆیەوە جیادەکرێتەوە، لە ڕابردوودا یەکێتی نوێنەرایەتی کام چین یان توێژێکی کۆمەڵی کوردستانی کردووە، هێزی خۆی لە کوێوە وەرگرتووە و بۆتە خاوەنی ئەو ناوە جیاکەرەوەیە: (یەکێتی)؟

ناوی (یەکێتی) ناوێکە بۆ(یەکگرتوویی) و (جیاوازی)، قەوارەیەکی فیدراڵییە بۆ ئەوانەی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی خۆیان و دیدگایەکی خۆیانیان هەیە بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی گەلی کورد و چارەسەری کێشەی نیشتمانی کوردستان.

بەرفراوانی بەرەی ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتیانەی یەکێتی سەرقەپاغی سیاسی سەرخانی بنەچەی ئەوانە هیچ لەوراستییە ناگۆرێت کە لەسەرئەنجامدا یەکێتی نوێنەرایەتی ئەوان دەکات و چەند بەرەکەش فراوان بێت هێشتا توێژ و گروپ گەلی وادەمێننەوە کە بەسروشت دەکەونە دەرەوەی بازنەی نوێنەرایەتی یەکێتییەوە، یەکێتی حزبی ڕەنجدەرانە، حزبی توێژە هەژار و کەمدەرامەتەکانی کوردستانە و نوێنەرایەتی دنیابینی ئەوان دەکات لە سیاسەتی کوردستانی و سیاسەتی کوردایەتیدا.

ئەگەر لەم جومگە گۆرانێك لە خواستەکانی ئەم چینو توێژە قەوما بێت، یان لەوجومگەی تردا یەکێتی خۆی بە توێژی دیکەوە مژولا کردبێت کە دەرئەنجامی حکومڕانی پەیوەندی دەسەڵاتدارییەوە دۆستایەتی تەکتیکییان لەگەڵا یەکێتی کردبێت ئەوا هیچ لەو دەرکەوتە ناگۆڕێت کە هەموولایەك دەزانن کێ چی دەکرد و کێ نوێنەرایەتی کێ دەکات؟

تەنانەت پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردنیش کە شێوەی مەدەنی و هێمنانەی ئیدارەی ململانێ کۆمەڵایەتییەکانن، ئەمانەش بە دەوری خۆیان ئەو نوێنەرایەتییە دەردەخەن و هەژموونی کۆمەڵایەتی یەکێتی لێرە و هەژموونی ئەم حزب و ئەو حزبی تر لە شوێنێکی تر دەردەخەن.

ئەم واقعینوێنەرایەتیکردنە هەرگیز سیفەتی (نیشتمانێتی) لە یەکێتی ناستێنێتەوە، بەڵکو ئەم سیفەتە لە چوار بواری بەرجەستەدا خۆی دەنوێنێت:

-پانتایی نوێنەرایەتییەکە کە فراوانترین چینوتوێژی کوردەواری دەگرێتەوە.

-دنیابینی نیشتیمانیی ئەم چینو توێژە بۆ چارەسەری کێشەی کورد و کوردستان.

-خاوەنداریێتی توێژگەلێکی دیکەی غەیری رەنجدەران لە (یەکێتی) و کۆبوونەوەیان لە دەوری یەکێتی لەبەر بەرنامە نیشتیمانییەکەی.

- هەموو ئەوانەی بە حوکمی جیایی پێگەی کۆمەڵایەتی و قەناعەتی فیکری و سیاسییان لەگەڵ یەکێتی، یەکێتی بە نوێنەری خۆیان نازانن و یەکێتی نوێنەرایەتیان ناکات دەکرێ لە ڕێی هاوپەیمانێتی یەکێتی لەگەڵ نوێنەرایەتییە سیاسیەکانی ئەوان و هەروا لە ڕێی ململانێی سیاسی و دیموکراتی و ئاشتیخوازانەوە لەگەڵ یەکێتی مامەڵە بکەن، کاری تێبکەن و کاریان تێ بکات لە میانی کێبڕکێ و بەریەککەوتنی سیاسییەوە.

ئەخۆ جیاکردنەوە کۆمەڵایەتییە مانای قووڵ بە خۆجیاکردنەوەی فیکری و سیاسی یەکێتی دەبەخشێ و لە جێی جیاکاری و تەفرەقە دەبێتە مایەی ڕێکخستنی پرۆسەی سیاسی و یەکخستنی ریزەکانی کوردایەتی لە ڕێی هاوپەیمانێتی و دۆستایەتی، لەڕێی لە قاڵبدانێکی تەندروستی ململانێ و جیاوازی تا بە ڕێچکەی خۆیاندا بڕۆن و کۆششی ئەم ململانێییە لە (مالایعنیا) بەفیرۆ نەچێت.

بەخۆجیاکردنەوەی سیاسی و فیکری، ئێمە بەرچاو ڕۆشنی دەدەینە خەڵکی کەنوێنەرەکانی خۆیان بناسنەوە و بە رووکردنە ژینگەی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی خۆمان ئێمە دەستپێشخەریی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنێتەوە، لە جێی ئەوەی ئەو ژینگە بەرین و بەرفراوانە بەجێ بێڵین بۆ خەڵکی تر کە بیانکەنە کێڵگەی تاقیکردنەوە بۆ سیاسەتی عەوام فریوی و خۆشمان روو لە ژینگەیەکی بەرتەسکی ناجێگیر و نا مسۆگەر بکەین.

# ئەریَ (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟)

یەکێتی لەناو ژینگەی سیاسی گشتیدا گەورە دەبێت، لەناو ژینگەی بۆتە باعیسی دروستبوون و هاتنە گۆری تێکۆشانیەوە: بۆ کورد و کوردستان، بۆ دیموکراسی و مافی چارەنووس. چەند لەو مەیدانەدا دەستپێشخەر و لێبراو بێت، خاوەن قسە و قەرار و بەشداری بێت، ئەوەندە یەکێتی لە گەورە گەورەتر دەبێت و ئەوەندەش مەسەلەی کورد و کوردستان دەچێتە پێشەوە. ئەمەش نهێنی سەرکەوتنی یەکێتی بوو. لەهەر قۆناغێك کە سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، ئەمەش نهێنی ئەوەشە کە سەرۆك مام جەلال ئەو مام جەلالەیە لە ساغلەمیدا هەمووان هیوایان پێیەتی و لە نەخۆشیشدا هەمووان پەرۆشی زوو چاکبوونەوەو و گەڕانەوەیین. بۆ ئەوانەی دەخوازن یەکێتی هەر ئەو یەکێتییە بێت کە مێژووی کوردایەتی پێشکەوتنخواز و رەوتی سیاسیی عیراق و ناوچەکە ناسیویانە دەبیَ شوێن پێی ئەو کەلتوورە هەڵبگرن، کەلتووری لە مەیداندا بوون و دەستپێشخەری نواندن و خۆ بە خاوەن کردنی مەسەلە گشتییەکانی کوردەواری و خەمە گەورەکانی کوردایەتی و دیموکراتی لە عیراق و سەرتاسەری کوردستاندا، کەلتوری مام جەلال کە خەڵك پێش ئەوەی وەك سکرتێری یەکێتی یان سەرکۆمار بیناسن وەك مامێکی خۆیانی دەناسێنن.

سکرتێری گشتی و هەڤاڵێتی ناو یەکێتی شەئنێکی تایبەتی یەکێتییەکانە، سەرکۆماری، سەرۆك وەزیری و سەرۆك پەرلەمانی شەئنێکی نێوەندە سیاسییەکە و حەریفەکانی سیاسەت و دەستەبژێرەکەیە.

مام بوون و سەرکردە بوون و سەمام ئەمان بوون، ئەوانە شەئنی گشتی خەڵکن و مام جەلالیان پیَ ناسیووە و تاقیکردۆتەوە.

یەکێتییەکی گەشەکردووی هەمیشە روو لە گەورەبوون یەکێتی قاڵبووی کێشە و گرفتەکانی کوردستان و یەکێتی ئامادەی نەبەردییەکانە بۆ قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. دانیشتن بە دیار قیلوقالەوە یەکسانە بە بچووکردنەوەی یەکێتی و سەرەنجام بچووکردنەوەی مەسەلەی کورد و کوردستانیش کە ئەمڕۆ وا دەکولیَ و پێدەگا و بۆ نیشتنەوەی لە سەر

نەخشەیەکی نویێ لەسەر هیچ جەدەلێکی بێزەنتی خۆی پەك ناخات.

کەلتووری مام و کەلتووری یەکێتی خەسڵەتێکی تایبەتە لە ناوجەرگەی ململانێی رەوا بۆ ئامانجی رەوا ئیقدام دەکا و دێتە پێشەوە.

بۆیە کە یەکێتی بڕیارێتی لەسەر مەسەلەکانی کوردستان و تەنگژەی عیراق گوفتار و کرداری هەبێت مانای وایە بڕیارێتی لە مەیداندا گەورە بێت و بە گەورەیی بمێنێتەوە و بڕیارێتی لەسەر رێبازی مام بڕوات کە سواری مەیدانی عەمەلی بێت.

بێگومان رێورەسمی حزبی میکانیزمی هەڵسورانی یەکێتی و هەر حزبێکی دیموکراتە لە کۆمەڵێکی خاوەن ژینگەی سیاسیی دروستدا، ئەوەش باسێکی جددی و گرنگە بەڵام لەوانەش گرنگتر جەوهەر و ماهیەتی یەکێتییە بۆ ستراتیژی (ئاشتی، دیموکراتی، مافی مرۆڤ و مافی چارەنووس). یەکێتی بۆ ئەو ستراتیژە دروست بووە. چوون بۆ ئەو ستراتیژەش یەکێتی گەورە و گەورەتر دەکات.

# کۆنگرەی چوارەم کەی دەبەسترێت؟

کۆنگرەی چوارەم کەی دەبەسترێت؟ هەڤاڵان ئەم پرسیارە گەشبینانە بە ئیخوانیات و گاڵتەوگەپی بەر لەکۆنگرەی سێیەم لێك مەدەنەوە. ئەم پرسیارە پرسیارێکی جەوهەرییە کەدەبێ هەموو یەکێتییەکان لەخۆیانی بکەن.

بەشدارانی کۆنگرەی دووەم لەبیریانە کە لەو دەمەشدا دواکەوتنی کۆنگرەی دووەم بۆ ماوەی دە ساڵ (کۆنگرەی یەکەم لەسەرەتای ١٩٩٢و هی دووەم لەسەرەتای ٢٠٠١ بەسترا) باسوخواسی نێو هەڤاڵان بوو. تا سەرەنجام لەپەیڕەوی دووەمدا ئەمە جێگیرکرا کە دەبێ (٣) ساڵ جارێك یەکێتی فەرزی کۆنگرە بەستن جێبەجێ بکات.

ئێمە دوای نزیکەی دە ساڵی تر وا کۆنگرەی سێیەم گرێدەدەین کە تێیدا ئیستحقاقاتی چەند پرسی سیاسی و چەند نەوەیەکی ناو رەوتی یەکێتی کەڵەکە بووە. بۆیە ئەو پرسیارەی سەرەوە ئەهمیەتا خۆ هەیە: کۆنگرەی چوارەم کەی دەکرێت؟

ئەم پرسیارە بۆیە دەکەم تا ئێمە لەم کۆنگرەیەدا بەدوای ئەو رێوشوێنە یاسایی و ئوسوڵییانەدا بگەڕێین کە وا دەکات حزبەکەمان لەسەر ریتمێکی ئاسایی پابەندێتییە حزبییەکانی خۆی، ئەوی پەیوەندیی بە ژیانی ناوخۆیی حزبییەوە هەیە ڕایی بکات.

دەزانم لەگەرمەی مژوڵبوون بە باسوخواسی کۆنگرەکەی سێشەممەی داهاتوو و لەگەرمەی خۆپاڵاوتن بۆ سەرکردایەتی کەس نا پەرژێتە سەر پرسیار لەسەر کۆنگرەی چوارەم، بەڵام بەڕاست هەڤاڵان ئەمەی (٢٠١٠/٦/١) دوا وێستگەی کۆنگرەکانی یەکێتییەو ئیتر ئەوە دەکەینە دابونەریتێکی حزبایەتی کەدە ساڵ جارێك ((بکۆنگرێنین))؟ ئەی مەگەر ئێمە بڕیاری گۆڕانکاری و چاکسازیی و گەشەپێدانمان نەداوە؟ ئەی مەگەر سەرەتای رێگا بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزانە بەوێستگەی گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی کاری حزبی دەستپێناکات؟ کە بەستنی خولەکی کۆنگرە لەوادەی خۆیدا یەکێکە لەسیما دیارەکانی هەر حزبێکی پێشکەوتوو؟

پرسیار لەکۆنگرەی چوارەم، با لەقەرەباڵغی کۆنگرەی سێیەمیشدا بێت، پرسیارێکی

جددييەو بەشێكە لەئیلتزاماتەكانی كۆنگرەی سێیەم. ئەگەر ئێمە پەیڕەوی نوێمان وا مەحكەم داڕێژین كە وەفاداری جێبەجێكردنی بین و ئەو وەفادارییەش هەم پابەند بوون بێت بەیاساو ئوسوڵی حزبییەوەو هەمیشە پابەندبوونێكی مۆراڵی بێت، ئەوا كۆنگرەكانی یەكێتی دەچێتەوە سەر شەمەندۆفەری راستەقینەی خۆی.

كەواتە ئەركێكی گرنگی كۆنگرەی سێیەم كاركردنە لەسەر دابینكردنی دۆخێكی وا كەیان سێ یان چوار ساڵی تر (بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندكراوی ئەمجارە) كۆنگرەی چوارەمی ساز بكات. بەمجۆرە ئێمە هەر لەناو هۆڵی كۆنگرەی ئەمجارەدا چەند گرفتێك چارەسەر دەكەین:

-١پەیامێك دەنێرین بۆ هەموو هەڤاڵانی یەكێتی و دۆستەكانی لەدەرەوەی هۆڵی كۆنگرە كە یەكێتی یەكەم هەنگاوی چاككردنی دۆخی خۆی بە ڕێكخستنەوەی وادەی كۆنگرەكانی دەستپێكرد.

-٢بەشێك لەكێشەی پەستانی خوێنی نەوەكانی ناو كۆنگرە چارەسەر دەكەین. بەشێك لەهەڤاڵانی پاڵێوراو دەتوانن لەوە دڵنیابن كۆنگرەی چواریش وەك ئەوی ئێستا بۆ دەساڵی تر دوا ناخرێت بۆیە دەتوانن ویستی خۆپاڵاوتنیان چەند ساڵێك دوا بخەن. بەشێك لەو هەڤاڵانەی ئەگەری دەرنەچوون (یان دەرنەچوونەوە)یان هەیە، لەوە دڵنیا دەبنەوە ئەم كۆنگرەیە دوا وێستگە نییەو سەریان بەدوای كۆنگرەیەكی ترەوە سپی ناكەن.

-٣بەشێك لەكێشەی تاقیكردنەوەی بیرۆكەو پێشنیازە تازەكان چارەسەر دەبن. لەجێی ئەوەی بیرۆكەیەكی پەسەندكراوی ناو كۆنگرە كەدەشێ سەركەوتوو بێت، هەروا بەكاتی و لەقبوویی بمێنێتەوە (وەكو بیرۆكەی ئەنجومەنی ناوەند)، یان لەجێی ئەوەی بیرۆكەیەكی سەرنەكەوتوو هەروا بێ دەستكاری بمێنێتەوە، چونكە كۆنگرەی دواتر نەبەستراوە تا یەكلایی بكاتەوە، بەستنی كۆنگرە لەوادەی خۆیدا دەتوانێت ئەم گرفتەش چارەسەر بكات.

بەڕای بەندە رێك لەم كۆنگرەیەدا دەتوانین ئەو دابونەریتە بچەسپێنین كەهیچ بارودۆخێك نەبێتە پاساوی دواخستنی وادەی كۆنگرەكان، چونكە ئەگەر قسە لەسەر هەلومەرجی سیاسیی بكەین، هەمیشە دۆخێكی وا هەیە بیكەینە هۆكارو لەبنچینەشدا ئەگەر سیاسەت لەكوردستان و عیراق تەخت و بێ گرفت بوایە ئەوا خەباتی یەكێتی لەڕەوتی خۆیدا وا سەخت و دژوار نەدەبوو.

هۆكاری تریش هەن دەیسەلمێنن كەئێمە لەكۆنگرەی سێیەمدا خەبات بۆ كۆنگرەی چوارەمیش دەكەین. بۆیە لەوەختێكدا نەیارانی سیاسیی یەكێتی گرەو لەسەر ئەم وێستگەیە دەكەن، جارێكی تریش ئەم پرسیارە گەشبینانە دەپرسینەوە، كۆنگرەی چوارەم كەی دەبەسترێت؟

***كوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٠/٥/٢٧**

# ژياننامەی نووسەر

-ستران عەبدوڵڵا (ساڵح عەبدوڵڵا محەمەد) لە (١٩٦٩/١/١٣) لە کەرکوک لەدایک بوو.

-خوێندنی تا قۆناغی ئامادەیی لە کەرکوک خوێندووە- کۆلێژی کارگێڕیو ئابووری لە زانکۆی موسڵو سەلاحەدین، لە هەولێر، تەواو کردووە.

- لە ساڵی ١٩٩٣-ەوە لە بواری ڕۆژنامەوانیو میدیا بەگشتی کار دەکات.

- لە ١٩٩٣ تا ٢٠٠١ وەک ڕۆژنامەنووس، دەستەی نووسەران، بەڕێوەبەری نووسین، جێگری سەرنووسەرو سەرنووسەر بەوەکالەت لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کاری کردووە.

- لە ساڵی ٢٠٠١ بۆ ساڵی ٢٠٠٤ وەک ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیـرانو پاشان وەک بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکانو ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) لە کابینەی د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح کاری کردووە.

- لە ساڵی ٢٠٠٤ی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی ڕۆژنامەنووسدا دەزگای خەندان بۆ پەخشو وەشاندنی دامەزراندووە. یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنو یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئاسۆ) بووە کە سەرەتا هەفتانەو پاشان سێ ڕۆژ جارێکو دواتر بە ڕۆژانەیی دەریان کردووە.

-سەرنووسەری ڕۆژنامەی عەرەبی (الولایە) بووە کە ماوەیەک لەلایەن خەندان بۆ پەخشو وەشاندن لە شاری کەرکوک دەرچووە. سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەی ئوفکو پاشان ڕۆژنامەی پرد بووە کە بە زمانی تورکمانی لەلایەن دەزگای خەندانەوە، لە کەرکوک، دەردەچوو.

- ساڵی ٢٠٠٧ دەستبەرداری سەرنووسەرێتی ئاسۆ بـووەو ساڵی ٢٠٠٨ بۆتە سەرنووسەری گۆڤاری هەفتانەی (هەفتانە) کە دەستەخوشکی گۆڤاری ئەلئسبوعیە بووەو لەلایەن هەمان دەزگاوە دەرچووە.

- هاوینی ساڵی ٢٠٠٩ وازی لە سەرنووسەری هەفتانەو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی

بەڕێوەبردنو ئەندامێتی بۆردی دەزگای خەندان هێناوە. گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی نوێو لە ٢٠٠٩/٨/٢ بۆتە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە. نۆ ساڵە ئەرکی حزبیو ڕۆژنامەوانی لەو بوارەدا جێبەجێ دەکات. سەرپەرشتی ئەزموونی کوردستانی نوێی بادینی کردووە کە ساڵی (٢٠١١) چەندین ژمارەی لێ دەرچوو.

-لە بواری میدیای تەلەفزیۆندا ساڵی ١٩٩٩ بەرنامەی نیومانگی هەزارەی سێیەمی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان پێشکەشو ئامادە کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ وە تا ساڵی ٢٠١٤ ڕاوێژکاری سەتەلایتی گەلی کوردستان بووە. لە تەلەفزیۆنی لۆکاڵی کەرکوکو پاشان لە سەتەلایتی کەرکوک بەرنامەی سیاسی (پرد)ی ئامادەو پێشکەشکردووە ماوەیەکیش ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری سەتەلایتەکە بووە.

*لە ڕۆژنامەی (الاتحاد) گۆشەنووسیی عەرەبی بووەو گۆشەکانی: (هامش سیاسی، رؤوس اقلام)ی نووسیوەو لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە بەشی عەرەبی خاوەنی گۆشەی هەفتانەی (من محفقە صحفی)و لە بەشی کوردی ماوەیەک هاوبەشی بەرنامەی دیالۆکی (٣-١) بووە.

-لە کوردستانی نوێ گۆشەی بە تەنیشت سیاسەتەوە، گوڵدان، کورتو کرمانج، مەسەلەی توتنەکەو ڕۆژنارۆژێک، ڕاستو ڕەوان،٢٠٠×٢٠٠، نها، نزار، سپیو ڕەشو مێخەک و نڤیسکار)و لە ئاسۆ گۆشەکانی: ئاسۆی ڕۆژ، کەشتی نوح، هیوا و لە ڕۆژنامەی هاوپەیمانی قسەیەک هەیە بیکەمو لە گۆڤاری هەفتانە نڤیسکارو تەماشاو لە چەندین ڕۆژنامەی تریش گۆشەی جیاجیای هەبوو.

-لە ڕۆژنامە عیراقیو عەرەبییەکاندا، لەسەر مەسەلەی کوردو عیراق بەردەوام وتارو لێکۆڵینەوەی نووسیوە.

-بیستو پێنج ساڵە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا کار دەکات.

-ساڵی ١٩٩٨ هاوسەرگیری لەگەڵ میدیاکار دکتۆرە شیلان فەتحی شەریف کردووەو خاوەنی سێ منداڵن بە ناوەکانی: ژین-ئەلەندو لیدا.

# بەرهەمەکانی نووسەر

١- ئاماژەیەک لەمەڕ گەشەی کوردستان لە ڕێڕەوی مێژوودا.
نووسینی: شەهید ڕەئووف کامل ئاکرەیی/ وەرگێڕان — هەولێر — ١٩٩٤.
٢- ئابووری کوردستان، هەندێک هزر بۆ قۆناغی پەرینەوە- ١٩٩٥- هەولێر.
٣- لە پێناو یەکگرتنێکی نیشتمانیدا- ١٩٩٨-سلێمانی.
٤- ڕازەکانی تەعریب و ڕاگواستن- ١٩٩٩- سلێمانی.
٥- بەتەنیشت سیاسەتەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم ساڵی ١٩٩٩.
٦- چەپکە گوڵەکانی گوڵدان: ٢٠٠١ سلێمانی.
٧- گوڵ و گوللە و مارینز- ٢٠٠٤.
٨- باوەڕ بە مەسەلەی کەرکوک بهێننەوە-٢٠٠٧ سلێمانی.
٩- نەتەوەیەک لەسەر کاغەز- ٢٠٠٨- سلێمانی.
١٠- سەما لەگەڵ گورگە بۆرەکان- ٢٠٠٨- سلێمانی- کەرکوک.
١١- مەسەلەی توتنەکە (١) باسوخواسەکانی کوردایەتی- ٢٠١٠ سلێمانی.
١٢- مەسەلەی توتنەکە (٢) گێمێکی تری هەمان دەوران-٢٠١١.
١٣- مەسەلەی توتنەکە (٣) پاشەکشێی هەرزان- ڕۆژگاری سیاسەتی گۆڕان-٢٠١١.
١٤- مەسەلەی توتنەکە (٤) لەسێبەری مێژووەوە بۆ بەر خۆرەتاو- ٢٠١٨.
١٥- زۆرانبازی لەگەڵ سەدەی بیست و یەکدا- لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری کەرکوک -٢٠١٠.
١٦- پریستۆریکا، بن لادن و مۆنیکا — ٢٠١٢ سلێمانی- لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای بیر وهوشیاری.
١٧- بەهاری عەرەبی و نەورۆزی سەربەخۆیی -٢٠١١ - سلێمانی- لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای بیر وهوشیاری.
١٨- کوردستان چاوەڕێی تینە- ٢٠١٢.

١٩- ئیفادەی کوردەکان بۆ ماچەرای رەفاو ئەربەکان - بەرێوەبەرایەتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠١٢.

٢٠- یار و نەیار-٢٠١٣- چاپخانەی کەرکوک.

٢١- مێخەک- کەمێک دوور لە سیاسەت- لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لە کەرکوک ٢٠١٣.

٢٢- لە رۆما کەوتە بەرچاوم- ساڵی ٢٠١٣.

٢٣- سەیران بۆ سەریکانی — بیرۆکە بۆ پشتیوانی کوردی رۆژئـاوا - دەزگای ئایدیا- ٢٠١٤.

٢٤- بە شوێن پێی دابونەریتی سیاسیی لە عیراقدا -٢٠١٤ سلێمانی- ئنستیتۆی نارین.

٢٥- باسی دراوسێ-٢٠١٦ سلێمانی.

٢٦- یان کوردستان یان کوردستان- سەرخستنی پرۆژەی سەربەخۆیی بەرێی دژواری سیاسییدا — ٢٠١٦.

٢٧- یاداشتەکانی جەنگ —لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا ٢٠١٦.

٢٨- تێبینییەکانی حوزەیران — خەم لە یەکێتی... خەم لە یەکێتیەکان ٢٠١٧.

٢٩- دیوانی سێینە-ئەندێشەی نووسەرێک بۆ کوردستان- دەزگای بەدرخان- ٢٠١٧.

٣٠- مانشێتە مەزنەکان - رۆژگـاری کاغەزین - لە بڵاوکراوەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان. لقی سلێمانی-٢٠١٨.

٣١- لە سریلانکاوە بۆ گۆرەپانی تەحریر- سلێمانی ٢٠١٨.

٣٢- سی وسێ کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبل- وەزارەتی رۆشنبیری- بودجەی پایتەختی رۆشنبیری-٢٠١٨.

**بە عەرەبی:**

- رؤى كردية بكلمات عربية — ٢٠٠٠ السليمانية.
- رائحة السمك المسكوف — ٢٠٠٣.

# پێڕست


پێشەکی

**دۆسیێی یەکەم**

قەڵەمی بێ شیر

**فەسڵی یەکەم**

پێپەرەکانی ریفراندۆم

چوار نەتەوەکە لە تونس

سیاسەت وەک چنینی فەرشی ئاینده

ئەندێشەی کراوە سەرەقەڵەم لەسەر "رووناکبیران" لە داستانی کوردایەتیدا

ئەبدەیتکردنەوەی راپەرین

لەسەر رێبازی مام بین

خوێنی پێشمەرگە راستی دەسەلمێنێتەوە

کتێبەکە کراوەیەو حیسابەکە دانەخراوە

ژینگـەکە بسازێنن

دیموکراسیی و نەتەوەیی

شانەی بۆ هەڵبگرین؟

گفتوگۆ لەسەر ریفراندۆمو سەربەخۆیی دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی سیاسیمان نەک تەکفیرو تەخوین

فارک لە کۆلۆمبیا.. خەباتی چەکدار چی لێ دێت؟

هەم تیشکی رۆژ، هەموو تریفەی مانگەشەویش هەم شەرعیەت، هەم دەوڵەت

دیمەنەکە لەوە ئاڵۆزتر نابێت دۆخی لە باری بابەتی و پێشبڕکێی هێزەکان بۆ تەوەللا بوون
با دوا فەرمان بێت
ئەو مەسجەشمان نەگەرەکە
گۆشەنیگای جیاواز بۆ پیرەمەگرون...
خوێنی گەشی (٦)ی ئەیلول خەڵاتی سەدەی بیستویەکی دەوێت
نەتەوەیەک لەسەر کاغەزەوە بۆ سەر ئەرز
لەمڕۆوە ژیانم مانایەکی راستەقینەی پەیداکرد
ئیستقلالی کوردستان نەک ئیستفراد پێوەکردنی
سۆز بۆ مام لە رۆژنامەکەی مامەوە
هەڵسانەوەی شایانمان دەوێت
نەورۆزی پیرەمێردو یاپراغی سلێمانی ٢٧ ساڵەکەی بێکەسو ئۆغری ئەدمۆنز
نانەوێ
سەربەخۆیی و دیموکراسی لێک جیانابێتەوە

**فەسڵی دووەم**

پاشەکشێ و بەر یەک کەوتن
باوەڕ بە مەسەلەی کورد بهێنینەوە
لە دامێنی تەقینەوەکانی کەرکوکدا
عیراقی فیدراڵیش بەراتی خوێنی لێوەرگرتین
وەرگێڕانی بە دەستکاری لە نێوان کۆشکی ئەلیزێ و گرین زۆندا
گفتوگۆ!
تۆماری پەیمانشکێنی
وزەی کوردستـانیی بەشی تێپەڕاندنی ئەم تەنگژەیە دەکات؟
جینۆساید لە خورماتوو
کلاسیکۆی کوردستان
ساڵی تەحەدداکان
مامەڕیشە؛رەمزێک هەمیشە لە دڵدایە بۆ بەرەنگاریی تەعریب لە دوێنێ و لە ئەمڕۆشدا
کەرکوک قۆناغی شۆک بەسەربچێت
سەبری شۆڕشگێڕی
قسەی حیسابیی لاڤرۆڤ
زمانی شوناس
رێی خەباتمان... چۆن بێ؟
ملوک الگوائف-ییەکە لە سیاسەتی کوردستانیی وێنەی نەبووە و نەبێ
هەڵەبجە تا عەفرین دوای سی ساڵ بەم جۆرەی دەبینم
هاوئاوازەکانی راکان جبوری و تورکمانی تۆرانی لە کەرکوک
دڵۆپ دڵۆپ شەڕە ئاو

ناو لە قۆناغەکە بنێین
شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتەو جەفەنگ
دیالۆگی زمان و ... زمانی دیالۆگ
وتەزایەکی هەڵەیە
لە هەورامانەوە تا قەڵا
چی رێگرە لە گفتوگۆ؟

**فەسڵی سێیەم**
گەڕانەوە بۆ بەغدایەکی نەیار
سوننەش هەڵە دەکات!
خوماری دوای داعش!
بەغدادیبوونمان پێ دەفرۆشێ کە خۆمان بەغدادیین!
هاوڕێیانێک کە زیان بە تەندروستی دەگەیەنن
کورد و عیراق لە مەنگەنەی هەڵبژاردندا
یان گفتوگۆ یان موتارەکە
سێبەری هەڵبژاردن لە کوردستان تا بەغدا
ئامارەکانی هەڵبژاردن چی دەڵێن؟
مەتەڵی عیراق
باشووری عیراق و دەردەدڵ
خۆپیشاندانەکانی باشووری عیراق.. هەڕەشەو دەرفەتەکانی لەسەر کوردستان

**فەسڵی چوارەم**
نڤیسکار لە دوسێی هەڵبژاردنی ناچاری عێراق و کوردستاندا
هەر پێکوتەیەتی
بەڵێن لەکاتی زیادکراودا!
پڕۆژەی ئەوانمان نەدی!
ناسنامەی شەنگال
شکستی هێنا
لە هەڵبژاردن نەترساوین، تارماییەکەی چییە؟
شەڕی ترەمپ؟
بەشی دواخستن نەماوە
ئیرادە و ئیدارە
ئەنجومەنی ئیتحادی
دیموکراسی بە ویقار
گیرفان کە کون بوو!
شیعە و شیوعی

زمانی نەوت
نەشتەرگەریی
دەق و داب
یەکسانە بە بردنەوە
ململانێ و دەرەنجام
مەسلەکی
هەرێم تا حەمرین
دانیشتنی کراوە
بازنەی داخراو
فیدرالی بارمتەیی
جووت گوشار
گرتە ڤیدیۆییەکە
لیستی (١٠٥) بۆ..
لە هەڵبژاردندا، کۆتری سپی و شنەی باین
بۆ هەلی کار
پرسیاری بەردەم حکومەتی عیراق
کولاّندن و قەلاندن
پۆستەکان وەرگێڕانی شەراکەت بن نەک قەرەبوو

**فەسڵی پێنجەم**

١-پاشبەندی هەڵبژاردە
پایەدار بێ یادی حکومەتەکەی مەلیک مەحمودی نەمر
ئەبو غنێمی بەعس و خاکی میعادی دە هەزاریەکان
لەسەر زەمین چوارین، لە ئەندێشەدا ناچار نین وابین
بیرۆکەیەکی کۆنەپەرستانە
کوردستانی قابیل-ی بەدیهاتن
کار بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی ئیتیحادی دەکات
دەستوور و تەوافوق و بەهێزکردنەوەی کوردستانە
مورافەعەی کەرکوک ئامادەیە
بەرەو هەڵبژاردن، بەهێزبوونی کوردستان لە عیراقدا
"بەدەستهێنانەوەی ئایندەمان"

**فەسڵی شەشەم**

٢-پاشبەندی هەڵبژاردە
هەرێمی هەڵەیە؟!
کیمیای شەراکەت

کێبەرکێ لەسەر خراپی؟
جەنەراڵەکان، لە دیموکراسیو دادوەریدا
شەوچەرەی سلێمانی و رۆژی رووناکی کوردستان
سێ رێڕەو لە بەغدا
بەغدا و کەینوبەینی لۆزان
دەربەستیی لە سیاسەت
بە پێوەرەکانی کوردایەتی بیپێون
ئەدی پەرلەمانی کوردستان؟
ئەژدیهاو مارەکە
مەهێڵن (کوردایەتی) بشێوێ
بیکەینە دەرفەتێکی نەتەوەیی
یەک کوردستان.. لەگەڵ بەغدا
دیسان یارییەکە تەواو؟
کۆی دیمەنەکە بە خزمانەوە

## دوسێی دووەم

کوردایەتی و حزبایەتی لە ناو قەیراندا، بەهاکانی زەڵێ
هەڵکەوتنی بواری فێربوون دەبێ ئاستی هۆشیاری بەرزبکەنەوە
بەهاکانی زەڵێ
مەترسییەکانی سەر حزبو حزبایەتی لە کوردستاندا
دەزگای (رێبازی نوێ) تان پێ چۆنە؟پرۆژەیەک بۆ راگەیاندنێکی نوێی یەکێتی
یەکێتی بۆ هاوخەباتی ناوخۆییو هاوخەباتی و ناوکۆیی
کۆنگرە داخوازی مندالانەیە!
دیاردەی هاوتەریبی
مەسەلەی چینایەتی لەناو یەکێتی-دا
پایەدارکردنی کادیری ناوەندی لە حزبدا
گەرەکە قادەی فیعلیش بن
یەکێتی پێویستی بەچییە؟
یەکێتی و جیاوازییە فیکرییەکان
کۆنگرەی چوارەم کەی دەبەسترێت؟
ژیاننامە
بڵاوکراوەکانی نووسەر
پێرێست